# تێپەڕین بە ناو ئاگردا

## چاوخشاندنێک بەسەر مێژووی
## ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران لە عێراق

شاهۆ گۆران

ئەحمەد زەردەشت
لە عەرەبییەوە کردوویە بە کوردی

٢٠١٥

ناوی کتێب: **تێپەڕین بە ناو ئاگردا**

(چاوخشاندنێک بەسەر مێژووی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران لە عێراق)

نووسەر: شاهۆ گۆران

وەرگێڕ: ئەحمەد زەردەشت

پێداچوونەوە: تاریق کارێزی

چاپی یەکەم: ٢٠١٥



## پێشەکییەکی پێویست

ئەم کتێبە، کە یەکەم جار بەر لە ساڵی ٢٠٠٩دا بە زمانی عەرەبی چاپ کرا، بەرهەمێکی بەهادار و پڕ زانیارییە، لە لایەن (شاهۆ گۆران) ڕۆڵەی شاعیری ناوداری کورد (گۆران)ـەوە نووسراوە. نووسەر ئاشکرای دەکات کە مەبەستی لە نووسینی ئەم کتێبە، پێشکەش کردنی بەرچاو ڕوونییە بەو کەسانەی هۆگری ڕاستی و دۆستین!

بە حوکمی ئەوەی ئەم کتێبە پەردە لە سەر زۆر ڕاستیی شاراوە هەڵدەداتەوە، ئەویش لەبارەی ڕێکخراوێکەوە کە خاوەن خەباتێکی دوور و درێژە، کەچی نەیارانی ئەو دەستی شێواندنیان خستووەتە گەڕ، بۆ ئاوەژوو کردنی ڕاستییەکان لە بارەی مێژووی خەباتەکەی. هەڵبەت لە گەرمەی ناکۆکی و گومانی نێوان هەردوو دەوڵەتی عێراق و ئێرانی دراوسێ، ئەو هێز و لایەنانەی ئۆپۆزسیۆنی هەردوو وڵات بە ناچاری بوونەتە بەشێک لە ململانێیەکە. ئەم ڕاستییە پارتەکانی هەردوو کوردستانی باشوور و ڕۆژهەڵاتیش دەگرێتەوە. زۆر جار، سەبارەت بەم بابەتە هەستیارە، دەنگۆی نادروست و پڕوپاگەندە جێی ڕاستیی گرتووەتەوە، ئەو ڕاستییەی کە لە بن باڵی خۆیدا هەقیقەتی چەندین هێزی ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی (وەک پارت و ڕێکخراوی سیاسی) شاردووەتەوە. لەم ڕووەوە دەتوانین بە ئەنجامێکی لۆژیکی بگەین، کە لەبەر ئەوەی (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق) ڕووبەڕووی زۆرترین هەڕەشە و تەنگ پێ هەڵچنین، هەروەها شێواندنی ڕاستییەکانی تایبەت بە خۆی و خەباتەکەی بووەتەوە، ئیدی دەبێ ئەو کاریگەرترین هێزی ئۆپۆزسیۆنی سەرتاسەریی ئێران بێت.

هەڵبەت ئەم ڕێکخراوە خاوەن مێژوویەکی دوور و درێژی خەباتە، کە بۆ پتر لە نێو سەدە دەگەڕێتەوە، یەکێکیشە لەو ڕێکخراوانەی هەر لە سەردەمی شاهنشاهییەوە تا دەگاتە ئێستا، زۆرترین قوربانیی داوە. بۆ ئاشنا کردنی خوێنەران بە تۆماری خەبات و تێکۆشانی ئەم ڕێکخراوە و مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی ئەو، شاهۆ گۆران دەست پێشخەرییەکی شایستەی کرد و کەلەنێکی لە کتێبخانەی عەرەبی پڕ کردەوە، بە وەرگێڕانی ئەم کتێبەش بۆ سەر زمانی کوردی، ئومێد دەکەم نەتەوەکەمان بە بەشێکی زۆر لە ڕاستییەکانی نێو ئەم کتێبە ئاشنا بێت.

ئەم کتێبە لە سەردەمێکدا ئامادە کراوە، کە ناوچەکە لە رەوشێکی پڕ لە گۆڕانکاریدا بوو. هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق بوون و حوکمی ئەو وڵاتەیان دەکرد. بە گەڕاندنەوەی دەسەڵات بۆ عێراقییەکان و دەرچوونی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق، ئەندامانی ئەو رێکخراوە، کە پێشتر دەوڵەتی عێراق وەک پەنابەری سیاسی مافی پێدابوون، لە شاری ئەشرەف (کەمپی پەنابەرانی ئێرانی لە ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق) رووبەڕووی چەندین هێرش و پەلامار بوونەوە، بە شێوەیەکی زۆر نامرۆڤانە و دوور لە هەموو یاسا و رێسایەکی مرۆیی و نێونەتەوەیی، لە لایەن هێزەکانی حکوومەتی عێراق و میلیشیای چەکداری نزیک بە دەوڵەتی عێراق و دۆستی ئێرانەوە، هێرشیان کرایە سەر و بە دەیان کەسیان بوونە قوربانی، بەمە حکوومەتی نووری مالیکی تۆمارێکی رەشی دەرهەق بە ئەندامانی موجاهیدینی خەلق جێهێشت. دوای کشانەوەی سوپای ئەمریکاش، هێزی ئەمنیی عێراق شارەکە (کەمپی ئەشرەف)یان لە پارێزگای دیالە، کە شوێنی ٢٦ ساڵەی موجاهیدین بوو، ئابڵووقە دا، یەکەم کوشتاری ئەو پەنابەرانەش لە مانگی تەمووزی ٢٠٠٩دا رووی دا. دوای ئەوەش لە نێوان بەرداشی ئێران و رۆژئاوادا، ئابڵووقە و کوشتار و ئەزیەت و ئازار زیاتر پەرەی سەند. بە پلانی هاوبەشی هەردوو لا و هاریکاریی هەندێک لایەنی دی، (ئەشرەف)یان پێ چۆڵ کرا، بۆ شوێنێکی بێ پەرژین و بێ قەڵغانی بچووکی ناتەواوی بێ ستانداردی ژیان بەناوی لیبرتی لە پارێزگای بەغدا گواسترانەوە، تا لەوێ کوشتاری زیاتر بکرێن و لە ژێر باری سەختی ژیانی بێ ئیمکانیات و ئابڵووقەدا، هەرەسیان پێ بهێنن. بەوەش نەوەستان، رۆژی ١ی ئەیلولی ٢٠١٣ دوایین وەجبە لەو پەنابەرانە لە ئەشرەف کۆمەڵکوژ کران و ماڵ و موڵکیان لێ داگیر کرا، کە بەم دواییانەش میلیشیای نزیک لە حکوومەتی عێراق، تەنانەت مەزاری شەهیدانیان لە ئەشرەف تێکدان و ئاسەواری شارستانیەتی شاری ئەشرەفیان هیچ نەهێشت، ئێستاش کردوویانە بە مۆڵگەی هێزی شرەخۆر و بێ سەروبەر، کە هیچ نیشانەیەکی دەوڵەتداری بە عێراقەوە ناهێڵن و نیشتیمان بەرەو کاول بوون و خاپووری دەبەن.

عێراق لە دەوڵەتێکی شەڕەنگێزی سەردەمی بەعس و سەدامەوە گۆڕا بە دەوڵەتێکی شکست خواردووی پاشکەوتوو، کە رێی بەرەو تاریکی و نادیاریی گرتووەتە بەر. ئەمرۆ دەوڵەتی عێراق بووەتە فەرمانبەرداری دراوسێکەی رۆژهەڵاتی خۆی. هەڵبەت لە تێک هەڵکێش و بەریەک کەوتنی سیاسیی نێوان وڵاتانی رۆژاوا و بەرژەوەندییان لەگەڵ سیاسەت و بەرژەوەندیی وڵاتانی ناوچەکەدا، بە تایبەتی عێراق و دراوسێکانی، دەبینی سیاسەتی ئەمریکا تا رادەیەکی زۆر مانۆر و سازش بە خۆوە دەبینێ. جاری وا هەیە ئەو دەوڵەتەی (بۆ نموونە حکوومەتی ئێستای ئێران) کە ئەمریکا دژایەتی و شەڕی لەگەڵدا دەکات، لە هەمان کاتدا چەندین دەروازە و کەناڵی دانوستان و کار کردنی لەگەڵدا دەکاتەوە، ئەمەش بەشێکە لە فەلسەفەی ژیان و حوکمڕانی لە



ئەمریکا، کە پشت بە فەلسەفەی پراگماتیزم دەبەستێت. هەڵبەت لە رەوشێکی لەم جۆرەدا، هێز و لایەنانی ئۆپۆزسیۆن باجی قورسی ئەو سیاسەت و فەلسەفەی حوکمڕانییەی ئەمریکا دەدەن.

ئەم کتێبە، بە گشتی، دەروویەکە بەرەو ئایندە، بەڵگەی ئەم راستییەش گۆڕانکارییەکانی دوای دانانی ئەم کتێبەن لە ناوچەکەدا، بە تایبەت لە عێراقدا. لە لایەک پەرەسەندنی رۆژ لە دوای رۆژی توندڕەویی ئیسلامی، کە ئێستا زیاتر لە جاران هەڕەشەیە بۆ سەر جیهان، کە لە لایەن هەندێ لە رژێمەکانی ناوچەکە و رێکخراوی تیرۆریست و توندڕەوەوە نوێنەرایەتی دەکرێت. هەڵبەت رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران وەک هێزێکی خاوەن ئەزموونی خەبات و دیدێکی رۆشن بۆ ئایندە، توانیویەتی بە ناو گەرمەی رووداوەکاندا تێپەڕ بێت، کە تا رادەیەکی زۆریش توێژێکی فراوان لە جیهانی دیموکرات و پێشکەوتووی کردووەتە دۆست و پاڵپشتی خۆی. ئەم رێکخراوە نموونەی ئیسلامی میانڕەو یا ئیسلامی دیموکرات دەخاتە روو، کە لەگەڵ (ئیسلامی توندڕەو)دا ناتەبایە.

ئەوەی زیاتر لە رابردوو ئەم رێکخراوە تەمەن پەنجا ساڵەی تۆکمە و بە ئەزموونتر کردووە، تێپەڕ بوونی سەرفرازانەیەتی بە ناو گۆڕانکارییەکانی دوای ساڵی ٢٠٠٩، کە تا ئێستا شیاوی نووسینی چەند کتێبێکی دیکەیە، بەڵام لە ئاماژەیەکی هەرە کورتدا هەر ئەوەندە بەسە، کە سەرباری پیلانگێڕییەکان کە بۆ لەناو بردنی ئەم رێکخراوە لە هەوڵدا بوون بە ئێستاشەوە، سەرباری ئەوەی زۆر برینی ورد و درشتی سەر جەستەی ئەو رێکخراوە، هەندێک جار تەنانەت بە هۆی ئەوانەوە بووە کە نەدەشیا لە ریزی ناحەزانیدا بن، بەڵام بە پشت بەستن بە بنەما و پرەنسیپی شۆڕشگێڕانە و گەلدۆستی، خۆیان بۆ رەوتی دڕندایەتییەکانی سەردەم شل نەکرد، بە پشت بەستن بە دروشمی بنچینەیی (خۆ بەخت کردن و راستگۆیی)، وەفایان بۆ گەلەکەیان دووپات کردووەتەوە. ئەو سۆز و وەفایەی رەمزی تێپەڕ بوونی سەرفرازانەیان بوو بەرەو داڕۆژێکی چاوەڕوان کراوی گەش و رووناک.

لە بەر رۆشنایی ئەم رەوشە، وانەی خۆڕاگریی قارەمانانەی زیندانیانی سیاسی لە ناو زیندانەکان، لە ناڕەزایی دەربڕین و راپەڕینە جەماوەرییەکانی سەر شەقامی شاران، لە ئاشکرا کردنی پرۆژە ئەتۆمییەکە و هاندانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە دژی مەترسییەکانی ئەم جۆرە پرۆژانە، لە عێراق وەک ناوەندی ستراتیژیانەی ئەم رووبەڕووبوونەوە مێژوییەی نێوان دوو بەدیل (ئیسلامی دیموکراتی، ئیسلامی توندڕەو)، کە بە کورتی لە چەمکی جیۆپۆلەتیکدا خۆی دەردەخات.

هەر لەم سۆنگەوە بووە، بەرهەڵستکارانی ئێرانی لە هەشتاکانی سەدەی رابردوو لە عێراقدا

گیرسانەوە.

هەڵبەت کاتێک رژێمی حوکمڕان رێ نادات ئۆپۆزسیۆن لە نێو وڵاتدا کاری خۆی بکات، بەم کارەی ناتوانێ پێویست بوونی ئۆپۆزسیۆن رەت بکاتەوە و بیسڕێتەوە، بەڵکوو لە دنیای ئەم سەردەمەدا هەبوونی ئۆپۆزسیۆن بۆ پێش خستنی هەر وڵاتێک و بەدەنگەوە چوونی خواستی شەقام، راستییەکە سازشی لە سەر ناکرێت. وەک دەشزانین حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران رێی بە هیچ پارت و لایەن و رێکخراوێکی ئۆپۆزسیۆن و بەرهەڵستکار نەداوە لە ناوخۆی ئێراندا هەبن، بۆیە دەبینین کە پارتەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و رێکخراوی موجاهیدینی خەلق، وەک بەشێکی گرنگ و کاریگەر لە بەرەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران، بە ناچاری دەیان ساڵە پەنایان بۆ عێراق وەک دەوڵەتێکی دراوسێی ئێران بردووە، تا درێژە بە چالاکی و بەرنامەی سیاسیی خۆیان بدەن. دیارە لاپەڕەکانی خەباتی دەرەوەی سنووری وڵاتیش، تۆمارێکی دەوڵەمەندە و بۆ زانینی راستییەکان پێویست بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی دەکات.

زۆر راستی هەیە لە بارەی ئۆپۆزسیۆنی ئێران بە هەموو باڵ و رێکخستنەکانییەوە، کە لە لای خوێنەری کورد شاراوەن، یان بە هەڵە زانیاریی لە بارەیانەوە پێ گەیشتووە، ئەم کتێبەی (شاهۆ گۆران) بەرچاو روونییەکی زۆر بە خوێنەری کورد دەدات، رۆشناییەکی زۆریش دەخاتە سەر گەلێ کەلێن و کەلەبەری پەیوەست بە مێژووی تێکۆشانی هێزێکی کارا و کاریگەری ئۆپۆزسیۆنی ئێران، کە بە حوکمی کاریگەرییەکەی و ئەو خەباتە دوور و درێژەی کە کردوویەتی، هەردەم لە لایەن حکوومەتی ئێران و لایەنگرانییەوە، کراوەتە ئامانج و هێرشی دڕندانەی کراوەتە سەر. بە کورتی ئەم کتێبە زۆر پێویست بوو بۆ کتێبخانەی کوردی. هەم نووسەر و ئامادەکەری کتێبەکە، هەمیش وەرگێڕەکەی شایستەی دەست خۆشانە لێ کردنن.

روونە ناوچەکەمان گۆڕانکاریی زۆر گەورەی لە هەناودایە، ئەوەش وریایی و هەست بە بەرپرسیارێتیی هەموو مرۆڤێکی دڵسۆزی دەوێت، تا بەرەو دروست کردنی ئایندەیەکی گەش بۆ گەلانی ناوچەکە، لەوانە گەلی کورد هەنگاو بنێت. هەر لەو پێوەندییەدا هەڵوەستە کردن لە ئاست ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، بە تایبەت موجاهیدینی خەلق، تاقی کردنەوەیەکە خۆی لێ لا نادرێت.. مێژووش هەرگیز ناوی ئەو کەسانە لە یاد ناکات، کە بوێرانە بۆ دۆزینەوەی راستییەکان هەوڵ دەدەن، هەموو ماندوو بوون و بگرە تانە و لۆمەی ئەم و ئەویش دەدەنە بەرخۆیان. دانەری ئەم کتێبەش یەکێکە لەم جۆرە کەسانە..

تاریق کارێزی

نیسانی ٢٠١٥



**پێشکەشە بە:**

- شەهیدانی نەبەردی ئازادی لە هەر سەردەمێکدا بن، ئەوانەی هاوپشتی کێشەی بیرو چارەنووس و خواست و ویستی مرۆڤن.
- ئەوانەی باوەڕی رەهایان پتەوە بە تیشکی بیرو باوەڕ و بەهای مرۆڤایەتی و دوارۆژێکی باشتر بۆ گەلانیان.
- خەباتگێڕانی ماف و سەربەستی و ئازاد بوون و دیموکراتی.
- ئەوانەی نەفرەت لە خۆسەپاندن و ستەمکاری و کۆیلایەتی دەکەن.
- ئەوانەی هاوبەشی بانگدانی ئاشتی و پتەو کردنی کۆڵەکەکانی ژیانی مەدەنین.
- ئەوانەی ئاڵای بیر و باوەڕی مافی مرۆڤ و واتاکانی هاوسەنگێتی ژینگە (ئیکۆلۆژی) پەیرەو دەکەن.

دانەر

به ناوی یەزدانی بەخشندەی میهربانەوە

## سەرەتا

هەروەک گۆڕەپانەکانیتری زۆرانبازی لە شوێنەکانیتری جیهان، گۆڕەپانی ئێرانیش دژوارەکان و جێگرەوەکانی خۆی هەیە و بابەتی شیکاری و خوێندنەوە و هەڵسەنگاندنی هێز و لایەنە سیاسی و ئایدیۆلۆژییەکانیەتی. لە رووبەڕووبوونەوەکانی گۆڕەپانەکەدایە کە باری رەوڕەوە و واتاکانی دواکەوتن بەرەو ئاسۆی نوێکاری یەکلا دەبنەوە. دوو زاراوەی دژواری نوێکاری و دواکەوتن، گشت زاراوە و واتاکانیان کورت دەکەنەوە لە زۆرانبازیی سیاسیداو لە ئەنجامدا لایەنی رەوای خواست و ویستی گەل دەردەکەوێت.

ئەو گەلەی بەستەڵەکی نەبزوان و دواکەوتن و دوورکەوتنەوە لە رەوت و کاروانی هۆنینەوەو پێداویستەکانی ئاسۆی چەرخی ئێستای بەسەردا سەپێنرابێ بە ناچاری پەنا دەباتە بەر بەهانە بۆ هێنانەوەو هەستپێکراوی عەقلیی ناو گەنجینەی کەڵەکەبووی بیری کۆو تاکە کەسیی خەیاڵی. چون بنەماکانی بابەتەکە لەبوونی لایەنی دەسەڵاتدار و متمانەی کۆمەڵایەتیدا خۆی دەنوێنی کە بەهای ناوەکیی بوونی کۆڵەکەکانی رژێمی سیاسیی پێکدێنن و نموونەی خۆی لەوەدا دەدۆزێتەوە کە راپێچی ئامانج و خواست و ویستی گەل بێت.

ئەم بابەتە لە گۆڕەپانی ئێرانیشدا، خۆی لەو کێشەو ئاشووبەدا دەدۆزێتەوە، بەڵام بەگشتی دەتوانرێ سنووری بۆ دانرێ. ئاشکراشە کە ئەوانەی رژێمی ئێران پێکیاندێنی یا نوێنەرایەتیان دەکات واتاو بەڵگەنامەی وای تیایە کە لە لایەنی مەوزووعی و مێژوویی و ئایدیۆلۆژییەوە بەسەر چوون، بەپێچەوانەی لایەنەکەیتر کە گەلی ئێرانە.. بەهەموو پێکهات و هێزەنیشتیمانییەکانییەوە، خۆیان لە ئۆپۆزیسیۆنی نیشتیمانیی ئێراندا دەنوێنن، ئەڵبەتە رێکخراوی موجاهیدینی خەلق و پارتە تێکۆشەرە کوردییەکان برِبڕەی پشتی گەلن و واتای بەڵگەی هاوچەرخ و نوێە لەئاست

روانینی سەردەمیانە بۆ چەسپاندنی دیموکراتیەت.

ئەم بنچینە مەوزووعییەو واقیعە مێژووییە ئەوە فەرز دەکات بەسەر ئۆپۆزیسیۆنی نیشتیمانیی ئێراندا کە هەوڵی هێنانەدیی داواکارییەکانیان بدەن و ناونیشان و ناوەڕۆکی شەرعییەت بۆ گەلی ئێران بگەڕێننەوە، کە خومەینی و مەلاکانی پاش خۆی لە ژێر ناونیشانی ولایەتی فەقیهدا زەوتیان کرد، ئەمەش خاڵی سەرەکیی رووبەڕوونەوەکانی سەر گۆڕەپانەکەیە لە ئێران.

بەشەکانی ئەم پەرتووکە.. خوێندنەوەیەکی هەموو لایەنەکانی ئەو بابەتەیە بە وردی. بەتایبەتی هەڵوێست و روانگە مەبدەئیی و خەباتکارانەی رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران و روانگەو بۆچوونی ئایدیۆلۆژییەتی هاوتای سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی و ئاینیی.. دەتوانین بڵێین کە رەوڕەوەی رەوتی خەباتگێرو تێکۆشانی ئەم رێکخراوە، بەراستی رەوتێکی نەمرو بەخشندەو سەرسوورهێنەرو سەیرە لەوەدەستهێناندا، بەهەموو بەهاو پێوانەکان جگە لەوەی رەسەن و پتەوو راستگۆیەو بەردەوامبووە لەگەڵ خەباتی بێوچانی کۆڵنەدەرانە.. هەر لە دامەزراندنییەوە تا ئێستا.

تاقیکردنەوەی سەخت و تاڵ و کۆسپی دڵتەزێن ئەم رێکخراوەی بەهێزترو پتەوتر کرد... ئەوەتا هیچ رێکخراوێکی خەباتگێر ئەوەی بەسەرنەهاتووە کە ئەم بەسەری هاتووەو تووشی هەل و مەرج و باری جەختی جۆراوجۆر بووە.

سەرەڕای هەموو جۆرەکانی ستەمکاری و کرداری ئامرازە بەکرێگیراوەکانی راگەیاندن بەتایبەتی کەرەنەکانی پڕوپاگەندەی رژێمی ئێران و هەوڵەکانیان لە بواری شێواندن و بوهتان بۆ هەڵبەستن لە پێناوی بێ بایەخکردنی هەڵوێست و رەوتە مەبدەئییە پتەوەکانی ئەم رێکخراوەو دەرکردنی بریارگەلی نیودەوڵەتی بەرامبەر بەو موجاهیدینی خەلق بە مەبەستی جێبەجێکردنی سیاسەتی لە خۆگرتن و رازیکردن و موساوەمەی رژێمی ئێران، لەلایەن دەوڵەتانی رۆژئاواوە، بەڵام ئەوە لە یاد دەکەن کە خومەینی و فەتەواکانی لە سێدارەدان و کوشتن و چەوساندنەوەو ئازاردانی دڕندانە پاڵی بە ئۆپوزیسیۆن و موجاهیدینەوە نا رێگای خەباتی چەکدارانە بگرنە بەر. تەنانەت هێشتا تیرۆریزمی دەوڵەت بەردەوامەو دەسەڵاتی کۆنەپەرستی دەسەڵاتداری ئێران بەردەوامە.

بزووتنەوەی موجاهیدینی خەلقی ئێران لە ناو ئێران و دەرەوەی ئێران بەرەنگاری جۆرەها کۆسپ و چقل و رێگا لێگرتن بۆوە.. بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو پیلانگێڕی و گوشارانە دەبینین ئەم رێکخراوە هەمیشە خۆی داهێنەرەو لەگەڵ هەموو گرژبونەوەیەکی لەناکاودا بارودۆخی خۆی دەگونجێنێتەوەو رادەپەرێتەوەو لەجاران بەهێزتر دەبێ و خواست و ویست و واتاو دارشتنی مەبدەئی، رێگای وەدەستهێنانی ئامانجە پیرۆزەکانی رۆشن دەکاتەوە... هەروەک (سیمورغ) کە باڵندەیەکی ئەفسوناوییە لە میتولوجیایی ئێرانیدا بەردەوام دەبێت و بەرەو ئامانجی خۆی



مل دەنێت.

بێگومان ئەنجامە هەمیشە نوێکان لە هیچەوە نەهاتوون بەڵکوو بەگڕو بڵێسەی بیروباوەرو هەبوونی سەرکردایەتیەکی خاوەن سەڵاحییەت و زاناو چاونەترس و بەتواناوە هاتووە، کە بچێتە جەنگەی رووداوەکان بۆ دابینکردنی هەموو پێویستیەکان و سەرخستنی ئامانج لەسەر هەموو ئاستێکی گۆرەپانەکەدا.

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خەبات و تێکۆشانی گەلی ئێران لە بەراورد لەگەڵ خەباتی گەلانی تر ئەوەیە کە هەمووان لەبەردەم دوو هەڵبژاردندان بۆ دوو جێگر (بەدیل) کە واتا ستراتیژیەکانی رێرەوی رەوت و بۆچوون و رەورەوەی سیاسیی پێک دێنن.. (دیموکراتیەت) و (دیکتاتۆرییەت).

لەم بوارەشەوە دەبێت لە ئاست خستنەڕووی راستیەکان چاونەترس و ئازا و هەمیشە بوێر بین.. پێویستە هەڵوێستێکی چەسپاو لەگەڵ بەرەی رەوادا دژ بە بەرەی نارەوا بنیات بنێین لەسەر بنچینەی بەرژەوەندی گەل و رای گشتیی و کەسایەتی گەلالە بکەین.

بێگومان زۆرانبازی هەروەک جەمسەروانی هەردوو سەری ئیجابی و سلبی، ساردو گەرم، کە هەر یەکیان نەفرەت لەوی تریان دەکات.. بەردەوامە و شەڕەکە گەرمە..

نووسەر

١

بەشی یەکەم

# جیۆپۆلەتیکی کراوە و چەندین رەگەز

رەگەز و گەل و نەتەوەکان... واتە چەندین جۆرە پێکهاتەی مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتی، کە تا ئەمڕۆ لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ژیاون و دەژین، بە تایبەتی لە قەوارە سیاسییەکانی ئێران و تورکیا و عێراقدا.. سەرەڕای سنووری جوگرافی، سەرەڕای کاریگەرییەکانی هێز و دەسەڵات و داگیر کردنی جۆراوجۆر، ئەوەتا ناوچەکە تا چاو بڕ دەکات جیۆپۆلەتیکێکی کراوە بووە، بە سەر هەموو لایەنێکی جوگرافی و مێژووییانەی ناوچەکەدا، ئەمەش قوڵاییەکی مێژوویی و شارستانی و دەوڵەمەندییەکی رۆشنبیرییانەی دیاری بە ناوچەکە بەخشی، ئەڵبەتە تایبەتمەندییەکی گشتیشی هەیە، بەڵگەش بۆ ئەمە پەیدا بوونی یەکەمین شارستانیەتی میزۆپۆتامیایە، کە بە هاوبەشیی هەموو پێکهاتەیەکی ئەتنیی ناوچە جوگرافییە دیاری کراوەکە و ناوچەکانی دەوربەریەتی، ئەگەرچی هەموو پێکهاتەکان تایبەتمەندیی زمانەوانی و رۆشنبیرییانەی خۆیان پاراستووە، تەنانەت پێکەوە بەرەنگاری دەستدرێژی و داگیر کردنی سەربازییانەی جۆرەها سەردەمی مێژووییش بوونەتەوە..

بێگومان ئەو خوێنەی بە سەر خاکی مێژوودا ڕژا، بەو رادەیە لە پای فاکتەری کۆمەڵایەتی (ئەتنی)یەوە نەبووە، کە لە پێناو سەپاندنی دەسەڵات بووە لە مێژوودا، تەنیا لە پێناوی دەسەڵات و بەرژەوەندیدا بووە. ئەمەش روونە بۆ هەموو پێکهاتە ئەتنییەکانی فارس و کوردو تورک و عەرەب. کاتێک لەبارەی پاشخانی مێژووییانەی کوردەوە دەدوێین، کە بەشدار بووە لە داهێنانی یەکەمین شارستانیەتی بەرەبەیانی مێژوودا، هەر لە سەردەمی نیۆلشیکەوە و

(سەردەمی دروست کردنی خۆراک)، ئەویش لە ڕێی داهێنانی شۆڕشی کشتوکاڵ و ژیانی گوندایەتی و دامەزراندنی ئاوایی و ماڵی کردنی ئاژەڵ و ڕاگرتنی پەلەوەر و دەست پێ کردنی کشتوکاڵ. ئەمەش بواری بۆ داهێنانی زێدە بەرهەم (زیادەبایی) خۆش کرد، کە بە بنەمای داهێنان و خوڵقاندن و بیر کردنەوە و ئەفراندنی نووسین و داهێنانی زانستی ماتماتیک و دانانی ساڵنامە و یەکەم لاهوتی گشتی دادەندرێت، جگە لە داهێنانی دەزگا و دامەزراوەکانی دەوڵەت بە ڕووکاری سیاسیانەی و ئاڵوگۆڕی چینایەتی و داهێنانی یاسا و مافی نووسراو، هەروەها هەنگاونان بەرەو مەدەنیەت و خوداپەرستی و پیشەسازی و گەلاڵە بوونی مێژوویيانە، کە بواری داهێنانی موڵکایەتیی تایبەت و خێزانی پیرۆز و وەچە و وێژەی نووسراو و داستان و هونەر و موزیک و ئاواز، خۆش کرد. پاشان بەرەو دروست کردنی یەکەمین یەکەی نیشتەجێ بوون ڕێی گرتە بەر، لەوەو پاشیش لە شارستانیەتی سومەردا (باشووری میزوپۆتامیا) ڕەوتی ئمپریالیزم سەری هەڵدا، کە تێیدا لایەنانی سەرەکیی سەرەتای داهێنانی بەرەبەیانی مێژوو هاتە کایەوە، کە دەتوانین زاراوە و دامەزراوە و چەندین جۆرە سیستەم بخەینە سەر بنەماکانی ئەو لایەنە سەرەکییانەی، کە باسمان کردن، لەم پەیدۆزەی لاپەڕەکانی مێژوویی لایەنانی بنەرەتیانەی ڕووکارەکانی شارستانیەت، سەرەڕای بوونی (ئەڵقەی بەتاڵ) لە مێژووی خۆیان و ناوچەکەیان، کە ڕۆژهەڵاتناسی ئاڵمان (لیۆا ئۆبنهایم) لە پەرتووکی (وڵاتی میزۆپۆتامیا)دا ئاماژەی پێ داوە... ئەوەتا مێژوو باسی دوا دەوڵەتی کوردمان بۆ دەکات، کە کەریم خانی زەند لە ئێران دایمەزراند، ئەڵبەتە دەوڵەتی زەند لە ساڵی ١٧٥٢ی ز تا ساڵی ١٧٥٩ حوکمڕانێتیی تەواوی خاکی ئێرانی کردووە. بە پێی ڕێککەوتننامەی «قەسری شیرین» لە ساڵی ١٦٣٩، کوردستان کرا بە دوو بەشەوە، بە سەر ئێران و دەوڵەتی عوسمانیدا دابەش کرا. پاشان بە هۆی دژایەتیی نێوان بنەماڵەی زەند و خێزانانی دیکەی دەسەڵاتدارەوە، بە تایبەتی محەمەد ئاغاخانی میری قاجار، کە توانی محەمەد لوتفعەلی بکوژێ و دەوڵەتی قاجار لە ئێراندا دابمەزرێنێ... ئەڵبەتە جەنگ و کوشتاری دراماتیکیانەی نێوان محەمەد لوتفعەلی و محەمەد ئاغاخان، زۆر پەند و وانەی دڵتەزێن و دەگمەن و بێ هاوتای سەبارەت بەو دژوارییە تێدایە، کە بە کوشتنی محەمەد لوتفعەلی کۆتایی هات. ئەوەتا ئەمیان تووشی وەزیرێکی ناپاکی بنەماڵەی زەند بوو، کە ئیبراهیم خان بوو، لە ساڵی ١٨٦٥دا دوایین میرنشینی کورد (میرنشینی ئەردەلان بوو، ئەمینوڵڵا خان و خسرەو خانی کوڕی، گرنگترین حوکمڕانانی ئەو میرنشینە بوون و شاری سنەش پایتەختەکەی بوو)، کۆتایی هات.

بە هۆی سیاسەتی شۆڤینیی قاجارەکان و دەسەڵاتی ڕژێمی شای ئێرانەوە، کورد چەند شۆڕشێکی بەرپا کرد، ئەوەتا لە ساڵی ١٨٠٠دا شۆڕشی عوبەیدوڵڵا نەهری بەرپا بوو، دەسەڵاتی بە سەر خاکی نێوان دەریاچەکەی ورمێ لە ئێران و دریاچەکەی وان لە کوردستانی تورکیادا





هەبوو. ئەم بزووتنەوەیە بە مەبەستی یەکێتیی تەواوی کوردستانەوە بەرپا بوو، هەر بۆیە سوپای تورکیا هاریکاریی سوپای ئێرانی کرد بۆ لەناو بردنی ئەو شۆڕشە بە شێوەیەکی دڕندانەی و بێ بەزەییانە..

لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا شۆڕشێکی تری زۆر بەهێز و گرنگ بەرپا بوو، کە سمایل ئاغای شکاک (سمکۆ) سەرکردایەتیی ئەو شۆڕشەی دەکرد. ئەو شۆڕەشە لە نێوان ساڵانی ١٩٢٠ تا ساڵی ١٩٢٥ دەسەڵاتی تەواوەتی بە سەر ناوچە کوردییەکەی ڕۆژهەڵاتی دەریاچەدا گرت. ئەڵبەتە ئەو سەرکەوتنانە بە سایەی باری شیاوی هەرێمایەتی و نیودەوڵەتییەوە بوو. ئەوەتا لەگەڵ ڕووخاندنی دەوڵەتی عوسمانی، چین و توێژەکانی کۆمەڵایەتیی کورد لە پای سیاسەتی شۆڤینیانەی دەسەڵاتی مستەفا کەمال ئەتاتورک دژ بە کوردی تورکیا و پاشگەز بوونەوەی لەو بەڵێن و ڕێککەوتننامەکان و پەیماننامەی ئەماسیا و سیواس و ئەرزەڕووم، هەروەها داڕشتن و هێنانە کایەی یەکەم دەستووری کۆماری، ئەو سەردەمە لە بارێکی هەڵچووندا بوون. ئەگەر بە هاریکاریی کورد نەبووایە مستەفا کەمال ئەتاتورک نەیدەتوانی باری ڕماوی پاش یەکەمین جەنگی جیهانی چارەسەر بکات، نەیدەتوانی یونانەکان لە تراقیا و چەند شوێنێکی تری دەوڵەتی عوسمانی دەربکات.. ئەڵبەتە پەیمانی سیڤەر کە لە ساڵی ١٩٢٠دا لە لایەن کۆمەڵەی گەلانەوە مۆر کرا، بۆ یەکەمین جار لە سەردەمی نوێدا دان بە بوونی گەلی کورد و مافی چارەنووس، یا ئۆتۆنۆمیی ئەو گەلەدا نرا. ئەویش بە پێی بەندەکانی (٤٢ تا ٤٤)ی ئەو پەیمانە.

بە مەبەستی دابین کردنی لایەنگیری و پاڵپشتی بۆ شۆڕشەکەی، سمکۆ ئاغای شکاک بەرەو شاری سلێمانی چوو تا چاوی بە شێخ مەحموودی نەمری حوکمداری شاری سلێمانی بکەوێ، کە کۆمەڵێک سوارەی هۆزی پشدەری لەگەڵدا بوو. لەم بارەیەوە بەڕێز عەبدوڵڵا ئەحمەد پشدەری لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵی: کاتێک لە سلێمانی گەڕاینەوە سمکۆ ئاغا پێی گوتین شێخ مەحموود بە بیری خێڵەکیانە دەجووڵێتەوە، هەر بۆیە شایانی ئەوە نییە سەرکردایەتیی شۆڕش بکات.

سەرکەوتنە بەرەو دواکانی سمکۆ ئاغای شکاک مەترسیی خستە بەر ئینگلیزەوە، هەر بۆیە کەوتنە نانەوەی پیلان و ناکۆکیی تایفەگەری لە نێوان کوردی موسڵمان و ئاسوورییەکاندا.. لە ئەنجامی ئەو پیلانانەش، سمکۆ مار شەمعوون سەرۆکی ئایینیی ئاسوورییەکانی ورمێی کوشت. ئەم کارەی سمکۆ بزووتنەوەی کوردی لاواز کرد، کە بە کوشتنی سمکۆ کۆتایی هات، شای ئێران لە ساڵی ١٩٢٥دا بە پیلانێک کوشتی.. پاشان ڕەزا خان پاش ڕماندنی ئیمپراتۆریەتی قاجار بە یارمەتیی ئینگلیز، حوکمڕانێتیی ئێرانی گرتە دەست لە پێناو چەسپاندنی دەسەڵات و نوێخوازی لە ئێراندا، ڕەزاخان بە یارمەتیی ئینگلیز دەستی بە لەناو بردنی میرنشینانی نافارس کرد، وەک میرنشینی عەرەب بە سەرۆکایەتیی شێخ خەزعەل و میرنشینی پشتکۆی



رەزاشا پەهلەوی

کوردی شیعەی فەیلی لە ناوچەی ئیلام و کرماشان، کە حوسێن خانی قولی خان حوکمڕانێتیی دەکرد. رەزاشا بە نامەردی شێخ خەزعەل و سمکۆ ئاغای کوشت، بەڵام حوسێن خان بەرەو عێراق هەڵهات. بەم جۆرە رەزاخان شای ئێران، توانیی میرنشینانی کورد و عەرەب و تورک لەناو بەرێ، بەڵام ئەوەندەی نەبرد تا بڵێسەی شۆڕش لە خوارووی کوردستانەوە بە سەرکردایەتیی جەعفەر سوڵتانی هەورامی، واتە لە هەمان ساڵی کوشتنی سمکۆدا بەرپا بوو. کاتێکیش دووەمین جەنگی جیهانی لە ساڵی ١٩٣٩دا هەڵگیرسا، ئێران لە رۆژی ٢٦ی تەمووزی ١٩٤١دا زارەکی بڕیاری بێلایەنیی راگەیاند.. بەڵام هەر مایەی نەسرەوتن و شپرزەیی هێزەکانی هاوپەیمان بوو، کە ئێران لایەنگیریی ئاڵمانیا دەکات، سەرباری سەرکەوتنی بزووتنەوەی رەشید عالی گەیلانی لە عێراقدا، کە هاوکات ئەویش لایەنگیریی ئاڵمانیای دەکرد. لە ١٩٤١/٨/٢٥دا هاوپەیمانان و رووسیای سۆڤیەت دەستیان لە داگیر کردنی ئێران نەپاراست، خاکی ئێرانیان کرد بە دوو بەشەوە. بەشی خوارووی لە ژێر دەسەڵاتی ئەمریکا و بەریتانیادا بوو، لە کاتێکدا بەشی سەرووی تا مەهاباد کەوتە ژێر دەسەڵاتی رووسیای سۆڤیەتەوە، لەم بارودۆخە ناسکە پڕ لە کێشەی ناوخۆیی و نیودەوڵەتیدا، رەزاشا دەستبەرداری حوکمڕانی بوو بۆ حەمە ڕەزا شای کوڕی، کە لە مانگی سێپتەمبەری ١٩٤١دا بوو بە شای ئێران.

رووسیای سۆڤیەت پشتگیریی ماددی و مەعنەویی پێشکەش بە تورک و کورد کرد بۆ دامەزراندنی قەوارەی خودموختاری لە یەک لاوە، ئەوە بوو کۆماری تەورێز (ئازەربایجان) بە سەرکردایەتیی بەرەی نیشتیمانیی دیموکراتیخواز و کۆماری مەهاباد (دیموکراتی کوردستان)ی خود موختار بە سەرکردایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، راگەیەندران. ئەڵبەتە پاشەکشە کردنی دەسەڵاتی ئێران و هەڵاتنی سەربازانی ئێرانی لە یەکەکانی سەربازی، زەمینەی بۆ ئەو دوو رووداوە خۆش کرد. کورد هەلی چۆڵ بوونی سەربازگەکانی قۆستەوە، دەستیان بە سەر چەک و تەقەمەنیی بەجێماودا گرت، بە لایەنگیری و هاریکاریی کورد، بە چەندین ناوچەی تر شان و شەوکەتی کۆماری مەهاباد (کوردستان) پرشنگدار و پتەوتر بوو، بە تایبەتی لەگەڵ هاتنی بارزانییەکان بە سەرکردایەتیی شێخ ئەحمەدی بارزانی و مەلا مستەفای بارزانی، کە بەرەی رۆژئاوا (سەقز ــ بۆکان)ی گرتە دەست. هاوکات بەرەی سەروو بە سەرکردایەتیی زیرۆ بەگی هەرکی بوو، سەرەڕای رێکخستن و مەشق پێ کردن و پێکهێنانی یەکەی سەربازی لە







شەهید قازی محەمەد

لایەن ئەفسەرانی کوردی عێراقەوە (میر حاج، عێززەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، محەمەد قودسی، خێرۆڵڵا عەبدولکەریم، نووری ئەحمەدی تەها و بەکر ئاغا ئەوڕەحمانی موفتی).. جێی سەرنجە کە کۆماری مەهاباد (کوردستان) بە سایەی دوو کۆڵەکەی بنچینەیی هاتە کایە:

- نوێنەرایەتیی خواست و ویستی کوردستانی ئێران.
- لایەنگیری و یارمەتیی دەرەوە (رووسیای سۆڤیەت).

لە ئاست سیاسەتی شۆڤینی و پێشێل کردنی مافی نەتەوایەتیی کورد لە لایەن دەسەڵاتی شاوە، بە تایبەتی شا رەزاخان، کە میرنشینەکانی ئەردەلان و پشتکۆی رووخاند و هەڵی وەشاندنەوە، هاوکات میرنشینی بابان و میرنشینی رەواندز و میرنشینی بەدرخانی لە هەرێمی کوردستانی عوسمانی لە لایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی عوسمانییەوە هەڵوەشانەوە، بە پیلان و نامەردیش میرەکانی لەناو برد.

لە ئاست ئەم کەڵەکە بوونەی مێژووی سلبی و دەنگدانەوەی کێشەکانی پەرەسەندووی سیاسی و رەنگدانەوەی ئەو فاکتەرانە، دەبینین شۆڕش و راپەرینەکانی کورد دانەمرکانەوە و خامۆش نەبوون. بە درێژایی سەدەکانی پێشوو هەر بەردەوام بوون، ئەوەتا خەبات و تێکۆشانی کوردی ئێران دوور نەبوو لە کوردی تورکیا و عێراقەوە، تا رۆژی ئەمڕۆمان ئەو پەیوەندییە بەردەوامە، چونکە لایەنی بەرانبەر و عەقڵیەتی حوکمڕان، هێشتا سیاسەتی قەڵاچۆ کردن و دوورخستنەوە و پەراوێز کردنی مافی رەوای نەتەوایەتی دەرهەق بە کورد پەیڕەو دەکات، کە دوورە لە بیر و هۆشمەندی و مەنتیق و ژیریی بەرەو پەیڕەو کردنی چارەسەری دیموکراتی ئاشتیخوازانەی کێشەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆماری تازە گەشە کردووی مەهاباد (کوردستان)، کە لە ١٩٤٦/١/٢٢دا راگەیاندرا و قازی محەمەد بە سەرۆک هەڵبژێردرا، کە کەسایەتییەکی دیاری سیاسی و ئایینی بوو لە مەهاباد، یەکێ بوو لە دامەزرێنەرانی پارتی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کە پەیڕەوی سیاسیی ئەو سەردەمەی پارتەکە، دابین کردنی سەربەستی و دیموکراسی بوو بۆ ئێران و ئازادی و سەرفرازی بۆ کوردی ئێران، لە رێی خود موختاری بۆ کوردستان. ئەم پەیڕەوە بە هیچ جۆرێک ئاماژە بۆ جیا بوونەوەی کورد ناکات.

لەگەڵ ساز کردنی ئاهەنگی بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردستان و راگەیاندنی قازی محەمەد وەک سەرۆک کۆماری کوردستان، کە لە گۆڕەپانی (چوارچرا)دا ساز کرا، قازی محەمەد گوتی: خود موختاری مافێکی رەوای گەلی کوردە، بە سایەی پشتگیری و یارمەتیی یەکێتیی سۆڤیەت، کە دۆستی گەلانە هاتە دی.

سەرەرای هاتوچۆ و وتووێژەکانی قازی محەمەد لەگەڵ بەرەی دیموکراتی میللی لە تەورێز، یا لەگەڵ حکوومەتی تاران، پەیمانی ئەوەی پێ درا کە پشتگیری لە کۆماری کوردستان بکرێ، بەڵام لە لایەکی ترەوە حکوومەتی ئێران خۆی ئامادە دەکرد بۆ لێدان و پێشێل کردنەوەی خودموختارییەکانی تەورێز و مەهاباد (ئازەربایجان و کوردستان)، ئەو کێشەیەش بەند بوو بە تێپەڕ بوونی کات و چاوەڕوان کردنی بواری شیاو بۆ دەست پێ کردنی هێرشێکی سەربازی.

لەو سەردەمەدا سەرۆک وەزیران (قەوامول سەڵتەنە) توانیی لە دوو لاوە کێشە ناوخۆییەکانی ئێران و ئەوانەی دەرەوە بگرێتە خۆی، توانی بە بەڵێنی درۆ و تەفرەدان، کە گوایە مافی وەبەرهێنانی نەوتی سەروویان پێ دەدات. بەم جۆرە توانی سوپای سۆڤیەت بێلایەن بکات کە ئیتر یارمەتیی کۆماری تەورێز و مەهاباد (ئازەربایجان و کوردستان) نەدات، کاتێکیش لە رێی چەندین سکاڵاوە، بە تایبەتی ئەو سکاڵایانەی کە بە نەتەوە یەکگرتووەکان دران، بە هۆیانەوە سوپای سۆڤیەت لە تەورێزی ئێران بەرەو ئازەربایجانی سۆڤیەت کشایەوە و چارەنووسی کۆماری مەهاباد و تەورێز (کوردستان و ئازەربایجان)ی خستە بەر چاو، بوونە دوو نێچیری ئاسان بۆ هێزەکانی ئێران، کە سەرەتا بەرەو تەورێز کشان و لە ماوەی چەند سەعاتێکدا لە رۆژی ١٩٤٦/١١/١٦دا بە بێ هیچ بەرگرییەک رما، ئینجا رووەو شاری مەهاباد بووەوە، بە هۆیەوە کۆبوونەوەیەکی مەرکەزیی ئەنجوومەنی وەزیران و لێژنەی مەرکەزیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەسترا. هەندێ کەسایەتیی نیشتیمانیی بەشدارییان تێدا کرد. قازی محەمەد لەو کۆبوونەوەیەدا گوتی: سوپای ئێران لە ماوەی چەند سەعاتێکدا بە بێ هیچ بەرگرییەکی بەرەی دیموکراتی میللی، تەورێزی داگیر کرد، کە ژمارەی ئەوان لە ئێمە زیاترە، تەنانەت پێداویستیشیان لە هی ئێمە باشترە، جا من بە باشی دەزانم بریاری تەقە راگرتن راگەیەنین، خۆم پێشوازی لە سوپای ئێران دەکەم. هەندێ لەوانەی بەشداری دانیشتنەکەیان کرد، ناڕەزاییان دەربڕی و گوتیان برۆ خۆت بشارەوە تا زیانت پێ نەگات، قازی محەمەد وەڵامی دانەوە گوتی: نەخێر ناڕۆم بەرپرسیاریی رووداوەکان لە ئەستۆ دەگرم تا خەڵکی مەهاباد بە هۆی سوپای ئێرانەوە تووشی خراپە نەبن.

ئەم هەڵوێستە نەبەرد و چاو نەترسانەی قازی هەمیشە مێژوو بە زێڕ دەینوسێ. بەم جۆرە قازی محەمەد پێشوازیی لە سوپای ئێران کرد. پاش ئارام بوونەوەی باری گشتی، حکوومەتی







١٧ی کانوونی یەکەم ١٩٤٥
هەڵکردنی ئاڵای کوردستان بەسەر دەزگای دادەوە لە مەهاباد



شووباتی ١٩٤٦ شەهید قازی محەمەد و کابینەکەی



خوالێخۆشبوو د. محەمەد موسەدق

ئێران قازی محەمەد و زۆربەی دەسەڵاتدارانی کۆماری مەهاباد (کوردستان) و حیزبی دیموکرات لە سێدارە دران. بەم شێوازە نامرۆڤانەیە ئەستێرەی کۆماری مەهاباد (کوردستان) داکشا و شاری مەهاباد بەرگی ڕەشی پۆشی. شایانی باسە، پاش ڕماندنی کۆماری مەهاباد و تەورێز (کوردستان و ئازەربایجان)، سەرۆک وەزیران (قەوامول سەڵتەنە) دەستی لە کار کێشایەوە و پەیمانەکانی بۆ سۆڤیەت پووچەڵ بوونەوە. ئەوەی دووپات کرد، کە کەڵەکەباز و چەواشەکەرێکی بە توانایە، بەڵام بە هەر حاڵ، ئەو هۆشمەند و ژیر و خاوەن مەنتیق نەبوو، چونکە حکوومەتی ئێران دەیتوانی ئەو بارە بقۆزێتەوە بە چەند خود موختارییەک لە تەورێز و مەهاباد، کێشەی نەتەوایەتی و هاودژانی بە تەواوەتی چارەسەر بکات، بە بێ فێڵ و فەرەج و چەواشە کردن و نکوولّی کردن لە مافی ڕەوای نەتەوایەتیی کوردی ئێران.

پاش هەوڵە سەرنەکەوتووەکەی کوشتنی حەمە ڕەزا شای پەهلەوی و برەو پێدانی داپڵۆسین و چەوساندنەوە، دوکتۆر محەمەد موسەدق حوکمڕانیی گرتە دەست، کە لە زۆر لایەنەوە کورد سەربەست بوو. هەر بۆیە ئەوانیش لە کاتی خۆماڵی کردنی نەوتدا لە ١٩٥١/٣/٢٠دا پشتگیریی موسەدقیان کرد، هەروەها کورد دەنگیان لە تەک موسەدق دا بوو، بۆ پەل و پۆ کردنی دەسەڵاتەکانی حەمە ڕەزاشا، کە لە ١٩٥٣/٨/١٠دا ڕووی دا، هەر بۆیە بە زەبری پیلان و کودەتا، هاوبەشانی دەسەڵات، وەک ئەمریکا و بەریتانیا و بە هاریکاری کردن و یەکخستنی کار لەگەڵ هێزەیلی کۆنەپەرست و توندڕەودا، وەزارەتی دوکتۆر موسەدق ڕما، دوا بە دوای ئەوەش دەسەڵاتی شا ژمارەیەکی زۆری هاونیشتیمانیانی لە هەموو لانیشتیمانی و پێشکەوتنخواز و نەتەوایەتیەکان گرت، کە ژمارەیەکی زۆری کوردیان تێدا بوو، تەنانەت مۆڵەتی کار کردنی حیزب و ڕێکخراوەکانیش ڕەت کرانەوە، ئێران چووە ژێر ڕکێفی پرۆژەی ستراتیژی ئیسرائیل و ئەمریکاوە. ئەوەتا لە سەرینی جەنگی سارد و بوونی دوو جەمسەری نیودەوڵەتی و لە ژێر توانا و دەسەڵات و چاودێریی ئەمریکادا لە ساڵی ١٩٥٣ ئێران چووە پەیمانی بەغداوە.. ئەو پەیمانەی کە بەربەستێک بوو لە بەردەم پەرەسەندنی دەسەڵات و پروپاگەندەی سۆڤیەتدا، هەروەها لە کار ساز کردن و هاریکاری کردنی بەرهەڵستکاری و داپڵۆسینی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد لە هەرێمێکی کورددا، لە ناوجەرگەی قەوارە سیاسیەکانی ئێران و عێراق و





تورکیادا، ئەم هاریکاری و کار ساز کردنە بەرەو داپڵۆسینی کورد، هێشتا تا ڕۆژی ئەمڕۆمان بەردەوامە بە تایبەتی لە نێوان دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران و تورکیا، کە هەردووکیان سوپایان بە سەر سنووری هەرێمی کوردستانی عێراقەوە کەڵەکە کردووە، پێکەوە دێهاتی سنوور بۆردوومان دەکەن. لەم بارەیەوە لیوای خانەنشین محەمەد عەلی سباهی لە کتێبەکەیدا (ڕوانینێک لە ئاست کورددا _ کتێبەکە بە عەرەبییە) دەڵێ کاتێک بڕیاری ڕاگرتنی تەقەی نێوان حکوومەتی عێراق و نێوان بزووتنەوەی ئازادیخوازی کورد بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزان لە ساڵی ١٩٦٦دا درا، لەو کاتەدا چووم بۆ لای لێژنەی ساز کردنی سەربازی و ئەو بڕیارەی حکوومەتی عێراقم بە نوێنەری ڕژێمی ئێران ڕاگەیاند. نوێنەرەکە بە پێچەوانەوە وەستا و گوتی: چۆن بە بێ ڕەزامەندیی ئێمە تەقە ڕادەگرن؟ پێم گوت: ماف و پەیوەندیی ئێوە بەوەوە چییە؟ لە وڵامدا گوتی: گەر پەیوەندیمان بەوەوە نەبێ ئەدی بۆچی من و تۆ و پاشکۆی سەربازیی تورکیا لێرەدا کۆ بووینەتەوە؟!

ئەمەیە ڕووی ئەودیوی پەیمانی بەغدا، کە بە مەبەستی یەکخستنی توانای ئەندامانی پەیمانەکە بوو بەرەو داپڵۆسینی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی ئازادیخوازی کورد. ڕووی دووەمی ئەم کردارە لە یەکەم کاریگەرتر بوو.. کە تەرخان کرا بوو بۆ ڕێ گرتن لە هەژموونی سۆڤیەت، بە پڕوپاگەندەی ئایدیۆلۆژیانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پشتگیری کردن لە بزووتنەوەکانی ئازادیخوازی نیشتیمانی و نەتەوایەتیی جیهان.

گرنگترین ڕووداوی ئەو سەردەمەش، بەرپا بوونی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨بوو لە عێراقدا، کە بە سەرکردایەتیی زەعیم عەبدولکەریم قاسم بوو. ئەو شۆڕشە (ڕۆژی سەربەستی) ڕووداوێکی گەورە بوو، دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو بە سەر گۆڕەپانی سیاسیی عێراق و هەرێمایەتی و نیودەوڵەتی، کە بە هیچ جۆرێک لە لایەن زانا و ملهوڕانی دەسەڵاتی ڕژێمی پادشایەتیی عێراقەوە حیسابی بۆ نەکرا بوو ، یان هیچ لایەنێکی تر، ئەگەرچی جەماوەری گەل چاوەڕێی دەکرد، کە خەباتی بێوچانی هەمیشەیی دەکرد لە پێناو وەدی هێنانی سەربەستی و دیموکراتی و ڕزگار بوون و گۆڕینی ئەو دەسەڵاتە ستەمکارەی، کە بە تەواوەتی لایەنگیری دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی ئەوسای دەکرد. ئەوەتا کوردی عێراق هاوبەشی خەبات و تێکۆشانی جەماوەرییانەی برایانی عەرەب و پێکهاتەکانی دیکەی نیشتیمانیی کرد، بە پەرۆشەوە پێشوازیی لە شۆڕشی ١٤ تەمووز کرد. شادمان بوون بە ئامانجەکانی کە لەوەو پێش بەرەی نیشتیمانیی دیموکرات لە کاتی خەباتی نهێنی سەردەمی دەسەڵاتی ڕژێمی پادشایەتیی عێراق پەیڕەوی دەکرد، کە هەر خۆشیان ئامانج و بڕیارەکانی کۆنگرەی ئاشتیی عێراق بوون، کە لە ناوەڕاستی تەمووزی ساڵی ١٩٥٤ ساز کرا.. ئەم شۆڕشە دەنگدانەوەی هەبوو لە لای دەوڵەتانی


خوالێخۆشبوو عەبدولکەریم قاسم

دراوسێ، بە تایبەتی لای کوردی ئێران کە ئامانجەکانی شۆڕشەکەیان لا پەسند بوو، هەروەها لایەنگیریشیان کرد.. هەر بۆیە حکومەتی شا دەستی دایە هەڵمەتێکی رەشبگیری دژ بە رۆشنبیرانی کورد لە ئێران... بەڵام ئەوەندەی پێ نەچوو ناکۆکی کەوتە نێوان عەبدولکەریم قاسم و مستەفا بارزانی، کە قاسم جەنگێکی دڕندانەی دژ بە کوردی عێراق بەرپا کرد، ئیدی بۆیە کورد هیچ رێگایەکی بۆ نەمایەوە تەنیا ئەوە نەبێ دەست بداتە چەک و لە بەردەم سوپادا بەرگری لە خۆی بکا. لەو کاتەدا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران یارمەتی و پیتاک و خۆراک و جل و بەرگ و تەنانەت چەکی سووک و تەقەمەنیی کۆ دەکردەوە، ئەو یارمەتیانە تا ناوەندی شەستەکان هەر بەردەوام بوون. ئەوەش زۆر گرنگ بوو بۆ بەردەوام بوونی شۆڕشی ئەیلوولی کورد بە سەرکردایەتیی مەلا مستەفا بارزانی.

شۆڕشی ئەیلوولی کورد لە عێراقدا پەرەی سەند، لە ناوەندی شەستەکاندا بە شێوەیەکی هەرێمایەتی و نیودەوڵەتی دەنگ و رەنگی دایەوە، شای ئێران ویستی شۆڕشی کوردی عێراق بگرێتە خۆی، ئەویش بە شێوازی گرتنە خۆی دوو لایەنە. لە لایەکەوە بە چەندین جۆر یارمەتیی راستەوخۆی بە شۆڕشی کوردی عێراق دەدا، بۆ ئەوەی دەستی بە سەردا بگرێ و دەسەڵاتی خۆی بسەپێنێ و خەبات و تێکۆشانی شۆڕشی کوردی ئێران وەرچەرخێنێ، لە رێی نانەوەی ناتەبایی جیاوازی لە نێو ریزەکانیدا. ئەڵبەتە شا لەو هەوڵەیدا تا رادەیەک سەرکەوتنی وەدەست هێنا، ئەمەش شوێنەواری سلبیی هەبوو بە سەر هەردوو شۆڕشی ئەو سەردەمەی کورد و لەوەو پاشتریش.

پاش مۆر کردنی رێککەوتنامەی ١١ی ئاداری ساڵی ١٩٧٠ لە نێوان حکوومەتی عێراق و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ئازادیخوازی کوردی عێراق بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفای بارزان، باری سیاسی کرایەوە... کوردستانی عێراق لە هەلومەرجێکی ئاساییدا دەژیا. تەنانەت هەندێ خەباتگێڕ و تێکۆشەرانی کوردی ئێران بە پەنابەری هانایان بۆ کوردستانی عێراق دەبرد، تا شوێنێکی ئەمین بۆ خۆیان لەدەست چەوساندنەوەی دەسەڵاتی ئێران دابین بکەن، بەڵام ئەوەندەی نەبرد کە دەزگاکانی موخابراتی عێراق هەندێ لەو پەنابەرانەی ئێرانی هێنایە کۆڕی دژواری خۆیەوە لەگەڵ ئێراندا. بەغدا یارمەتیی شۆڕشی کوردی ئێرانی دا، چەک و دارایی بۆ






خوالێخۆشبوو مەلا مستەفا بارزانی

دەناردن تا لە چالاکییەکانیاندا بەردەوام بن. هاوکات تاران یارمەتی و پشتگیریی شۆڕشی کوردی عێراقی دەکرد. ئەم یارمەتییە هاوبەرانبەرەی دوو رژێمی دراوسێ، بەند بوو بە دەستتێوەردان و تێهەڵکێشان، هاوکات بەند بوو بە پەرەسەندنی پەیوەندیی فەرمیی نێوانیان بە شێوەیەکی سلبی یاخود ئیجابی. ئەم بارە پاش مۆر کردنی رێککەوتننامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان عێراق و ئێراندا گۆڕا، ئەڵبەتە پاش پەرەسەندنی رۆڵی میللی و خەباتی رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران و هەڵوەشاندنەوە و رماندنی دەوڵەتی شاهنشاهیی ئێران، پاش شۆڕشە میللی جەماوەرییەکە و روخانی شا لە ساڵی ١٩٧٩دا، کوردی ئێران بە هەموو چین و توێژەکانییەوە، بە کارساز کردن و هاریکاریی حیزبی دیموکراتی کوردستان و رێکخراوی (کۆمەڵە)، تەواوی خاک و شارە کوردییەکانی ئێرانیان کۆنترۆڵ کرد. دەستیان بە سەر تەقەمەنی و چەکێکی زۆری سوپای ئێراندا گرت. عەبدولرەحمان قاسملوو سەرۆکی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، بە هاریکاریی سەرکردەی ئایینیی کورد شێخ عیزەدینی حوسەینی، پرۆژەیەکی لە یازدە خاڵدا پێشکەش کرد، کە گرنگترین بنەماکانی خودموختاریی کوردی ئێرانی تێدا باس کرا بوو. پرۆژەکەی ئاراستەی خومەینی کرد، ئەویش لە ژێر گوشاری سوپا و مەلاکاندا ئەو پرۆژەیەی رەت کردەوە، بە پرۆژەیەکی خۆ جیا کردنەوەی دانا، بەڵام پاش مانگێکی تر.. خومەینی پرۆژەیەکی ئاشتیی حەوت خاڵیی خستە روو. ئەرکی وتوێژی بە وەزیر (داریوش فروهەر) سپارد، کە لەگەڵ کورددا بدوێ، بەڵام ئەو پرۆژەیە سەری نەگرت. هەر بۆیە توند و تیژی لە نێوان چەکدارانی کورد و هێزەکانی دەسەڵاتی دەوڵەتدا پەیدا بوو، حکوومەت فڕۆکەی جەنگیی و هەلیکۆپتەر و تانکی بەکار هێنا، شارە سەرەکییەکانی سەندەوە، تەنانەت (٧٠) گەنج بە بێ دادگایی کردن لە سێدارە دران.

کاتێک جەنگ کڵپەی سەند و بەرگریی چەکدارانەی کورد پتەوتر بوو، زۆربەی شارە کوردییەکان کۆنترۆڵ کران، خومەینی تۆمەتی دژایەتی کردنی شۆڕشی خستە پاڵ کورد، گوایە دەیانەوی لە ئێران جیا ببنەوە، ئەگەرچی کورد زۆر هەوڵی ئاشتییان دا، سەرەڕای ناڕەزایی هەندێ لە هێزە نیشتیمانیەکانی ئێران و لایەنگیری مافی رەوای کورد، بەڵام خومەینی و مەلایانی کۆنەپەرستی دەورووپشتی ئەوەیان لا گرنگ نەبوو. لە ١٩٧٩/٧/١دا خومەینی لەگەڵ



خوالێخۆشبوو شێخ عێزەدین حسێنی

ئەنجوومەنی پسپۆڕان (خبرەگان)دا کۆبووەوە، ئەو گوتی: قاسملوو لەگەڵ شێخ عێزەدین بەکرێ گیراون. ئەم قسەیەی خومەینی لە حوکمی قەدەغە کردنی چالاکیی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا بوو.

لەو کاتەوە نەخشەی سەربازی کێشرا بە مەبەستی هێرش کردن و گرتنەوەی شاری مەهابادی، قەڵای شۆڕشگێرانی کورد لەلایەن سوپای ئێران و (پاسدارانی ئینقیلاب)ـەوە، ئەو هێرشە گەورەیە بە فەرمانی خومەینی و فەتواکانی کرا، کە سادق خەڵخاڵیی وەک دادوەرێکی شەرعی نارد بۆ ئەوێ تا کوردانی شۆڕشگێڕ بە چەندین جۆرە شێواز و داپڵۆسینی درندانە و نامرۆڤانە بکوژێ. ئەڵبەتە فەرمانی کوشتن و لە سێدارەدانی کوردی بێ تاوان درا بوو، گەر لە هەر بەرەیەکی چوونە پێشەوە و هێرش کردنەکەدا بەرچاو کەوتن. سوپای ئێران و پاسداران گەیشتنە شاری سنە، دەستیان بە سەر نەخۆشخانەی شاردا گرت و نەخۆشەکانیان دەرکرد و کردیانە بنکەی سەکردایەتیی سوپا و بەردەوام بوون لە جموجۆڵی سەربازی و بەرەو شاری (سەقز)، بە ڕێگاوە دانیشتووانی بێ تاوانیان دەکوشت.

سادق خەڵخاڵی کە دادوەری شەرعی بوو، فەرمانی کوشتنی (٩) گەنجی کوردی شاری سنەی دا. لەو کاتەدا ڕۆژنامەی (بامداد) هەواڵی ئەوەی بڵاو کردەوە، کە خوێنرێژ سادق خەڵخاڵی لە شاری سنەوە بەرەو شاری سەقز ڕۆیشت. هەر خۆی فەرمانی کوشتن و لە سێدارەدانی ٢٢ لاوی کوردی داوە، کە حەوتیان سەر بە سوپای ئێران بوون. جا بۆیە خەڵکی شارەکان داوای مەرحەمەتیان لە حکوومەتی ئێران کرد تا ئەو لاوە سەربازە راکردووانە ئازاد بکرێن، چونکە لە ترسا ناچار کرا بوون کە یەکە سەربازییەکانیان بەجێ بێڵن و پەنا بەرنە بەر کەس و کاریان لە کوردستان، بەڵام ئەوە هیچ سوودی نەبوو لە ئاست هێزی شەڕخوازی مەلای دەسەڵاتداری خۆسەپێن بە سەر گەلی ئێرانەوە. ئەوەتا ڕۆژنامەی (ئیتیلاعات) لە ژمارەی ڕۆژی ١٩٧٩/٨/٨دا سەبارەت بە درندایەتیی پاسداران بڵاوی کردووەتەوە، کە خەڵکی شاری مەهاباد لەو کاتەدا بانگەوازی ئەوەیان دەکرد (سوپای ئێران دۆستمانە، بەڵام پاسدارانی ناشۆڕشگێڕ دوژمنمانن).








پاسدار مەحموود ئەحمەدي نەژاد و حاکمی شەرع سادقی خەڵخاڵی ١٩٨١



نموونەیەك لە تاوانەکانی حکومەتی خومەینی.. گوللەبارانکردنی کوردانی رۆژهەڵات لەساڵی ١٩٧٩
ئەوانەی چەکیان بەدەستەوەیە سەربازن.. ئەوانەی لە تەنیشت سەربازکانەوەن پاسدارن
پاسدارەکان سەربازەکانیان پێش خستووە و هەر سەربازێك حارز نەبێت تەقە لە کورد بکات ئەیکوژن!



نموونەی تاوانەکانی لەسێدارەدانی کورد ساڵی ١٩٧٩ لەلایەن دەسەڵاتی رژێمی مەلاکان لەکوردستان ..





کاتێک یەکەکانی سوپا و پاسداران بەرە بەرە لە شاری مەهاباد نزیک بوونەوە و داگیریان کرد، ئەوکاتە گوتەبێژی حکوومەتی ئێران (هاشم سەباغیان) گوتی: (ئێمە دان بە هیچ حیزبێکی سیاسی و بە هیچ هێزێکی کۆمەڵایەتیدا نانێین و بۆ هیچ مافێکیان قایل نابین، تەنانەت گەر خاوەن پێگەی جەماوەریش بن).

ئەم وتانەی کە نکوولّیی تەواوەتی لە مافی پێکهاتە ئەتنی و نەتەوایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران دەکات، بە تایبەتی کوردی ئێران، فاکتەری سەرەکیی بەردەوام بوونی دووفاقی و کێشە سیاسییەکان بوو، ئەڵبەتە ئەمەش لە ئاراستەی فاشی و شۆڤینییەوە دێتە کایەوە، کە رەوشتی لە خۆبایی بوون و خۆ بە زل زانین لە ئاست داواکاریی رەوای نەتەوەیی دەنوێنێ، چونکە مێشکی حوکمڕان پووچەڵە، دوورە لە هەموو پێداویستێکی مەبدەئی و ئایدیۆلۆژیی بنیات نانی شێوەی دەوڵەتی نوێ و پەسند کردنی هاووڵاتی بوون و تەواوی چەمک و گەڵاڵەنامەیەکی ماف ناسین و مەدەنیەت. ئەمەش لە فەرمانی سەربازی و فەتواکانی خومەینییەوە دەردەکەوێ، وەک پێشەوای لانەوازان (ئیمامی موستەزعەفین)!! دەربارەی ئەو لانەوازە یەزدان پەرستە راست رەوانەی کورد و غەیری کورد، کە ئەمەش نموونەی درندایەتیی مەلاکانە. پاسداری ناشۆڕشگێڕی خوێنخۆر (٩) سەربازی لە سوپای ئێران کوشت، چونکە کاتێک بە رێگای (سنە- سەقز- مەهاباد)ەوە بوون، ئەو ٩ سەربازە ئەو کوردانەیان نەکوشت کە لە رێگا تووشیان دەبوون، پاسداری ناشۆڕشگێڕ ئەو کوشتنانەیان جێبەجێ کرد! ئەمەیە دەقی فەرمانەکانیان. لەوەش خراپتر ئەوە بوو کە (٣) دێی کوردیان خاپوور کرد، دانیشتووە کوردەکانیان بەکێرد سەربڕی، تەنانەت ئافرەت و منداڵ و کەسانی بەتەمەنیش دەرباز نەبوون کە تەنیا (٣٠) کەس لە دانیشتووانی ئەو سێ دێیە بە گوللەباران کوژران، ئەو دێیانەش قارنا، قەڵاتان، کانی مام سەید) بوون، کە نزیک بە شاری نەغەدەن.



تاوانبار مەلاحەسەنی

لە دێی قارنا (٥٢) کەس بە منداڵ و ئافرەت و پیرەوە بە کێرد سەربڕان، تەنیا سیانیان بە گوللە کوژران کەچی لە گوندی کانی مام سەید ٦٨ کەس بە منداڵ و ژن و پیرەوە سەربڕدران و کەسیان بە زیندوویی نەهێشت. ئەڵبەتە ئەو هێرشە درندانەیە بە سەرپەرشتیی و سەرکردایەتیی بەرێوەبەرایەتیی قەسابخانەکانی تاوانبار (مەلا حەسەنی) ئیمامی مزگەوتی ورمێ بوو، کە ئیستا لەو ناوچەیەدا

نوێنەرایەتیی خامنەئی دەکات.

لە بن کاریگەریی رک و کینە و خۆپەرستیدا، ئەو مەلایانە پابەندی تاوان و کوشتن بوون، ئەڵبەتە کورد کە داوای مافی رەوای خۆی دەکات، بە دوژمنی خۆیان و ئیسلامی لە قەڵەم دەدەن. رەوتی داپڵۆسین و کردەی تیرۆریستی و کوشتن لە بەهای رێبازی ئیسلامەوە دوورن، کە بنەماکانی ئیسلام دادوەری و ئاشتی و یەکسانییە. تەنانەت ئەوان لە هەستی بەزەیی و ویژدان و بانگەوازی بیر و هۆشیشەوە دوورن. هەروەها ئەو مەلایانە گوێ بە کەسانی دانا و زاناش نادەن. وا باس دەکرێ کە پارێزگاری سنە چەندین جار پەیوەندیی لەگەڵ لێپراسراوانی تاراندا کرد، داوای کرد شاندێکی حکوومەت بچێت بۆ شاری مەهاباد و وتووێژ لەگەڵ سەرکردەکانی کورددا بکات، تا ئەو کێشەیە بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە چارەسەر بکرێ و ئەو خوێن رشتنە کۆتایی پێ بێت، بە بێ ئەوەی کەسیان ئاوڕ لەو داواکارییانە بداتەوە. بە پێچەوانەوە، خومەینی فەرمانی دا، هێرش بکرێتە سەر شاری (پاوە) و لە ماوەی (٢٤) سەعاتدا داگیر بکرێت، گەرنا ئەوا لێپراسراوان و ئەندامانی هێزی سەربازیی هێرشکەر، بە بێ جیاوازی گوللەباران دەکرێن. رۆژی ١٩٧٩/٨/١، رۆژنامەی (بامداد) وتەیەکی خومەینی بڵاو دەکاتەوە، کە هەڕەشەیەکی راستەوخۆیە بۆ کورد. دەڵێ: "خوای سۆز و بەزەیی لە سەرووی خوای تووڕە بوونەوەیە. جا گەر خەڵک پەندیان لە سۆز و بەزەیی وەرنەگرت، ئەوا دەرگای بەزەیی دادەخرێت و دەرگای تووڕە بوون دەکرێتەوە". ئەمەیە وتەی ئیمامی موستەزعەفین! کە ئاراستەی موستەزعەفینی کوردی دەکات و ئاگاداری ئەوەیان دەکاتەوە، گەر بەردەوام بن لە سەر رەوتی پێشکەوتن و ئازادی و رزگار بوون و دیموکراتی، تەنانەت داواکارییە نیشتیمانی و نەتەوایەتییە رەواکانیان لە بەست و کۆسپی مەوزووعی دەرگای تووڕە بوون زیاتریان نایەتە رێ.

ئەو فەتوا و وتە و هاندانانە، شایانی ئەوەن کە پاسداران و فەرماندەکانیان زیاتر تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی بکەن و کورد داپڵۆسن و بیانکوژن و لە سێدارەیان بدەن، تەنانەت ئەو سی دێیە کوردە (قارنا و قەڵاتان و کانی مام سەید) بە تەواوەتی لەناو بەرن و خاپووری کەن.

ئەو مەلا مێزەر بەسەرانە، لە سەرووشیانەوە خومەینی، کە دەسەڵاتی حوکمڕانییان گرتە دەست، بەهاکانی شەریعەتی ئیسلام لە مێزەرەکانیانەوە بەدی ناکرێت، بەڵکوو رەنگ و بۆی کۆنەپەرستی و دەبەنگی و شۆڤێنیزم و فاشیزمی لێوە دێت، بە هیچ جۆرێک لە خوێنرێژەکانی مێژوو جیا ناکرێنەوە. ئەوەتا لە ژێر ناوی شەرعیەتدا کوشتن و برین و داپڵۆسین و شێواندن و چەوساندنەوە و توندوتیژی دژ بە بەرهەڵستکاران بەکار دێنن. لە بەرایی مێژووی هاوچەرخدا دەبینین شا ئیسماعیلی سەفەوی (١٤٨٧- ١٥٢٤)، کە دامەزرێنەری دەوڵەتی سەفەوی بوو، هەموو شتێکی رەفز دەکرد کە ناو و بۆنی کوردی پێوە بێ. تەنانەت ئەو میرە کوردانەش کە





چوون بۆ شارۆچکەی (خۆی) و ملکەچیی خۆیان پیشان دا، ئەو فەرمانی گرتنی هەمووانی دا و لە بری ئەوان کەسانی قزڵباشی سەر بە خۆی دامەزراند، تەنانەت هیچ دەرفەتێکی لەدەست نەدەدا بۆ ئەشکەنجەدان و ئازاردانی کورد، هەر بۆیە عوسمانییەکان ئەو کردارانەیان قۆستەوە و لایەنگیریی میرانی کوردیان وەدەست هێنا دژ بە ئێرانییەکان.

ئەڵبەتە هەر بە زوویی کوردستان لە رووی حوکمڕانێتیی سەفەوی وەرگەڕا و هێزی ئەوانیان لە هەر شوێنێکی کوردستان دەرپەڕان. کاتێکیش شا ئیسماعیل ویستی ئەو ناوچانە بگرێتەوە، بەرەنگاری بەرگرییەکی توند بووەوە. کورد لەو کەین و بەینەدا قوربانییەکی زۆری دا. ئابڵووقەدانی شاری دیاربەکر لە لایەن سوپای شاوە زیاتر لە ساڵێکی خایاند و زیاتر لە ١٥ هەزار لە دانیشتووانی لەدەست دا. ئەڵبەتە بە درێژایی سەردەمی سەفەوی ئەم بار و وێنە خوێناوییە چەندین جار دووبارە بووەوە. کاتێکیش لە ساڵی ١٥٥٤دا شا تەهماسبی یەکەم بەرەو کوردستان کشا، لەو رێگایەدا هیچ شوێنێکی بە ئاوەدانی نەهێشت و بە تەواوەتی خاپووری کرد. پاش کەمتر لە ساڵێک هێزەکانی تەهماسب هەمان کرداریان نواندەوە، شارەکانی کورد، وەک بەدلیس و ئەرجیش و مووش و هی تری خاپوور کرد و دانیشتوانی کوشتن، بەوەندەش نەوەستا، بەڵکوو پاش خۆی سەرداری پاسەوانەکانی ئەو کارەی تەواو کرد بە شێوەیەکی دڕندانەتر. هێزەکانی ئێران کرداری نامرۆڤانە و دڕندانە و بی بەزێیانەی وایان لێ وەشایەوە، بە جۆرێک خەڵکی کردارە دڕندانەکانی هۆلاکۆ و تەیموور لەنگیان لەبیر چووەوە، لە یەک رۆژدا پیاوانی تەهماسب (٤٠٠) کەسیان لە هۆزی دنبلی کوشت.

گەر بێینە سەر باسی شا (عەباسی یەکەم)، ئەوا کردارەکانی ئەم ئەهوەنتر نەبوون لە هی ئەوانەی پێشووی، تەنانەت لە هەندێ باردا گرەوی لەوانیش بردەوە. شا بۆ خۆی بەسەر سەری سوپایەکی گەورەوە بەرەو (خۆی) کەوتە رێ، لەوێوە بەرەو شوێنی نیشتەجێ بوونی هۆزی (مەحموودی)ی کورد کشا. ئەگەرچی مستەفا بەگی سەرۆک هۆز مەردانە بەرگریی لە قەڵای (ماکۆ)ی کرد، بەڵام سوپای ئێران خراپە و بەدکاریی لێ وەشایەوە، دەستی لە دزی و تاڵان کردن و راووڕووت کردن و خاپوور کردن و کوشتنی خەڵک نەپاراست، هەزاران ئافرەت و منداڵ بەدیل گیران. هەروەک مێژوونووسی بەناوبانگی شا، ئیسکەندەر مونشی لە کتێبی (مێژووی دونیای رازاوەی عەباسی)دا دانی بەوەدا ناوە.

هەر لە کانوونی یەکەمی ساڵی ١٦٠٨ـەوە سوپای شا بە توندی قەڵای بەناوبانگی (دمدم)ی لە نزیک ورمێ ئابڵووقە دا، کە کوردی برادۆستی لەوێ بوون، ئەو ئابڵووقەیە چەند مانگێکی خایاند. لەو ماوەیەدا بە هۆی هێرشی لە ناکاوی شەوانەی سوپای ئێرانەوە، ئەو هۆزە زیانێکی ماددی و گیانیی زۆری لێ کەوت. کوردانی برادۆست بە سەرکردایەتیی میرخان

نەبەردانە بەرگرییان لە قەڵاکەیان کرد تا هەموویان لەناو بران. ئەڵبەتە هێزەکانی شا کەسانی ناو قەڵاکەیان بە خراپترین شێوە کوشت، کە لەوەو دواش قەڵای (دمدم) بووە ئەفسانەیەکی وا، کە ڕۆژهەڵاتناسان ئاماژەی پێ دەدەن و باسی دەکەن، ئەوەتا هەردوو چیرۆکنووسی کورد (عەرەبی شەمۆ) و (مستەفا ساڵح کەریم) ڕووداوەکانی داستانی (دمدم)یان لە چیرۆک و ڕۆماندا تۆمار کرد، کە شوێنی شیاوی دیاری خۆیان هەیە لە لای نەوەی ئەم سەردەمەی کورد، تەنانەت ڕۆمانەکەی شەمۆ وەرگێڕدرایە سەر هەندێ زمان، لەوانەش زمانی ڕووسی، هەروەک دکتۆر ئۆردیخان جەلیلۆف لێکۆڵینەوەیەکی چڕی بە زمانی ڕووسی سەبارەت بەم بابەتە بڵاو کردەوە، هەروەها پاڵەوانێتیی کورد لە داستانی قەڵای دەمدمدا، کە جاسمی جەلیلی ئامادەی کردووە و شکور مستەفا وەریگێڕاوە و دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ پێشەکییەکەی نووسیوە.

ئەگەرچی هێزی شا عەباس زۆر دڵڕەق و توندو تیژ بوون، بەڵام ئەمە ڕێگای لەوە نەگرت کە زنجیرەیەک ڕاپەڕینی میللی لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئێراندا، لە هەمان ماوەدا بەرپا بێت، ئەمەش واتای خۆی هەیە، لەوانەش ڕاپەڕینی تاڵش لە ساڵی ١٥٩٣و ڕاپەڕینی عەرەبستان ١٥٩٦و ڕاپەڕینی جۆرجیای ڕۆژهەڵات لە ساڵی ١٦٢٣ و ڕاپەڕینی ئازەربایجان بە سەرکردایەتیی کور ئۆغلۆ لە ساڵی ١٦١٠. ماوەیەکی ئەوتۆش بەسەر کارەساتەکەی دمدمدا بەسەر نەچوو، کاتێک شا عەباس سەرکردایەتیی سوپای کرد و دژی هۆزی موکری جەنگا و کوشتاری بە کۆمەڵی لەو هۆزە و کەسانی کوردی تر خستەوە. شا کەسی لە بە کۆمەڵ کوشتن نەپاراست، ئەڵبەتە هەزاران ئافرەتی ناوچەکەش لەگەڵ منداڵەکانیان بەدیلی گیران. هەروەها لە سەردەمی شا عەباسی یەکەمدا ١٥ هەزار خێزانی کورد دوور خرانەوە بۆ ناوچەی خوراسان. سەرەڕای ئەو هەموو کارە دڵتەزێنانەی کوشتاری بەکۆمەڵ و بەو پەڕی دڕندانەی شا (عەباس) و هێزەکانی، بەڵام توانی بە چەندین شێواز دۆستایەتیی ژمارەیەک سەرکردە وردەکان وەدەست بێنێ.

سەرەڕای ئەم هەموو تیرۆر و کوشتنە بەکۆمەڵەی کورد، بەڵام پادشاکانی سەفەوی نەیانتوانی خواستی خۆیان بەسەر کوردستاندا فەرز کەن. ئەوەتا زۆربەی ناوچەکان بەرگرییان دەکرد دژ بە دەسەڵاتی سەوفەوی و زۆر بەشی تری سەرەکیی کوردستان بە تەواوەتی سەربەست بوون و لە ژێر دەسەڵاتی شای ئێراندا نەبوون. بە گوێرەی بۆچوونی شەرەفخانی بەدلیسی دەسەڵاتی سوڵتان (هەڵۆ) خان سەرکردەی ئەردەڵان لە پلەیەکی سەربەخۆیی تەواوەتی وادا بوو، کە لە وەسف نایەت. بە هەر حاڵ، خەباتی گەلی کورد وەک پێکهاتەکانی تری گەلی ئێران دەورێکی کاریگەر و سەرەکی دەبینێ لە لاواز کردنی دەوڵەتی سەفەوی و لە ئەنجامدا ڕماندنی. بێگومان ستەمی شاکانی ئێران و دەرەدەسەریی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی





ئێران تەواو نابێ. بە تایبەتی کوردی ئێران چونکە لە بەرەی پێشەوەی سیاسەتی هاوبەری دەسەڵاتی شاکان بووە. ئەمەش زۆر بە ڕوونی خۆی لە ستەمی نادر شای ئەفشاردا دەنوێنێ (١٧٣٦-١٧٤٧). زۆریش جیاواز نییە لە دەردەسەریی ئازەرییەکانی سەردەمی ئەو. ئەوەتا هێزی تاوانی دڕندانەیان لە دژی گەلی کوردی موکریان و بۆتان و هەولێر و مووسڵ و تەنانەت دژ بە هۆزی (دنبلی: دملی)، کە لە ڕوویدا وەرچەرخان و شۆڕشیان بەرپا کرد، جگە لە هەندێ ناوچەی تر، کە تەنانەت ئافرەت و منداڵیش لە قەسابخانەی هێزکانی ئێران دەرباز نەبوون .

سەرەڕای شێوازەکانی توندڕەوی و کوشتن و دابەش کردن، کورد و ئازەر هێزێکی کاریگەر بوون لە بواری گۆڕانکاریی سیاسی لە ئێراندا. ئەوەتا بە شێوەیەکی تایبەتی دەبینین کەریم خان سەرکردەی هۆزی کوردی زەند لە ناوەندی شەستەکانی سەدەی هەژدەمدا دەسەڵاتی ئێرانی گرتە دەست. ئەگەرچی کەریم خانی زەند دادوەرترین حوکمڕان بوو لە مێژووی نوێی ئێراندا و ئەوروپاییەکان ناوی (شای باش)یان لێ نا، سەرەڕای ئەوەی لە ساڵی ١٧٦٠دا بووە تەنیا حوکمڕانی تەواوی ئێران، بەڵام دەسەڵاتی دەوڵەتی زەند لە ئێران زۆری نەخایاند. ئەوە بوو پاش ئەوەی کەریم خانی زەند لە ساڵی ١٧٧٩دا فەرمانی یەزدانی بەجێ هێنا، ئەوانەی پاش خۆی دەسەڵاتیان گرتە دەست، لە ئاست و توانای ئەودا نەبوون، ئەمەش هەلێک بوو بۆ سەرکردەی قاجار (ئاغا حەمە خان) و توانیی لە ساڵی ١٧٩٦ دەست بەسەر زەندییەکاندا بگرێ و لەو ساڵەوە سەردەمێکی نوێ لە مێژووی ئێراندا دەست پێ دەکات، کە بە ناوی سەردەمی قاجار ناسراوە.

هەمووان بە دەست قاجار دەتلانەوە، چونکە زۆر دواکەوتوو بوون، لەگەڵ ڕەوت و کاروانی شارستانیەت و مەدەنیەتدا نەبوون، هەر لەبەر لاوازیی خۆیان ئێرانیان کردە نیمچە پاشکۆی دەوڵەتانی زلهێز. ئەوەتا ئاغا حەمە خان کە مێژووناسی ئێرانی سەعید نەفیسی وا باسی دەکات، کە کابرایەکی باریکی دموچاو سەخت و دڵڕەق و لە ناوەوە داخ لە دڵ بوو، مرۆڤێک بوو هەمیشە واتای لێبوردنی نەدەزانی، هەمیشە دەستی لە کوشتنی نزیکترین و خۆشەویستترین هاوڕێی خۆی نەدەپاراست، لە پێناو کورسیی حوکمڕانیدا، هێندە دڵڕەق بوو لە ئاست زەندەکان و هەر کەسێک هاریکاریی دەکردن. پاش ئەوەی لە دوایین جەنگیدا سەرکەوتنی بەسەر لوتف عەلی خاندا وەدەست هێنا، فەرمانی دا کە بیست هەزار جووتە چاوی دوژمنانی بەدیل گیراوی زەند بێننە بەر دەمی. کاتێکیش هەواڵی بە دیل گیرانی لوتف عەلی خانیان بۆ هێنا، بەو بۆنەیەوە فەرمانی سەربڕینی شەش هەزار دیلی زەندی دا.

شۆڕش و ڕاپەڕینەکانی کورد بەردەوام بوون، ئەگەرچی بە شێوەیەکی دڕندانە بەرپەرچ دەدرانەوە. ئەمەش بە ڕوونی لە شۆڕشەکانی کوردستان و ئێراندا بەدی دەکرێت، وەک

شۆڕشەکەی شێخ عەبدوڵڵای نەهری. ئەوە بوو ئێران سوپایەکی گەورەی بە تۆپ و چەکی باشەوەی بۆ تەرخان کرد، ئەو سوپایە بە یارمەتیی بێگانە و ژمارەیەکی زۆری ناپاک و جاشی ناوەوە، جگە لە لایەنی لاوازیی ڕێکخستن و یەک نەگرتنی ریزەکانی شۆڕشگێرانەوە، سەرکوت کرا. هێزەکانی شاش ناشیرینترین شێوازی تیرۆر و داپڵۆسینیان لە دژی کورد بەکار دەهێنا. لێرەدا راپۆرتێکی نهێنیی یەکێ لە دیپلۆماسەکان دەکەینە کوردی کە تێیدا دەڵێ: بۆ داپڵۆسینی راپەرینەکە پەنا برایە بەر کوشتارێکی خوێناوی لە کوردستانی ئێراندا و بووە هۆی کوشتنی هەزاران کورد، بە بێ ئەوەی گوێ بدرێتە تەمەن و رەگەز. هەروەها تاڵان کردن و سووتاندنی (٢٠٠) دێی کورد، هەروەک هێزەکانی ئێران تاوانی درندانەشیان دژ بە ئازەر و کورد نواند، کاتێک بەرەو تەوریز و مەهاباد بوونەوە بۆ لەناو بردنیان، لە سەردەمی حەمە رەزا شای پەهلەوی (قەوامول سەڵتەنە)ی سەرۆک وەزیران، هەندێ لە سەرچاوەکان ئەوە دوویات دەکەنەوە، کە ژمارەی ئەو دیموکراتانەی لەو رۆژانەدا کوژران زیاتر لە ١٥ هەزار کەس بوون، لەو ژمارەیەش زیاتر رەشبگیر کران و پاش دادگاییەکی سەرپێیی، حوکمی لە سێدارە دانی قازی محەمەد و براکەی سەدری قازی، ئەندامی پەرلەمانی ئێران و ئامۆزاکەی سەیفی قازی و ئەندامانی حیزب و حوکمڕانێتیی کۆماری تازە پێگەیشتووی مەهاباد. شایانی باسە کە قازی محەمەد بە چاو نەترسییەکی دەگمەنەوە بەرەنگاری سێدارە بووەوە، رەتی کردەوە کە چاوی ببەسترێ، پاش کۆتایی هێنان بە کۆماری مەهاباد و نەمانی، ماوەیەکی سست بوونی خەباتی ئازادیخوازی کورد لە ئێراندا پەیدا بوو. لە هەمان کاتدا هیچ گۆڕانکارییەک بەسەر سیاسەتی



شەهید قازی محەمەد و هاوڕێیانی







حەمە رەزاشا پەهلەوی

دەوڵەتدا نەهات لە ئاست ئەو گەلانەی کە فارس نین. لە سەردەمی حەمە رەزا شا و دوا پاشای پەهلەویدا، هەموو پێکهاتەکان دەردەسەرییان دەکێشا و بە دەست برسێتی و نەخۆشی و نەخوێندەوارییەوە دەتلانەوە. ئەوەتا دواکەوتن و نەداری لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێراندا باو بوو، ئەگەرچی توانای تەواوەتی و زیاد بوونی داهات و دەرامەتی هەناردنی نەوت زۆر بوو، بەڵام گەلی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە شیوێکدا بوون و دەسەڵاتی شاهنشاهی و جەلادان لە شیوێکی تردا بوون. لەگەڵ پەرەسەندی بۆچوونی دیموکراتیانەی حکوومەتی شا، پاش پەیمانی بەغدا، ئەمەش بووە کاردانەوەیەکی بەهێز لە نێوان لایەنە نیشتیمانییەکانی ئێراندا. ئەڵبەتە کوردستانی ئێران راپەڕینێکی چەکداریی دژ بەو پەیمانەی بە خۆوە دی و لە لایەن هۆزی جوانرۆی دانیشتووی ناوچەی سەرووی کرماشان، کە داوای خودموختاریی گەلی کوردی ئێرانیان کرد، لە ساڵی ١٩٥٦ راپەڕینی دژ بە تاران بەرپا کرد. دروشمی دژ بە پەیمانی بەغدا بەرز کرایەوە. ئەو راپەڕینە پشتگیرییەکی فراوانی هۆزەکانی دراوسێی وەدەست هێنا، لە چواری شوباتەوە هێزەکانی شا هێرشێکی خاپوورکەریان کردە سەر ناوچەکە و ژمارەیەک دێیان رووخاند و کوشتارێکی زۆریان کرد، سەدان جوانرۆییان بەدیل گرت و هەزاران منداڵ و ئافرەت و پیریان ئاوارە کرد، ئەمەش بووە مایە سەرنج راکێشانی رۆژنامەنووسانی نیودەوڵەتی. لۆمۆندی فەرەنسی لە ژمارەی رۆژی ٢٧ی شوباتی ١٩٥٦دا باسی راپەرینەکەی جوانرۆی کرد، کە دژ بە پەیمانی بەغدا بوو، هەروەک باسی ئەوەی کرد کە هێزەکانی ئێران بە تۆپی قورس پەلاماری راپەڕینەکەیان داوە. لەم ماوەیەدا بۆچوونێکی نوێ لە سیاسەتی حکوومەتی ئێراندا لە ئاست کێشەی کورددا، پەیدا بوو. ئەو سیاسەتە بە مەبەستی لە خۆ گرتنی کێشەکە و کەم کردنەوەی کاریگەری و رەنگدانەوەی بەسەر باری ناوخۆیی و هەرێمایەتی و نیودەوڵەتیدا بوو، بەڵام ئەم سیاسەتە نەیتوانی کار بکاتە سەر واقیعی خەباتی ئازادیخوازی کوردی ئێران، هەمیشە گەلی کورد لە کوردستان شان بە شانی تەواوی پێکهاتەکانی گەلی ئێران رۆڵی خۆی وەک پێشوو دەبینێ، تەنانەت رۆڵێکی هەبوو لە لەقاندن و رماندنی رژیمی شا و بەردەوام کورد رووبارێکی گرنگە لە رەوتی بزووتنەوەی نیشتیمانی لە ئێراندا بە مەبەستی رزگار بوونی تەواوەتی لە دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندنی

دەسەڵاتی مەلاکانی رژێمی ئێران.

بەکارهێنانی هێزی سەربازی و داپڵۆسین و لە سێدارە دانی لاوانی کورد، بەڵگەیەکی ئاشکران. ئەو شۆڕشەی خومەینی لە گەلی ئێرانی زەوت کرد، نیازی چارەسەر کردنی کێشەکانی ئێرانی نییە، لەوانەش مافی رەوای نەتەوایەتی و مرۆڤایەتیی کورد. هەر بۆیە قاسملوو بڕیاری کشانەوەی دا بەرەو شاخەکان تا تەکتیکی جەنگی پارتیزانی بەکار بێنێ. ئەم شێوازە مەندەش جێی شپرزەیی دەسەڵاتدارانی ئێران بوو، کە سەر لەنوێ هەوڵی رێککەوتن و وتووێژیان دا لەگەڵ کورد، گوایە هەندێ مافیان پێ بدەن، کە گوایە لە رووی رژێمەوە کەمایەتییەکی ئایینی مەزهەبین. ئەو پرۆژەیەی رژێم سازش کردن و کات بەسەر بردن بوو لەسەر حیسابی ناوەرۆکی کێشەی کورد. ئەوە بوو لە شوباتی ساڵی ١٩٨٠دا (بەنی سەدر) بووە سەرۆک کۆمار، وا باو بوو کە گوایە بەنی سەدر رەوتێکی جیاواز لە رەتی مەلایان توندرەو دەگرێتە بەر. ئەوە بوو قاسملوو پێشنیاری ئۆتۆنۆمیی گەلی کوردی خستە روو، بەنی سەدر مەرجی چەک دانانی دانا، بەڵام قاسملوو ئەو مەرجەی رەت کردەوە. هەر بۆیە سەر لە نوێ جەنگ بەردەوام بووەوە. کوردە دەسەڵاتی تەواوەیان هەبوو بەسەر تەواوی دێهات و چیاکاندا، توانای بەردەوام بوونی جەنگی پارتیزانانەیان هەبوو، بە تایبەتی پاش بەرپا بوونی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، لە ساڵی ١٩٨٠دا کە بواری فراوانی بە بزووتنەوەی کورد دا، بەڵام نەقۆزرایەوە. قاسملوو لەو کاتەدا هیوای بە حکوومەتی ئێران بوو، کە بە رێککەوتننامەی چارەسەری ئاشتیخوازانە، مافی نەتەوەی کورد لە سەر بنەمای راستی ئۆتۆنۆمی پەسند بکات.

بەڵام هەندێ لە سەرکردەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران وتووێژ کردنیان رەت کردەوە، چونکە هەستیان بەوە کرد بوو کە حکوومەتی ئێران پەنا دەباتە بەر خۆ خڵافاندن و کات بەسەر بردن. هەربۆیە جیاوازی کەوتە نێوان حیزبەوە، بەڵام قاسملوو بە شێوەیەکی نهێنێ لە پایتەختی نەمسادا لە وتوویژ کردن لەگەڵ نوێنەری حکوومەتی ئێراندا بەردەوام بوو ، بەڵام لەو کاتەدا کە مشووری ئاشتیی دەخوارد، قاسملوویان کوشت.

ئەمەیە رەوتی سیاسەتی دەسەڵاتی مەلاکانی ئێران، کوشتنی ئەوەی کە وتوێژی ئاشتی دەکات. ئەوە بوو لە مانگی سیپتەمبەری ساڵی ١٩٨٩دا، بە نامەردی قاسملوویان کوشت، لەوەو دواش دوکتۆر شەرەفکەندییان بە هەمان رێباز لە کاتی هاتنی بۆ وتووێژی چارەسەر کردنی ئاشتیخوازانەی کێشەی کورد، ئا لەو کاتەدا ئەویشیان کوشت.

دەسەڵاتی مەلاکانی ئێران پیلانی چەپەڵی دەهۆنییەوەو سیاسەتی (پەرت کە و زاڵ بە) ی پێڕەو دەکرد، واتە جیاوازی بخەرە ناو لایەنانی بەرانبەرەوە و بە سەریاندا زاڵ بە. هەر بۆیە هەوڵی ئەوەی دەدا، کە جیاوازی بخاتە نێوان کوردی ئێران و کوردی عێراقەوە، لە رێگای







شەهیدان :
د. عەبدولڕەحمان قاسملو و د. سادق شەرەفکەندی



شەهید قاسملو و هاوڕێکانی
پاش تیرۆرکردنیان لەلایەن ئیتلاعاتی ئێرانەوە

هەڵدانەوەی گۆڕی سەرکردە و قارەمانی نەمر مستەفا بارزانی، تا حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بەوە تومەتبار بکات، کە لەوەو دوا دەرکەوت ئیتلاعاتی ئێران ئەو کارەی وەک پیلانێک لەدژی کورد کرد.

سەرچاوە حکومەتییەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردن لە ساڵی ١٩٩٨دا ئەوەی راگەیاند کە ٨٠٪ی دەنگی کورد لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماردا دراوە بە محەمەد خاتەمی و سەرکەوتنی وەدەست هێناوە، بەڵام لە راستیدا و بەگوێرەی هەندێ سەرچاوە، راپۆرتی فەرمی یا بەیاننامەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران ژمارەی ئەوانەی کە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکەدا کردووە، نزیکە (٦) ملیون دەنگدەر بوون لە ئەسلی ٣٥ ملیۆنی هەموو ناوچەکانی ئێران. خاتەمی لە سەردانی شارە کوردییەکاندا ئەوەی دووپات دەکردەوە، کە سوورە لە ئاست رێزگرتنی مافی رۆشنبیری و مەزهەبیی گەلی کورد، بە تایبەتی وتەکانی لە شاری سنە کاتێک گوتی کورد داهێنەری ئێرانی هاوچەرخن، لە رەگەزی رەسەنی ئایینی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستن. ئەوەشی دووپات کردەوە، کە حکوومەتی داهاتوو مافی تەواوەتی بێ کەم و کوڕیی گەلی کورد دابین دەکات. ئەم وتە لە خۆبایی بووانەی کە هەندێ لە توێژەکانی کورد باوەڕیان پێ کرد و دەنگیان بۆ دا، لە دواییدا ئەو نەگبەتانە نائومید کران و محەمەد خاتەمی لە بەڵێنەکانی پاشگەز بووەوە.

لە ساڵی ١٩٩٩دا بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە هۆی پیلانێکی ئیتلاعاتی هەندێ دەوڵەت ڕفێندرا. ئەمەش بووە هۆی تووڕە بوونی جەماوەری کورد، کە لە شارەکانی ورمێ و سنە و کرماشان و مەهاباد و بانە و سەقز و شارانی دی، کەوتنە ساز کردنی خۆپیشاندانی بێ هاوتا بۆ ئازاد کردنی ئۆجەلان و پشتگیری کردن لە تێکۆشانی برایانی کوردی تورکیا. لەگەڵ ئەوەشدا خۆپیشاندانێکی گەورە لە بەردەم باڵوێزخانەی تورکیا لە تاران و شاری سنە ساز کرا، پۆلیسی ئێران (١٧) هاونیشتیمانیی شەهید کرد. لەبەر ئەوەی داوای ئازادی و دیموکراتیی کوردی ئێرانیان کرد، ئەوەی شایانی باسە ئەو خۆپیشاندانە بە رەزامەندی دەسەڵاتی ئەوسای ئێرانیش بوون، ئا بەم جۆرە رژێمە کۆنەپەرستە فاشی و شۆڤێنییەکان مامەڵە لەگەڵ هاونیشتیمانیانی کورددا دەکەن.

ئەم جۆرە مامەڵە کردنە لە لایەن تەواوی مەلاکانەوە، کۆنە پەرستەکانی عێراق و تورکیا و سووریا لەوان باشتر نەبوون. ئەوەتا نقوم بوون لە نکوولّی کردن و پەراوێز کردن و نەهێشتن و زەوت کردنی مافی نەتەوایەتی و رۆشنبیری و مرۆڤایەتیی کورد و پەیڕەو کردنی سیاسەتی شۆڤێنیانەی پڕ لە لەخۆبایی بوون و خۆ بە زل زانینی پووچەڵ.

پاش ئەوەی خومەینی لە ئێراندا دەسەڵاتی گرتە دەست، ویستی تەواوی بزووتنەوەو





حیزب و هێزی نیشتیمانی، بە هەر چونێک بێت بە ئارەزوو یا تۆقاندن بێ، بگرێتە خۆ و بە چەندین جۆرە رێبازی پێچاوپێچ مامەڵەی لەگەڵ کێشەی سیاسی و دەستووری و حوکمڕانێتی و نوێنەرایەتیی دەستووریی پەرلەماندا کرد، دوور بوو لە هەموو تروسکاییەکی پاراستنی بەرپرسایەتیی شەرعیەت و ئەخلاق و یاسا. ئەم شێوازە دوورە لە بنەماکانی شۆڕشی جەماوەری، کە لە دەست جەماوەری زەوت کرد و پرۆژەکانی توندڕەوی و لادان لە رەوتی راستی پێ ئیجاد کرد، بە شێوەیەکی زۆرەملێی نامەبدەئی لە ئاست پێداویست و داواکارییەکانی کورد، کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرکردایەتیی عەبدولڕەحمان قاسملوو هەڵسوکەوتی دەکرد، بە تایبەتی پاش خستنە رووی ئەو پرۆژەیەی کە بریتی بوو لە (١١) خاڵ و داواکارییەکانی کوردی دەخستە روو، بەرەو چارەسەر کردنی ئاشتیخوازانەی کێشەکەی. ئەڵبەتە رەفز کردنی ئەو پرۆژەیە یەکەم پاشگەز بوونەوەی خومەینی و مەلاکانی یاریدەدەری بوون، لە بنەماکانی شۆڕشە جەماوەرییەکەی خومەینی و مەلاکانی گەیاندە سەر حوکم. کاتێکیش پرۆژە (٧) خاڵییەکەی خومەینی لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە رەفز کرا، بەگژداچوونەوە و جەنگی نێوان شۆڕشگێرانی کورد و هێزی تازە دامەزراوی پاسدارانی خومەینی توند و تێژتر بوو.

لەو بارودوخەدا لە ساڵی ١٩٨٠دا، خومەینی فەتوای داپڵۆسین و کوشتنی کوردی دەرکرد، بەوە ناوی بردن کە کورد "کافر"ن - (عەقلییەت و بۆ چوونی ئیمامی موستەزعەفین! بۆ موستەزعەفین). هەر وەک لەوەو پێش کەمالییەکانی تورکیا دەیانگوت کورد موسڵمان نین و دەشێ لەناو ببرێن، ئەوەی شایانی باسە خومەینی هیچ فەتوایەکی لە دژی شا پێش شۆڕش یا پاش شۆڕش دەرنەکرد. وەک لەوەو پێش باسمان کرد، خومەینی یەکە سەربازییەکانی ئامادە کرد و ناردنی بۆ کوردستان و کوشتارێکی زۆری کوردیان کرد بە تۆپ و تانک و بە یارمەتیی هەمەجۆر فڕۆکەی جەنگی و کۆپتەر. ئەوەش بە سەرکردایەتیی دوو ئەفسەری ناسراو بە توندوتیژی و نامرۆڤانە، کە سەیادی شیرازیو بروجردی بوون، لە تەک حاکمی شەرع سادق خەڵخاڵیی جەللاد، کە لاوانی کوردی کوشت. کاتێکیش پێیان گوت ئەوانە بێ تاوانن، لە وەڵامدا گوتی (کوژراوی بێتاوان دەچێ بۆ بەهەشت، خۆ ئەگەر تاوانباریش بێ ئەوا سزای خۆی وەرگرت). ئەمەیە بۆچوونی سادق خلخاڵی کە دووەم نموونەی عەقڵیەت و بۆچوونی مەلا حوکمڕانەکانی ئێرانە.

ئاشکرایە کە مەلا حوکمڕانەکان بە خومەینییەوە، واتاکانی بەهای مرۆڤایەتیی مرۆڤ نازانن، ئەمەش روونە چونکە لاوانی ئێران و هەرزەکارانیان بەکۆمەڵ دەخستە ئاگری جەنگەوە و بە قوربانی لە قەڵەمیان دەدان.

ئەڵبەتە هەڵوێستی موجاهیدین لە ئاست کورد و مافە ڕەواکانی، هەڵوێستێکی ئیجابی بوو بە مەبەستی گەیشتن بە ڕێککەوتنێک، لە لایەکەوە مافی کورد دابین بکات و لە لایەکی ترەوە ئەو کێشەیەی کورد بە شێوەیەکی ئاشتیخوازانە و بێ خوێنڕشتن چارەسەر بکرێت. ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق ڕەشنووسی پرۆژەیەکی خستەڕوو بۆ چارەسەر کردنی ئاشتیخوازانەی دۆزی کورد، بێ گومان پرۆژەیەکی دیموکراتیانە بوو، بەڵام خومەینی و پیاوانی بە هۆی ناوەرۆکی دیموکراتیانەی ئەو پرۆژەیەوە، ئاوڕیان لێ نەدایەوە و ئەم نکوولّی کردن و کەللە ڕەقییەی دەسەڵاتی خومەینی لەو سەردەمەدا، سەرەتای دیاردەی لادانی دەسەڵاتی خومەینی بوو لە شۆڕش. ئەمەش بووە هۆی جیابوونەوەی دەسەڵاتی ڕژێم لە هێزە سیاسییەکانی کورد و هێزە سیاسییە نیشتیمانییەکانی تر، بە تایبەتی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق. ئەمەش لەوەو دواتر بووە هۆی تاکڕەویی خومەینی و قورخ کردنی دەسەڵات و بە دەنگەوە نەچوونی داواکاری و پێداویستە سیاسییەکانی شۆڕشە جەماوەرییەکە.



لۆگۆی ڕۆژنامەی (موجاهید)
تیراژی ڕۆژانەی (٦٠٠)هەزار دانە بوو

ئاشکرایە کە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، بە هۆی هەڵوێستە مەبدەئی و بۆچوونە سیاسییەکانییەوە لە بەرەی پێشەوەی بەرگری کردن بوو لە کێشە نەتەوایەتی و نیشتیمانییە ڕەواکانی کورد. ئەمەش لە ڕاگەیاندنی ئەم ڕێکخراوەوە بەدی دەکرێ، کە ڕۆژنامەی «موجاهید» بوو، کە تەنیا بواری بڵاو کردنەوەی بۆچوونی سەرکردایەتیی کورد بوو، کە خۆی لە سەرکردەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوودا دەردەخست. بە هۆی ئەم هەڵوێستەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق دەسەڵاتی ئەوسای خومەینی چاوی بە حیسابەکانیدا گێڕایەوە، چونکە ئەم ڕێکخراوە خاوەن هەڵوێستی مەبدەئییە و دەبێتە چقڵێک لە بەردەم ئەو دەسەڵاتە و بۆچوونە دۆزەخییەکانی، کە لەسەر بنەمای واهیمە هەڵچنراون. هەربۆیە کینەبەرایەتیی موجاهیدینیان کرد و پیلانی وایان دانا، کە لە گۆڕەپانی سیاسەت دووری بخەنەوە، لە ئەنجامدا بە گوێرەی فەتواکانی خومەینی، بەو پەڕی دڕندایەتی و نامرۆڤایەتییەوە کەوتنە داپڵۆسینیان. داپڵۆسینی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ئێران، تەنیا زوبانی ناوەرۆکی بیری خومەینی و دەست و دایەرەی مەلاکان بوو، بە هۆی کۆنەپەرستی و توندڕەوی بیر تەسکی و نەبوونی بیر و بۆچوونێکی دروستی سیاسی بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. ئەمەش هۆی دوورەپەرێزی و جیابوونەوەیان بوو لە هێزە سیاسییە







ئەوپەڕی تاوانباری بە لە سێدارەدانی لاوانی کورد



خۆپیشاندانی جەماوەری کورد وەك نارەزایی دەربڕین
لە ئاست کوشتن و لەناوبردنی کورد لە دێهاتە کوردییەکانی قارنێ و قەڵاتان وکانی مام سەید

نیشتیمانییەکان، ئەڵبەتە بێ گومان دەبێتە هۆی رماندنیان، کە بەرەو گۆماوی رووخان دەچن، ئەگەرچی ئەمە ماوەیەکیش بخایەنێ.

شایانی باسە، پاش جیابوونەوەی رێگای رێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە دەسەڵاتی خومەینی و مەلاکان و دەرکردنی فەتوای ناشەرعی و نامرۆڤانە لە لایەن خومەینییەوە بۆ داپڵۆسین و قەڵاچۆ کردنی موجاهیدین و پاش پێکهێنانی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی موقاوەمەت (بەرهەڵستکاران)ی ئێران، حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرکردایەتیی دکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو چونە ریزی ئەو پێکهاتەوە.

ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران پەیڕەو و سیستەمی ناوخۆیی دەرکرد، کە بریتی بوو لە بڕیارە سیاسی و پرۆژەکانی بەرەو رزگار کردنی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی، لەو پرۆژانەش پرۆژەی خود موختاری (ئۆتۆنۆمی) بۆ کوردستانی ئێران، کە بەدەنگ داواکاری و پێداویستەکانی کوردەوە دەچێ و داهێنانی پەیڕەو و سیستەمی ناوخۆیی، کە دەستوورێکی کاتییە بۆ حکوومەتی مەنفا (دوور خراوە) یاخود حکوومەتی راگواستەی نیشتیمانی کە پاش روخاندنی دەسەڵاتی مەلاکان پێک دێ و دەبێتە بەدیلی دیموکراتی دژ بە بۆچوونە شۆڤینی و فاشییەکانی رژێمی دەسەڵاتدار لە ئێستای ئێراندا.

ئاشکرایە جیابوونەوەی دەسەڵاتی خومەینی و مەلاکانی دەست و دایەرەی لە هێزە نیشتیمانییەکان، بە تایبەتی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق و کورد، بووە هۆی یەکگرتنی ئەم هێزانە، ئەوەتا موجاهیدین هاوسەنگەری شۆڕشی کورد بوون لە چیاکانی کوردستانی ئێراندا، ئەو هاریکاری و کاریەکخستنەی نێوان حیزبە کوردییەکان و موجاهیدین تا رۆژی ئەمڕۆ بەردەوامە، ئەمەش یەکێتیی بیروباوەڕ و ئامانجەکان دەخاتە روو.

بە کورتی کورد بەشداریی بەهاداریان هەیە لە شارستانیەتی یەکەمی بەرەبەیانی مێژوو یاخود بەشدارییەکی ئەرێنیی هەیە لەگەڵ هەموو ئەتنیک و نەتەوەکانی دراوسێیان، لەگەڵ نەمانی پادشایەتی و دەوڵەت و میرنشینییەکانی کورد بەسەر خاکی کوردستانەوە، کە لە ساڵی ١٥١٤دا و پاش دۆڕاندنی جەنگی چالدێرانی نێوان سوپای ئیمپراتۆریەتی سەفەوی و دەوڵەتی عوسمانی بە سەرکردایەتیی شا ئیسماعیلی سەفەوی و سوڵتان موڕادی چوارەم، کە بە گوێرەی رێککەوتننامەی (قەسری شیرین) خاکی کوردستان دابەش کرا. لە پاشان دابەش کردنی دووەمی کوردستان پاش تەواو بوونی جەنگی یەکەمی جیهانی بوو، کاتێک دوڵەتانی تەوەر، لەوانیش دەوڵەتی عوسمانی دۆڕان و بە گوێرەی رێککەوتننامە و پەیمانەکانی نێوان دەوڵەتانی هاوپەیمان، وەک رێککەوتننامەی (سایکس- پیکۆ)ی پێش جەنگ بۆ دابەش کردنی میراتی دەوڵەتی عوسمانی (پیاوە نەخۆشەکە) وەک رۆژئاواییان ناویان لێ نابوو. هەروەها





پەیمانی (سان ریمۆ) و سیڤەر) و (لۆزان)، کە کۆمەڵەی نەتەوەکان لە پاش جەنگ پەسندی کردن، بە تایبەتی پەیمانی سیڤەر کە دانی بە بوونی کورددا نا لە سەر خاکی کوردستاندا، کە بەڵێ بۆیان هەیە دەوڵەتی سەربەخۆی خۆیان لە هەرێمەکانی کوردنشینی تورکیادا رابگەیەنن، یاخود خود موختاری هەڵبژێرن، تەنانەت کوردستانی باشووریش بۆی هەیە پاڵ بداتە بەر ئەو دەوڵەتە و بە گوێرەی مافی چارەنووسی گەلان (بەندەکانی پەیمانی سیڤەر ٤٢-٤٤).

پەیمانی سیڤەر بە پێی پەیمانی لۆزان پووچەڵ کرایەوە، ئەویش بە هۆی بەرژەوەندی و قۆرخکاری و دەستکەوتە جیاوازییە نێودەوڵەتییەکانەوە بوو، بە تایبەتی نزیک بوونەوەی سیاسیی نێوان ئینگلیز و مستەفا کەمال ئەتاتورک لە رووبەڕوو بوونەوەی شەپۆلی شیوعیەتدا. بەم جۆرە کورد رووبەڕووی غەدری مێژوویی و ستەمی دەسەڵاتی سیاسیی قەوارەکانی ئێران و تورکیا و عێراق و سووریا بووەوەو، سەر لەنوێ بەرەنگاری سیاسەتی زەوت کردنی مافی نەتەوایەتی و رۆشنبیری و ژیان و مرۆڤایەتی بووەوە، لە کاتێکدا بەدیل یا هاوکێشەی بابەتی هەبوو بۆ چارەسەر کردنی ئاشتیخوازانە و دیموکراتیانەی کێشەی کورد، ئەویش بە زامن کردنی پێداویستەکانی نەتەوەی کورد لە رێگای دەستوور و پەنا بردنە بەر راستییەکانی مێژوو، هەروەها بەکارهێنانی زانایی و مەنتیق و عەقڵانیەت. لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین شەرعیەتی هەر رژێمێکی حوکمڕان خۆی لە بەرێوە بردنی پێداویستەکانی پەرەسەندنی بابەتیانە و هاوتای هەموو پێکهاتەکانی گەلدا دەدۆزێتەوە، لە بڕی دروست کردنی بارێکی سەخت و ناکۆکی و خۆ نواندن لە رووی دانانی کۆسپ بۆ راگرتنی چارەسەر کردن و بەردەوام بوونی دژواری و کێشەکان، هەروەها بەردەوام بوونی خوێن رشتنی هەمووان، چونکە خوێندنەوەی ئەوی دی و حوکمڕانێتی، ئەو راستیانە دەخەنە بەر چاو، بەڵام چاوپۆشیی لێ دەکەن، چونکە بەرچاو تەنگ و ئاسۆ تەسک و گیرۆدەی واهیمە و باری ناڕەوا و نشێوی شۆڤێنیزم بوون، وەک مەلاکانی دەسەڵادار لە ئێران.

بێگومان مەلا حوکمڕانەکان شایستەی ئەوە نین لەگەڵ نوێکاری و گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و شارستانیەت و یاساییدا هەڵسوکەوت بکەن. جا چۆن دەتوانن دەسەڵاتی حوکمڕانێتی گەلێکی مەزن و رەسەنی وەک گەلی ئێران بکەن؟ یاخود چۆن دەتوانن توندڕەوی و لە رێ لادان بە شێوەیەکی زۆرەملێ بۆ گەلانی تر بنێرێ؟ لەو کاتەی کە ئەوان گیرۆدەی بیر و بۆچوونی پاشکەوتووانە بوون، جا ئاخۆ چ گەلێک رازی بێت بە تێکەڵ بوون و یەکگرتنی زۆرەملێ و بەم جۆرە تاریکەی دواکەوتن، کە بنەماکانی لە سەر واهیمە بنیات دەندرێ؟

لە میانەی ئەم پرسیارانەوە، هەندێ پرسیاری سەرەکی و بنەڕەتی دێنە پێشەوە، وەک

پرسیاری هەمیشەیی کە وەڵامی بۆ دەدۆزرێتەوە یاخو نا، ئەویش بۆچی حوکمڕانان لە هەمەجۆر لایەنەوە و بە درێژایی ڕەوتی مێژوو، نەیانتوانی بە دەنگ پێویستییەکانی گەلی کوردەوە بێن؟ ئایا ئەوە پەیوەندیی بە هۆشمەندیی هزر و ئایدیۆلۆژیایەوە هەیە یاخود پەیوەندیی بە خۆپەرستی و لە خۆبایی بوونی ئەوەوە هەیە، کە لایەنی بەرانبەر دەسەڵاتدارە و دەسەڵات و خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەت و خۆ بە بەرز ڕاگرتن لە ئاست بەهاکانی مرۆڤایەتیدا؟ بێگومان پەیوەندیی پتەوی بەم بەهایانەوەهەیە، جا چ بە سلبی بێت یاخود بە شێوەیەکی ئیجابی، ئاخۆ کەم و کوڕییە مێژووییەکە یاخود ئەو بەشە کەمە چییە لە مێژوودا بە لای ڕژێمە دەسەڵاتدارەکانەوە و بە درێژایی مێژووی ڕابردوو؟ ئایا دەتوانین بڵێین سەرکردە، جا سوڵتان بێ یان پاشا یاخود سەرۆک، دەبێ بە بەزەیی بێت لەگەڵ گەل و نەتەوەکەیدا، بەڵام لە هەمان کاتدا مافە سەرەکییەکانی ناپارێزێ؟ ئەمە دژایەتییەکی مەبدەئی و جەدەلی و ئەخلاقییە، لە ئاسۆ تەنگی و کەموکوڕیی خۆیی و بابەتییەوە هاتووە. ئەم بارەش وەک فڕین وایە، بەڵام بە یەک باڵ یاخود ڕۆیشتن بە یەک لاق. ئاخۆ پەیوەندیی جەدەلیی هاوکێش یاخود دژوار چییە، کە هەمیشە مەنتقی مێژوو لەگەڵی دەدوێ و لاسایی ڕوانگە و چارەنووسی حوکمڕانانی ستەمکار دەکاتەوە؟ ئەوانەی واتا و پەیڕەو کردنی دیموکراتیەت بە بازنەیەکی بەتاڵ دەزانن، کە لەگەڵ پێویستییەکانی خۆ سەپاندنیان ناگونجێ. هەر بۆیە بە دەگمەن ئەوە بەدی دەکەین کە حوکمڕانێک مافەکانی گەل ڕەچاو بکات و دیموکراسی نەبێت. ئەلبەتە دیموکراتیەت وەک واتا جێبەجێ کردن، واتای مەبدەئی ڕووناکبیری و هەڵوێست و پێداویست و ئاڵوگۆڕی هزرییە لە ئاسۆی ڕووداودا، بە بێ ئەمەش هاوکێشەی بابەتیانەی هاوکێش، کە یاوەری یاخی بوون دەبێ بە گوێرەی گوشار و پاڵنەری ئاکار و ڕەوشتی کەسی و کۆمەڵایەتی، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە بەهای مەعنەوی لە واقیعی ژیاندا، لە پەراوێزی ئەو وەهمەی لە سایەی ڕژێمگەلی دیکتاتۆر و خۆسەپێندا، بە خۆڕایی هەڕمێنی پێ دەدەرێت.



٢

بەشی دووەم

# مێـــژووی گەشـــەکردنی فەلســـەفەی حوکمڕانی و سیاسەت لە ئێراندا

گەلی ئێران بە گشت پێکهاتەیەکی ئەتنی و نەتەوایەتییەوە، گەلێکی ڕەسەن و خاوەن ڕۆشنبیرییەکی هەمەچەشن و دەوڵەمەند و شوێنەواری دێرین و کەلەپووری تایبەتی خۆیەتی. هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە هاوبەشە لە داهێنراوی شارستانیدا، تەنانەت خاکی ئێران لانکی یەکەمی خۆ ئامادە کردن و ئاڵوگۆڕی گرنگی شارستانیەت بوو، لە هەمان کاتدا ململانێی نێوان بنەماڵە و وەچەکانی حوکمڕان لە گەشەدا بووە، لەوەش گرنگتر خاکی ئێران و هاوسێیەکانی لە چەندین خولی مێژووییدا بەرەنگاری چەندین جەنگ و هەڵمەت و داگیر کردنی سەربازی بوونەتەوە. ئەڵبەتە گرنگترین هەڵمەتی سەربازی لە مێژووی ئێراندا، ئەو هەڵمەتەی کۆرشی پادشا بووە بۆ داگیر کردنی یۆنان، یا ئەو هەڵمەتە سەربازییەی زەینەفۆن و دە هەزار چەکدارەکەی بووە بۆ فریاکەوتنی پادشای ئێران، ئەڵبەتە لەو سەروبەندەدا دەسەڵاتی پاشایان لە دەسەڵاتی مافی یەزدانییەوە هێزی وەردەگرت، تەنانەت ئەم نەریتە لە لایەن پیاوانی ئایینیی سۆمەریشەوە پەیڕەو دەکرا. لە دوا دواکانی سەردەمی (نیۆلسی)یەوە وەک بەهایەکی باڵای بیر و باوەڕ و بۆچوونی تێڕوانینی گەردوون، هەمەجۆر داب و نەریتی تایبەتیان پەیڕەو دەکرد.

بەهای بەرزی واتایی بۆ وەدەست هێنانی مافی یەزدانی لە حوکمڕانێتیدا، لە بەردەم دەست پێ کردنی گۆڕانکاری ڕاپەڕینی زانستیی و ڕۆشنبیری و بیردا

ڕەوییەوە، ئەو ئاڵوگۆڕە مرۆڤایەتییە گەیشتە ڕادە و ئاستێکی بەرزی زانیاریی گرنگ، کە لە ڕوانگەیەکی هاوچەرخەوە لە تێگەیشتن و دەرک پێ کردنی ڕاستییە (ئەستمۆلوژییەکانی) هاوپەیوەند بە ژیانی مرۆڤەوە، کە فەلسەفەی حوکمڕانێتی و سیاسەت و یاسا و پەیڕەو کردنی ئایدیۆلۆژی بۆ هێمای پەیوەندی و پێویستی و پێداویستە کۆمەڵایەتییەکانی، لە نموونەی حوکمڕانی و دژایەتی و نوێکاری، ئەو بابەتانەی لە ئەوروپا بە جیا کردنەوەی ئایین لە دەسەڵاتی حوکمی دەوڵەت یەکلایی کرایەوە. ئەمەش بواری بە گەلانی ئەوروپا دا هەنگاوی بەرەو پێشەوە بنێن. ئەڵبەتە ئەوەش لە گشت جیهاندا ڕەنگی دایەوە، تەنانەت خواست و ویستی گەل بووە سەرچاوەی دەسەڵات و بنچینەی تیۆریی بنەماکان و جەدەلیەتی هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆژی بۆ داڕشتنی دەستوور بە گوێرەی گرێبەستێکی کۆمەڵایەتی و بە پێی بەرژەوەندیی کۆمەڵ و ئامانج و مەبەستە مرۆڤایەتییەکانی، هەروەها پێ بە پێی نوێ کردنەوەی سەردەم و ئاڵوگۆڕی ڕۆشنبیری و شارستانیەت، ئەڵبەتە کۆمەڵێک زانا و فەیلەسووفی خاوەن بیر و بیردۆز بە درێژایی مێژووی دێرین سوودیان لە کەلەپووری مرۆڤایەتی وەرگرت و بیر و باوەڕ و واتا و بەهاکانیان گەڵاڵە کرد.

گرنگ ئەوەیە، بزانین خواست و ویستی گەل لە بەرپا کردنی گۆڕانکاریی سیاسیدا پەیڕەو دەکرێت، چونکە هەر خۆی خاوەنی بەرژەوەندیی ڕاستەقینەیە لە بواری گۆڕانکاریدا. ئەڵبەتە سەدەکانی دوای هەزارەی دوو، ڕۆڵی سەرکردایەتیی بە جەماوەر سپارد، چونکە بە زەبری هێزی کپی دەتوانێ گۆڕانکاری بەرپا بکات، وەک ڕەشەبا بارەکە وەرگێڕێ. ئەڵبەتە ڕۆڵی سەرکردە و سەرداری سیاسی و بیردۆزان زۆر گرنگ و کاریگەرە، بە تایبەتی گەر ڕاستگۆ و بە پەرۆش و دڵسۆز بن بۆ کێشەکانی گۆڕەپانی سیاسەت و لە ئەنتلجنسیای نێودەوڵەتییەوە بەرەو تایبەتمەندیی ئەنتلجنسیای ئێرانی سەدەی بیستەم، کە مامۆستای بابەتی مێژوو لە زانکۆی ئۆکسیفۆرد و مامۆستای وانەبێژ لە زانکۆی تاران دکتۆر عەلی قەیسەری داینەوە، سەرەڕای چەندین دانراوی تری، کە لەگەڵ بیردۆزی ئێرانی ڕەگەز (حەمید عینایەت)دا گۆڕیویەتی وەک نامەکەی کانت (دامەزراندنی میتافیزیکیای ئەخلاق) و واتای کات لە بواری زانستی ڕۆشنبیرییەوە و واتاکانی فەلسەفەی هیگڵ گرنگیی نووسینەکانی لەوەدایە، کە زۆر قووڵ و سەرانسەرین لە باس کردنی مێژووی هەڵوێستی ئەنتلجنسیای ئێران و پەل و پۆی ئایدیۆلۆژیی ئەو، هەر لە شۆڕشی دەستووری (مەشرووتە) ساڵی ١٩٠٦ـەوە تا کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم، ئەڵبەتە واتای گشتیی ئەنتلجنسیای عەلی قەیسەری لە بواری مێژووی ئێراندا دەکرێت بە چوار بەشەوە کە ئەمانەن:

ئەنتلجنسیای شۆڕشی دەستووری (مەشرووتیەت)





ئەنتلجنسیای فەرمیی نەتەوایەتی (١٩٢٠- ١٩٤٠)

ئەنتلجنسیای سیاسەت و ئەدەب (١٩٤٠- ١٩٥٢)

ئەنتلجنسیای ڕەخنە گرتن لە ڕۆژئاواخوازی و پرسیاری نوێخوازی (١٩٥٢- ١٩٧٩)



سەتارخان
سەرکردەی شۆڕشی دەستووری

لە هەڵهێنجانی باری بابەتیانەی بەرهەڵستکاریی ئێران، بە تایبەتی ڕێکخراوی موجاهیدین کە بە خەبات و کۆششی خۆی زەمینەی بۆ شۆڕشی میللی خۆش کرد بەرەو ڕماندنی دەسەڵاتی شا و دامەزراندنی کۆماری ئێران، خومەینی بنەماکانی شۆڕشی قۆستەوە و دەوڵەتی ئایینی (تیۆکرات)ی دامەزراند، ئەڵبەتە ئەم ڕووداوانە شایانی بەشێکی تەواون لە باسی ئەنتلجنسیای مێژووی ئێرانی نوێ و هاوچەرخدا. بە گشتی ئەو هێزە سیاسیانەی کار لە باری ڕووداوەکانی ئێران دەکەن، جەماوەری خەڵک و شەپۆلە جۆراجۆرە ئایینییەکان و بزووتنەوەی بەرهەڵستکاران و بازاڕی ئێران و بیردۆز و ڕۆشنبیران. ئەم هێزانەش پشت بەو ئایدیۆلۆژییە باوانەوە دەبەستن، وەک مارکسیزم، ئایین (گیانی)، لیبرالی و بیری نەتەوایەتیو ڕووناکبیریی سەربەخۆی نیشتیمانی. ئەم هێزە سیاسیانە بە گوێرەی بۆچوون و ڕوانگەیەکی ئایدیۆلۆژیی بەرتەسک یا یەک لایەنەوە سەیری کاروباری سیاسی دەکەن، لە ژێر سایەی نەبوونی بۆچوون و ڕوانگەی گشتیی سیاسی یا هەوڵدانێک بەرەو داهێنانی ڕوانگەیەکی سیاسی و هەڵبژاردنی شێوەیەکی گشتی ئایدیۆلۆژی، خۆیان دەنوێنن.

تا ڕادەیەکی زۆر (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق) سەرکەوتوو بوو لە ئامێتە کردنی میراتی کەلەپوور و نوێکاری و پەیڕەو کردنی ڕەوتی ئایدیۆلۆژیی هاوچەرخ لە چوارچێوەی پەیڕەوی سیاسی پەسند کراوی خۆیدا.

ئەم کێشانە لە ڕەوتی هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆژی بۆ مەبەستی گشتیی سیاسی، زۆربەی گەلانی جیهانی سێیەم پێوەی دەتلێنەوە، ئەمەش گرنگترین کێشەی گۆڕانکاریی سیاسی و دیموکراتییە، چونکە بنەمای تیۆری جەدەلیەتی حوکمڕانێتی خۆی لە قۆستنەوەی هەلی سوود وەرگرتن لە دژایەتی کردنی نوێکاریدا دەدۆزێتەوە، کە ڕەوتی گەشە کردن بە پێی کارگێڕیی

دینامیکیەت و دیالەکتیکەوە دایان دەهێنێ. ئەڵبەتە هیچ رژێمێک چەسپاو نییە و لە ژێر باری رەوتی گەردووندایە، هەمیشە دیاردە سیاسییەکانی یەکگرتن و جیابوونەوەی ئایدیۆلۆژی و زۆرانبازی بەردەوام دەبن تا دەگەنە باری یەکلایی کردنەوە و سەرکەوتنی خواست و ویستی جەماوەر، واتە سەرکەوتن بەسەر خواستی خراپەکاریی حوکمڕانانی ستەمکاردا.

نوێنەرایەتیی یاسایی رەوای خواست و ویستی جەماوەر، خۆی لە چوارچێوەی بۆچوونی گشتیی سیاسیانەی رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێراندا دەدۆزێتەوە، کە پەنا دەباتە بەر بنەما سیاسییەکان و روانگەی سیاسیی هاوچەرخ و لە سەر بنەمای پەسند کردنی بەدیلێکی بابەتیانە و دیموکرات. هەروەها پەنا دەباتە بەر بۆچوونی ئایدیۆلۆژی و توانای سەرتاپای بۆچوونە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران، هەروەها لەسەر خەبات و کۆشش و هەڵسووڕاندنی رێکخراوە نهێنی و ئاشکراکان و رۆڵیان لە یەکلایی کردنەوەی زۆرانبازییە سیاسییەکەی ئێران، یەکلایی کراوەتەوە. هەروەها خۆی لە نوێنەرایەتیی راستەقینەی خواستی گەلدا دەنوێنێ، ئەوەتا رژێمێکمان بەرچاو نەدەکەوت کە پشت بە پەرەپێدانی زۆرانبازییەکان و شێواندنی بەهاکانەوە ببەستێت کە لە رێڕەوی راست وەریان چەرخێنێ و بە بیر و باوەڕی کۆنەپەرستیی تاریکەوە شەتەکیان بدات و بە هەڵسوکەوتی تیرۆرستانە و کوشتنی کەسایەتییەکان و بەکۆمەڵ کوشتن و زیندانی کردن بیان بەستێتەوە.

ئەم شێواز و هەڵسوکەوتە دڕندانانەیە بە شێوەیەکی تەواوەتی دژ بە شەرعیەتی بیر و مافی مرۆڤ و لایەنەکاتی بنەمای یاساکانی سەردەممانە. ئەوەتا ئەو ئامانجەی کە جەماوەر هەوڵی بۆ دەدات بەرەو ژیانێکی کامەران و ئاشتیانە و دادوەری و یەکسانی و هاوشانی کۆمەڵایەتییە، کە بە گوێرەی گرێبەستی کۆمەڵایەتی یا بەندەکانی دەستوور، کە گونجاو بێت لەگەڵ پێداویستە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان و پێداویستی بنەماکانی حوکمڕانێتیی چاوەڕوان کراودا، لە هەمان کاتدا دەگاتە رادەی دیاری کردنی لایەنانی سەرەکیی جۆری کاری ئەنجوومەنی نوێنەرایەتیی هەڵبژێردراو، هەروەها فراوان کردنی سەرپەرشتی کردن و چاودێری کردن و دیاری کردنی بەرپرسێتیی سیاسیانەی حکوومەت لە بەردەم پەرلەماندا، تەنانەت لە لایەنی زانستییەوە جێبەجێ کردنی ئەوە ناشێ بە بێ ئەوەی پەرلەمان نوێنەری راستەقینەی گەل بێت، کە خاوەنی خواستی شەرعی و دەسەڵاتی بڕیاری سیاسییە.

لە گێژاوی ئەم کێشە سیاسییانە و رەنگدانەوەی جۆراوجۆریان، دەبێ لە جۆری کاری لایەنەکانی ململانێی نێوان نوێکاری و دژوارەکەیدا بگەین، هەروەها دەبێ لە بنەماکانی هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆژی بگەین. پەسند کردنەکە لە لایەن کەسانی کۆمەڵەوە بۆ هەموو ناونیشان و بابەت و بۆچوونە سەرەکییەکانی رەوتی دەسەڵات، دەستوور، ئایدیۆلۆژییا، پەرلەمان تا





دێ.. دیاریی دەکات.

بۆ ئەوەی کۆمەڵگا و گەلان هەنگاو بەسەر دیاردەی نائارامیی سیاسی و هۆی خۆیی و بابەتیدا هەڵێنن، کە دەبێ جیهانی سێیەمی روو لە گەشە، هەڵبەت بە ئێرانەوە، بەدیلی دیموکراتیانە پەیڕەو بکەن، کە بۆ خۆشی بانگێشی بۆ دەکات. لەم بوارەشدا رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران خەباتی خستووەتە کار، کە دیموکراتی یەکێکە لەو واتا زانستییە کارڕاییە بەرفراوانانەی جێبەجێ کردنی سیاسی و کۆمەڵایەتی، یەکێکە لە بۆچوونە پەسندەکانی جیهانی پێشکەوتوو، ئەگەرچی هەندێ لایەن بەوە تاوانباریان دەکەن، کە دژ بە دیموکراتین. دیموکراتی لە سەردەمی ئەسینای دێرینەوە تا رۆژی ئەمڕۆمان خۆی لەگەڵ سەروەریی یاسا و ئازادیی گشتی و ئازادیی کەساندا دەنوێنێ. ئەمەش بە پێچەوانەی دیاردەی دیکتاتۆریەت و خۆسەپاندنە، کە بە چەند بیانوویەکی بێ فەڕ، کە بە هیچ جۆر هاوجووت و گونجاو نییە لەگەڵ نوێکاریی ژیانی هاوچەرخ و گۆڕانکاریی شارستانی و باری یاسایی و ئەخلاقیدا، خۆی دەسەپێنێ. هەر بۆیە رەوتی سیاسی بە واهیمە و هەڵبەستە و بوختان بۆ کردن، بارگران دەکەن، هەروەک دەسەڵاتی ئێستای رژێمی ئێران.

لە پاشینەی مێژووی نوێ یا هاوچەرخی ئێراندا چەندین بزووتنەوە و شەپۆل و حیزبی سیاسی و ئایینی و کەسێتی، نوێنەرایەتیی هەمەجۆر کۆمەڵەی باسی هەمان ئایدیایان پێش پەیدا بوونی رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێرانیان دەکرد، ئەڵبەتە ئەو سەرکردانە لە هاوکێشەی سیاسیی گۆرەپانی ئێراندا رۆڵێکی باشیان گێڕاوە، دەتوانین دابەشیان بکەین بەسەر سێ لایەنی سەرەکیدا:

<u>لایەنی یەکەم</u>، کەسێتی و شەپۆلە ئایینییەکان، کە رایان وایە میراتی دەسەڵاتە فقهییەکانی ئیسلام دەتوانن هەر دیاردەیەکی نوێی ئاسۆی رووداوەکانی هاوچەرخ بگرنە خۆ، ئەمانەش کاریگەرییەکی ئیجابییان هەبوو بەسەر شۆڕشی دەستوورییەوە (مەشرووتییەت)، ئەم کۆمەڵەش کەسانی وەک شێخ مەحموودی تاڵەقانی و شێخ عێزەددینی حوسەینی و سەید ئەحمەدی موفتی زادەی خستەوە، کە رەوتێکی ئاساییان گرتە بەر و گرفتی کێشە و ئامانجەکانی گەل بوون، باوەڕیان بە بەهای ئاسمانی و دادوەری و ئینساف و بەزەیی و یەکسانی و ئاشتبوونەوە بوو.

<u>لایەنی دووەم</u>، کە فەزلۆڵلا نووری و خومەینی و بەهەشتی و خامەنەیی و کەسانی تری مەلا، مۆخیان نوقومی کۆنەپەرست بووە، بە واهیمە و ناڕەوایی بوون و بەرتەسک بینی و ئاسۆ کورتی و کەموکوڕیی خۆیی و بابەتی و زانستی ناسراون. لە راستیدا دژ بە گەل و هەموو واتایەکی پێشکەوتنخواز و گەشەکردنن، چونکە دژ بە سەربەستی و ئازادی و دیموکراتی و نوێکاری و نوێ کردنەوەن، هەڕەشە و گوڕەشەی بەربەرەکانێتیی پایە و بەرژەوەندیی تایبەتمەندی خۆیان

دەکەن. ئەڵبەتە ئەوان پابەندی رادیکالیی ئایینین و بە شێوەیەکی نائاسایی دورەپەرێزن لە ژیان و پێشکەوتنی کۆمەڵگای ئێرانەوە. هەشە لایەنگری حوکمڕانی ستەمکاری خۆسەپێنن، کە کەیبانۆی نیعمەت و پاڵپشتی بوون و مان و واهیمەکانی ئەوانن، هەر بۆیە ئەو مەلایانە هەمیشە پاڵپشت و یاریدەدەر و بەرگریکەری شای قاجار محەمەد عەلی شا و شا رەزا خان و محەمەد رەزا شای پەهەلەویی کوڕی بوون، دژ بە بۆچوون و خواست و ئامانجی گەلی ئێران بوون. لەبەر ئەوەی بەشی زۆری جەماوەر و توێژە کۆمەڵایەتییەکانی ئێران پابەندی بیری ئایینی و مەزهەبی بوون، وزەی گیانیی پیرۆزە بە لایانەوە. ئەو وزەیەش هاوپەیوەندی پیاوانی ئایینە (مەلاکان)، هیچ کارێکی ناڕەزایی یا یاخی بوون بە بێ فەتوا و فەرمانی ئایینی بەرپا ناکەن، ئەمەش بە ئەرکی تەواوەتی شەرعی دادەنێن، کە دەبێ بەبێ یەک و دوو جێبەجێی بکەن، بێ ئەوەی ئاوڕ لە راست و دروستیی فەتواکە یا شایستەیی خاوەنەکەی بدەنەوە. ئایا هێمای گشتی ئەو خاوەن فەتوایە و باوەڕی ئاینیی و خۆبەخت کردنی لە پێناوی بەرژەوەندیی گشتیدا و بەرژەوەندیی جەماوەری گەلدایە؟

ئەڵبەتە دەسەڵاتی وزەی گیانیی پیاوانی ئایین دەبێ بگاتە ئاستی بزواندنی جەماوەر، بەرەو ئامانج و هیواکانیان و ئەو مەبەستانەی کە لە پێناو جێبەجێ کردنی بەرژەوەندییەکانیاندان. ئەمەش ئەنجامی شیاوی پیرۆزیی سنووری یەزدانە لە دەسەڵاتی وزەی گیانی، بەڵام مەلاکانی بیر تەسکی لە خۆبایی، کە تووشی بیر تەسکی و بەستەڵەکی بیروڕا بوون، واتە ناتوانن لەگەڵ رەوتی نوێکاری و ئاڵوگۆڕو گۆڕانکاریی سەردەمدا خۆیان بگونجێنن. لە ئەنجامدا دەبنە بەربەستێک لە ئاست پێشکەوتنی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، بیر و باوەڕیان بە چەندین بەربەست گرێ دەدەن کە ناتوانرێ بە ئاسانی لێی دەرباز بن. ئەو مەلایانە لە واقیعی ئێستای ژیانی کۆمەڵگاکەیان دوورن، روانگەیەکی گشتیی سیاسی و واتای هاوچەرخیان نییە لە هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆژیایەکی رەوان و روون بەرەو پێشکەوتنی ژیان. ئەو کۆمەڵە مەلایانە گیان و جەوهەریان لەدەست داوە، چ جۆرە پاڵپێوەنەرێکی وا شک نابەن بەرەو هاوچەرخێتی هەنگاویان پێ بنێ، ناتوانن لەگەڵ رۆحی سەردەمدا بژین و هەمیشە بەربەست دەخەنە بەردەم بزووتنەوەی مێژوویی جەماوەرەوە، کە مەبەستیان دواڕۆژێکی باشترە. ئەوەتا جەماوەری خاوەن باوەڕ بەهاکانی ئیسلام و راسپاردەکانی پیاوانی ئایینی جێبەجێ دەکەن، لەو بڕوایەوە کە ئەوان رزگارکەریانن لە داوی کێشەکانی دژایەتی و بەرەنگار بوونەوەی ستەمکار و خۆسەپێنەرانەی ماف و ئیرادەی گەل زەوت دەکەن.

ئەم کۆمەڵە مەلایە کە نوێنەرایەتیی شەپۆلی ئایینی و مەزهەبی دەکەن، رۆژگار وای کرد کە بە کارێکی چەتەبازیی خومەینییەوە راپەڕین و شۆڕشی جەماوەر زەوت کرا. خومەینی ئایینی





تێهەڵکێشی سیاسەت کرد. ئەڵبەتە بنەماکانی لە ریشەوە هەڵتەکاند تا بتوانێ دەست بەسەر ئەو بارەدا بگرێ و شەپۆلی ئایینی ببێتە حوکمڕانی رەوتی شوڤینی و فاشستی، کە پڕیشکی توندڕەوی لە رێگا دەرچوون و واهیمەی لێ بووەشێتەوە، ئەنجامی شەڕخوازانە و هەڵە و مەترسی بێت بۆ سەر کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و گەلی ئێران و تەواوی گەلانی دراوسێ، هەمیشە دەست ناپارێزی لە بەرپا کردنی تاوانی بەکۆمەڵ کوشتن و زیندانی کردن و لە سێدارەدان و لە ناوە و دەرەوەی ئێران، بە تایبەتی ئەو دەست تێوەردانە شەڕانیانەی لە عێراقدا، ئەڵبەتە مەلا کەللەڕەقەکان هەمیشە هەموو دەستکەوتێکی رۆشنبیری و زانستیانەی رۆژئاوا و رۆژئاواییەکان و ئاوارە بووەکانیان رەفز دەکەن، چونکە بە لایانەوە ئەوە کوفر و لە ئایین لادانە، بەڵام کڕین و هاوردە کردنی تەکنەلۆژیای ئەتۆم (چەکی خاپوور کردنی بەکۆمەڵ) لە ڕوانگەی ئەوانەوە کوفر و لە ئایین لادان نییە، ئەو مەلایانە مەحکوومی پێوانە و رەوشتی دووڕوویی بوون و هەمیشە لێی دەرباز نابن.

لایەنی دووەم کە لایەنی عیلمانییە، پەنا دەباتە بەر جیاوازیی چینایەتی وەک (حیزبی توودە)ی ئێران و کۆمەڵەکانی تری خاوەن بیری شۆسیالیستی، کە بە پێی ئایدیۆلۆژیای مارکسیزم کار دەکەن.

بێ گومان حیزبی توودە خاوەن رێکخراوێکی رێک و پێکی گونجاوی کاریگەرە، تا ڕادەیەک کار دەکاتە سەر بیر و بۆچوونی جەماوەری گەلی ئێران، بەڵام پەیبەستی بیر و پەیڕەوی نیودەوڵەتیی قەوارەی دەوڵەتە شۆسیالیستەکان بوو بە سەرکردایەتیی یەکێتیی سۆڤیەت، هەر بۆیە لە ئاستی نیشتیمانیی ئێراندا رەوتی بەرتەسک بوو. ئەمەش رێگای پەسند کردن و لایەنگیری کردنی بەرژەوەندیی نیشتیمانیی لێ گرتن، کە نەیتوانی بەرژەوەندییە نیشتیمانییەکانی بخاتە ڕوو، پاشان شییان بکاتەوە و بە شێوەیەکی زانستیانە بیانخاتە بەر چاو. بۆیە دەتوانین بڵێین کە ئەو حیزبە لە واقیعی جەماوەری ئێران دوور کەوتەوە و نەیتوانی بەدەنگ پێداویستەکانیانەوە بێت. دەتوانین حیزبە کوردییەکانیش بخەینە ئەم خانەیەوە، وەک حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، کەخاوەن پەیڕەوێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی تەواوە و نزیکە لە رەوتی دیموکراتی عیلمانییەوە. ئەڵبەتە ئەو حیزبە حیزبێکی خەباتگێڕە و واتاکانی ئازادی و سەربەستی و بیر و باوەڕی رووناکبیریی ئازادیخوازانەی لە خەباتی بەردەوامی بە درێژایی ساڵەکانی رابردوو گرتە بەر و تووشی دڕندەترین باری داپڵۆسین و لەناو بردن و چەوساندنەوە و دوور خستنەوە و زەوت کردنی مافی رەوای نەتەوایەتیی کوردی ئێران بووەوە، وەک هێزێکی پێشڕەو نوێنەرایەتی دەکات.

لایەنی سێیەمی هێزە نیشتیمانییەکان کە دکتۆر محەمەد موسەدق رابەرایەتیی دەکرد هەوڵێکی تەواوەتیی دا بۆ دابین کردنی دەسەڵاتێکی نیشتیمانیی دیموکرات لە ئێراندا، بە هەوڵێکی تاکە کەسی دەستکەوتی زۆری وەدەست هێنا، وەک خۆماڵی کردنی نەوت و سنووردانان بۆ دەسەڵاتی شا و جاڕدانی سەربەستیی گشتی، کە هاکا خەریک بوو ئێران وەک گەل و رژێم و بنەما نەجات بدات، بەڵام بە هۆی ئەوەی کە لە لایەن کۆنەپەرستان و بە هاوکاریی پیاوانی شا و سەرباز و پیاوانی ئاسایش و ئیتلاعاتی دەوڵەتانی رۆژئاوای ئەوسا، ئەو هەوڵە پێشێل کرا.

سەرەڕای رەسەنایەتی و راستگۆیی و نیشتیمانپەروەریو دڵسۆزیی دکتۆر موسەدق، بەڵام دوور بوو لە رێکخراوێکی سیاسی کە لایەنگیریی بکات و خاوەن ئایدیۆلۆژیایەک بێت لە بواری سیاسەت و کارگێڕی لایەنگیری کردنی جەماوەرەوە، کە کارگێڕیی سست بوو. هەر بۆیە دوا راسپاردەی بۆ نەوەی داهاتووی گەنجان ئەوە بوو، کە رێکخراوی پێشکەوتنخوازی نیشتیمانی پێک بێنن، تا بتوانن بەرپرسێتی لە ئاست گەل و نیشتیماندا بەجێ بێنن و ئەوە بێننە دی کە ئەو نەیتوانی.

لە کۆتا ئەنجامی بزووتنەوەی نیشتیمانیی ئێران، دەبوایە بۆچوونێکی سەرانسەریی گشت شەپۆلەکان کۆ بکاتەوە و خواست و ویستی کۆمەڵایەتی دەربڕێ و توانای رێکخستنی بزۆکی جەماوەری هەبێ و بیروباوەڕ لە یەک بۆتەدا گەڵاڵە بکات، روانگەیەکی گشتیی سیاسی و هەڵبژاردنێکی ئایدیۆلۆژیی دیموکراتی پێشکەوتنخوازی هەبێ، کە بتوانێ بە هۆیەوە هەموو جۆرە تەنگ و چەڵەمە و کێشە و دژایەتی و گرێی سیاسیو کۆمەڵایەتیی کەڵەکە کراوی تێک ئاڵاو و ئاڵۆزی ژیانی هاوچەرخی گەلی ئێران، بە هەموو پێکهاتەکانییەوە، دەست نیشان بکات و دەرەنجامەکانی ئێستا بگرێتە خۆ و چارەسەری شیاوی بۆ بدۆزێتەوە.

ئەم بۆچوونە سیاسییە پێویستە بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیی بەرفراوان بنیات بنێ و جیاوازییە سیاسییەکان چارەسەر بکات، لەوانەش ئەو ناتەواوییەی نەبوونی پەیوەندیی تەواوەتی لە نێوان جەماوەر و لایەنی سەرکردایەتی. ئەڵبەتە لە پێناو وەدی هێنانی ئەم پێویستییە گرنگانە، کارڕایی و بۆچوونەکانی کاری رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران، بە بیر و بۆچوونێکی دیموکراتی موسڵمانانەوە هاتە کایەوە.

گەر ئاورێک لە پێداویستەکانی ئەنتلجنسیای قۆناغی یەکەمی مێژووی ئێران بدەینەوە، کە تایبەتە بە شۆڕشی دەستووری (مەشرووتییە) هاوکات بزووتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەوڵەتی عوسمانی بەرپا بوو، کە شێوازێکی جیاوازی گرتە بەر و سوودی لە بەرەی ئیتیحاد و تەرەقی وەرگرت، ئەوە بوو دەسەڵاتیان گرتە دەست و لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا چوونە پاڵ دەوڵەتانی تەوەر. لە ئێرانیش مافی گشتی خرایە پێش چاو و شوێنی شیاوی خۆی گرت و





کارڕاییەکانی مافی نوێنەرایەتیی شەرعیی دەستووریانەی خواستەکانی گەلی بێ دەسەڵات زامن کران، هەر لە سەردەمی شۆڕشەکەی کاوەی ئاسنگەرەوە دژ بە ئەژدەهاکی زۆردار و بە درێژایی ئەو ماوەیە، خواستی جەماوەر بە هیچ جۆرێک لە رووی دەسەڵاتە یەک لە دوای یەکەکانی ئێران و کەللە رەقی شاکانی نەوەستاون و وەرنەگەڕاونەتەوە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە رای قەتیسماو توانای هەنگاو هەڵهێنانی هەیە بەسەر رای گشتیی پاشبەند و توانای ئەوەی هەیە، ببێتە رایەکی کاریگەر بەرەو گۆڕانکاریی سیاسی هەڵتەکێنەر و دژایەتی کردنی دەسەڵاتی رژێمێکی ستەمکار، ئەو دەسەڵاتەی وەبەرهێنانی بەرهەمی تووتن بە کۆمپانیای قۆرخکاری ئینگلیز دەدات و زیان بە بازرگانیی هاوڵاتیان دەگەیێنێ. بازرگانەکانی ئێران هانایان بردە بەر پیاوانی ئایینی بۆ ئەوەی فەتوای قەدەغە کردنی جگەرەکێشان دەرکەن. ئەو جۆرە کارڕایی و چالاکییانە، سەرەڕای دەسەڵاتی ئەوسای شا، بە تەواوەتی یەکێتی ئامانجەکانی جەماوەریان هێنایە دی، سەربارێش رۆشنبیری ئێران شەرعیەتی رژێمی پادشایەتیی شاهەنشایی رەفز کرد و سوور بوو لە ئاست بەرپا کردنی گۆڕانکاریی ناوەکی لە پێکهاتی سیاسیدا، ئەمەش هاوشان بوو لەگەڵ پشت گوێ خستنی چارەسەری زانستی و واقیعی، دوای ئەو گۆڕانکارییە سیاسییە، لەبەر نەبوونی روانگە و بۆچوونی گشتیی سیاسی و ئایدیۆلۆژی و رۆشنبیری لە نێوان هەردوو بواری سیاسی و رۆشنبیریدا ون بوون، جگە لە پێداگرتنی لەسەر پەیڕەو کردنی فەرهەنگێکی ئایدیۆلۆژیی بەسەرچوو، کە لەگەڵ داهاتەکانی سەردەمدا نەدەگونجا، واتە رۆشنبیری ئێران زاتی ئەوەی نەبوو لە چوارچێوەی واتای ئیلتیزام دەرچێ و بەرەو گۆڕەپانی دەستکەوتی زانستی هەنگاو بنێ و سوود لە بیر و ئایدیۆلۆژی وەرنەگرێت..

بە گشتی ئەنتلجنسیای ئێران لە چەرخی بیستەمدا خەریکی ئایدیۆلۆژیایەکی داهێنەر نەبوو، بەسەر بەرژەوەندیی بیر و فەلسەفە و زانستییەوە دەلەوەڕێ، بەڵام سەرەڕای ئەم کێشانە ئەوەتا هەندێ لە رۆشنبیرانی ئێران بیروباوەڕی روناکبیرییان هێنایە ناو شۆڕشی دەستوورییەوە، بە تایبەتی وتەکەی جەماڵەدین ئەفغانی سەبارەت بە دواکەوتنی موسڵمانان بە هۆی پاشگەز بوونەوەی فەلسەفە لە جیهانی ئیسلام، هەروەها وتەکەی حاجی شێخ ئەسەدوڵڵا مەمەقانی، کە لە ساڵی ١٩١٠دا قوتابیی زانستی ئاینی بوو لە ئەستەمبوول، هۆی پاشگەز بوونەوەی بیری سیاسی لە ئێراندا دەردەخات و دەڵێ، هۆی سەرەکیی پاشگەز بوونەوەی بیری سیاسی لە ئێراندا، هەڵوێستی سیاسیی هەندێ لە پیاوانی ئایینی شیعە مەزهەبە لە ئاست حکوومەتدا، ئەم بیرانە دەورێکی باڵایان هەبوو لە دابڕانی ئایین لە دەوڵەت، تا کاتی پێکهێنانی ئێرانی نوێ.

ئەڵبەتە بەشی دووەمی کتێبەکەی علی قەیسەری ئەنتلجنسیای ئێران، لە سەدەی بیستەمدا،

ئەڵبەتە بیروباوەڕی موحتەشەم سەڵتەنەی ئیسفەندیاری، نوێنەری لە پەرلەمانی ئێران لە ڕۆڵی یەکەمیدا، کە لە کتێبی (هۆکانی دواکەوتنمان و ڕێگای چارەسەر کردن)دا ئەو بیرانەی دەخاتە روو، رەخنەش لەوانە دەگرێ کە داوای جێبەجێ کردنی تیۆریی مارکسیزم دەکەن لە ئێراندا، ئەوەش روون دەکاتەوە کە باری جووتیار و کرێکاری ئێران وەک ئەوەی ئەوروپا و رووسیاو دەوڵەتانیی تر نییە. رووناکبیری بەم بۆچوونە واتای لاوازی روانگە و بۆچوونی مێژوویی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ لەئاست واقیعی ئێراندا و شوێنەواری سلبی بەسەر باری کرێکار و جووتیارەوە بەجێ دێڵێ، ئەوەتا بەرەو تاوانی ناپەسند هان دەدرێن، هەروەها (موحتەشەمی) داوا دەکات ناسنامەی موسڵمانێتی بپارێزرێ و بواری فێرکردن و پەروەردە بە باشی رێک بخرێن و دادی کۆمەڵایەتی پەیڕەو بکرێت.

ئەم وتانە کارێکی ئەوتۆیان نەبوو بەسەر دەستەبژێری رووناکبیرانی ئێرانەوە، چونکە زۆربەیان کەوتنە داوی بیری پاشبەندی دامەزراندنی دەوڵەتی تۆرانی، ئەم بۆچوونە رەنگدانەوەی سلبی هەبوو بەسەر دەوڵەتی عوسمانی و بەسەر ئەو گەلانەوە کە لە ژێر دەسەڵاتی عوسمانیدا بوون، بەڵام لە ئێران بە تەواوەتی بە پێچەوانەوە بوو، هەروەک لە ژێر باری ئایدیۆلۆژیای مارکسیدا بوون، بە تایبەتی پڕوپاگەندەی سیاسییان زۆر بەهێز بوو. جگە لە گوشاری دژایەتی کردنی جەنگی سارد و هەردوو جەمسەری ئەو سەردەمە.

روانگەی سیاسیی ئەم وتانە نوێنەرایەتیی سیاسەتی دەوڵەتن و روانگەی دەوڵەتی نەتەوایەتیی ئێران دەخەنە روو... ئەڵبەتە نوێنەرایەتیی لایەنانی بنەرەتی کۆمەڵگای ئێران ناکەن، تەنانەت بڵاوکراوە ئەدەبییەکانی ئەو قۆناغەی هەڵچوونی نەتەوایەتی دەوڵەت و پێویست بە بوونی حکوومەتێکی ناوخۆی بە توانای دووپات دەکردەوە، وەک مەرجێکی ئەساسی بۆ داهێنانی یەکێتیی نیشتیمانی و دارشتنی ناسنامەی رۆشنبیری وەک رۆمانی (هەتاوی بریسکەدار)ی محەمەد جابری، کە زۆرانبازیی نێوان میرات و کەلەپوور و نوێکاریی پاش شۆڕشی دەستووریی ساڵی ١٩٠٦ز لە ئێران دەخاتە روو.

دانەر و نووسەران لەسەر ئەو رایە بوون کە ئێران بە قۆناغێکی گواستنەوەدا تێدەپەڕێ و گشت لایەنەکانی ژیانی ئێران دەگرێتەوە، هەروەک وێنەیەکی مێژووی تاکە کەسیی ئێران لە نێوان هەموو بەها دژوارەکان و ژیان لە ئاو و هەوای دژواردا دەخەنە روو، کە بە درێژایی ساڵانی پاش شۆڕشی دەستووری بۆ خوێنەر گواسترایەوە و هەردوو لایەنی پێوانەی بەها و ژیان بە تەواوی بۆچوونە دژوارەکانییەوە دەخەنە روو.

دیارە ئەو نووسەرانەی توانای لێدوانی بێ لایەن و عاقڵانەی کێشەی نوێکارییان نەبوو، کە رێگا بۆ گەیشتن بە ئەنجامی بیرو باوەری ئیجابی و بەشداری کردن لە پرۆسەی رووخاندنی





بنیات نانە، لە چوارچێوەی رەوتی نوێ کردنەوەی هاوچەرخدا. تەنانەت لە بەشی ئەدەب و سیاسەتدا باسی پێشێل بوونی پرۆژەی نوێکاریی ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی بیستەم دەکات، لەبەر نەبوونی دامەزراوەی وا، کە چاودێریی یاساو بریارە کۆمەڵایەتییەکان بکات، هەروەها لەبەر نەبوونی کۆمەڵە جەختکەرەکان و سەرکردەکانیان، کە بیر و ویست بەرەو پرۆژەی کردارێکی جەماوەریی جەختکەر گەلاڵە دەکەن، ئەڵبەتە لەبەر ئەوەی خواستی نوێکاری بە گوێرەی ئارەزووی خواستێکی دەسەڵاتی سەرەوە دەرچووە، هەر بە زوویی لەگەڵ دەرکردنی رەزا شا لە ساڵی ١٩٤١دا نەما، لەبەر ئەو بۆشاییە سیاسییەی کە هاوکاتی دامەزراندنی محەمەد رەزا شا پەهلەوی و چوونە سەر تەختی شاهەنشاهیەتی ئێران پەیدا بوو، پانتایی سەربەستی کاری حیزبی و رۆژنامەنووسی و دامەزراوە سەربەخۆکانی ئێران لە ساڵی ١٩٤٧دا فراوانتر بوو. کە ئەمەش هەنگاوێکی گرنگ بوو لە مێژووی ئەنتلجنسیای ئێراندا، چونکە رۆڵێکی گەورەی هەبوو لەدیاری کردنی رەوت و شێوەی دەستەبژێری رۆشنبیرانی ئێران، لە بەرەنگار بوونەوەی بنەماکانی سەپاندنی دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەوڵدان بەرەو خولقاندنی ژینگەیەکی سەربەست و ئازاد کە لەگەڵ ئاڵوگۆڕی سەردەمدا رەوت بکات.

ئەوەتا ئەو قۆناغەی پاش کودەتای ١٩ی ئوتی ١٩٥٣، کە تیایدا حکوومەتی دکتۆر موسەدەق لەساڵی ١٩٥٣ دا روخا. ئەو قۆناغە دەوڵەمەندە بە نووسینی نەوەیەکی تەواوی رۆشنبیرانی ئێران، ئەوانەی ئیعتباریان بۆ نووسەرێکی پێش سێ ساڵی بەر لەخۆیان گەڕاندەوە، ئەویش (فەخرەدین شادمان)ە، بیروڕاکانی لەتەوەرەی توانای هانا بردنە بەر داهاتەکانی نوێکاریی رۆژئاوا بەرەو خولقاندنی راپەرینێکی نیشتیمانی دوور لە لاسایی کردنەوە، سەربایش ئەوەتا بیردۆزە لێهاتووەکان ئەوانەی کە راو بیروباوەڕی خۆیان لەو سەردەمەدا دەربڕی، وەک (جەلال ئالی ئەحمەد) و (عەلی شەریعەتی). لەم راپرسیانەی ئەنتلجنسیای مێژووی ئێرانەوە دەتوانین زۆرانبازیی هەمیشەیی نێوان هێزە خێرخواز و شەڕانییەکان و لە نێوان بەهاکانی نوێکاری و تازەگەری و نێوان بەها و بیری کۆنینە و خواست و ویست و نوێنەرایەتیی شەرعیی جەماوەری گەل و نێوان چەتەبازی و دەست بەسەر دەستکەوتەکانی گەلی ئێراندا گرتن بخوێنینەوە. ئا لەم ئانەدا پرسیارە نەمرەکە دێتە پێشەوە.. چی بکرێ باشە؟

ئەوەی بەرێز مەسعوود رەجەوی خستییە روو، هەمان پرسیارە کە لە مێشکی دکتۆر محەمەد موسەدق و سەرکردایەتییە بە کۆمەڵە جەختکارەکانی جەماوەری خاوەن باوەڕ بوو، بە بیری رووناکبیری و نوێکاری و تازەگەری لە ئاسۆی ژیانی سەردەمدا، کە بەهاکانی هاوچەشنن لە پێناو دوارۆژێکی باشتر بۆ واقیع و ژیانی گەلی ئێران.

**ڕەخنە لە ڕۆژاواخوازی و پرسیاری نوێخوازی:**

لە بواری ئەنتلجنسیای ڕەخنە گرتن لە ڕۆژاواخوازی و پرسیاری نوێکاری لە ساڵانی ١٩٥٢-١٩٧٩کە تاکتیکەکانی ڕوانگەی گشتیی سیاسی و هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆژیای نوێکاری بە گوێرەی پێوانە سەردەمییەکان و داهات و گۆڕانکاری و گەشە کردن لە گۆڕەپانی نیشتیمانی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەیدا پێک دێنن، سەرەڕای هێز و زۆرداریی دەسەڵاتی شاهەنشای دژ بە هێزەکانی ئێران، بەڵام هێزە نیشتیمانییەکانی ئێران و لە سەرووشیانەوە (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق) توانییان بنکە و زەمینەیەکی جەماوەریی میللی دابمەزرێنن و لە ڕێکخراوێکدا کۆیان بکاتەوە بەرەو گۆڕانکاریی بنیاتنەری سیاسی. کاتێک کاری شۆڕشگێڕانە پتەو دەبێ و کاتی کاتژمێری (سفر) بارودۆخە بابەتی و کارگێڕییە خۆییە پێویستەکانی گۆڕانکاری. بە گشتیی هێزە سیاسییەکانی ئێران، پەنا دەبەنە بەر کاری نهێنی، کە تەنیا ڕێگایە لە بەردەمیاندا، بەڵام دەتوانن جەماوەر ببزوێنن و دژ بە دەسەڵاتی شاهەنشایی ستەمکار و تاکرەو هانیان بدات. بە تایبەتی ئەوەتا کار و چالاکیی بزووتنەوەی موجاهیدینی خەلقی ئێران، کە موجاهیدە پێشەنگەکان (محەمەد حەنیف نەژاد، سەعید موحسین و عەلی ئەسغەر بەدیعزادەگان)، لە ساڵی ١٩٦٥دا وەک ڕێکخراوێکی موسڵمانی شۆڕشگێڕ و نیشتیمانپەروەر و دیموکراتی دایانمەزراند، ئەو دامەزرێنەرانەی دەرچووی زانکۆکانی ئێران بوون و هەر لە سەردەمی سەرکردەی نیشتیمانپەروەر دکتۆر محەمەد موسەدقەوە لەبواری بزووتنەوە ئازادیخوازیدا بوون بە سەرکردایەتیی ئایەتوڵڵا (سەید مەحموود تاڵەقانی) و ئەندازیار (مەهدی بازرگان) کە مەبەست و پەیڕەو و ڕەوت و بۆچوونی نیشتیمانی سیاسییان گۆڕینی دیکتاتوریەتی شا بە ڕژێمێکی نیشتیمان پەروەر و دیموکراتیخواز بوو، کە سەروەری و سەربەستی گەل بپارێزێ. ئەم خواستە شۆڕشگێڕییە هەڵچووە بەو بۆچوونە خەباتگێڕی و کۆششە و بە هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆژی شیاوتر لەگەڵ واقیع و سروشتی پێکهاتەکانی شێوەی کۆن و نوێی پێکهاتەکانی گەلی ئێران، کە ئەمەش تەواوکەری سروشتی و مێژوویی سەدەیەکی خەباتی نەتەوایەتی و ئازادیخوازی ئێرانە. ئەڵبەتە وشەی (موجاهید)و (موجاهیدین) لە قورئانی پیرۆزەوە وەرگیراوە، درووشمی تێکۆشانی ڕێکخراوەکە بە پێی ئەم ئایەتە پیرۆزەیە **(فضل الله المجاهدين على القاعدين اجراً عظيماً).**







عەلی ئەسغەر بەدیعزادەگان- محەمەد حەنیف نەژاد – سەعید موحسین
دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران

٣

بەشی سێیەم

# ڕوانگەی گشتیی سیاسی و بژاردەی ئایدیۆلۆژیانەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق

ئێستا لە چەرخی نوێدا، رووبەڕووی دیاردەیەکی تازە، یاخود بەربەستێک، یا ململانێیەکی ریشە داکوتاوی سەردەم و سەدەکانی پێشوو دەبینەوە، ئەم دیاردەیە دیاردەی ئیسلامی سیاسییە، کە پشت بە چەکی ئایین دەبەستێ، بە مەبەستی تێپەڕاندنی کێشە سیاسییەکانی. ئەوا ئێستا حوکمڕانێتیی تارانیان گرتە دەست و بوونە چەکێکی مەترسیدار دژ بە دیموکراتی، کە لەوانەیە لە چەکی ناوکی مەترسیدارتر بێت، ئا لەم بارودۆخەدا ئەوەتا لێکۆڵینەوە لە ئەزموون و تاقی کرونەوەکانی ڕێکخراوێک، کە وەک موسڵمان دێتە پێش و خۆی دەناسێنێ و باوەڕی بە ئیسلامی پێغەمبەر (محەمەد)ە. هاوکات باوەڕی بە بنەماکانی پێداچوونەوەی را و دەنگەکانی گەل و رای گشتییە لە وەدەست هێنانی شەرعیەتی سیاسی و یاسایی بۆ هەموو شەپۆلەکان.

ئەڵبەتە وا دێتە بەرچاو کە کارێکی زۆر پێویستە، چونکە گەر ئەزموونەکە راست و دروست بێ و توانای گەشە کردن و پێشکەوتنی هەبێ بەرەو ئاقی کردنەوەیەکی پێشەنگی چەرخی ئیستامان، ئیدی دەتوانێ جیهانی سەردەم لە دیاردەی شوومی توندڕەوی ئایینی رزگار بکات، کە پێ دەچێ مەترسیدارترین دژواری یا بەربەست بێت لە بەردەم دیموکراتی و جیهانی هاوچەرخدا. ئەوەتا توندڕەوی لەم سەردەمەماندا لە رێگای بزواندنی هەست و نەست و باوەڕی خەڵکەوە و بە ئامانجی وەدی هێنانی مەبەستە سیاسییەکان بووە، بزوێنەر و

پاڵ پێوەنەرێکی میکانیکی بەرەو توندڕەوی و تیرۆر. گەر ئەو تیۆرییە سایکۆلۆژییەی کە دەڵێ سەردەمی نوێ سەردەمی سەروەریی دیموکراتی راستەقێنەیە، گەر تیۆریی موجاهیدینی خەلق راست بێ، کە باوەڕی بە ئیسلامە و دیموکراتی رادەگەیێنێ، هەربۆیە زۆر پێویستە لەم ئاستەی جیهاندا دیموکراتی لە بەرچاو بگیرێ، ئەگەرچی ئەم تیۆرییە هێشتا هی کەمینەیە، بەڵام بە هۆی رۆڵی ئاساییانەی ماوەی سیساڵی ئەم دواییە لە بواری بەرەنگار بوونەوەی دیکتاتۆریەتی ئایینییەوە، چونکە هاودژیەتی، ئەڵبەتە توانی سەرنجی بیردۆز و زانایانی کۆمەڵایەتی و سیاسەت و رۆشنبیران لە هەموو ئاستێکدا راکێشێ.

ئەوەی زانراوە، دامەزرێنەرانی رێکخراوەکە، گرنگترین دەست پێشخەریو داهێنانی عەقائیدییان هێنایە کایەوە، کە روانگەی سیاسیی گشتی پێک دێنێ و ناوەرۆکی ئیسلام وەک ئایدیۆلۆژیایەکی دیموکراتی دینامیکی دەردەخات، ئەوەتا دامەزرێنەرانی موجاهیدین باوەڕیان بەوەیە کە ئەم خوێندنەوە دینامیکییە دیموکراتیانەی ئیسلام، کارگێڕێتی و نەرمی دابین دەکات، تەنانەت ناوەرۆکی واتا و پێداویستەکانی دیموکراتی و سەربەستیی شیاوی واقیعی پێکهاتەکانی کۆمەڵگای ئێران، کە بەسەر کۆڵەکەی سێ نیشانەی سەرەکیی هاودژی تەواوەتی، لەگەڵ کۆنەپەرستە نەبزۆکە شێواوەکانی ئیسلامە، کە بە شێوەیەکی دیار بە دواکەوتن و نەبزۆکی و پووچەڵی و لادان و توندڕەوی و تاکڕەوی و تیرۆر ناسراوە. موجاهیدین واتاکانی ئەو سێ نیشانەیەیان لە قورئانی پیرۆز و فەرموودە و ژیاننامەی پێغەمبەری ئەکرەم، محەمەد (د.خ) و ئیمامە بێگەردەکانەوە (سڵاویان لێ بێ) وەرگرتووە. موجاهیدینی پێشوو بە نهێنی دەرک پێ کردن و گرتنە خۆی بابەتیانەی پێداویستەکانی ئیسلامەوە، وەک دیاردەیەکی پێشکەوتوو لە بوارە جۆراوجۆرە گیانی و فیقهی و جێبەجێ کردنی راستیان، لە رێگای پابەند بوونی زانستییەوە بەو دوو وشە پیرۆزەوە (خۆبەخت کردن و راستگۆیی)، واتاکانیان دەوڵەمەند دەکرد.

ئەوەتا میکانیزمی جێبەجێ کردنی سەربەستی و بنەما و پێویستییەکانی خۆیان لە ناوەرۆکی واتا و واتادارەکاندا دۆزییەوە، بەرەو راپەڕاندنی کۆمەڵ و وەبەرهێنانی ناوەرۆکەکەی، بەرەو بنیاتنان و گەشە کردن و نەهێشتنی چەوساندنەوە و ستەم و داپڵۆسین، ئەڵبەتە بە بێ راستگۆیی لە بەردەم گەل و لە ئاست پابەندییە میللییەکاندا، ناتواندرێ هەنگاو بەرەو جیهانی لە خۆگرتنی مرۆڤایەتی و راستییەکانی ئیسلام هەڵبهێندرێ، ئەم واتا دیارانەی نیشانەکانی جیاوازن لە هەست و خوێندنەوەی کۆنەپەرستی نەبزواو، بەم جۆرەی خوارەوە:

<u>یەکەم</u>: نیشانە جیاکەرەوەکانی ئیسلام لە روانگەی موجاهیدینەوە، باوەڕ کردنە بە ڕا و خواستی گەل، وەک پێوانەیەکی رەوا لە دامەزراندنی دەسەڵاتی حوکمڕانیی سیاسی، کە ئەمەش





لەگەڵ فەرموودەی ئیمام عەلی (سڵاوی لێ بێ) سەبارەت بە قبووڵ کردنی سەرکردایەتیی موسڵمانان **«لولا حضور الحاضر وقيام الحجة بوجود الناصر وما اخذ الله على العلماء ان لا يقاروا على كظة ظالم وشعب مظلوم لالقيت حبلها على غاربها»...**

<u>دووەم</u>: نیشانەی دیاری ئیسلامی موجاهیدین باوەڕ کردنە بە دینامیکیەت و دیالیکتیکیەتی بەند و یاساکانی ئیسلام، کە لە لایەن دامەزرێنەرە پێشەنگەکانی موجاهیدین روون کرانەوە و واتاکانی وەک رەوتێک پەسند کران، لە پاشان لە لایەن بەرێز مەسعوود رەجەوییەوە پەیڕەو کرا. ئەم نیشانەیە سەنگێکی دینامێکی و زیندووی بە یەکسانیی بەهاکانی ئیسلام دا، واتە لەگەڵ جێبەجێ کردنیان بە پێی پەیامی ئیسلام، پێویستە بەندەکانی ئیسلام لەگەڵ باری تازە و گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و مێژووییەکاندا خۆیان بگونجێنن، ئەمەیە واتای بابەتیانەی داهێنان و خوڵقاندن لە بواری بیرکردنەوەی ئیسلامدا، کە بایەخ بە بنەماکانی خۆی دەدات و نابێ بە بیری واهیمە و چەواشە کردن و نەفامی و نەبزۆکییەوە، لاوازو نەدار بێت، ئەوەی سەر بە دینامیکییەتی بەهاکانی ئیسلام و ئایەتەکانی قورئانەوەیە، ئەڵبەتە بابەت رێنمایی فرە گرنگ هەن، لەوانەش وتارەکانی ئیمام عەلی (سلاوی لێ بێ) دەتواندرێ وەک سەچاوەیەک ئاماژەیان بۆ بکرێ هەروەک چەندین لێکۆڵینەوەی زانستیی شی کردنەوە و زانستیی تر هەن کە دەتواندرێ سوودیان لێ وەربگیرێ.

<u>سێیەم</u> نیشانەی جیاوازی لە ئیسلامدا خۆی لە خوێندنەوەی موجاهیداندا دەنوێنێ و خۆی لە ئاماژە پێ کردن و دووپات کردنەوەی قبووڵ کردنی ماف و بنەما دیموکراتییەکانی خاوەن رای بەرانبەر و پێویستیی یەکخستنی بیر و بۆچوون و تێڕوانینی جیاواز لە رەوتی خەبات و تێکۆشاندا، ئەمەش لە پێناوی سەربەستی و ئازادی و رزگار بوون لە چەوساندنەوە و دیکتاتۆریەت و خۆ سەپێنەران، کە چقڵ و کۆسپ و بەستی بابەتانە دەخاتە بەر بوارەکانی پێشکەوتن و گەشە کردنی و نەشونما کردنی کۆمەڵایەتی...

ئەوەتا یەکێتیی گەل و یەکگرتنی پێکهاتەکانی و گەڵاڵە کردنی راکان و راڤە کردنیان لە واقیعی سیاسیدا زامنکەری گەیشتنە بە ئامانج و هیوا و بەرژەوەندیی گەلی ئێران، ئەڵبەتە هەندێ ئیمامی بێگەرد و پیرۆز بە تایبەت ئیمام جەعفەری سادق (سڵاوی لێ بێ) لێدوانی فراوانی هەیە لە ئاست کێشەی خستنە رووی را لە بەرانبەر خاوەن را جیاوازەکاندا. هەروەک (محەمەد حەنیف نەژاد)ی دامەزرێنەری رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران ئەوەی دووپات کردەوە، کە پێویستە ناکۆکی و بارودۆخی شێوەیی، دەرەنجامی بۆچوون لە ئاست بیروباوەڕی ئایینیدا نەبێ، دەڵێ پێوانەی یەکێتی و هاریکاری لەگەڵ لایەن و کەسێتیی سیاسی، پەیوەندە بە هەڵوێست و کردار و هاوبەشیی خەبات لە دژی دیکتاتۆر و ستەمکار.

ئیمامی عەلی (سڵاوی لێ بێ) لەو فەرمانانەی کە ئاڕاستەی «مالک الاشتر»ی کردن، تێیاندا دەڵێ پێویستە خەڵکی تەنانەت بە ناموسڵمانەکانیشەوە چاودێر بکرێن و بپارێزرێن ..شێرێکی درندە مەبە بە سەریانەوە هەوڵی خواردنیان بدەیت. ئەڵبەتە ئەوانە دوو جۆرن یاخود برای ئایینیتن، یاخود هاوشێوەتن لە خوڵقاندندا. **«لا تكونن عليهم سبعاً ضارياً تغتنم أكلهم فأنهم صنفان أما أخ لك فى الدين وأما نظير لك فى الخلق».**

لەسەر ئەم بنچینەیە موجاهیدین بە تەواوەتی باوەڕێکی چەسپاو و ڕاستەقینەیان بە بۆچوون و بیرەکانی ئیسلام هەیە، کە لە بەهاکانی شەریعەتی ئیسلام و دەقی بەندەکانی قورئان و «نهج البلاغە»وە وەرگیراوە و لە پێناوی دەوڵەمەند کردنی بۆچوونەکانیان، دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی موجاهیدین و بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی، لێکۆڵینەوەی درێژ و چڕیان لەم بارەیەوە کردووە، کە جەخت بکاتە سەر تەوەرە بنەڕەتییەکانی، کە بۆچوون و ڕوانگەی سیاسیی گشتی و پەیڕەوی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییان پێک هێنا و پێک دەهێنن، بۆ خەبات دژ بە دەسەڵاتی زاڵمانەی شا..

ئەوان باوەڕێکی تەواویان هەیە بەوەی ڕێگای خەبات و تێکۆشان بەرهەمێک بە دەستەوە دەدات، لەمەشدا سوودیان لە تاقی کردنەوە و پەند و واتای خەباتی پێشوویان وەرگرت، بە تایبەتی ئەزموونەکەی دکتۆر موسەدق کە دەسەڵاتی شای لغاو کرد و نەوتی ئێرانی خۆماڵی کرد، بە هەوڵ و کۆششی خۆی و بەبێ بوونی هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی لایەنگیر، دەوڵەتی یاسای دامەزراند، هەر بۆیە کاری پیلانگێڕانی لایەنانی گومان لێکراو ئاسان بوو، بە مەبەستی ڕووخاندن و پێشێل کردنی وەزارەتە نیشتیمانییەکەی، کە نوێنەری خواست و ویست و ئامانجی پێکهاتەکانی گەلی ئێران بوو. هەر لە کاتی شۆڕشی دەستووری و مەشروتییەوە بە شێوازی چالاکی، موجاهیدین لە نێو ناوەندەکانی جەماوەر و ڕۆشنبیراندا، کە ئەو بارەی بۆ لوا هەنگاو بەسەر ئەو کەم و کوڕییەی بوونی ڕێکخراو و ئایدیوولۆژیادا هەڵهێنێ، بیر و کرداری شۆڕشگێڕانەی جەماوەر لە ویستی ڕاپەڕێنێ و کارڕاییەکانی گۆڕانکاری سیاسی ببزوێنێ، چونکە جەماوەری ئێران خاوەن بەرژەوەندی ڕاستەقینەیە لە ڕایی کردنی گۆڕانکاریی سیاسی، سەردەمێک کە جەماوەر دەورێکی دیار دەبینێ، ئەڵبەتە خۆشی سەرچاوەی دەسەڵات و خواستی سیاسیی ڕەوایە، کە ئەو خواستەی لە هێزی کار و جەختی خودی جەماوەر و هێزەکانییەوە وەردەگرێ، بەڵام بە داخەوە دەسەڵاتی شاهەنشا لە ئابی ١٩٧١دا گورزێکی کوشندەی لە بزووتنەوەی موجاهیدین وەشاند، ئەویش بە هۆی چالاکیی پەرەسەندووی موجاهیدین و بە نهێنی تێهەڵکێش بوونی پیاوانی شا (ساواک) لە ڕێکخراوی موجاهیدین، ئاشکرا کردنی بنکەکانیان، بەو گورزەش پێشەوا و پێشەنگانی دامەزرێنەری موجاهیدین و ٩٠٪ی ئەندامانی ڕێکخراوەکە بەند کران.





لە ٢٥ی ئایاری ١٩٧٢ دامەزرێنەری ڕێکخراوەکە و ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی ڕێکخراوەکە، پاش داکۆکی کردنێکی چاو نەترسانە و بەرگری کردن لە بەهاکانی ڕاستەقینەی ئیسلام و سەربەستیی گشتیی جەماوەر و پێویستیی خەبات دژ بە دیکتاتۆر و خۆسەپێنەران و جەورسازیی دەسەڵاتی شای ستەمکار، لە بەردەم دادگاکانی شادا بڕیاری لە سێدارەدانیان درا. تەنانەت ئەو دادگاییانەیان کردە گۆڕەپانی دادگایی کردن و تۆمەتبار کردنی ئایدیۆلۆژی و مێژوویی و سیاسیی ڕژێمی شا.

ئەوەتا دامەزرێنەران و ئەندامانی کۆمیتە ناوەندیی ڕێکخراوەکە بە پشت بەستن بە ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەی ئیمامەکان، ڕێگای ڕاستیان گرتە بەر لە بەرگری کردن لە پێویستیی خەباتی دژ بە دیکتاتۆرییەت و دابین کردنی ئازادی و پێویستیی ڕماندنی ڕژێمی دیکتاتۆری. ئەم بەرگری لە خۆ کردنەی موجاهیدین ڕەنگدانەوەی بەها پیرۆزەکانی ململانەی ڕووناکی و خێر و هەق لە بەرانبەر تاریکی و ناڕەوایی و شەڕخوازی بوو.

سەرەڕای ئەو هەموو گورزانەی کە شا و بەکرێگیراوانی دەسەڵاتە کۆنە پەرستەکەی دژ بە ڕێکخراوەکە وەشاندیان، بەڵام موجاهیدین کە پابەندی بیروباوەڕی ئیسلام بوون، لایەنگیری و پاڵپشتیی و هاوکاریی توێژە کۆمەڵایەتییەکانیان وەدەست هێنا، بە تایبەتی خوێندکارانی زانکۆ و پیاوانی پێشکەوتنخوازی ئایینی و قوتابیی ئایینی و گەنجان و بازرگانیان زامن کرد. ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بەسەر بەردەوام بوونی خەباتی موجاهیدین و هاندانی قوتابیان و جەماوەر، کە بە هۆیەوە بەرەبەرە زەمینە خۆش کرا بۆ بەرپا بوونی شۆڕشی١٩٧٩.

ئەوە بوو لە دواڕۆژانی ڕاپەڕینەکەدا خومەینی ئەم هەلەی قۆستەوە و بووە تەنیا سەرکردەی ڕاپەڕینەکە. لە ئەنجامدا شا بەرەو دەرەوەی ئێران هەڵهات و زیندانیانی سیاسی بەردران، لەوانەش سەرکردەکانی موجاهیدین و بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی، کە لە بری زیندانیانی سیاسی وتارێکی لە بەردەم جەماوەرێکی زۆر، لە بەردەم زیندانی ناوەندیی تاراندا خوێندەوە. ئەڵبەتە پاش ٢٢ ڕۆژ، هێزی گەل و گەنجانی شۆڕشگێڕ دەسەڵاتی پادشایەتیی شاهەنشایان لە تاران و شارەکانی تری ئێراندا ڕووخاند، بە ڕووخاندنی دەسەڵاتی زۆرداری و ستەمکاری و دەسەڵاتی کۆنە پەرستیی پادشایەتی، خواست و ویستی ڕاستەقینەی جەماوەری گەل هاتە دی. ئەگەرچی ئەوەندەی پێ نەچوو پەڵە هەوری ڕەش و بیروباوەڕی تاریک پەرستی بە هۆی ڕەوتی خومەینییەوە دەستی ڕەشی گرت بەسەر شۆڕشی گەل و قوربانییەکانی گەل و ئامانجە مرۆڤایەتییە پیرۆزەکانیدا. ئەم زەوت کردنە مێژووییە لاپەڕەکانی خەباتی هێزە سیاسییەکانی ئێرانی درێژ کردەوە، خەباتی بەرەو هێنانە دیی ئامانجە ڕاستەقینە و خواستەکانی جەماوەر و شەرعییەت و نوێنەرایەتیی ڕاستەقینەی جەماوەری پتەوتر کرد بۆ دەرباز بوون لە واهیمە و

فرۆفێڵە چەواشەکەرەکانی خومەینی و دەرپەڕاندنی لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا.

دەتوانین بڵێین کە ئەنتلجنسیای مێژووی ئێران، عەلی قەیسەری لە بەشی ڕەخنەی ڕۆژئاوایی و پرسیاری نوێ کردنەوە لە ساڵی ١٩٧٩دا کۆتایی نەهات، خەبات و تێکۆشانی هێزە سیاسییەکانی گەلی ئێران لەوانەش بزووتنەوەی موجاهیدینی خەلق، بەشی تریان دەخرێنە سەر کە ئەنتلجنسیای مێژووی ئێرانی نوێ و هاوچەرخ دەوڵەمەندتر دەکات، قوربانیی شەهیدە نەمرەکانی بواری دژایەتی کردنی دەسەڵاتی شا یان دەسەڵاتی خومەینی، کە دەسەڵاتی دەوڵەتی ئاینیی (تیۆکراتی) چەسپاند و ڕەوتی ویلایەتی فەقیهی پەیڕەو کرد، بە هۆیەوە خواست و ویستی نیشتیمانیی جەماوەر و گەلیان زەوت کرد بە مەبەستی پەکخستن و شێواندنی بەهاکانی ئایین بە ڕەوتی توندڕەوی و درۆ و دەلەسە و چەواشە کردن، بەرەو پتەو کردنی واتای بەردەوام بوونی دژایەتی و کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیرییەکانی گۆڕەپانی سیاسی.

پێش ئەوەی بچینە سەر باسی خەباتی گەلی ئێران، کە خەباتی بزووتنەوەی موجاهیدینی خەلق دەگرێتەوە، پرسیارێکی ڕەوامان دێتە پێش، بۆچی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق پاش شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ دەسەڵاتی نەگرتە دەست، کە لەبارەی ڕوانگەی سیاسیی گشتی و پەیڕەو کردنی ئایدیۆلۆژیاوە، شایستەترین ڕێکخراوی ئایدیۆلۆژی بوو، ڕەنگ و بۆی نوێکاری و باوەڕی ئیسلام و لایەنی عەقڵانیی پێوە دیار بوو، واتە ئاوێتە کردنی هەردوو دژواری (ڕۆحانیەت و عەقڵانیەت)، کە ئەمەش لە ژیانی سەردەمدا بە هۆی نوێکاری و ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاری و بەها و داب و نەریت و بنەماکانییەوە، شیاوترین ڕێکخراو بوو؟

وەڵامی ئەو پرسیارە خۆی لەوەدا دەدۆزێتەوە، کە شای ئێران دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکەی لە سێدارە دا و سەرکردەکانی بزووتنەوەکە، لەوانەش مەسعوود ڕەجەوی و چەندینی تری لە زیندان توند کرد، لە دوایین پۆلی زیندانیانی سیاسیدا، لە بیستی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٧٩و پاش ڕاکردنی شای ئێران، بەربوون و لەوانەیە ئەمەش خواستی یەزدان بوو بێت، بۆ تەواو کردنی ئاقیکردنەوەی ئیرادەی گەلی ئێران. بە گوێرەی جەدەلیەتی بەربەرەکانی کردن و بەدەنگەوە چوون لە بەردەوم ڕەوت و ڕەوڕەوەی مێژوو، بوونی بەردەوامی بە بێ ڕاوەستان، دیکتاتۆریەت و خۆسەپێنەکان ناتوانن ڕەوتی ڕەوڕەوەی ژیان بوەستێنن، تەنانەت تاقە دەرئەنجامی ئاقڵانە ئەوە ڕوون دەکاتەوە، کە دەسەڵاتێکی فاشیزم و کۆنە پەرستی هەمیشە چەسپاو بێ لە بەردەم گۆڕانکارییە ناوەکییەکانی نوێکاری و نوێ کردنەوەدا، بە گوێرەی ڕوانگەیەکی هاوچەرخ، کە بەدەنگ خواست و ویستی جەماوەرەوە بێ و تەمی واهیمەی گەندڵیی پیاوان و جەلاد و مەلا حوکمڕانەکانی ئێران ڕاماڵێ.





بێگومان دەسەڵاتی کۆنە پەرستی ئێران هەر خۆی، خۆی لەناو دەبات، چونکە لەم بارودۆخەی هاوچەرخدا و لە ژێر سایەی بیروباوەڕ و بنەما و بەهاکاندا، مەحاڵە بەو جۆرە بیرە تاریک و شێواز داپڵۆسینە دڕندانەیە ڕازی بێت. یا بە بوونی ئەو جۆرە ڕژێمە نامرۆڤایەتییەی ئەنجامی دیاردەی خومەینی ساکن کات، ئەو ڕژێمەی شێوەی هاوسەنگێتیی کۆمەڵایەتیی شێواند، بەهاکانی نهێنیی جیاوازیی ڕەگەز و نەتەوایەتی و ئایینی و مەزهەبیی لەراند، کە بە پێچەوانەوە دەبوایە بەها ڕەسەنەکانی ئیسلامی بڵاو بکردایەتەوە، کە بەهای بزووتنەوەی موجاهیدینی خەلقی ئێرانە.

لە ناوەڕۆکی ئەم پێداویستانەوە، گەر وەبەرهێندران و هاتنە دی، لە ئەنجامدا بیناکاریی ئێرانێکی هاوچەرخ دەگەیەنێ، کە گشت کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی بە شێوەیەکی دیموکراتیانەی هاوشانی گۆڕانکارییە ڕۆشنبیریی و شارستانییەتەکان چارەسەردەکرا، لەوانە بوو ئێران لە ئاست و شوێنێکی تری وەبەرهێنانی مرۆڤانە و لایەنی نیشتیمانی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی دەبوو، سەرەڕای پەیڕەو کردنی سیاسەتی تێکۆشانی ئاشتیخوازانەی ئیجابی لە لایەن ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقەوە بە درێژایی ماوەی (شوباتی ١٩٧٩ تا حوزەیرانی ١٩٨١) و ڕاگەیاندنی بەرنامەی سیاسیی پاش ڕووخاندنی شا، کە جەختی دەکردە سەر دووپات کردنی پەیڕەوی دیموکراتی پێکهێنانی ئەنجوومەنی دامەرزراندن (مجلس مؤسسان)، کە خومەینی لە پاریسەوە پەیمانی ئەوەی دا، جگە لە پەیڕەو کردنی ڕەوتی سەربەستیی گشتی و پاراستنی مافی کەسان و چارەسەر کردنی کێشەی کورد و کێشەی کەمایەتییە نەتەوایەتی و ئایینییەکانی تر لە چوارچێوەیەکی زانایانەی ئاشتیخوازانەدا، تەنانەت پاراستنی مافی ئافرەت و هەندێ کێشەی تری هاوشێوە، بەڵام بە هۆی لادانی خومەینی لە ڕەوتی شۆڕشی ئێران، ئەم جۆرە بۆچوونانە پەیڕەو نەکران و زیندە بەچاڵ کران.

موجاهیدین کە هێزێکی سیاسیی ڕێکخراوی موسڵمان و خاوەن ناسنامەیەکی خەباتکارانەیە دژ بە ڕژێمی شای ئێران، دەبێتە بەردی بناغەی هەڕەشەی سیاسی و کۆمەڵاتی دژ بە قەوارە کۆنە پەرستەکەی خومەینی، کە بە پێچەوانەی ئامانج و پێویستییە ڕاستەقینەکانی جەماوەری ئێرانەوە کەوتە کار، پانتایی پەراوێزی واهمیە و غوربە و درۆ و دەلەسە و فرۆفێڵ و بەهانە و بیانووی، لە دژی گەل و ژیانی سیاسیی گشتی فراوانتر کرد.

لەو کارە بنەڕەتیاتەی کە خومەینی و دەستە و دایەرەی مەلاکان خستیانە ڕوو، جیاوازیی تایەفەگەری و جیاوازی لە نێوان موسڵمانان و ئایینەکانی ترە، ئەم کارەش وەک داکوتانی مێخێک بوو بە گیانی پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی گەلی ئێران، دژ بە پێشکەوتن و ژیانی ئاشتیخوازانە و کۆمەڵایەتیی ئێران بوو.

ئەم بۆچوونە سیاسییە ناڕەوایەی خومەینی و دەزگای مەلاکان و جیاوازیی تایەفەگەری وزە و شێوەیەکی سیاسیی سنووررداری دەردەخات، کە بیری کۆنە پەرستانە و تاریک و ئاسۆ تەسکی و کارڕایی تەم و مژاوی دەنوێنێ، لە ئەنجامدا بەکارهێنانی شێوازی داپڵۆسێنەر و دڕندانەی دژ بە ڕۆڵەکانی گەلی ئێران، بە تایبەتی دژ بە ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و کورد و کەمایەتییەکانی ترە. بەم داپڵۆسین و دەمکوت کردن و بە کۆمەڵ لە سێداردانە، ئەوە دووپات بووە کە دەسەڵاتی خومەینی دوورەپەرێزی جەماوەری گەلی ئێرانە وەک ڕژێمە خۆسەپێنەرەکانی تر. گەلی ئێران بە هەموو پێکهاتەکانییەوە لە دۆڵێکدان و ڕژێم لە دۆڵێکی تردایە. ئەمەش پاڵپێوەنەری پێداویستی رەوایە بۆ هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێران، کە خەبات و تێکۆشانیان بەردەوام بێ تا ئامانجەکانی گەل و بە تایبەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکاری ئێران و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و هێزە کوردییەکان و ڕێکخراو و کەسایەتییە نیشتیمانییەکانی تری ئێران دێتە دی.



٤

**بەشی چوارەم**

# دیاردەی خومەینی

لە گەرمەی ڕاپەڕینە جەماوەرییە شۆڕشگێڕییەکەی ئێران، کە بنەما میللی و هێزە نیشتیمانییەکان، بە تایبەت خەباتی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، زەمینەیان بۆ خۆش کرد، خومەینی لە فەڕەنساوە بەرەو ئێران بووەوە، تا سەرکردایەتیی شەرعییەتی شۆڕشەکە بکات و لە بارودۆخێکی فرە سەختی ئاڵۆزدا، هەردوو دەسەڵاتی سیاسی و ئایینی بگرێتە دەست، ئەڵبەتە بە ئاوێتە بوونی ئەو دوو دەسەڵاتە توانایەکی گرنگی لە ڕادەبەدەر دێتە کایەوە، کە خومەینی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتی ئایینی (تیۆکراتی) دەیقۆزێتەوە، لە هەنگاوی یەکەمدا بە یارمەتی و کار یەکخستن لەگەڵ هێزە لیبراڵەکانی ئێران، توانی سەرکردایەتیی شۆڕشە جەماوەرییەکە زەوت بکات، پاش هێور بوونەوەی باری گشتی، بە شێوەی (ویلایەتی فەقیهی) و بە سیاسەت کردنی ئایین بێنێتە کایەوە، ئنجا بە ناوی مافی یەزدانییەوە حوکمڕانێتی بسەپێنێ و بە زۆرەملی ئەو سیستەمە فەرز بکات، بەرهەڵستکاران و لایەنگرانی، کە دژ بەو جۆرە بۆچوونەی دژ بە ڕەوتی سەردەم و مێژووی نوێکاری بوون، داپڵۆسێ و بەرەنگاریان بێتەوە، ئەڵبەتە ڕەوشتی خومەینی کوتومت ڕەوشتی چەرخەکانی تاریکییە. شێوازی قۆرغ کردنی دەسەڵات و تاکڕەوی، ڕا و ڕەوشتی کۆنەپەرستانەی داپڵۆسێنەرانەی گرتە بەر و سەلبیانە کاری کردە سەر ڕێڕەوی کاروانی پاش شۆڕشە جەماوەرییە پیرۆزەکە، هەروەک بووە هۆی داشکاندن و داڕماندنی بنەرەتیی بنەمای بیروباوەڕ و کۆڵەکەکانی کۆمەڵگا و پێداویستەکانی ئایینی ئیسلام، کە ئایینی لێبوردن و سەلیقە و دادوەری و ئاشتی و یەکسانییە.

ئەو بەها ئیسلامییە مەوزووعییانەی کە پشت بە دادوەری و ئینسافەوە دەبەستن، بە تەواوەتی جیاوازن لە رەوتی شێواندن و بە سیاسەت کردنی ئایین و بەرەو تایفەگەری و پرۆژەی پەتیی ویلایەتی فەقیهی رەها، کە خواست و ویستی جەماوەر و گەل زۆردارانە زەوت دەکات. کێ مافی یەزدانیی بە خومەینی داوە کە پێوەی بنازێ کە پێچەوانەی فەرموودەی یەزدانی مەزنە؟ ئەوەتا لە سورەتی بەقەرە ئایەتی ١٢٤دا دەفەرمووێ:(وَإِذِ ابْتَلَى إِبْرَاهِيمَ رَبُّهُ بِكَلِمَاتٍ فَأَتَمَّهُنَّ قَالَ إِنِّي جَاعِلُكَ لِلنَّاسِ إِمَاماً قَالَ وَمِن ذُرِّيَّتِي قَالَ لاَ يَنَالُ عَهْدِي الظَّالِمِينَ). واتە ستەمکارەکان پەیمانی منیان پێ ناگات.

ئەڵبەتە دەسەڵاتی خومەینی جەماوەری گەلی داپڵۆسی و بە سەدان هەزار کەس لە موسوڵمانانی کوشت. ئەوەتا قورئانی پیرۆز دەفەرمووێ: (الذين ينقضون عهد الله من بَعَدَ ميثاقه ويقطعون ما أمر الله به ان يوصل ويفسدون فى الارض اولئك هم الخاسرون) ئایەتی٢٧ لە سورەتی بەقەرە، هەروەها دەفەرمووێ: (وإذا تولى سعى فى الارض ليفسد فيها ويهلك الحرث والنسل والله لا يحب الفساد) ئایەتی ٢٠٥ی سورەتی بەقەرە.


واتە پاش بەستنی پەیمانی یەزدان، پەیمان دەشکێنن و گەندەڵی بەسەر زەوییەوە دەکەن، ئەوانە دۆڕاون... لە سەر زەوی هەوڵی گەندەڵی و لەناو بردنی وەچەکان دەدەن. یەزدان گەندەڵەکانی خۆش ناوێ...

واتا گشتییەکەی ئەم بابەتە ئەوەیە، کە وەلی ئەمری موسوڵمانان دەبێ بە رەزامەندی و هەڵبژاردنی راستەقینەو رەوای دوور لە زۆرداری و خۆسەپاندن و ساختە و چەواشە کردن و فرۆفێڵ و زەوت کردنی ناوکی راستەقینە بێت. خورافە و ئەباتیل دەرچوونە لە بەهای لێبوردنی ئایینی ئیسلام. حەدیسی پێغەمبەری خودا (د خ) هەیە و لە (صحيح المسلم)دا لەسەر زاری سەحابە سەعید بن زەیدەوە، کە یەکێکە لەو دە کەسەی بەشارەتی بەهەشتیان پێ دراوە، نووسراوە: ((من تولى أمر قوم من دون رضاهم فقد برئت منه ذمة الله والذى هذا حاله لا يكون منهم والذى ليس منهم لا يحق لة ان يتولى امرهم ولا يجوز الاعتراف بشرعية إمامته)).. واتە ئەوەی فەرمانی میللەتێکی گرتە دەست بەبێ رەزامەندیی خۆیان، ئەوا یەزدانی مەزن لێی بەرییە، ئەمانە لەوان نییە و ئەوەی لەوان نەبێ مافی ئەوەی نییە کە فەرمانڕەواییان بکات و ناشێ دان بە دادپەروەریی فەرمانبەریدا بندرێ.

گەر بگەڕێینەوە بو رای زانایانی موسڵمان سەبارەت بە خەلیفەی پەسند و دادوەر، ئەوەتا (ابن المطهر) لە پەرتووکی (نهج الق وكشف الصدق)دا و (الطوسى) لە پەرتووکی (تلخيص الشافي)دا، هەروەها (الشيخ المفيد) کە یەکێکە لە قسەبێژانی ریزی پێشەوەی ئیمامەکان، هەروەها (المرتضى) لە پەرتووکی (الشافى)دا و (عبدالله شبر) لە پەرتووکی (حق اليقين فى معركه







خومەینی

اصول الدين) و (طباطبائى) لە (تفسير الميزان) دا، (شهرستانى) لە پەرتووکی (الملل والنحل) و (منهاج السنه)ی (ابن تميمه) و پەرتووکی (الفصل بين الملل والنحل)ی (ابن حزم)دا. رای زانایانی موسڵمان، لە نێویاندا ئەوانەی ئاماژەمان پێ دان، کە لە بەندەکانی بەڵگەی عەقڵ و بەڵگە گواستراوەوە وەگیراوە، سنوورەکانی قەدەغە کردن و نەفی کردن و ئینکار کردنیان بەدی دەکرێ، بە شێوەیەکی تر دەرخستن و راخستنە روویەکی ئاشکرایە لە بواری ناتەبایی و هەموو ئەو قسە هەڵبەستراوانەی خومەینی و مەلا حوکمڕانەکانی ئێران دەیکەن، کە گوایە دوورن لە هەڵە و مەبەستیان داهێنان و بەردەوام بوونی رەهای ویلایەتی فەقیهە، چونکە لە هێما و خوو و رەوشت و کردار و پەیڕەو و بۆچوونی فاشیزم و شوڤینیەت و تایفەگەری جیاوازن، تەنانەت کۆمەڵەی ئیسلام بە خەتا و دوژمنکاری و کوشتنی کەسێتی و بەکۆمەڵ لە سێدارەدان، هەروەها جۆرەها شێوازی ئەشکەنجەدان و مردن جیا دەکاتەوە، ئەمە جگە لە جیاوازیی ویلایەتی فەقیهە و سیستەمی شوورای قورئانی پیرۆز، کە لە دەقێکی رەهای ئاراستە کراوی پێغەمبەر و ئەوانەی پاش ئەو حوکمڕانی ئیسلام دەبن (وأمرهم شورى بينهم) بەدی دەکرێ.

ئەوەی موسڵمانان لە سەری کۆکن، گەر هەر دەقێک بەڵگەی رەهای هەبێ (واتە گواستنەوە لەگەڵ بەڵگەی عەقڵی)، ئەوا ئەوەی دوایی دەبێ لە دەسەڵات و واتایدا بە گوێرەی پێویستیی ئەوی تریان بێ، بەڵام ئەگەر پێکەوە نەگونجان، ئەوا دەبێ دەسەڵاتی دەقەکە وەرگرین و بەڵگە عەقڵییەکە پشت گوێ بخەین.

ئەڵبەتە ئەم دەرئەنجام و دووپات کردنەوەی فەرموودەی یەزدان (وشاورهم فى الأمر) بە پێچەوانەی شەرعییەتی خۆسەپاندن و دەرکردنی فەتوای بە ئارەزوو، کە سەرپێچییە دەرهەق بە بەند و مەبدەئەکانی ئیسلام.

لە پەرتووکی سەلیم کوڕی قەیسی هیلالی، هەروەها لە (بحر الانوار)ی (مجلسى) و هەندێ کتێبی تری باوەڕ پێ کراوی شیعەدا، مەرجی شوورا بۆ ئیمام عەلی ئەوە بوو کە: (الواجب فى حكم الله وحكم الاسلام على المسلمين بعدما يموت أمامهم أو يقتل أن يعملوا عملا ولا يبدأوا بشيء قبل أن يختاروا أماماً عفيفاً عالماً ورعاً عارفاً بالقضاء والسنة) واتە پێویستە لە حوکمی یەزدان و ئیسلامدا،

که موسڵمانان کاتێک ئیمامیان دەمرێ یاخود دەکوژرێ، هیچ کارێک دەست پێ نەکەن پێش ئەوەی ئیمامێکی پاک و بێگەرد و زانا و بە ئیمان و زانا لە سوننەتی پێغەمبەر هەڵنەبژێرن..

هەروەک چەندین نموونەی تری هەڵوێستی پێغەمبەر و ئیمام عەلی و ئیمام حەسەن (سڵاویان لێ بێ) لە پەیڕەو کردنی دامەزراندنی خەلیفە، بە تایبەتی ئیمام حەسەن کە ڕێککەوتننامەیەکی لەگەڵ معاوییەدا بەست و بە مەرجی ئەوەی، کە دەبێ پاش خۆی خیلافەت بە هەڵبژاردنی موسڵمانان بێ، ئەوەی پەسندی دەکەن هەڵیبژێرن، لە بری ئەوەی بە میرات یا دامەزراندن بێ لە لایەن خەلیفەی پێشووەوە.

لەمەوە بە شێوەیەکی تەواوەتی دەردەکەوێ، کە ئیمام حەسەن گەر باوەڕی بە دامەزراندن بوایە لە لایەن یەزدانەوە، ئەوا هەنگاوی ئەوەی دەنا، کە ئەم مەرجە لەگەڵ معاوییەدا بکات و بەرژەوەندیی موسڵمانانی دەخستە پێش هەموو شتێکەوە.

بەرانبەر بەم هەڵوێستە خانەدانە و مەبدەئی و باوەڕ چەسپاوەی ئیمام عەلی (سڵاوی لێ بێ) دەبینین وتەیەکی جیاواز نوێنەرایەتیی معاوییەی کوڕی سوفیان لە یەکێ لە وتارەکانی پاش ڕێککەوتننامەی ئاشتبوونەوەی، کە لەگەڵ ئیمام حەسەن کوڕی عەلی دەکات. دەڵێ: (لەگەڵتاندا جەنگام، تا فەرمانڕەوایەتیتان بکەم ئەوەتا یەزدان ئەوەی پێ بەخشیم بەڵام ئێوە ناتانەوێ).

لە وتەیەکی تری معاوییەی کوڕی سوفیان کە لەگەڵ شاندێکی خەڵکی عێراقدا دوا دەڵێ: (**الارض لله وأنا خليفة الله، فما أخذت فهو لي وما تركته للناس، منا لفضل مني أنه لملك أتانا الله أياه**) واتە زەمین هی یەزدانە و منیش خەلیفەی یەزدانم، ئەوەی دەیبەم هی خۆمە و ئەوەی بەجێی دێڵم بۆ خەڵکی ئەوا پیاوەتیی منە، موڵکێکە یەزدان داوینێ. بە هەمان واتا لە وتارێکی زیاد کوڕی ئەبیەدا بە ناوی (ئەلبەتراء) و لە شاری بەسرا گوتی: (**انا أصبحنا لكم ساسة أو عنكم ذداة، أنسوقكم بسلطان الله الذى أعطانا ونذود عنكم بفيىء الله الذي خولنا**) واتە (ئێمە سیاسەتمەداری ئێوەین، بە دەسەڵاتی یەزدان بەڕێتانەوە دەبەین، هەر بەو دەسەڵاتەی یەزدان پێی بەخشین، دەتانپارێزین).

هەروەها لە وتەیەکی یەزیدی کوڕی معاوییەدا بە بۆنەی ماتەمی معاوییەی باوکییەوە دەڵێ: «معاوییەی کوڕی سوفیان عەبدێک بوو لە عەبدەکانی یەزدان، یەزدان ڕێزی لێ نا و کردی بە خەلیفە و دەسەڵاتی پێ دا.» لەم نموونانەش وتەی زۆری تری دەسەڵاتەکانی حوکمڕانێتی و ستەمکار لە هەموو ئان و کاتێکدا وتراوە.. ئەمەش ڕەوتی هەمیشەییانە لە بواری بە عەبد کردن و زەوت کردنی مافی خەڵک و جەماوەری گەل.

لە بارودخی هاوچەرخدا، ئەوەتا پرۆژەی تاکڕەویی خومەینی هیچ جیاوازییەکی نییە لەگەڵ





ئەو حوکمڕانە تاکڕەو و خۆسەپێنەرانەی پێشوو. ئەڵبەتە ئەوانەی پاش ئەویش لە ویلایەتی ڕەهای فەقیهدا، کە گوایە شەرعییەتی حوکمڕانییەتی لە یەزدانەوە وەردەگرێ، کە پەیڕەو و شێوازی لە ڕێگالادان و چەوتی و توندڕەوی و چەواشە کردن و واهیمە و خۆسەپاندنی تێدا بەدی دەکرێت. ململانێی خومەینی و مەلاکانی پاش خۆی، ئەگەرچی بە درێژایی ماوەی حوکمڕانییەتییان بیروباوەڕی کۆنەپەرستانە پەیڕەو دەکەن، بەڵام کێشە گەورەکە لەوەوە دەست پێ دەکات، کە ئەو بیرە دەستبەرداری دەسەڵات نابێ و دەبێتە جێگیرێکی سیاسی و لەگەڵ ڕۆژگاردا کۆن دەبێت، بە تایبەتی لە بەردەم هێز دیموکراتییە نیشتیمانییەکان. بەڵکوو ئەوە دەبێتە کارێکی مەترسی، کە ئەو وەسەڵاتە کۆنەپەرستە بیر لەوە بکاتەوە کە دەسەڵات و توانای فراوان بکات و خیلافەتی مەزهەبیی موسڵمانان دامەزرێنێ، هەوڵی ئەوەش بدات کە ببێتە خاوەن بۆمبای ئەتۆمی کە ئەمەش بە پلەی یەکەم هەڕەشە لە ئۆممەتی ئیسلامی مەزن دەکات، پاشان لە تەواوی جیهان. هەر بۆیە بەرەنگار بوونەوەی ئەو جێگرە مەترسیی لێ کراوە لە بەرەی پێشەوە دەبێ. ئەوەتا ئەم بیرە لە ئاستی ناوخۆدا تەرخانە بۆ دوژمنایەتی کردنی هێزە نیشتیمانییەکان، کە بەشێکی زۆریان خۆیان لە ئەنجوومەنی نیشتیمانی بەرهەڵستکارانی ئێران و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێراندا دەنوێنێ. بێگومان ئەمەش ڕێگای ئەوە ناگرێ کە دژایەتیی کورد و نەتەوەکانی تری ئێران بکات، لە پێناوی ئەوەشدا بیانوو بۆ کرداری داپڵۆسین و دەمکوت کردنی دڕندانە و تیرۆر کردنی لە لایەن دەوڵەتەوە دەهێننەوە، کە هێشتا هەر دژ بە گەل و هێزە نیشتیمانییەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و کوردو بەشەکانی تری جەماوەر و توێژەکانی گەلی ئێران، کە دەردەداری لە ڕێگا لادان و تەزویر و ساختە پێ کردنی پرۆژەی خومەینی بوون و بەردەوام بوونی ئەو ڕەوتە لە لایەن ئەوانەی کە لە پاش خومەینی هاتن، لەو مەلایانەی کە هیچ لەباری دنیا و ئایین نافامن، لە بۆچوونی ستەمکارانەی داپڵۆسینەر و تایفەگەری فاشیزم نەبێ. ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە لە ئاست پووچەڵیی بیرو ئایدیۆلۆژیا، بە پێچەوانەوە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، کە زۆر بە ڕوونی و ئاشکرا و مەوزووعییانەوە لە ناخی بیر و بنەماکانی ئایینی ئیسلامەوە هەڵدەقووڵێ ، پشت بە دیالکتیک و دینامیکییەتی دەسەڵاتی بەندەکانی شەریعەتی ئیسلام دەبەستێ، لەگەڵ ئاڵوگۆڕی مێژووی ڕۆشنبیری و شارستانیەت و یاسادا ڕەوت دەکات، پابەندی زانستیانەی فیداکاری و ڕاستگۆیی و خۆ بەخت کردن و لە خۆ گرتنی هۆ و هۆداری هەموو ڕاستییە هاوجۆرەکانی یا لە ئاسۆی دیاردەکەدا، واتە بە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانییەوە و پەیوەندییە بیندراو و نەبیندراو و هەست پێ کراو و هەست پێ نەکراوەکان.

بەم بۆچوونە مەبدەئی زانستی جیهادکارانەوە، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران هەنگاوی بەسەر کێشەکانی گۆڕەپانی سیاسی و هزری و بەسەر کێشەی مێشک پووتی و نەبزواوی بیر و

لە ڕێگا لادانی خومەینیدا هەڵهێنا، کە لە بەرنامە و شێوازەکانی دواکەوتوویی و ناشارستانیانە و دژە ئیسلامی و دژە مرۆڤانەی خومەینیدا دەردەکەوت. بەو بۆچوونە مەبدەئییە، سەروەری بە گەل دراوە هەروەک چۆن لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (**وأمرهم شوری بينهم**)، ئەوەش ئەم مەبدەئەیە کە لە دەقی قورئاندا هەر چەشنە بە لاڕێدا بردن و نوێنەرایەتی کردنی خودا ڕەت دەکاتەوە، کە خومەینی لە پلانی (ویلایەتی فەقیهی ڕەها)دا باسی دەکات. باوەڕی ئیسلام بە (**وأمرهم شوری بينهم**) واتە کارتان بە راوێژی ناوخۆتان بەڕێوە بەرن، کە واتا و داڕشتە و لایەنەکانی جێبەجێ کردنی حوکمڕانێتی دیموکراتییەتی ئیسلام، هەر لە سەردەمی پێغەمبەرەوە تا ئێستا، یاخود هەر لە ڕۆڵی دیموکراتی ئەسیناوە تا ئەم سەردەمەی مرۆڤایەتی و سەدەی شازدە و بەرەو دوا، واتای مافی یەزدانی حوکمڕانییەت لە پادشا و فەرمانڕەوایانی ستەمکار سەندرایەوە و ڕۆڵ و خواست و ویست بە جەماوەر و گەل و تەواوی نەتەوە درایەوە، نەک بۆ تاکە کەسێک یا توێژێک کە یاری بە توانا و چارەنووس و خواستی نەتەوەوە بکات.

لە سەردەمی ئیستادا پێویستە ئەم هەورە ڕەشە بەسەر موسڵمانانەوە برەوێتەوە، پێویستە گەلی موسڵمانی ئێران پێوانە بەراورد بکات و لایەنی ڕەوتی راست و دروست بگرێتە بەر، کە پێویستە لە رووبەری سیاسیی گەلی ڕەسەنی ئێراندا ڕەنگ بداتەوە.

لەبەر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی پاش شۆڕش تا کاتی ئەمڕۆمان دەبینین مەودایەکی پان و بەرین لە نێوان ئیسلامی ڕاستەقینە و دیاردەی داهێنانی دوور لە ئیسلام و ساختەکاری خومەینیدا هەیە کە بە ناوی ئیسلامەوە هاتە کایەوە.

ئیسلام ئایینی یەکتاپەرستی و مرۆڤدۆستی و میهرەبانییە بە جۆرێک، کە مرۆڤ دەخاتە بازنەیەکی هزری و دەروونی و عەقڵانی و ویژدانییەوە و نزیکی دەکاتەوە لە ڕۆشنایی و تیشکی خودایی. ئەوەش لە کاتێکدا خومەینی و هزری ویلایەتی فەقیهی ڕەها، بنەماکانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگای ئێرانی تێک داوە، بەسەر گەلانی دەوڵەتانی دراوسێی ئێرانیشدا شێوازی هەناردنی توندڕەوی و کاری تیرۆریستانە ڕەنگی دایەوە.

ئەم ڕەوتە دوژمنکارییەی خومەینی، جەنگ و دەردەسەری و کۆسپ و کاریسەی بۆ گەلی ئێران و گەلانی دراوسێی نایەوە. ئەمەش لە ڕەوتی پێشکەوتنی گەلی ئێران کەم دەکاتەوە و گونجاوی لۆژیکی هاوچەرخ و مەبەستە سیاسییە گشتییەکان نییە.

هێما گشتییەکانی گشت ڕێکخراوەکان، بەردەوام بوونیانە لە گۆڕانکاری بە گوێرەی کارگێڕە دینامیکی و دیالیکتیکییەکان، کە لە ئەنجامی پەیوەندەییە گشتییەکانی ئەم یا ئەو ڕێکخراوەوە دەبن، ئیدی کارێکی نەگۆڕ نییە گەر ئەو چەسپاندنێکی شکلییە لە پێکهێنانی سەرمایەداریی





نێودەڵەتیدا، بە هۆی ڕەوشتی زۆر بلێیی و قۆرغ کردن و زەوت کردن و خۆسەپاندن و دەسەڵات فەڕز کردنەوە خۆی دەنوێنێ.

ئەم ڕووە ناشیرینە تاوانبارە دەبێ گەلان پەنجەی تاوانبارییی بۆ ڕاکێشن، تەنانەت هەموو هەڵسوکەوت و شێوازەکانی دژ بە بەهای مرۆڤایەتیی ناوخۆیی و نیشتیمانیی و نێودەوڵەتیی خومەینی و دەستە و دایەرەی، یا مەلاکانی پاش خۆی، تاوانبار بکرێت، ئەڵبەتە هیچ ڕێگایەکی تر نییە لە تاوانبار کردن زیاتر.

ئاشکرایە خومەینی دەسەڵاتی ئێرانی گرتە دەست، بەڵام لە لایەنی سیاسی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە بە ڕادەیەکی پێویست شایستە نەبوو. گەر بگەڕێینەوە بۆ پاشینەی سەرگوزشتەی ژیانی پێش شۆڕشە جەماوەرییەکە، ئەڵبەتە هەمیشە بیروباوەڕ و چەمک و واتای کۆنە پەرستیی بەسەرچووی دەخستە ڕوو، تەنانەت خواست و ویستی ڕژێمی شاهەنشا بوو، هانی دەدا کە ڕەوتێکی دژ بە دیموکراتییەت و نامرۆڤانە پەیڕەو بکات، بە تایبەتی لە کێشەکانی جەماوەری ئێران و بوارەکانی سەربەستی و ئازادی و سەربەستیی ئافرەت و هەڵوێستی لە



لە لایەن دار بە دەستەکانی حکومەتەوە ژمارێك لە موجاهیدین بریندار کراون - ١٩٨١

ئاست شۆڕشەکەی.. هی تر، هەر بۆیە سەنگی ئەو بیرە کۆنەپەرستە بەسەرچووانەی لەو راستیانە دووری دەخستەوە، کە لە مەودایەکی درێژ خایاندا بەرژەوەندییەکانی گەلی ئێرانی دەهێنایە دی.

تەنانەت لە هەردوو لایەنی مەوزووعی و زانستییەوە کەسایەتییەکی لاوازە، بەڵام وەک ستەمکارێک خۆی سەپاند و وەک دڕندەیەک دەست پارێزیی لە خوێنڕشتنی موسڵمانان نەکرد، کە ئەمەش لە هەست و ئارەزووی دڕندانەوە بوو بۆ چەوساندنەوەی جەماوەر و ماف زەوت کردنیان و خستنەکاری درۆ و دەلەسە و چەواشە کردن. ئاساییە کە بەهاکانی ئایینی ئیسلام بانگهێشتی ئاشتی و لێبوردن و لەخۆ بوردن و یەکسانی هەمووان هەڵ دەدات، کە ئەمانەش بەرەو ئاسایش و هێوری و هێمنی و رەوشت بەرزی دەمانبەن. کەواتە کێ دەسەڵاتی ئەوەی دا بە خومەینی بۆ زەوت کردنی شۆڕشی جەماوەری ئێران و شێواندنی بنەماکانی ئیسلام، بە رەوتی خۆسەپاندن و توندڕەوی و تیرۆر کردن و کوشتنی تاکە کەسان و بە کۆمەڵ و لە سێدارەدانی خەڵکی بێ تاوان بە سەر شەقامەکانەوە و بەند کردنیان لە تاریکیی زیندانەکاندا، ئەم بۆچوونە تاوانکاری و زۆرەملێ و تایەفەگەرییەی لە راستیدا بەهاکانی ئایینی ئیسلام دەشیوێنن، هەروەک لەوەو پێش لە سەردەمی ئەمەوییەکاندا هەمان شت رووی دا، کە ئیسلامیان لە ناوەرۆکە مرۆڤایەتییەکەی کرد و دەست درێژییان کردە سەر ماڵی موسڵمانان. ئەو بارە لە لای حوکمڕانانی مەلاکانی ئێران دووبارە دەبێتەوە. ئەڵبەتە دەبوایە بە گوێرەی دەقی ئەو دەستوورەی کە مەلاکانی تاران هێنایانە کایەوە، بەپێی مادەکانی (١٢) و (١٤) و (١٥)، ناوی دەوڵەتی (شیعەی جەعفەری) لە ئێران بنێن، ئەوەتا لە ماددەی (١٢)دا کە دەقەکەی دەڵێ (مەزهەبی جەعفەری) مەزهەبی فەرمییە، و لە ماددەی (١١٥)دا دەڵێ دەبێ سەرۆک کۆمار ئیماندار بێ و باوەڕی بە مەزهەبی فەرمیی دەوڵەت بێ، کە مەزهەبی شیعەی جەعفەرییە. ئەڵبەتە بە زەبری ئەم ماددە دەستووریانە، نابێ هیچ موسڵمانێک لە شیعەی جەعفەری بەو لاوە، پۆستی سەرۆک کۆماری پێ بدرێ. ئەمەش بیرتەنگی و تەسکی و توندڕەوییە و لەگەڵ سروشتی ئیسلامی راستەقینەدا ناگونجێ، تەنانەت لەگەڵ راستیی مەزهەبە فیقهییەکاندا ناگونجێ، ئەمەش پابەندی ئەوەمان دەکات کە ئێران تا رۆژی حەشر دەوڵەتێکی تایەفەگەری (شیعە) بێ، ئەمەش لەگەڵ ئیسلامدا ناگونجێ و لە راستیدا قۆرغ کردنی فیکریی موسڵمانانە، زەوت کردنی مافی نوێنەرایەتی کردن و هەڵبژاردن و پەیڕەو کردنی قەناعەتی عەقڵیی کەسانە و فەرز کردنی مەزهەبێکە بەسەر کۆمەڵدا، ئەڵبەتە ئەو دەقە دەستووریانە ئێران پەڕ و باڵ دەکەن و پابەندی بارێکی نەبزواو دەکەن و بنکەیەکی تایەفەگەری ساز دەکەن، بە مەبەستی خافڵاندنی موسڵمانان. ئەم رەوتەش بنەماکانی فیتنەنانەوە و جیاوازی و وێران کردن و شێواندنی ئیسلام دەبزوێنێ، جا ئەگەر ئەوە رێباز و بۆچوونی خومەینی و دەست و





پەیوەندە ستەمکارەکانی بێت، ئاخۆ چۆن دەتوانن شۆڕشەکەیان هەناردەی وڵاتانی موسڵمان بکەن، کە جۆرەها تایفە و مەزهەبی تری ئیسلامی تێدایە؟!

بێگومان پرۆسەی مەزهەب بازی، گەر لە بازنەی کەسانەوە گواسترایەوە و خرایە ئەستۆی بازنەی دەوڵەتی ئیسلامەوە، کاتێک دەوڵەت ئەو مەزهەبە لە سیاسەت و یاساکانیدا پەیڕەو دەکات و مەزهەبەکانی تر پشت گوێ دەخات. ئەمە واتای خامۆشی و بێ دەسەڵاتی لە ئاست داهێناندا دەسەلمێنێ، هەر هەمان باریش بەسەر دەوڵەتی عوسمانیدا هات، کاتێک بە شێوەیەکی فەرمی مەزهەبی حەنەفیی پەیڕەو کرد، کە ئەمەش پاڵی بەو کەسانەوە نا کە لایەنگری رۆژئاوا بوون، داوای کردنەوەی دەرگای ئیجتهاد بکەن کە دەوڵەتی عوسمانی قەدەغەی دەکرد، بەو بیانووەی کە گوایە مەزهەبی (حەنەفی) تا رۆژی حەشر بەدەنگ پێداویستییەکانی هەموو خەڵکەوە دێت. ئەم پەیڕەو و رێبازە تاکڕەوییە ناسنامەی شارستانیەتی لاواز کرد و لە ئەنجامدا، لە ساڵی ١٩٢٤دا بووە هۆی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی.

دەبوایە خومەینی و مەلاکانی دارودەستەی عیبرەت لە دەوڵەتی عوسمانییەوە وەرگرن، ئەگەرچی حوکمی خومەینی لەگەڵ حوکمی عوسمانییەکاندا بەراورد ناکرێت، خومەینی و دەستەکەی یاسای کراوە و شیاویان پەسند نەکرد، کە لەگەڵ دینامیکییەتی پێشکەوتووی ئیسلامدا بگونجێ و بەپێی بنەماکانی تێگەیشتن و لەخۆ گرتنی سەرانسەری واقیعی ژیان و واقیعی بوونی فرەلایەنی فیقهی، کە ئایینی ئیسلام دەوڵەمەند دەکات، ئەگەر هاتوو پەیڕەو کرا، ئەوا موسڵمانان بەبێ جیاوازی و دژایەتی و ناکۆکی کۆ دەکاتەوە، کاتێک کە ناسنامەی دەوڵەت لەسەر بنەمای مەزهەبی بێت، وەک ئەوەی کە لە ئێراندا باوە، گوایە مەزهەبی جەعفەری، مەزهەبی فەرمیی دەوڵەتە، ئەڵبەتە ماددە دەستوورییەکە، کە ئەم مەرجە دەسەپێنی بێ گۆڕان و بەو پێیە سەرۆک کۆمار شیعە مەزهەب دەبێ و سوێندی پاراستنی مەزهەبەکەی دەدرێ. تەنانەت خومەینی مەرجێکی تری سەرباری خستە سەر و فەتوای ئەوەی دا، هەر کەسێک دەنگی بۆ دەستوور نەدا ناشێ پاڵێوراوی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری بێ. ئەمەش بە پێچەوانەی پەیمانە ئاشکراکەیەتی کە گوایە خۆی لە هەڵبژاردنەکان هەڵناقورتێنێ، بەم بەند کردنە مەزهەبییەوە، ئێران بە هەمان ئەنجامی دەوڵەتی عوسمانی دەگات، کە نەیتوانی بە دەنگ پێویستییەکانی گەلانەوە بچێ، کە پێویستیی گۆڕانکاریی رۆشنبیری و شارستانییەتە. ئەمەش ئاسۆیەکی کراوە و بیرێکی رووناکبیرانەی شارستانیەت و پەیڕەو کردنی رێساکانی مافی گەردوونی و نێودەوڵەتیی مرۆڤ فەرز دەکات، کە دەتوانرێ بە پێی دینامیکیەتی ئیسلام جێبەجێ بکرێن.

رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران بە روانگەیەکی گشتیی سیاسی و پەیڕەو کردنی

ئایدیۆلۆژییەوە، هێزێکی ئەوتۆ بە بیناکاریی مرۆڤایەتی دەدات، تایبەتمەندی بەراورد کردنی دژ بە جیابوونەوە و پووچەڵیی مێشک و دواکەوتن و جیاوازی دەسەلمێنێ، کە کراوەیە بەسەر هەموو مەزهەبەکانی فیقهی ئیسلامیدا و زۆر پێویستە، جگە لە کرانەوە بەسەر رۆشنبیری و شارستانییەتدا. چونکە لەو رێگایەوە ئەزموون و شیکردنەوەکانی لە رێگای کار لێ کردن و موترەبە کردن و ئاوێتە کردن، بەرانبەر بە وەستان لە تەک پاراستنی تایبەتمەندیی مووجەب. هەموومان لە بەردەم تاکە هەڵبژاردنێکی شارستانییەتی عەولەمەداین، کە بە چڕی پەیوەندیی زانیاری و رادەیەکی بەرزی تەکنۆلۆژیای لە جۆرەها بوارەکانی زانست و ژیانداین، کە رۆژئاوا و رۆژئاواییەکان تەنیا بە هۆی جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت پێی گەیشتن. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە بنەماکانی ئایین و شەریعەتی ئیسلام دوور بخرێنەوە، بەڵکوو مەبەست تەنیا جیاکردنەوەی پسپۆری و ئەرک و رۆڵە. هەموو ئایینەکان رۆڵ و ئەرک و پسپۆریی مەدەنییان هەیە، لە بواری مەدەنیدا کارگێڕیی خۆیان هەبووە. ئەمەش لەوە گەورەتر و پاکترە کە ئایین تەنیا لایەنە گیانی و مەعنەوییە پیرۆزەکەی بپارێزێ و دوور بێ لە هەڵە و وێرانکاریی خومەینی و دەستە دەسەڵاتدارەکەی ئێران، کە بە ناوی ئایین و شەریعەتی ئیسلامەوە کار دەکەن، ئەم وێرانکارییەش خۆی لە بواری تێکەڵاویی ئایدیۆلۆژی بۆ چەمکەکانی راستی و واهیمە و دژایەتی


اخبار
۳۰ بهمن ۱۳۵۸
مسعود رجوی از دور مبارزات خارج شد
امام خمینی:
کسانی که به قانون اساسی رای مثبت نداده‌اند حق ندارند رئیس جمهور شوند

رۆژنامەی حکومی ئیتلاعات ٣٠ بەفرانباری ١٩٨٠:
ئیمام خومەینی: ئەوانەی دەنگیان نەداوە بە دەستوور بۆیان نیە ببنە سەرەك كۆمار






بۆچوون و جێبەجێ کردندا دەدۆزێتەوە، بە تایبەتی ئەو یاسایانەی کە دەستوور دەیانپارێزێ و کێشەکانی دژایەتیی سیاسی و فیکری توندوتیژ دەخەنە روو، ئەو دژایەتیانەی لایەنانی ناتەبایی واقیعی بنەما سیاسییەکان دەردەخەن، هەر بۆیە گەلی ئێران لە پێناو ناسنامەی شارستانیەتی کۆمەڵگا و دەوڵەتدا، لە بارێکی دژایەتیدا دەژی هەر لە رماندنی شا و وەدەستگرتنی دەسەڵاتی سیاسی لە لایەن خومەینییەوە تا ئەمڕۆ، بە تایبەتی پاش مردنی خومەینی، کە میراتێکی بیری کۆنەپەرستی بەسەرچووی نەزۆکی بەجێ هێشت، لە نێوان ئاراستە بوونەوەی هەرێمایەتی و تایفەگەرییەوە دەردەکەوێ، کە شێوەیەکی لە شەریعەت دەرچوونی ئیسلام و کەڵبەی رژێمی خۆسەپێنەری (ویلایەتی فەقیە) دەخاتە روو.

بێگومان شۆڕشی ئێران شۆڕشێکی سەرەوەی سەرکردایەتی نەبوو، کە دوور بێ لە بنەما میللی و فیکرییە یەکگرتووەکان. بەڵکوو شۆڕشێکی سیاسیی میللی بەرفراوانی بێ هاوتا بوو، هەموو شەبەنگ و لایەنە فیکری و سیاسی و عەقایدیی هێزە سیاسییە بەکارەکانی نێو گەلی ئێرانی سەردەمی شای تێدا بوو، هەر لە ئیسلامی و شیوعی و نەتەوەیی و رۆژئاوایی (لیبرال) ی تێدا بوو، کە ئەم هێزانە لە بواری بۆچوون و بیر و روانگەی داهاتووەوە، جیاواز بوون، بەڵام بە هۆی یەک ئامانجی هاوبەشەوە کۆببوونەوە بەرەو رماندنی حوکمڕانێتیی شا و داهێنانی جێگری مەوزووعیی دیموکرات، وەک رەوت و پەیڕەو و بۆچوونی سیاسەتی حوکمڕانێتی، کە لە نوێنەرایەتیی یاسایی رەوای گەلی ئێرانەوە هەڵقووڵێ، ئەو گەلەی سەرچاوەی دەسەڵات و رووخێنەری کۆن و بنیاتنەری نوێیە بە هەموو ئاستە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و شارستانییەتەوە. ئاشکرایە ئەو پرۆژەیەی خومەینی بە مەبەستی گرتنە دەستی دەسەڵاتەوە هێنایە کایەوە، بەرەو نەمان و دوا کۆتایی دەچێت، کە ئەمەش حەتمییە، چونکە پرۆژەیەکی پووچەڵ بوو، لە هیچ بوارێکدا سەرکەرتنی بەدەست نەهێنا، تەنانەت لە بەردەم هێزە نیشتیمانی و حیزب و بزووتنەوە تێکۆشەرەکاندا، کە تەنیا رێگایان هێنانە دیی جێگرێکی دیموکراتیانەیە، بە تایبەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکاران و بزووتنەوەی موجاهیدینی خەلقی ئێران و حیزبی دیموکراتی کوردستان و حیزبە سۆشیالیست و لیبرالی و کۆمەڵەی جەماوەریی بەرهەڵستکار، تەنانەت شتێکی گران نییە گەر نموونەیەکی نیشتیمانیی پێشکەوتنخواز بخوڵقێنن، کە بەدەنگ پێویستی و خواست و ویست و ئامانجی جەماوەرەوە بێ، ئەڵبەتە هەمووان لە رێگای کار و کرداری شۆڕشگێڕانە و سیاسی و خواست و ویستی سەربەستەوە دەکەونە بەر سەنگی مەحەک و بەم جۆرەش هەڵەی بیرو باوەڕ و پرۆژەی ویلایەتی فەقیهی خومەینی ئاشکرا کرا، کە واتاکەی مەترسیدار بوو لە ئاستی سیاسیدا و بایەخە دینییەکانی قەڵب دەکرد، کە لە مەنتیقی توندڕەویدا بایەخەکان لە دەسەڵاتخوازی جیا ناکرێنەوە و ئاژاوە و پەرتەوازە کردنی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە، خومەینی یاسای کاری

سەردەمی شای لە کار خست، کە تەنانەت هێشتاش ئەو بڕیارەی خومەینی هەر بەردەوامە. ئەو یاسایە ماف و ئەرکەکانی توێژێکی گەورەی کۆمەڵایەتیی ئێرانی دەپاراست، ئەم زانیارییە بەڕێز (عەباس داوەری) ئەندامی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا پێی ڕاگەیاندم، دیارە خومەینی توانای پێشیل کردنی مافی هاووڵاتیانی هەیە، هەروەها دەستی هەناردنی وێنەی شەڕخوازی و تاوانی هەیە. خۆی و مەلا و خەلیفەکانی هیچ سنوورێک بۆ هیچ کەس یا بۆ ئەو گیانانەی کە زەوت دەکرێن، یا بۆ ئەو هەموو خوێنەی کە بە خۆرایی دەڕژێ یا بۆ ئەتک کردنی عەرز و حورمەت دانانێن، تەنانەت بۆ ئەو تاوانانەی لە تاران و زیندانەکاندا دەکرێن، کە زیندانی (ئێڤین) بە ناوبانگترین زیندانە و بە تاوان و خوێن زەوت کردنی دڕندانە، تاوانبار و بەکرێگیراوانی حکوومەت لە ژێر سایەی ئایین و شەریعەتدا کار دەکەن، بە هەمان شێوە لە دەوڵەتانی دراوسێی هەرێمایەتی و چەند دەوڵەتێکی تری جیهاندا دووبارە بووەوە. بە کورتی میرات و کاروباری ئایینی، شێوەیەکی پێچەوانە لە تیۆریی حوکمڕانێتیی شەرعیی مەلا توندڕەوەکاندا بەدی دەکرێت. دەبێ بڵێین ئاشووب و جیاوازی و بە سەربەستی ئەنجامدانی تاوان، بەشێکە لە پێکهاتە پێچەوانەکانی دژ بە ئایین و شەرع، کە هەرگیز بە ئیجتیهاد دادەندرێ لە شەریعەتی ئایینی ئیسلامدا.



تاران.. زیندانی ئیڤین





گەر خومەینی ڕێگای ڕاستی و عەقڵانیەتی شەریعەتی ئیسلامی جێبەجێ نەکرد، ئاخۆ بە لادان و توندڕەوی و زیادەڕۆییەوە چی ئەنجام بدات؟ مەبەستی لە تاوان و شەڕخوازی و کوشتن و لە سێدارەدان و خۆسەپاندن و تیرۆر چی بێت؟!

ئاشکرایە ئەم بۆچوونەی خومەینی و لەوەو دواش بۆچوونی پەیڕەوکەر و مەلا و خەلیفەکانی، ئەوانەی لە ژێر دەمامکی ئیسلامدا کار دەکەن، دوورە لە بازنەی ئیسلام و لەخۆ بوردنی شەریعەتی ئیسلامەوە، کە لایەنەکانی مرۆڤ و کۆمەڵگا و ژیان بنیات دەنێ.

بۆمان هەیە سەبارەت بە چۆنێتی ناوەرۆکی ئەم ڕەوتە وێرانکار و بنەما و ئامانجەکانی بپرسین، کە دەبێ بە زۆرەملێ و زۆرداری لە ئێران یا لە دەوڵەتانی دراوسێی ئێراندا بچەسپێ و ئەو دەرئەنجامانە کامانەن، کە دەمانەوێ پێیان بگەین؟ ئەدی ئاسۆکانی کامانەن؟ ئاخۆ دەتوانین ئەو بۆچوون و خواستە شەڕخوازییە دەست نیشان کەین، کە لە بنەماکانی بیرە کۆنەپەرستەکەی چەرخەکانی ناوەڕاستی خومەینیدا دەرکەوت و دەیەوێ لە هەزارەی سێیەمدا بیانخاتە کار. جا گەر ئەو بۆچوونەی نوێنەرایەتیی ئیسلام نەکەن ئاخۆ ئەنجامی بیری خەیاڵی و مەکیاڤیلیستی و میسالی جیهانی ڕەهایە، کە هیچ ترووسکاییەکی ڕووناکی بیری عەقڵانی و هۆشی هاوچەرخی پێوە نابیندرێ. یاخود ئەنجامی بیری سەرەتایی نەتەوایەتی کۆنەپەرستە و بە جل و بەرگی ئیسلامەوە خۆی دەنوێنێ، بێگومان ئەم ڕەوتەش کە دژ بە ڕاستی و ناوەرۆکە و بەرەو نەمان و تێکچوون دەچێت، جا ئیستا بێت یاخود لە داهاتوودا، چونکە بیر و کردار و شێوازی وایە کە خزمەتی جەماوەری گەلی ئێران ناکات، بێگومان ئەو ڕۆژە یەکلاییکەرەوەیە دێتە دی بەرەو ڕزگار بوون و دابڕان لەو بیر و کردار و کردەوانەی کە لە ڕەوتی مرۆڤایەتی و شارستانییەت دەرچوون، ئەڵبەتە کۆتاییەک بۆ سنووری نێوان خۆسەپاندن و دیکتاتۆرییەت و نێوان جێگرە دیمرکراتییەکە دادەندرێ، کە یاسا و نەریتی ڕەسەنی بەهاکانی شەریعەتی ئیسلامە، ئایینی ئیسلام بە هەموو لایەنە بریسکەدارەکانییەوە.

لە نێوان ئەم پرسیار و ڕاپرسییانەوە دەمانەوێ ڕاستی بخەینە ڕوو. چەندین دانراو و لێکۆڵینەوە هەن کە لەم سووچە دەدوێن، لەوانەش چاپ کراو و بڵاو کراوەکانی بزووتنەوەی موجاهیدینی خەلقە، بە تایبەتی وتارەکانی بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی و خاتوو مریەم ڕەجەوی، کە تیۆریی عەقڵانی و قووڵی بیری ئایدیۆلۆژی و خستنە ڕووی ڕاستگۆیی تێدا بەدی دەکرێ، کە دەردەسەری و ئازار و هیوای چاوەڕوانیی گەل و جێبەجێ کردنی ئامانجەکانی گەلی ئێران لە دووتوێی ئەم بۆچوونەدا خۆی دەنوێنێ و شەوقی بەسەر گەلانی دراوسێ و ئاستی نیودەوڵەتیدا پەخش دەکات.

جگە لەو کتێبانەی کە لە بەر دەستدان وەک **«الطائفية وفقه الخلافة عند الشيعة واهل السنة»**ی

محەمەد ئالووسی و «حدود الاسلام مع التطرف الارهابي»ی شێخ جەلال گەنجەیی و هەر سێ کتێبەکەی سافی یاسری «الاسلام الديمقراطى بديلاً عن الاستبداد والتطرف والارهاب» و «منظمة مجاهدی خلق الايرانية والعراق» و «المرأة الايرانية والبحث عن سواحل الحرية» و چەندین کتێب و لێکۆڵینەوەی تر، کە دەست دەکەون و شایانی ئەوەن لێڵی و باری تەم و مژاوی بەسەر بینایی چاو هەڵماڵن و بەسوود بن، لە ئاست ئەو راستیانەی پەیوەندییان بە لایەنی (حەق) و (ناحەق) و (راستی) و (ناڕەوا)وە هەیە، وەک دوو بۆچوونی دژوار و جیاواز. لایەن و بۆچوونی حەق و رووناکی و لۆژیک و ئەقڵ لە لایەن رێکخراوی موجاهیدینی خەلق و ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکار، کە لە پێناوی گەلدا و بۆ بەرز کردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و بە هەموو بنەما و بایەخەکان و پەیوەندییەکانی خەبات دەکەن. لایەنی ناحەق، کە مەلا کۆنەپەرستەکان بە سەرکوت کردن و درندایەتی و چەواشەکاری و توندڕەوی و دیکتاتۆرییەت و تیرۆر و کوشت و بڕ کردن و لەوپەڕی درندایەتیدا نوێنەرایەتی دەکرێت، کە هیچ جیاوازیی نییە لەگەڵ درندایەتیی ئەو دیکتاتۆرانەی لەوەو پێش لە مێژوودا هەبوون. ئەڵبەتە چارەنووسی دەسەڵاتی ستەمکارەکانی تاران لە چارەنووسی ئەوانە بەدوور نابێت. کاتێک کە رەشەبا هەڵ دەکات هەڵیان دەتەکێنێ و رۆڵە ویرانکارییەکەیان بەسەر رووی گۆرەپانی سیاسیی ئێرانەوە ناهێڵێ.



٥

بەشی پێنجەم

# هەڵگەڕانـەوەی رێبـازی خومەینی لـە بنەماکانی شۆڕشی ئێران

بێگومان گەیشتنی خومەینی بە باڵاترین دەسەڵاتی حوکمڕانیی ئێران و داهێنانی دەوڵەتی ئایینیی رادیکاڵ، کە بە یارمەتی و پشگیریی بێگانەوە جێ خۆی چەسپاند، ئەمەش لایەنێکە لە راستییەکە، ئەگەرچی سەرچاوە و کتێب و زانیاریی ئەوتۆ هەن، چۆنێتی و بوون و بارودۆخی ئەو یارمەتییە و گواستنەوەی خومەینی لە پاریسەوە بەرەو تاران، تەنانەت ئەم بارودۆخە لە داهاتوودا ئاشکرا دەبێ، مەبەستی سەرەکیی هاتنی خومەینی بۆ تاران و گرتنە دەستی جڵەوی حوکمڕانێتی، کە بە مەبەستی هەڵمژین و گرتنەوەی رق و تووڕەیی گەل و وەرچەرخاندنی دەستکەوتەکانی گەل بوو لەو شۆڕشە پیرۆزەیدا بەرەو چەواشەکاری و توندڕۆیی و وەهم و خەیاڵ، کە لە ڕەوتی پیاوە باوەعەمرەکانی حوکمڕانێتی دژ بە گەلی ئێران و بەرهەڵستکارانی ئێران و رێکخراوی موجاهیدینی خەلق و تەواوی لایەنانی نیشتیمانیی ئێران بە حیزبە کوردییەکانەوە دەبیندرا.

ئەم رەوتە وێرانکارە لە رادەی نەخشە بۆ کێشراوی خۆی زیاتر هەنگاوی نا. بەم جۆرەش لە دەرەوی ئێرانەوە جیاوازی خرایە نێوانەوە. خومەینی و دەستە ستەمکارەکەی ئەم بوارەیان قۆستەوە، خومەینی بە سیاسەتە چەوت و چەواشەکەرەکەی توانی سنوور بۆ هێزە نیشتیمانییەکانی ئێران دانێ، تەنانەت بیانگرێتە خۆ و رژێمێکی تاکڕەوی خۆ سەپێنەر، بە گوێرەی تیۆری (ویلایەتی

فەقیهی)دامەزرێنێ، کە شەرعییەتی حوکمڕانێتیی لە مافی یەزدانییەوە وەرگرێ نەک لە جەماوەر و گەلەوە، کە سەرچاوە و شەرعییەتی دەسەڵات لە سیستەمی هاوچەرخدا گەلە. لەو بوارەدا خومەینی بە چەتەبازی و وەبەرهێنان، بنەماکانی شۆڕش و قوربانییەکانی دەیان ساڵی، واتە لە ڕووداوی شۆڕشی دەستوورییەوە (مەشروتییە)وە زەوت کرد و قۆستییەوە.

بە گوێرەی ئەم بنەما مەوزووعییە، جیاوازی و لێک دابڕاندن خرایە نێوان هێزە نیشتیمانییەکان و توندڕەوی بەها پێدانی دەسەڵاتی خومەینی و لایەنەکانی، ئەوەش خۆی لە سیاسەتی بەستی بواری بیر و ئایدیۆلۆژیا لە ئاست پێداویست و بنەماکانی ڕاپەڕینی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و بە پێی خواستی گەلی ئێران، کە لە ڕاستیدا خواست و ویست و خەباتی هێزە سیاسییەکانی ئەنجوومەنی بەرهەڵستکاری ئێران نوێنەرایەتیی دەکرد.

دەسەڵاتی خومەینی و مەلاکانی دەست و دایەرەی بەست بوون لە بەردەم خواستی جەماوەر و پێکهاتەکانی گەلی ئێران، لە کێشەی داکوتانی بواری دیموکراتی کە بە هۆیەوە ئێران پەرە دەسێنێ و پێش دەکەوێ، چونکە بۆچوون و ڕەوت و ڕەوڕەوەی ڕادیکالی ئایینی و نەتەوایەتیی خومەینی، ڕوویەکی دژوارە لەگەڵ چارەسەری پایەی دیموکراتی، کە هەوڵی بۆ دەدرێ، ئەوەتا ڕەوتی توندڕەویی سەرەتایی خومەینی و بەکرێگیراوانی، کێشەی نەتەوایەتیی کورد لە ڕێگای تایفەگەرییەوە چارەسەر دەکات، واتە وەک تایفەیەکی سوننە مەزهەب لێی دەڕوانێ. بەم جۆرەش هەوڵی نەهێشتنی تایبەتیمەندییە زمانەوانی و ڕۆشنبیرییەکانی دەدات بە بیری کۆنەپەرست و شۆڤێنی فاشیزمەوە. ئەمەش لە پرۆژەکەی خومەینیدا دەردەکەوێ سەبارەت بە چارەسەر کردنی کێشەی نەتەوایەتی و مافی ڕەوای کوردی ئێران، ئەمەش ئەوپەڕی کاوێژکردنی بیری و مەبدەئیی و ئایدۆلۆژیی ڕەوتی خومەینی و مەلا ستەمکارەکانییەتی، کە بە هیچ جۆرێک لەگەڵ زوبانی سەردەم و نوێکارییەکانیدا ناگونجێ..

بەم جۆرە خومەینی مامەڵەی لەگەڵ کێشەکانی گۆڕەپانی سیاسیی ئێران و هێزە سیاسییەکاندا کرد، کە نوێنەرایەتیی بەرژەوەندی و ئامانجەکانی گەلی ئێران دەکەن. ئەڵبەتە دژایەتی کردنی خواستەکانی پاش شۆڕشی ئێران لە بەرژەوەندی خومەینی شکایەوە، بەم جۆرەش ڕژێمە گەندەڵەکەی مایەوە و لە پاش خۆشی بۆ مەلاکانی دوای خۆی و بەندە بە ڕۆژگارەوە، ئێستاش بەندە بە دوا کاتی ونبووی، چونکە نوشووستی هێنا و نەیتوانی ئەو نموونەیە جێبەجێ بکات، کە بە دەنگ خواست و ویست و بەرژەوەندییە بنەڕەتییەکانی دیموکراتییەوە بێ، کۆمەڵگای ئێران نوقمی ئەو واقیعە گەندەڵە پڕ لە کێشە و گرێی سەرەتایی سیاسییە بوو، یا ئەو کێشانەی کە خومەینی بە واهیمەی بیروباوەڕی پڕ لە کۆنە پەرستی فاشیستی دروستی کردن، ئەوەتا ئەو کێشە و گرێیانەی کە لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٨٠دا





بە ئاشکرا و بە زەقی و بە شێوەیەکی نائاسایی دەرکەوتن، ئەوە بوو هەموو حیزب و ڕێکخراوە ئازادیخوازەکان و ڕۆشنبیران و نووسەران لایەنگیری بەرێز مەسعوود ڕەجەوییان کرد، کە ڕێکخراوەکە پاڵاوتی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئێران، بەڵام خومەینی بە پێچەوانەی بەڵێنەکانی پیشووی کە دەست لە کاری هەڵبژاردنەکانەوە وەرنەدات.. کەچی فەتوایەکی دەرکرد تێیدا دەڵێ هەر کەسێک دەنگی نەدابێ بە دەستووره تایفەگەرییەکەی، ئەوا ناشێ خۆی بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کاندید بکات..

هەر بۆیە خومەینی بەو هۆیانەی کە پێشتر باسمان کرد، ڕێگای پاڵاوتنی مەسعوود ڕەجەویی نەدا و فەرمانی ئەوەی دا، کە قبوول نەکرێ چونکە موجاهیدینی خەلق خەمی یەکم و دوا خەمی بوو، دوژمنایەتییەکی زۆری دەکردن. چونکە موجاهیدینی خەلق داوای چوارچێوەی ئیسلامی دیموکراتیی دەکرد، ئەمەش لە بەرژەوەندی خومەینی دا نەبوو، کە پرۆژەی دەسەڵاتدارییەکەی لەسەر بنەمای سەپاندنی دەسەڵات و بە هۆی بە سیاسەت کردنی ئایینەوە بوو، کە ئەم بۆچوونەش مەترسییەکی جیددی و ڕاستەوخۆیە بۆ سەر گۆڕەپانی واقیع و تەنانەت ئەم دوو جێگرە مێژووییە دوو خوێندنەوەیە بۆ ئیسلام، کە لە کۆڵان و شەقامەکانی ئێراندا هەزاران جار ڕووبەڕووی یەکتر بوونەوە، وەک لە زۆرانباری و یاخی بوونی میللیی جەماوەری گەلی ئێرانەوە بە درێژایی سێ ساڵی سەرەتای حوکمی مەلاکان دیار بوو. بۆ هەمووان ئاشکرا بوو کە بزوێنەر و پاڵپێوەنەری داهاتووی کۆمەڵگای ئێران لە ئەنجامی یەکلایی کردنەوە لەم زۆرانبازییەی نێوان ئەو دوو دژوارە جێگرەوە دەبێ..

ئەم فەتەوا و بڕیارەی خومەینی کە لە لایەنی بنەما و شەرمەوە ناتەواوە، خۆی لە خۆیدا دەست پێشخەرییەکی مەترسی لێ کراوە، لە کارڕاییە دەستوورییەکاندا و بە کلۆرێکی سیاسەتی ئەوسای خومەینی دادەندرێ، ئەڵبەتە مەسعوود ڕەجەوی ناچار بوو کە خۆ کێشانەوەی لە پاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ڕاگەیەنێ.. بە گوێرەی خەمڵاندنەکان گەر ئەو بڕیارە سەپێنەرەی خومەینی نەبوایە و مەسعوود ڕەجەوی دەستی لەو پاڵاوتنەکە نەکێشابایەتەوە، ئەوا ملیۆنان دەنگی وەدەست دەهێنا، کە لایەنگری خۆی و ڕەوت و ڕەوڕەوەی خەباتی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران بوون.

خومەینی هەوڵی ئەوەی دا، هیچ کام لە پاڵێوراوانی موجاهیدین لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانیش، کە چەند مانگێک دوای هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری ئەنجام درا، سەرنەکەون، بەڵام سەرەڕای ساختەکاریی ناڕەوا موجاهیدین ئەوەیان دووپات کرد، کە لە ڕووی هێزی سیاسییەوە لە تەواوی ئێراندا بە دووەم دەرچوو پاش حیزبی دەسەڵاتداری (حیزبی جمهووریی ئیسلامی) بە سەرکردایەتیی بەهەشتی و خامەنەیی و ڕەفسەنجانی، کە پشت بە فرت و فێڵی

خودی خومەینی دەسەڵاتیان گرتە دەست.

ئاشکرایە کە موجاهیدین بە پێی هەموو هەڵسەنگاندێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی بە لایەنی بەرهەڵستکاری سەرەکی دادەندرێ، چونکە خەسڵەت و تایبەتمەندیی تێکۆشان و خەباتکارانە و ئایدیۆلۆژیی خۆیان هەیە، خاوەن جەماوەرێکی بەرفراوان و هێزە کە ڕۆژ بە ڕۆژ لە پەرەسەندندایە، تەنانەت ڕۆژنامەی (موجاهید) ڕۆژانە زیاتر لە نیو ملیۆن نوسخەی لە سەرانسەری ئێراندا بڵاو دەبێتەوە، کە لەوەو پێش بە خۆیەوە نەدیوە.. لە کاتێدا ڕۆژنامە فەرمییەکان لە ٣٠ هەزار دانە زیاتر بڵاو ناکرێنەوە. هەروەها سەدان هەزار هاووڵاتی لە تاران و شارە گەورەکانی ئێراندا کۆ دەبوونەوە، بۆ گوێ گرتن لە وتار و وانەکانی مەسعوود ڕەجەوی. ئەوەتا ئەم کۆبوونەوانە لە کاتێکدا دەکران، کە ڕژێم بەکرێگیراوانی خۆی دەناردە شوێنی کۆبووونەوەکان، بە مەبەستی تێکدان و لێدانی ئامادەبووان.

هەروەک لە هەندێ بۆنەدا وەک شەوی قەدر (ليلە القدر) لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆزدا، هەزاران ڕۆشنبیر و گەنجی ئێرانی لە مزگەوتی تاران کۆ دەبوونەوە بۆ گوێگرتن لە وانەکانی مەسعوود ڕەجەوی کە لە ژێر ناونیشانی ((حکوومەتە دادپەروەرەکەی ئیمام عەلی «س.



یەکێ لە کۆبوونەوەکانی موجاهیدینی خەلق
خولی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی کۆماری – ١٩٨٠





خ»)) بوو. ئەو چالاکییانە رایی دەکران و کاریان دەکردە سەر خودی گوێگران، چونکە بیری پتەو و شی کردنەوە و ناوەڕۆکی ڕاست و ڕوون و ئاشکرایان تێدا بوو، بەرەو بڵاو کردنەوەی ڕووناکبیریی کراوە بەسەر هەمووواندا، کە بە پێچەوانەی بیری داخراوی نەبزواوی لە خۆبایی بووی پڕ لە واهیمە و درۆ و بوختانی دژ بە بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی گەلی ئێران بوو.

سەرەڕای ئەوەی پیاوانی خومەینی لە هەموو شارەکانی ئێراندا ڕۆژانە بە چەکەوە هێرشیان دەکردە سەر بارەگا و کۆبوونەوەکانی موجاهیدین، بەڵام چالاکییەکانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بەردەوام بوو.

وەک نموونەی ئەو بارە، کۆبوونەوەیەکی موجاهیدین، کە زیاتر لە دوو سەد هەزار هاووڵاتی لە یاریگەی «ئەمجەدییە»ی ناوجەرگەی تاران ئامادەی بوون، بەرەنگاری هێرشێکی نەخشە بۆ داندراوی هێز و پیاوانی خومەینی بووەوە. لەو کۆبوونەوەیەدا مەسعوود ڕەجەوی وتاری «دەبێ چی بکەین؟»ی خوێندەوە.. واتە کار چییە بۆ ڕزگار کردنی ئێران و گەلەکەی لەم تاریکییەی کە هێنراوە بۆ ئێران و کار چییە بۆ دابین کردنی لایەن و پێداویستەکانی دیموکراتییەت و سەربەستی، کە ئازادیی گشتی و سەربەستی ڕادەربڕین و کۆبوونەوە و خواست و سەربەستیی تاکە کەسان بپارێزین؟ ئەو پرسیارە نوێ و نوێکارییەی کە واقیعی سیاسی و بیروباوەڕ فەرزی دەکات، بەسەر شیکردنەوەکانی بیردۆز و مێژووناس و نووسەرەکان، بە تایبەتی ئەوەی لە بەشی چوارەمی کتێبی «ئەنتلجنسیای مێژووی ئێران»دا هاتووە، کە بیردۆز (د. علی قەیسەری) دایناوە، ئەڵبەتە ئەو پرسیارە نوێکارییە بەرەنگاری بەست و کۆسپی ڕەوت و ڕەوڕەوەی توندڕەوی لە ڕێگا لادەری خومەینی و مەلاکانی تاران دەبێتەوە..

پرسیارەکەی مەسعوود ڕەجەوی «کار چییە؟» بە داپڵۆسینی دڕندانەی پاسدارانی دەسەڵاتی خومەینی وەڵام درایەوە. پاسداران تەقەیان لە جەماوەری بەشداربووی کۆبوونەوەکە کرد و هەزارانیان لێ بریندار کران..

موجاهیدین بە هۆی تێگەیشتن و هەست پێ کردنی ناوەڕۆکی ڕاستەقینەی ئیسلام و شەریعەتە لێبوردەکەی، کە لەسەر بنەمای بەزەیی و لێ خۆش بوون و لەخۆ بوردن بوو، قوربانیی خۆیان دەدا و دڵسۆزانە بەرگرییان لە بەهاکانی ئیسلام دەکرد و ڕووی ڕاستەقینەی ئیسلامیان دەخستە بەر چاو. ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری هەبوو بەسەر لاوانەوە، کە لەوە پێش لە تاو کار و کردارە نامرۆڤانە و نائیسلامییەکانی خومەینی، تووشی نائومێدی بووبوون.. ئەڵبەتە بنکە و هێزی جەماوەریی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق پەرەی سەند، تەنانەت یەکێ لە تاقمی محەمەد خاتەمی کە ناوی «جەلایی پوور»ە، ئەوە دووپات دەکاتەوە، کە ژمارەی هێزە

جەماوەرییە چەکدارەکانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق دەگاتە (٥٠٠) هەزار کەس.

سەبارەت بە بیری ڕووناکبیریی گشتیی موجاهیدین و دەستبەردار نەبوونی ئامانج و بەها و شەریعەتی ئایینی ئیسلام، کە بەرانبەر بەوە خومەینی و بەکرێگیراوانی، هەر بە کردار و کردەوە و لادانی چەوتی ڕۆژانەیان، خەڵکیان لە ئایین دوور دەخستەوە، بەردەوام سەرکردەکانی ڕژێم و بەکرێگیراو و دەسەڵاتدارانی کۆنەپەرستی، دان بەو ڕاستییەدا دەنێن.

لە کۆتایی مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٨٠ی زایینی، خومەینی بە ئاشکرا دوژمنایەتیی خۆی دەربڕی، کە گوتی: ((مونافقین خراپترن لە کافرەکان، دوژمنی سەرەکیمان یەکێتیی سۆڤیەت و ئەمریکا نییە و تەنانەت کوردستانیش نییە، بەڵکوو لێرەیە «واتە تاران و ناخۆی ئێران»)). ئەو جەختی کردە سەر ئەوەی، کە ئەم دوژمنە دوژمنێکی مەترسیدارە. چونکە پشت بە قورئان و ((نهج البلاغە)) دەبەستێ.. ئەوەی شایانی باسە، کاری داپڵۆسینی موجاهیدین لە تەواوی وڵاتدا بە پشتگیریی خودی خومەینی و فەتوا پووچەڵەکانی بوو. ئەڵبەتە هەر ئەویش فەرمانی تەقە کردنی دژ بە موجاهیدینی دەرکرد. ئەو فەرمانە لە ڕۆژی ١٩٨١/٦/٢٠دا لە لایەن پاسدارانەوە بە ڕووی خۆپیشاندانێکدا رایی کرا و سەدانیان لێ شەهید کران و سەدانی تریش بریندار و زیندانی کران.. بەڵام ئەوە بەسەر خومەینیدا تێپەڕی کە ٩٠٪ی گەلی ئێران و بە هەمان ڕێژە موسڵمانانی جیهان، دژ بە ڕەوت و بۆچوونی خومەینی و پرۆژە داهێنراوە نامرۆڤانە و نائیسلامییەکەی ئەون، ئەڵبەتە بەم سیاسەت و ڕفتارە داپڵۆسێنەرانەی، پاڵی بە هەموو هێزەکانی نیشتیمانپەروەر و پێشکەوتنخوازەوە نا، بە تایبەتی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، کە خەباتی نهێنی و تێکۆشانی چەکدارانە بگرنە بەر، کە ئەمەش وەرچەرخانێکی پابەندییە لە بواری ڕەوتی بەرهەڵستکاریی ئێراندا و نوێنەرایەتیی هێنانە دیی خواست و ئامانجەکانی گەلی ئێران دەکات. ئەو گەلەی چاوەنواڕی سەربەستی و ڕزگاری و دیموکراتییەتە. تاریکستان و دواکەوتنی مەلاکانیش کۆسپێکن لە بەردەم پێشکەوتن و نوێخوازیدا.

<u>خومەینی: دەوەستین تەنانەت گەر جەنگ (ی نێوان عێراق و ئێران) ٢٠ ساڵی خایاند..</u>

پرسیار: گەر دوژمن بریندارەکانی نەگواستەوە و لە گۆڕەپانی شەڕەکەدا مانەوە، کە لەوانەیە دوژمن بیانگوازێتەوە، ئایا دەشێ ئەو بریندارانە بکوژرێن، تەنانەت ئاخۆ دەشێ ئەو دیلە بکوژرێ کە دوژمن هێرش دێنێ بۆ گەڕاندنەوەی؟





وڵام- بسمە تعالی.. دەشێ دیل بکوژرێ گەر بنکە و قەڵای دوژمن بەردەوام بێ و لەوانەیە سەر لەنوێ ئەو دیلە ئامادە بکاتەوە بۆ دوژمنایەتی کردنی ئیسلام و موسڵمانان.

<u>دەقی فەرمانی «داواکاریی گشتیی ئینقیلاب» بۆ «داواکارە گشتییەکانی ئینقیلاب»ی پارێزگا و شار و شارۆچکەکان کە خوێنی زیندانییەکان دەرکەن.</u>

داواکاری گشتیی ئینقیلاب — ڕۆژ: ٢ تشرینی یەکەم ١٩٨١

لە کۆماری ئیسلامیی ئێران — ژمارە ٣٢٥٠

لە داواکاری گشتیی شۆڕشی کۆماری ئیسلامیی ئیرانەوە


بۆ هەموو داواکارانی گشتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران

بۆ هەموو داوکارانی گشتی لە پارێزگا و شار و شارۆچکەکان

بە پێی ڕاگەیاندن و داواکاریی هێزی پاسداران، ئەڵبەتە کە برا پاسدارەکانمان لە کاتی بەرەنگار بوونەوەی شەقام و بەرەکانی شەڕدا زامدار دەکرێن و دەنێردرێن بۆ نەخۆشخانەکان، ئەوان پێویستیان بە خوێنە و لەوانەیە گەر زوو بە زوو خوێنیان بۆ دابین نەکرێت بمرن، هەر بۆیە و بۆ ئەوەی ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێ، فەرموون بڕیارێکی نهێنی دەرکەن، کە خوێنی ئەوانەی حوکمی لە سێدارەدان دراون، پێش جێبەجێ کردنی حوکمەکە لە لایەن کارمەندانی باوەڕ پێکراوی تەندروستییەوە خوێنیان بگرن و خوێنەکان لە کیسی تایبەتیدا بدرێت بە نزیکترین نەخۆشخانە یا بانکی خوێن، تا لە کاتی ناکاو و پێویستدا بۆ پاراستنی ژیانی برایانی پاسداری بریندار بەکار بێت.

ئەوەی شایانی باسە ئەڵبەتە بۆ زامن کردنی نەبوونیی هیچ جۆرە کێشەیەکی شەرعی لە بەردەم ئەم کردارەدا، ئەوەتا فەخامەتی وەلی فەقێ، ئیمام خومەینی، ڕابەر و دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامی، فەقیە (مد ظلة العالي) فەتوای ئەوەی دا، هیچ کێشەیەکی شەرعی لەم بوارەدا نییە.

داواکاری گشتیی شۆڕش لە کۆماری ئیسلامیی ئێران







بەناوی یەزدانی بەخشندەو مێهرەبانەوە

بەو پێیەی مونافقینە خیانەتکارەکان هیچ باوەڕیان بە ئیسلام نییەو ئەوەی دەیڵێن لە ڕووی مەکربازی ڕیاییەوەیە و بە گوێرەی دانپیانانی سەرکردەکانیان، لەوانەن کە لە ئیسلام هەڵگەڕاونەتەوەو بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی موحارب (دوژمنی خوا)ن و ئەو شەڕە کلاسیکیانەی لە ڕۆژئاواو خۆرهەڵات و باشووری وڵات بە هاریکارییکردنی حیزبی بەعسی عێراق کردوویانەو هەروەها سیخوڕیکردنیان بۆ سەدام دژ بە گەلە موسڵمانەکەمان و هەبوونی پەیوندییان بە زلهێزەکانی جیهان (استکبار)ەوە و گورزە ناڕەواکانیان لەکاتی دامەزراندنی سیستەمی کۆماری ئیسلامەوەو تا ئێستا، ئەوانەی لە ناو زیندانەکاندا هێشتا سوورن لەسەر هەڵوێست و (مونافق)بوونی خۆیان، بە موحارب دادەنرێن و سزایان لەسێدارەدانە، کە ئەوەش لە تاران، بەزۆرینەی دەنگ و ڕای بەرێزان حوجەتولئیسلام (نەییری)، قازیی شەرع و بەرێز (ئیشراقی) داواکاری گشتیی تارانو نوێنەرێکی وەزارەتی ئیتلاعات بڕیاری لەسەر دەدرێ. بەهەمان جۆریش سەبارەت بە زیندانی پارێزگاکانی وڵات، ڕای زۆرینەی دەنگەکانی بەرێزان: قازی شەرع و داواکاری گشتیی ئینقلاب و نوێنەری وەزارەتی ئیتلاعات دەدرێ. ڕەحمکردن بە دوژمنانی خوا ساویلکەییە و هەڵوێستی توندی ئیسلام لە بەرانبەر دوژمنانی خوا یەکێکە لە ئوسولی ڕژێمی ئیسلامیدا کە گومان و دوودڵی هەڵناگرێت.

ئومێدەوارم بە ڕك و کینەو توورەیی شۆڕشگێڕیتان دژ بە دوژمنانی ئیسلام، یەزدان لە خۆتان ڕازی بکەن.

ئەو بەرێزانەی ئەو ئەرکەیان پێ سپێردراوە، دوو دڵی نەکەن و هەوڵی ئەوە بدەن توندو تیژ بن لەئاست کافرەکاندا (اشداءعلی الکفار). دوو دڵی لە ئاست دادوەریی ئیسلامی شۆڕشگێڕانەدا، کەمتەرخەمییە لەئاست خوێنی پاکی شەهیدان. ...

ڕوحوڵڵا ئەلموسەوی ئەلخومەینی

دەقی فەتواکەی خومەینی کە بواری کوشتنی ئەندامانی موجاهیدینی خەلق دەدات
لەکتێبی (فەتواکانی ئیمام خومەینی )یەوەو وەرگیراوە

<u>ئەم نامەیە رۆژی نووسینی بەسەرەوە نییە، بەڵام حاجی ئەحمەد(کوری خومەینی ) لەپشتەوە نووسیویەتی:</u>

باوکی بەرێزم، **«سماحه الامام مدظلەالعالی»**

پاش سڵاو

بە تەلەفون (ئایەتوڵڵا موسەوی ئەردەبیلی ) پەیوەندی پێوە کردم و سەبارەت بەهەندێ لایەنی ئەو بڕیارەی لەم دووایییانەدا لەلایەن بەرێزتانەوە دەرکراوە سەبارەت بە موجاهیدین و ئەو سێ پرسیارەی هەبوو:

**١**-ئایا ئەم حوکمە ئەوانە دەگرێتەوە کە لەوەوپێش زیندانی بوون و دادگایی کراون و بڕیاری لەسێدارەدانیان بۆ دەرچووە و هەڵوێستیان نەگۆڕیوە و هێشتا سزاکەیان جێبەجێ نەکراوە یاخود تەنانەت ئەوانەش دەگرێتەوە کە دادگایی نەکراون سزای ئیعدام دەیانگرێتەوە؟

**٢**-ئایا ئەو مونافقانەش دەگرێتەوە کە بڕیاری زیندانیان بۆ دەرچووە و دەستبەرداری نفاق نەبوون؟

**٣**-سەبارەت بەو مونافقانەی ئەو پارێزگەیانەی کە لەلایەنی قەزائییەوە سەربەخۆن و سەر بە بنکەی پارێزگە نین ئایا دەبێ دۆسییەکانیان بنێرین بۆ بنکەی پارێزگە، یاخود دەتوانن بەشیۆەیەکی سەربەست کاربکەن؟

کوڕتان: ئەحمەد

<u>خومەینی لەپەراوێزی ئەو نامەیەدا نووسی:</u>

بەناوی یەزدان

لەهەموو ئەو بوارانەی لەسەرەوە باسکراون، هەر کەسێك بێت و لە هەر قۆناخێکدا بێت، گەر سوور بێت لە سەر هەڵوێستی خۆی، سزای «لەسێدارەدان»ە..هەر بەزوویی دوژمنانی ئیسلام قەڵاچۆ بکەن و، سەبارەت بە دۆسێیەکان گرینگ ئەوەیە خێراتر جێبەجێ بکرێت.


روحوڵڵا ئەلموسەوی ئەلخومەینی





<u>نامەیەکی تر لەم بارەیەوە لە مونتەزەرییەوە بۆ خومەینی لە ٤ ی ئابی ١٩٨٨ دا.</u>

بەرێزی پایەدار ئایەڵوڵڵای مەزن ئیمام خومەینی،(**مدظله العالی**)



پاش سڵاو


دوابـــەدوای نامەکـــەم لە **٢٦** ی تەمموزی ١٩٨٨و بـــۆ ئەوەی لە لایەنـــی شـــەرعییەوە بەرەنگاری هیچ لێپراســـراوییەك نەبم ئەوەتان پێدەگەیینم.

پێش ســـی رۆژ، یەکی لە دادوەرە شـــەرعییەکان هاتە لام و نارەزایی لەئاســـت بـــاری جێبەجێکردنـــی حوکمەکەتانی دەربـــری و وتی لە یەکێ لە زیندانەکاندا لێپرســـراوی ئیتڵاعـــات یا داواکاری گشـــتی (لەوە دڵنیانیم) یەکێ لە زیندانانی بانگ کرد تا بزانێ هێشـــتا لەسەر هەڵوێســـتی خۆی ماوە یا ناو لێی پرســـی: ئایا ئامادەی رێکخراوی مونافیقەکان تاوانبار بکەیت؟ لەوەلامدا وتی بەڵێ دیسان لێی پرسی ئایا هێشتا دەستبەرداری هەڵویستەکەت نەبوویت، لەوەلامدا وتی نەخێر ئێنجا پرسی ئایا ئامادەی لە بەرەی جەنگی عێراقدا بجەنگێیت؟ وەلامی بە بەڵێ بوو، لەدوایی دا پرســـی ئایا ئامادەی بەسەر کێڵگەکانی مین دا بپەرێیتەوە، لەوەڵامدا وتی ئایا هەمووان ئامادەیی ئەوەیان هەیە!!.. دادوەرە شەرعییەکەی کە بەسکاڵاوە هات بۆ قوم دەڵێ: لەوکاتەدا پێیان گوت لەمەوە دەردەکەوێ هێشـــتا دەست بەرداری هەڵوێســـتی خۆت نەبوویت، هەربۆیە حووکمەکەی جێبەجێ کرا.. دادوەرە شـــەرعییەکە وتی هەرچەندم کۆشا کە جێبەجێکردنی حووکمەکە بە بڕیاری هەمووان بێت نەك بە بڕیاری زۆرینە.. بەڵام ئەوەیان لێ قبوول نەکردم، ئەڵبەتە ڕای بەرپرسی ئیتڵاعات ڕای سەرکیی بوو ئەوانەی تر رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبوو.. بەمجۆرە بروانن چۆن حوکمەکانی جەنابتان جێبەجێ دەکرێت کە پەیوەندی بەخوێنی هەزاران کەسەوە هەیە.

سەڵاوو رەحمەت و بەرەکەتی یەزدانتان لێبی ٤ی ئاب ٩٨٨.

حسین علی مونتەزەری

<u>نامەیەکی نارەزایی دەربڕینی حسێن عەلی مونتەزەری بۆ خومەینی لە ئاست لەسێدارەدانی بەکۆمەڵی زیندانییە سیاسییەکانی ساڵی ١٩٨٨</u>



بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبانەوە
پاش ڕێزو سڵاو

سەبارەت بەو بڕیارەی ئەم دواییەی بەڕێزتان لە ئاست لەسێدارەدانی زیندانییە دووڕووەکان، دەڵێم لەسێدارەدانی زیندانیان بەهۆی ڕوودواوەکانی ئەم دواییەوە، کارێکی پەسەندە بەلای میللەتەوەو تەنانەت هیچ ڕەنگدانەوەیەکی خراپی لەدوونییە، بەڵام لە سێدارەدانی زیندانییەکانی لەوەو پێشتر دەبێتە هۆی بەرپاکردنی رك وکینە و لەئەنجامدا دەبێتە مایەی نارەحەتی بۆ زۆربەی خێزانە شۆڕشگێرە ئاینییەکان .. ئەوەی شایانی باسە کە زۆربەی ئەوانە پابەندی هەڵوێستی خۆیان نیین ، بەڵام هەندێ لێپرساوان بە توندوتیژییەوە مامەلەیان لەگەڵدا دەکەن، بەهۆی ئەو جەخت و گوشارو هێرشانەی ئەم دواییەی مونافیقەکان، جیهان بە ستەملێکراومان لەقەڵەم دەدەن، زۆربەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و کەسایەتییەکان بەرگریمان لێدەکەن، هەربۆیە لە بەرژەوەندی ڕژێم و بەڕێزیاندا نییەگەر جارێکی تر هێرشمان بکرێتە سەر، هەروەها ئەوانەی بەپێی بەندەکانی یاسا سزای کەمتر لەسێدارەدانیان بەسەردا دراوە و لەسێدارەدانیان بە بی هیچ لەوەو پێش بۆ ئامادەکردن و بە بێ ئەوەی هیچ چالاکییەکی نوێیان نواندبێ . ئەمە خۆی لەخۆیدا پێشێلکردنی بەندو باوی دادوەرییە و ئەنجامەکەی بەپێچەوانەوە دەبێ ... کاری شەشەم ئەوەیە بەرپرسانی دادگا و داواکاری گشتیی و ئیتلاعات هیچیان لە پایەی فەقیهی (المقدس الاربیلی )دا نیین و دەشێ هەڵە بکەن ...بەپێی دوا بڕیاری بەڕێزتان ئەوەتا کەسانێکی بێتاوان لەسێدارە دەدرێن ، یاخود کەسانێك کە خەتاو تاوانێکی سوکەڵەیان لێوەشاوەتەوە ، لە کارە گرنگەکاندا ئەم ئەگەرە ئەنجامدراوە ،. حەوتەم تا ئێستا لە کوشتن و توندڕەوی و توندوتیژی نەتیجەی باشمان دەست نەکەوتووە لەوە زیاتر نەبێ کە هێرشی ڕاگەیاندنی دژوارو لایەنگیریی کردنی هەڵوێستی مونافیقەکانی دوژمنی شۆڕش نەبێ .. کەواتە شتێکی شیاو و لەبارە گەر بۆ ماوەیەك بە بەزەیی میهرەبان وبەخشندە بین ، بێگومان ئەنجامی ئەوەش باش دەبێ.... خاڵی هەشتەم .. گەر پێداگری هەڵوێستی خۆتانن بە لای کەمەوە بە کۆی دەنگەکان بێت، واتا بەکۆی ڕای دادوەرو داواکاری گشتی و نوێنەری ئیتلاعان ، نەك بە زۆرینەی دەنگەکان. ئافرەتانی لێ دەرچێت. بەتایبەتی ئەوانەی منداڵیان هەیە ، بۆ زانیاریش، لەسێدارەدانی چەند هەزارێك لە چەند ڕۆژێکدا هەڵەیەو سەدایەکی باشی نابێت ، لەبەر ئەم هۆیەش هەندێ لە دادوەران ئەو بارەیان لا پەسەند نییە ، لە سوودیش بەدەر نییە لێرەدا پشت بە فەرموودەی پێغەمبەرەوە (د.خ)ببەستین :(ئەوەی هەیە ڕاستێ کەنەوە ئەڵبەتە ئێمەی موسڵمان بەپیی توانا گەر کەلێنێك هەبێ ئەوا ئازادی دەکەین ، ئەوەتا گەر ئیمام لە کاری خێردا هەڵە بکات باشترە لەوەی لە سزا دا هەڵە بکات.

سڵاوی یەزدانتان لێ بێ
١٦ی زی حەجە ١٤٠٨_٣١ی تەمموز ١٩٨٨
حسێنعەلی مونتەزەری







**لایەنێک لە وتارەکەی**
**بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی**
**بە بۆنەی یادی شۆڕشی ئێرانەوە**

**(لە ڕۆژنامەی موجاهید وەرگیراوە)**
**ژمارە ١٢٠- ١٣ی شوباتی ٢٠٠١**

**ئاوڕدانەوەیەک لە پاشینەی خومەینی**

کێشە سەرەکییەکە لەسەر ئازادی و سەروەریی گەلە. واتە هەر ئەو شتەی شەهیدانی شۆڕشی دژە پاشایەتی لە پێناویدا بەرەو سێدارە و ئیعدام چوون. هەر ئەو شتەی لە پێناویدا ڕۆڵەکانی گەلی ئێران بە پیاو و ژن و پیر و گەنجەوە رژانە سەر شەقامەکان، پێکەوە رژێمی ستەمکاری پادشایەتییان رووخاند و بە چەند قۆناغێکی خوێناویی خەباتی گەلدا تێپەڕین، وەک ڕاپەڕینەکەی ساڵی ١٩٧٨ لە تەورێز و ڕاپەڕینەکەی ٨ی ئەیلوولی ١٩٧٨ی تاران و هەردوو ڕۆژە یەکلاییکەرەوەکەی ١٠ و ١١ی شوباتی ١٩٧٩، ئەو بارەی کە نە خومەینی و نە شا پێی ڕازی نەبوون و نابن، چونکە رژێمەکانی شا و خومەینی بە هۆی ئەوەی هەردووکیان کۆنەپەرست و دژ بە گەل و سەربەستین، دوانەن و جیا ناکرێنەوە.

شا دەیگوت خۆی سێبەری یەزدانە و پادشایەتی بەهرەی یەزدانە و لە ڕۆڵە نێرینەکاندا نەوە پاش نەوە، خۆی دەنوێنێ و کوڕەکەی جێی دەگرێتەوە و حوکمڕانێتی دەکات. خومەینیش گوتی ویلایەت و سەڵتەنەتی رەها هی ئەون، ئەو وەلیی یەزدانە و خەلیفەی پێغەمبەرە و جێگری ئیمامی زەمان (سەردەم)ـە. گەر لێی بپرسن: خەلیفە و جێگر لە پای چی؟ هەروەک لە شوباتی ١٩٨٥ دووپاتی کردەوە دەڵێ: «خەلیفەمان دەوێت تا دەست و پەنجە بقرتێنێت و دارکاری بکات و بەردەباران (رەجم) بکات.»

پێش ئەوەش خومەینی لە باسی ولایەتی فەقیهی و حکوومەتی ئیسلامیدا لە یەکێ لە

وتارەکانیدا گوتی: «ویلایەتی فەقیهی وەک دامەزراندنی دانانی سەرپەرستە بۆ منداڵ و لە لایەنی ئەرک و ئاستەوە هیچ جیاوازییەک لە سەرپەرستی میللەت و سەرپەرستی مناڵاندا نییە». تەنانەت پاش سەرکەوتنی شۆڕشی دژ بە پادشایەتی، لە وتارێکی حوزەیرانی ١٩٧٩دا گوتی: (هەر کەسێک کۆماریخواز بێت دوژمنمانە چونکە ئیسلامی ناوێت، هەر کەسێکیش بڵێت کۆماری دیموکراتی دوژمنمانە».

جۆری ئارایشت کراو (ئیسلاحی)ی ئەم جۆرە مەلایانەش، مەلای وەک محەمەد خاتەمی، دیسانیش سەرە دەرزییەک دەستبەرداری مەبدەئی (ویلایەی فەقیهی) نابێ، سەرەڕای هەموو دروشمەکانی، پاژنە و تەوەرەی نەگۆڕی ڕژێم دەبەستێتەوە بە «ویستێکی والاتر» و «وەحی پێ کراو» بە ناوی وەلی فەقیهی، کە باس کردن لە گۆڕینی دەستوور بە «خیانەت بە میللەت» و خیانەت بەو «چاکسازییە» دادەنێت، کە خۆیان باسی دەکەن.

ئەوەتا دوای شۆڕشی دژە پاشایەتی و هاتنە سەر کاری دەست و پێوەندەکانی خومەینی و خامنەیی و ڕەفسەنجانی و خاتەمی، ئەوان لە بری ئازادی و سەروەریی گەل، بەربوونەتە گیانی ئەو خەڵکە و سەروەت و سامانی خەڵکیان زەوت کردووە.

**پاشەڵی خومەینی:**

کۆنەپەرستان هەوڵی ئەوە دەدەن، جەللاد و دزی گەورەی چەرخ و دێوەزمەی خوێنمژ، واتە خومەینی وەک پێشەوایەکی شۆڕشگێڕ و لایەنگری بێدەسەڵاتان و گەلدۆست و خاوەن ڕەوشتی بەرز و فریشتە کردار نیشان بدەن، هەوڵی ئەوە دەدەن بە ساختەکاری و چەواشەکاری، ئەو مەلا چەپەڵ و پەلشتە بە کابرایەکی دڵ ناسک و پاک و خاوێن بنوێنن، کە گوایە هەر لە سەرەتاوە خوازیاری شۆڕش و ڕووخاندنی ڕژێمی شا بووە. بۆیە لە بەشی یەکەمی باسەکەمدا دەبێ ئاماژە بە بیر و هزر و هەڵوێستەکان و پاشەڵی خومەینی بدەم، بە تایبەت بۆ ئەوەی نەوەی لاو ئاگاداری ڕاستییەکان بن.

لە ڕووی سیاسییەوە، خومەینی بە درێژایی تەمەنی، لاگر و لاسایکەرەوەی شێخ (فەزلوڵلا نووری)ی مەشروعەخواز بوو، کە دژ بە شۆڕشی دەستووری (مەشروتە)ی ئێران لە ڕووی موجاهیدینی ئازادیخوازی ئەو شۆڕشە وەستا و دژایەتیی زانایانی مەشروتەخوازی نەجەف و قوم و تارانی دەکرد، لایەنگیریی لە محەمەد عەلی شا و پاسەوانەکانی ڕژێمەکە (کە بە قەزاق ناودێر دەکران) دەکرد. لەو سەردەمەدا هەم شا و هەم شێخ و هەمیش قەزاقەکان، پێکەوە لە ژێر ناوی (مەشروعە) کەوتنە گیانی موجاهیدین و ئازادیخوازان، ئەوانیان داپڵۆسی و لە





سێدارەیان دان و ئەنجوومەنی نیشتیمانیی ئازادیخوازانیان بۆردوومان کرد.

خومەینی بۆ خۆی لەساڵی ١٩٤٥دا، کاتێ تەمەنی ٤٣ ساڵ بوو، لە کتێبەکەیدا بە ناوی (کشف الاسرار) نووسیویەتی کە ئەو و مەلاکانی هاوشێوەی، «هیچ کات دژ بە حکوومەتی ئێران نەبوون» و تەنانەت ئەگەر «حکوومەت بە ستەمکاریش دابنێن لە بەرانبەریدا نەوەستاون و ناوەستن». ئینجا نووسیویەتی: «هەر بۆیە کاتێ سنووری ویلایەت و حکوومەت دیاری دەکەن لە چەند شت تێ ناپەڕێت. لەم ڕووەوە فەتوا و دادوەری و پاراستنی سامانی خەڵک، هیچ باسی حکوومەت ناکەن و هەرگیز ناوی سەڵتەنەت ناهێنن»، دەشڵێ «هیچ زانایەکی ئایینی تا ئێستا نەیگوتووە و لە هیچ کتێبێکیشدا نەنووسراوە، کە ئێمە شاین یا پاشایەتی بۆ ئێمەیە» و «هەرگیز دژایەتییان نەکردووە و ئارەزووی لاواز کردنی بنەماکانی حوکمڕانێتییان دەرنەبڕیوە» و «تا ئێستاش هیچ بەرهەڵستییەک لە ئاست بنەمای پادشایەتی و دەسەڵات لە لایەن پیاوانی ئایینییەوە دەرنەکەوتووە».

لە کاتی کودەتاکەی دژ بە د.محەمەد موسەدەق (پێشەوای ڕابوونی نەتەوەیی ئێران، لە ١٩ی ئابی ١٩٥٣دا، خومەینی لایەنی مەلا (کاشانی) و کۆشکی شای گرت، لە یەک بەرەدا بوو دژ بە دکتۆر موسەدەقی سەرکردەی بزووتنەوەی نیشتیمانیی ئێران، تەنانەت پاش شۆڕشی دژ بە پادشایەتیش، ئەڵبەتە پێخۆشحاڵ بوو بەوەی کە لە لایەن ئیستیعمار و کۆنەپەرستەوە، وەک دەقی قسەکەی خومەینی «موسەدەق چەپۆکی پێدا ماڵرا».

بۆ ئەوەی ئاگاداری ئەوە بین کە تا چ ڕادەیەک خومەینی ڕک و کینەی لە دڵدا بوو دژ بە بزووتنەوەی نیشتیمانیی گەلی ئێران دژ بە ئیستیعمار و دژ بە سەرکردایەتیی د.موسەدەق و دژ بە بزووتنەوەی خۆماڵی کردنی نەوت.. ئەوە بەسە کە تەنانەت لە حوزەیرانی١٩٧٩دا دەیگوت «ڕەوتمان ڕەوتی نەوت نییە. خۆماڵی کردنی نەوت لە خەیاڵی ئێمەدا نییە، ئەوە هەڵەیە. ئێمە داوای ئیسلام دەکەین. مەبەستمان ئیسلامە. مەبەستمان نەوت نییە. گەر کەسێک نەوتی خۆماڵی کردبێ، ئیستاش دێن و ئیسلام بخەنە ئەو لاوە و لە پێناوی ئەودا بەرە دابڕ دەکەن ... ئەوە قبووڵ ناکرێت، کە لە پێناوی ئێسقانێکدا کۆبوونەوەی بۆ ساز بکرێت و دوا بە دوای ئەوەش دژایەتی ئیسلام بکرێت». واتە خومەینی نەیدەتوانی تەنانەت پاش سەرکەوتنی شۆڕشی دژ بە پادشایەتی تەحەمولی کۆبوونەوەیەک بکات بۆ یاد کردنەوەی د.موسەدەق.

تەنانەت پێش دوو ساڵ (لە ساڵی١٩٩٨دا) ڕۆژنامەکانی ڕژێم گوتیان: «ئیمام فەرمووی ناچارم مەکەن کە بڵێم لە سەردەمی ئەو پیاوە کورتە باڵایەدا چ زللەیەک بەر گوێی ئیسلام کەوت» (ڕۆژنامەی کەیهان ٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٩٨).

ئەمەیە دەمەوەڕی و بایەخ شکاندن دەرهەق بە موسەدەقی مەزن کە لە بەردەم دادگای عەسکەریی شادا خۆی بەم جۆرە ناساند: «من ئێرانیم و موسڵمانم و دژ بەو لایەنانەم هەڕەشە لە ئێران و ئیسلام دەکەن». هەروەها گوتی ڕەوتم ڕەوتی گەورەی شەهیدان، ئیمام حوسێن (سڵاوی لێ بێ)یە. «واتە بە هەموو توانایەکمەوە دژ بەوە دەوەستم کە دژواریی حەق دەکات و هەموو شتێکم دەکەمە قوربانی، لەو کاتەدا تەنیا نیشتمانم لە بەر چاوە و هاوسەر و کوڕ و کچ بە لامەوە گرینگ نین».

با بێینەوە سەر خومەینی:

لە سەرەتای شەستەکاندا، کاتێک کەنەدی سەرۆکایەتیی ئەمریکای دەکرد، لە ترسی بەرپا بوونی شۆڕش لە ئێران گوشاری خستە سەر شا، شاش ڕەوتی چاکسازیی گرتە بەر و تووشی شڵەژان بوو. واتە کۆشکی دەرەبەگایەتیی شا، کە وابستەی بەریتانیا بوو، ڕووی کردە ئەمریکا و چاکسازیی بورژوایی. ئەم کارە پێویست بوو بۆ شا تا ڕژێمەکەی بپارێزێ، هەر بۆیە پرۆژەی چاکسازیی کشتوکاڵ و مافی دەنگدان بۆ ژنان لە هەڵبژاردنەکانی خستە ڕوو، تا ئەو کاتە ئافرەت مافی دەنگدانی نەبوو، وەک شێت و مرۆڤێکی شێت و نابالغ و ناشایستە دادەندرا، کە بێ بەش بوون لە مافی دەنگدان و خۆ پاڵاوتن بۆ هەڵبژاردنەکان. ئەگەرچی ڕەزا شا لە ساڵی ١٩٣٧ پەچەی قەدەغە کرد بوو، واتە پێش ٢٥ ساڵ لەو ڕووداوە، بەڵام شا، لە پێناو پاراستنی ڕژێمەکەی و بە پشتگیری ئەمریکا بڕیاری هەندێ چاکسازیی بۆرژوایی دا، کە ئەمەش بووە مایەی ڕەفز کردن و ڕەخنەی مەلاکانی سەردەمی دەرەبەگایەتی، ئا لەم ئاستەوە زۆرانبازیی نێوان خومەینی و شا پەیدا بوو.

هەر لەبەر ئەوەش بوو، لە ساڵی ١٩٦٠دا خومەینی هاتە مەیدانەوە و ڕاسپاردە و ڕاوێژی بە شا دەدا و ڕەخنەی لە پرۆژەی مافی دەنگدان و خۆ پاڵاوتنی ئافرەت و چاکسازیی کشتوکاڵ دەگرت.

ئەمەش دەقی ئەو بروسکەیەیە کە لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٢ خومەینی ناردی بۆ شا:

بە ناوی یەزدانی بەخشندە و میهرەبانەوە

بۆ حزووری موبارەک پادشای مەزن..

پاش دوعا و سڵاو، وەک ڕۆژنامەکان بڵاویان کردەوە، حکوومەت ئیسلام بەوە دانانێ کە





مەرجی دەنگدەر و پاڵێوراوانی هەڵبژاردنەکان بێ لە ئەنجوومەنەکانی ئەیالەتی و ویلایەتی. هەروەک مافی دەنگدانی بە ئافرەت دا. ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی بە لای زانا مەزنەکانی ئیسلام و توێژەکانی تری موسڵمانەوە. بە لای جەنابتانەوە ڕوونە، کە بەرژەوەندیی وڵات بەندە بە پاراستنی ئەحکامی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و بەوە دڵنیایی دەبێ، داواکارم لە بەڕێزتان فەرمانی لابردنی ئەو بڕیارانە بدەیت لە بەرنامەی حکوومەت و حیزب، کە بە پێچەوانەی ئایینە پیرۆز و مەزهەبە فەرمییەکەی وڵاتە تا دوعای گەلی موسڵمانت پێ ڕەوا بێ.

ڕۆحۆڵڵا ئەلمووسەوی (خومەینی)

هەروەها لە ڕۆژی ٦ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٦٢دا بە ناردنی برووسکەیەک بۆ شا نووسی: «من لە ئاستی داوا کردنی خێری نەتەوەی ئیسلامەوە جەنابی پادشا ئاگادار دەکەمەوە، کەوا بەڕێزتان باوەڕتان بەوانە نەبێ، کە بە مەرایی و ورایییەوە هەوڵی خستەکاری کاری بە پێچەوانەی ئایین و یاساوە ڕایی دەکەن و دەیخەنە پاڵ بەڕێزتان تا لە ڕاستگۆیی دەستوور کەم بکەنەوە و بڕیاری خیانەتکارانەی هەڵە دەرکەن، لە کاتێکدا دەستوور زامنکەری نەتەوە و پادشایەتییە».

پاش پاشگەز بوونەوەی تاکتیکیی شا لە مافی هەڵبژاردن و خۆ پاڵاوتنی ئافرەت لە تشرینی دووەمی ١٩٦٢دا، کە خومەینی بە سەرکەوتنێکی گەورەی خۆی دانا.. لە ڕۆژی ٢ی کانوونی یەکەمی هەمان ساڵدا لە شاری قوم گوتی: «ئافرەتیان لە فەرمانگەکاندا دامەزراند، خۆتان سەیر کەن، ئەوەتا ئەو فەرمانگانەی ئافرەیتان تێدایە لە کار کەوتن.. ئافرەت بچێتە هەر فەرمانگە و دامەزراوەیەکەوە ئەوا کاری دەئاڵۆزێنێ و دەیشێوێنێ».

تەنانەت پاش ڕاپرسییەکەی شا کە بە ناوی (شۆڕشی سپی)یەوە لە ٢٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦٣دا ڕایی کرد.. خومەینی لە لێدوانێکیدا گوتی: «بە ڕاگەیاندنی یەکسانیی نێوان پیاو و ئافرەت، یەکێ لە بنەماکانی ئیسلام پێشیل کرا». لەوەو پێشیش خومەینی و گوڵپایەگانی و شەریعەتمەداری بەیاننامەیەکیان دەرکرد، تێیدا یەکێ لە هۆیەکانی ناڕەزاییان دژ بە (شۆڕشە سپی)یەکەی شا خستە ڕوو، کە دەڵێن : «هەر کەس باوەڕی بە یەکسان بوونی مافەکانی ژنان و پیاوان هەبێت، لە میرات و تەڵاق و شتی لەم جۆرە، کە هەر کامەیان یەکێکن لە بنەما پێویستەکانی ئیسلام و هەڵیان وەشێنێتەوە.. ئەوا ئیسلام تەکلیفی ئەم جۆرە کەسانەی ڕوون کردووەتەوە».

لە مانگی حوزێرانی ١٩٦٣ش، خومەینی لە منبەری مزگەوتەوە بە توندی وتاری دژ بە شا خوێندەوە و گوتی: «شای بەڕێز بە نەفامی دەچێت و باسی یەکسان بوونی مافەکانی ژنان

و پیاوان دەکات.. شای بەڕێز.. ئەم قسەیەت پێ کراوە، ئەوەتا بیستوومە دەزگای ئاسایش هەوڵی ئەوە دەدات شا لە جەماوەر بکەن تا بتوانن بەرەو دەرەوەی وڵات دەریکەن».

شایانی باسە، بە گوێرەی بارودۆخی پێویستی ئەو سەردەمە و بە هاندانی خەڵک و ڕۆشنبیران و ئەکادیمیستان و هێزە سیاسییەکانی ئەو سەردەمە، وردە وردە لایەنی دژ بە پادشایەتی و سەربەخۆخوازان لە ناڕەزاییەکانی خومەینیدا بەرجەستە دەکران و پێناسەی کۆنە پەرستانەی ئەم، کەم یا زۆر لە ئاست دژایەتی کردنی سیاسی بەرانبەر بە شا، کاڵ دەبوونەوە و ئیسلامەکەشی دوای شۆڕشی دژە پاشایەتی بە گوێرەی پێویستییەکانی سەردەم، ڕەنگ و بۆی گۆڕی و ناڕەزایی دەرنەبڕی لە دژی مافی پاڵاوتن و دەنگدانی ئافرەت بۆ هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکە.

**بار و جۆری گوزەرانی خومەینی لە دوورە وڵات:**

لە تشرینی دووەمی ١٩٦٤دا، خومەینی بەرەو تورکیا نەفی کرا، ئەوە بوو تا تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٥ تەنانەت یەک دێڕیشی نەنووسی لە دژ ڕژێمی شا، بە پێچەوانەوە هەوڵی گەڕانەوەی دەدا و بەڵێنی ئەوەی دەدا، کە بە پێچەوانەی کەس یا هیچ شتێک ناوەستێ، ئەمەش لە ڕێگای هەندێ لە پیاوانی کۆشکی شاوە، لە ناویاندا (خانساری) هەروەها (مستەفا) ی کوڕی خومەینی..

(پەسەندیدە)ی برای خومەینی دەڵێت: (جەلیلی کرماشانی)، کە یەکێکە لە لە دەست و پێوەندەکانی (شەریعەتمەداری)، حکوومەتی ئاگادار کردەوە کە باش نییە خومەینی لە تورکیا بمێنێتەوە، دەبێ وا بکرێ بگەڕێتەوە. «ئەوانیش گەڕانەوەی ئیمام خومەینییان بە باش دانەدەنا و پاش وتوێژ و ڕاوێژ کردن لەگەڵ (پیراستە)ی باڵیۆزی ئێران لە بەغدا (شاش متمانەی تەواوی بە پیراستە هەبوو)، پیراستە ئەوەی بە باش زانی کە خومەینی بۆ نەجەف دوور بخرێتەوە (کتێبی پێ بە پێی خۆرەتاو-بەرگی یەکەم- ل ٤٢).

جا لە تشرینی یەکەمی ١٩٦٥ـەوە تا تشرینی یەکەمی ١٩٧٨، واتە سێزدە ساڵ لە عێراقدا مایەوە، ئەڵبەتە ئەو ماوەیەش دەکرێ بە سێ قۆناغی جیا جیا..

- ماوەی شەکەتی و دەست کێشانەوە، کە لە ساڵی ١٩٦٥ تا ساڵی ١٩٧١ی خایاند، واتە شەش ساڵ.

- ماوەی داکشانی دوای بەرپا بوونی خەباتی چەکدارانە، واتە لە ساڵی ١٩٧١ـەوە تا ١٩٧٧.





- ماوەی خۆ دەرخستن لە ژێر کاریگەریی (جیمی کارتەر) و کرانەوەی کەش و هەوای سیاسی لە سەردەمی شا، واتە ساڵانی ١٩٧٧ تا ١٩٧٨ و دەسەڵات گرتنە دەستی خومەینی.

**یەکەم: ماوەی شەکەتی و دەست کێشانەوە:**

لە ساڵانی ١٩٦٥و ١٩٦٦دا خومەینی دوو نامەی تایبەتی بۆ (مونتەزەری) و (نەجەفی مەرعەشی) نووسی و یەک وتاریشی خوێندەوە، کە بێ باس کردن لە ڕژێمی شا یا دەربڕینی لانی کەمی دژایەتی کردنی، ئامۆژگاریی پاشاکان و سەرۆکانی وڵاتانی ئیسلامیی کرد، کە «هەڵوێستی برایانە لە خۆیان نیشان بدەن»!

لە ساڵی ١٩٦٧دا خومەینی سکاڵانامەیەکی نووسی بۆ (هوەیدا)ی سەرۆک وەزیرانی شا، تێیدا گوتی: «ئایا زانایانی ئیسلام کە پارێزەری سەربەخۆیی و یەکپارچەیی وڵاتانی ئیسلامین، لە ئامۆژگاری کردن بەدەر تاوانیان چییە؟»

لە ساڵی ١٩٦٧وە تا ساڵی ١٩٧١ تەنیا چالاکیی خومەینی بریتی بوو لە (٦) شەش نامەی شەخسی و دوو برووسکەی کورت (یەکێکیان بۆ زیارەتکاران و حاجیان، ئەوی تر بۆ حکوومەت و گەلانی موسڵمان) و دیدارێک لەگەڵ نوێنەری ڕێکخراوی (فەتح)ی فەلەستین، تایبەت بە جەنگاوەرانی ئەو ڕێکخراوە بوو. خومەینی لە ئاست ڕووداوەکانی تایبەت بە ئێران لەم ماوەیەدا بێدەنگیی کردە پیشەی خۆی، لەوانە ئیعدام کردنی بکوژانی (حەسەن عەلی مەنسوور)ی سەرۆک وەزیرانی شا تا ئاهەنگەکانی بۆنەی تاج لە سەر نانی شا و خۆپیشاندانەکانی خوێندکاران و شەهید بوونی قارەمانی جیهانی (غوڵامە ڕەزا تەختی)و خۆپیشاندانی خوێندکاران لە ساڵی ١٩٦٩دا. بە پێچەوانەوە، ئەو بەو پەڕی پەلشتییەوە مەرایی بۆ ڕژێمی شا دەکرد، شەڕی قارەمانانەی چریکە فیداییەکانی گەلی لە ناوچەی (سیاهکل)ی دارستانەکانی سەرووی ئێران لە ساڵی ١٩٧١ بەرانبەر بە ژرێمی شا، هەروەها شەهیدەکانی ئەو نەبەردییەی بە هەڵە و گوناح دادەنا، لە نامەیەکیشدا بۆ ئەنجوومەنە ئیسلامییەکانی تاراوگە نووسیی: «بە ڕووداوە دەستکردەکانی ئیستیعمار لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، ڕووداوی وەک سیاهکەل و ڕووداوەکانی تورکیا فریو نەخۆن و غافڵ نەبن».

هەروەها لە ساڵی ١٩٧٠دا، پاش ئەوەی کۆمەڵێک ئەندامانی موجاهیدینی خەلق لە کاتی گەڕانەوەیان لە بنکەکانی شۆڕشی فەلەستین لە (دوبەی) گیران و بڕیار درا کە ئەو موجاهیدانە بە فڕۆکە ڕەوانەی ئێران بکرێنەوە و بدرێنە دەست شا... موجاهیدینەکان فڕۆکەکەیان ناچار کرد کە ڕەوتی بگۆڕێ و لە فڕۆکەخانەی بەغدا بنیشێتەوە. حکوومەتی



خوالێخۆشبوو ئایەتوڵڵا مەحمود تاڵەقانی

عێراق کە تا ئەو کات سەبارەت بە ڕێکخراوی نهێنیی موجاهیدینی خەلق هیچی نەدەزانی، دەترسا لەوەی ئەمە پیلانێکی ڕژێمی شا بێت، هەر بۆیە ئەوانەی دەستگیر کرد، لە تاران (سەعید موحسین) کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، ئەم کێشەیەی خستە بەردەم خوالێخۆشبوو (ئایەتوڵڵا مەحموودی تاڵەقانی)، ئەویش نامەیەکی بە مەرەکەبی نەبیندراو بۆ خومەینی نووسی تا لە لای حکوومەتی عێراق پاکانە بۆ موجاهیدانی گیراو بکات و ئازاد بکرێن، بەڵام خومەینی ئەوەی ڕەفز کرد، تەنانەت پێناسینێکی ئاسایی موجاهیدەکانی نەکرد لە لای حکومەتی عێراق، ئەو حکومەتەشی لە نامەکەی تاڵەقانی ئاگادار نەکردەوە.. لەم بوارەدا مەلا (دوعایی) کە یاوەری خومەینی بوو لە نەجەف نووسیویەتی: «ئەو نامەیە بە شێوازی نەبیندراو نووسرا بوو.. کاتێک چوومە لای ئیمام و وێنەی نووسینەکەیان خستە روو، ئایەتوڵڵا تاڵەقانی بۆ دڵنیایی ئیمام... بۆ ئەوەی ئیمام باوەڕی بەو نامەیە بێ تێیدا باسی یەکێ لە بیرەوەرییەکانی لە تەک ئیمام و ئایەتوڵڵا زەنجانیی باس کردبوو. مەبەستی بەڕێز ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لەو نامەیە ئەوە بوو، کە ئیمام داوا لە لێپرسراوانی عێراق بکات کە ئەو کۆمەڵەیە ئازاد بکەن. بە هەر حاڵ، پاش ئەو هەمووو کێشەیە ئیمام گوتی: دەبێ بیر لەو کارە بکەمەوە..». ڕۆژی دواتر خومەینی بە دوعایی دەڵێت: «تەنانەت گەر بەڕێز تاڵەقانی و بەڕێز زەنجانی بۆ خۆیان لێرە دانیشتبان و رووبەڕوو ئەم قسەیەم پێ بڵێن.. هەرگیز ئەوە قبووڵ ناکەم».

مەلا دوعایی سەبارەت بە هەڵوێستی ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لە بارەی موجاهیدینەوە دەڵێ: خوالێخۆشبوو ئایەتوڵڵا تاڵەقانی لە نامەکەیدا بۆ ئیمام خومەینی پشت بەو ئایەتەی قورئانی پیرۆز دەبەستێت: (**انهم فتیه آمنوا بربهم وزدناهم هدی**)، واتە ئەوان ئەو جوامێرانەن کە ئیمانیان هێنا بە پەروەردگار و ئێمەش هیدایەت کردنی ئەوانمان زیاد کرد. ئەم ئایەتە باسی یارانی ئەشکەوت دەکات، بەڵام ئەوەی دەرهەق بە ناساندنی موجاهیدانی زیندانی و ڕزگار کردنیان لە لایەن عێراقەوە، خومەینی نەیکرد، دەستبەجێ یاسر عەرەفات و نوێنەرەکەی لە بەغدا کردی و ئەو ئەندامانەی موجاهیدین دوای چەند ڕۆژێک ئازاد کران، کە شەهیدی قارەمان (مووسا خیابانی)یش لە ناویاندا بوو.





ئنجا ساڵی ١٩٧١ هاتە پێشەوە، موجاهیدین بە ئاشکرا وەک هێزێکێ شۆڕشگێڕی موسڵمان دەرکەوتن، کە خاوەنی پێگەی بەربڵاوی کۆمەڵایەتی بوون و لە لایەن جەماوەرەوە پێشوازییان لێ کرا، ئەوەش بووە هۆی ئاوا بوونی ئەستێرەی سیاسی و ئایدیۆلۆژیای خومەینی.

لێرەدا دەقی دەقاودەقی برگەیەکی لاپەرە ١٦٣ی بەرگی سێیەمی کتێبی (پێ بە پێی خۆرەتاو) کە لە لایەن ڕژێمی مەلاکانەوە دەرچووە و باسی سەرگوزشتەی ژیانی خومەینی دەکات، بۆتان دەگێڕمەوە. یەکێ لە دەست و پەیوەندی خومەینی لەم بوارەدا دەنووسێت: «لەو ڕۆژانەدا بارودۆخەکە تا ئەو جێیە لە بەرژەوەندی موجاهیدینی خەلقدا بوو، کە هەر رەخنەیەکی بچووک دژ بەوان زۆر بە توندی رەت دەکرایەوە.. کەسانێکی زۆر دەناسم لەو باوەڕەدا بوون کە ڕۆڵی خەبات و بزووتنەوەی سیاسیی خومەینی کۆتایی هاتووە و لە ڕاستیدا بە هۆی لایەنگیریی نەکردنی ئیمام لە موجاهیدینی خەلق، بڕوانامەی دۆڕاندنی خۆی مۆر کرد.. ئەو کەسانە باوەڕی تەواویان بەوە بوو کە ئیمام لە گۆڕەپانی سیاسی دەرپەڕاوە و کاتی ئەوە هاتووە، کە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق پێشرەویی گەلی ئێران و بزووتنەوەی خەبات و شۆڕشی ئێران بکات، بە ڕاستی ئەو ڕێکخراوە جەماوەری خەڵکی ئێرانی گرتبووە خۆ، ئیمامیش بەوەی دەزانی، ڕۆژانە نامەمان لە ئێرانەوە پێ دەگەیشت و تێیدا دەنووسرا کە: «شکۆ و پایەی ئێوە دابەزیوە. لە ناو خەڵکدا ڕۆڵتان نەماوە و موجاهیدینی خەلق شوێنتان دەگرنەوە.

دەقی نامەکەی (حوسێن عەلی مونتەزەری) بۆ خومەینیتان بۆ دەخوێنمەوە، کە لە ڕێکەوتی ١٥ی سەفەری ساڵی ١٣٩٢ک (ساڵی ١٩٧٢ز) نووسراوە:

گەورە ئایەتوڵڵای بەڕێز، (**مد ظله العالی**)

پاش سڵاو و ڕێز

هەروەک دەزانن ژمارەیەکی زۆری لاوانی موسڵمان و ئیماندار لە زینداندان و ژمارەیەکیان لە ژێر مەترسیی لە سێدارە داندان. بەوە ناسراون کە پابەندی بەتینی ڕێنماییەکانی ئیسلامن و زانیارییان زۆر فراوان و قووڵە لە ئاست بنەما و باوەڕی ئایینی و مایەی سەرنج ڕاکێشانی هەمووو گەورە پیاوان و مامۆستایانی ئایینن. هەندێ لە مەراجع و ژمارێک لە زانایانی ئیسلام جموجۆڵ و هەوڵی ئازادکردنیان داون و لەم بارەیەوە نامە و بەیاننامەیان بڵاو کردۆتەوە.. هەر بۆیە لە جێی خۆیدا دەبێت و پێویستە لە لایەن بەڕێزیشتانەوە شتێک بنووسرێت بۆ پشت ڕاست کردنەوە و بەهێز کردنیان و پاراستنی گیانیان. ئەم واتایە لەم بارودۆخەدا پێویستە، چون دوژمنان هەوڵی ئەوە دەدەن، کە ئەوان وەک خەڵکانی بە لاڕێدا چوو لە قەڵەم بدەن. ئەڵبەتە

جۆری ئەم پشتگیری کردن و لایەنگیری کردنش بەندە بە رای بەرێزتانەوە.

لە کۆتاییدا ئومێدەوارم دوعای خێری جەبتانم پێ بگات.

سڵاوی بەرەکەتی خواتان لێ بێ.

حوسێن عەلی مونتەزەری



٦

بەش شەشەم

# خومەینیخەباتی چەکدارانە بە سەرگەلی ئێراندا دەسەپێنێ

بە هۆی خەبات و چالاکییەکانی سەردەمی خەباتی نهێنی بەرانبەر بە شا و خەباتی پۆزیتیڤانە و ئاشتیخوازانە لە هەلومەرجی میللێ دیموکراتیانەی پاش شۆڕشە پیرۆزەکەی گەل و حوکمڕانێتی گرتنە دەست لە لایەن خومەینییەوە، رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران وەک هێزێکی سیاسیی گەورە، رەگ و ریشەی داکوتا..

لە خەباتی پۆزیتیڤانەدا موجاهیدین شێوازی ئاشتیخوازانە و بە ئاشکرا و یاساییان خستە کار و رووی بێگەردی بیروباوەڕ و بەهاکانی ئیسلامی خستە روو، بەڵام خومەینی بەوە رازی نەبوو کە دان بە مافی دیموکراتیی موجاهیدین و هێزە نیشتیمانییەکانی تردا بێنی، بە هەموو حیزب و هێزە نیشتیمانییە ئۆپۆزیسیۆنەکانییەوە و بڕیاری تەواوەتی داپڵۆسینی موجاهیدینی دا. ئەم کردار و رەوشتە نائاساییە رەوتی ستەمکارە خۆسەپێنەرەکانە، کە کاتێ هەلی دەسەڵاتیان بۆ دەڕەخسێ پشت لەو جەماوەرە دەکەن کە دەسەڵاتی پێ دان و پێیان گەیاند، دەکەوێتە رەوتێکەوە کە دوور بێ لە خزمەتگوزاری و بەرژەوەندی و ئامانجەکانی گەل، بەم شێواز و ئەنجامەوە لە گەل جیا دەبنەوە و ئامان و کاتی دواڕۆژیان نزیک دەبێتەوە. بەرانبەر بەوەش و بە مەبەستی بەرەنگاربوونەوەی داپڵۆسین و هەڕەشەی تیرۆریستیی دەسەڵاتی کۆنە پەرست، ئەوەتا موجاهیدین بانگەوازی خۆپیشاندانی گەورەی کرد لە تاران، بۆ بەرگری

کردن لە ئازادی..

لە رۆژی ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨١دا نزیکەی نیو ملیۆن کەس لە تاران بە ئارامی بەرەو شوێنی پەرلەمان رۆیشتن، ئاپۆرەکە بەرە بەرە بەرەو زیادبوون دەچوو، پاش نیوەڕۆی ئەو رۆژە ئێستگەی فەرمیی رژێم ئەوەی راگەیاند، کە خومەینی وەک وەلی فەقیهی رژێم، هەروەها خۆسەپێنەرە ستەمکارەکان بە زەبری خەیاڵی مافی یەزدانی، خۆیان بە والی بەسەر ملی گەلەوە فەرز کرد و بەرانبەریان دامەزران. فەرمانی بە پاسداران دا، کە خۆپیشاندانەکان بە شێوەیەکی خوێناوی داپڵۆسن، پاسداران خۆپیشاندەرانیان گوللەباران کرد و بە سەدان کوژراو و بریندار لەو ناوەدا کەوتن، تەنانەت هەزارانیان خستە زیندانەوە و دڕندانە خۆپیشاندانەکەیان بڵاوە پێ کرد.. پاش ئەوەش کاری گرتن و بە سەردادان و لە سێدارەدان زیاتر بوو. زیندانی ئیڤین لە تاران بە تەنیا جاری وا هەبووە لە یەک شەودا سەدان کەسی تێدا لە سێدارە دراوە، تەنانەت ئەوانەش خنکێندران کە پێش رۆژی ٢٠ حوزەیران گیرابوون..

ئیدی بۆیە پێویست بوو رەوتی بەرهەڵستکاریی چەکدارانە دژ بە دیکتاتۆریەتی خۆسەپێن پتەوتر بکرێ، ئەمەش کارێکی رەوا و پێویستە و خومەینی بە کردارە داپڵۆسێنەرەکانی دژ بە گەلی ئێران و هێزە پێشەنگەکانی، لە سەروویانەوە خەباتگێڕانی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق فەرزی کرد. ئەڵبەتە پێکدادانی چەکدارانە لە تەواوی وڵاتدا بەرپا بوو. موجاهیدین هیچ رێگایەکی تریان لە بەرهەڵستکاری چەکدارانە و داکۆکی کردن لە بیروباوەڕ و مافی گەل زیاتر، بە دەستەوە نەبوو، بەم جۆرەش دوو بەرەی دژوار جیا کرانەوە. بەرەی گەل و هێزە نیشتیمانییەکانی کە رێکخراوی موجاهیدینی خەلق هێزی سەرەکی بوو تیایدا و بەرەی دەسەڵاتی کۆنە پەرستی خومەینی و مەلاکانی دەست و دائیرەی. ئەمەش گەر خوینڕێژیی خومەینی نەبوایە رووی نەدەدا. بەم جۆرە زۆرانبازییەکی خوێناوی، کە خومەینی دژ بە بەها و ئامانجەکانی جەماوەری خەڵکی ئێران بەرپای کرد، هاتە کایەوە.

لەم سۆنگەوە دەتوانین بڵێین، زۆرانبازیی سیاسی و سەربازی لە نێوان هەردوو بەرەدا لە بەرژەوەندی و خواست و ویستی گەلی ئێران دەشکێتەوە.

ئەو راستییانەی پێشوو بە هەموو لایەنە باش و خراپەکانییەوە، کە مێژووی سیاسیی هاوچەرخی ئێرانیان تۆمار کرد، کاریگەریی هەبوو لە دروست کردنی بنەمایەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی نائاسایی و بەربەرەکانێی خۆپەرستانە و بەرژەوەندی تەسک و پەیوەندیی مشەخۆرانەی کاتی دا، کە بووە هۆی لەدەست دانی هەموو هەلێک بۆ گەلی ئێران، کە لەوانە بوو وەبەرهێنەر بێ بۆ نوێ کردنەوەی ئێران، لەم نوێکارییەشدا دەتوانرا لەگەڵ رەوتی رۆژگار و ژیاندا بگونجێ، بەو هۆیەشەوە بەدەنگ خواست و بیر و بۆچوونی ئیجابی و هۆشمەندانە و





رەوتی بیری رووناکبیریی کۆمەڵایەتییەوە بێ، کە ببێتە هۆی پێشکەوتن و پەرپێدان و گەشە کردن، بە تایبەتی لە بواری عەولەمەدا کە بووە نیشانەی ئەم سەردەمەی ئێستامان، کە نوێنەرایەتیی سیستەمێکی نوێی جیهانی دەکات و خۆی بەسەر گۆڕانکارییە دراماتیکییەکانی بواری هاوسەنگیی جیهانی و دەرکەوتنی تەکنۆلۆژیا فەرز دەکات.

ئەم لایەنە نوێیانە زنجیرەیەک مافی بنەڕەتی لە رووی ئایدیۆلۆژیایی و یاسایی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشنبیری لە خۆ دەگرێت، کە ناکرێ پشت گوێ بخرێن یا پێیدا تێپەڕیت یاخود بە سەریاندا باز بدرێت. ئەگینا ئەوە تەواو بەستەڵەک و خۆکوژییە بۆ سیستەمی سیاسیی دەسەڵاتدار. کەوایە ئامانجی شەڕی بەرەی هێزە نیشتیمانییەکان کە رێکخراوی موجاهیدینی خەلق و ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران نوێنەرایەتییان دەکات، بەدی هێنانی ویستی گەل و گۆڕانکاریی بنەڕەتییە لە سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی و فەلسەفەی حوکمرانێتی و کرانەوەی هۆشمەندانە و بێ مەرج بەرەو دەستکەوتەکانی شارستانیەت، لە بەرزترین ئاستی مادی و مەعنەوی و رۆشنبیریدا لەگەڵ کرانەوە لە میکانیزمی وڵامدانەوە و هاوبیری و کاری هاوبەشە، کە پێداویستی بۆ ئەم کارە، قبووڵ کردنی راستییەکانی مێژوو و کۆتایی هێنان بە شتی خەیاڵی و بەند بوون و بەستەڵەکی هزری و لۆژیکی و رەنگدانەوەی لە چەواشەکاری و توندڕەوی و زێدەڕۆیی لە کردار و بایەخی ناپەسنددایە. کە پێکهاتی بایەخ و توانا و شیکردنەوەی روانگە گیانی و ئەخلاقی و ئوسولییەکانمان، لە پێوەند لەگەڵ بنەماکانی هاووڵاتی بوون و مافەکانی مرۆڤ و ئازادیی گشتی و تاک دروست دەکەن. بە کورتی دەبێ بەرەنگار بوونەوەی نێوان هێزە نیشتیمانییەکان و حوکمڕانێتیی کۆنەپەرستی ستەمکار یەکلایی بکرێتەوە. ئەمەش پرسیارگەلێکی زۆری بە دوادا دێت، نەک پرسیارێک لە ئەنتلجنسیای مێژوویی هاوچەرخی ئێرانی د. عەلی قەیسەری.

ئەوەی مایەی سەرنج دانە، زۆربەی حوکمڕانانی خۆسەپێنەری ئێران، بە پێی مافی یەزدانی حوکمڕانێتییان گرتە دەست، رەوت و بۆچوونە داپڵۆسێنەرەکانیان بە ناوی ئایینەوە ڕایی دەکرد و پێکهاتەکانی گەلی ئێرانیان بە ناوی ئایینەوە دەچەوساندەوە، بە جل و بەرگی ئایینەوە رێگایان لە پەرەسەندن و گەشە کردنی دەگرت، کە ئەمەش وێنەیەکی چەواشەکەر و بە هەڵەبەرە لە رێزەکانی لە رێگا لادان و توندڕەوی و سەرکێشی، کە پێویست بوو پاش شۆڕشە جەماوەرییەکە تازەگەری لە ئاییندا روو بدات تا لەگەڵ رەوتی سەردەمدا بگونجێ و بە دینامیکییەتی هاوشانی دینامیکییەتی یاساکانی ئایینی ئیسلام بێ م لەگەڵ بەرژەوەندیو ئامانجەکانی جەماوەری گەلدا ساز بێ، کە خاوەن بەرژەوەندیی راستەقینەی گۆڕانکاری سیاسییە بەرەو پێشکەوتن و گەشە کردن. واهیمەی بە ناوی ئایین و دامەزراندنی دەوڵەتی تیۆکرات و ئیمپراتۆریەتی

ویلایەتی فەقیهە، کە واتای چەوساندنەوەی بیری سەدەکانی ناوەڕاست دەگەڕێنێتەوە، بەڵام کەللەڕەقی و لە خۆبایی بوونی خومەینی و هەوڵەکانی بەرەو لەخۆ گرتنی بۆچوونەکانی هێزە نیشتیمانییەکان و زەوت کردنی مافی مرۆڤایەتی و کارەکانی لە داپڵۆسین و چەوساندنەوە، بە ناشیرین و دڕندەترین ڕێباز و شێوە وای لە هێزە نیشتیمانییەکانی ئێران کرد، بە تایبەتی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، کە دژی بوەستن و بە خەباتی چەکدارانەوە دژ بەو دەسەڵاتە کۆنەپەرستە بوەستن.

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئومێدەواری باش بوونی باری سیاسی بوون، کە خومەینی ڕەوتە چەوتەکەی ڕاست کاتەوە، کە لە ماوەی شوباتی ۱۹۷۹وە تا حوزەیرانی ۱۹۸۱ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق ڕەوتی خەباتی سیاسیی ئیجابیی ئاشتیخوازانەی بەرەو پێشخستنی باری پرۆسەی سیاسی گرتە بەر، بەڵام فەتواکانی کوشتن و داپڵۆسین، کە لە لایەن ئیمامی لانەوازانەوە! (موستەزعەفین) دژ بە لانەوازانی عەبدی یەزدان دەدران، بە تایبەتی ئەو فەتەوایەی کە ناشێ هەر کەسێک لە ڕاپرسیی دەستووردا دەنگی نەدا خۆی بپاڵێوێ. ئەمەش مەسعوودی ڕەجەویی ناچار کرد کە لە جەنگەی هەڵمەتی هەڵبژاردندا خۆی لە پاڵاوتنی سەرۆکایەتی بکێشێتەوە. ئەم فەتوایەی خومەینی نوێنەرایەتیی بەرزترین پلەی دژایەتی و پاشگەز بوونەوە دەگەیەنێ و ئاماژەیەکی گرنگە بۆ هێزە نیشتیمانییەکانی ئێران، واتاکانی ئاڵوگۆڕ و گواستنەوەیەکی نەوعی و ئاڵوگۆڕێکی فیکری و ڕێکخستن و ئایدیۆلۆژییە بەرەو بەربەرەکانی کردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریەت و تاکڕەوی بەم شێوەیەی دادێ:

– ڕاگەیاندنی خۆسەپاندن و دیکتاتۆریەتی دەسەڵاتی خومەینی و ڕەنگدانەوەی بەسەر توندڕەوی و سەرکەشی و لە ڕێگا لادان.

– زمینە خۆش کردن بۆ کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی ڕژێم، چونکە زوو یا درەنگ خۆی، خۆی لەناو دەبات.

– هەڵوێستی نابەرپرسانەی دەسەڵاتی خومەینی، ئەرکی خەبات و تێکۆشانی داهاتووی یەک بەدوای یەکی خستە ئۆباڵی بەرهەڵستکاریی نیشتیمانیی ئێران و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق، کە لەوانەیە درێژخایان بێت تا دەسەڵاتی کۆنەپەرست دەڕووخێ.

– تاقی کردنەوەیەکی مێژووییە بۆ گەلی ئێران و هێز و حیزبە نیشتیمانییەکانی.

– پێدانی سیمایەکی سەرباری خۆڕاگرتنی ئەخلاقی و مەبدەئی، کە هەڵوێستێکی ڕەسەن و خانەدان لە مێژووی خەباتی موجاهیدینی خەلقە، کاتێ دەنگیان بۆ ئەو دەستوورە توندڕەوە نەدا و لە پاڵاوتنی سەرۆکایەتی کشانەوە. هەر بۆیە خومەینی دەستی کرد بە کوشتن و







خۆپیشاندانی گەورە لە تاران - ٢٠ی حوزەیرانی ١٩٨١

داپلۆسینی بزووتنەوەی موجاهیدینی خەلق و خەباتگێرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان. ئەم پەرەپێدانی بەرەنگار بوونەوەیە بووە جیاکەرەوەی سیاسیی رەسمی لە نێوان موجاهیدین و رەوتی خومەینیدا، بە بێ گەڕانەوە و پاشگەز بوونەوە.

وێنەی داپلۆسین و لایەنە خراپەکانی دەسەڵاتی خومەینی و پرۆژە شەیتانییەکانی لە رەوتی فراوان کردنی خاک و دەست بەسەردا گرتن و سیاسەتی ناردنی شۆڕش و توندڕەوی و سەرکێشی و لە رەوت لادان بۆ دەرەوەی وڵات خۆی دەنوێنێ، بە تایبەتی بۆ عێراقی دراوسێی کە بووە هۆی جەنگی هەشت ساڵە بە هەموو زیان و زەرەری مادی و گیانییەوە.

لە ئاست ئەم واقیعە تاریک و تاڵەدا بە هەموو شێوەکانی کێشە و داشکانییەوە و پێش دەست پێ کردنی ئاراستە کراوی داپلۆسین لە لایەن حکومەتەوە، بەڕێز مەسعوودی رەجەوی هەوڵی دەست پێشخەری و قۆستنەوەی بواری دەدا، بۆ ئەوەی رۆشنبیریی هۆشمەندی و ڕاپەرین و واتاکان و پێشکەوتنی کێشەکانی قۆناغی ناسکی مێژووی خەباتی گەلی ئێران بڵاو بکاتەوە، بە هۆی وتار و وانەکانییەوە لە ناو جەماوەردا پەخشی بکات، کە تێیدا پێویستیی پەرەپێدانی ئازادی گشتی و ئازادیی کەسێتی و ئازادیی رادەربڕین و ئەو کوبوونەوانەی، کە خومەینی لە جەماوەری گەل و هێزە نیشتیمانییەکان و بەرهەڵستکاریی نەتەوایەتی رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی قەدەغە دەکرد، بەرانبەر بەو توندڕەوی و زەبروزەنگ و ستەمکارییە، دەبوایە کاری بەرهەڵستکاری بە شێوازی خەباتی چەکدارانە و بە هەموو توانا و وزە و رەوتی مەبدەئی و مرۆڤایەتی و ئەخلاقی و ئایدیۆلۆژییەوە پەرە پێ بدرێ، کە لەوانەش پرسیارەکەی بەڕێز مەسعوودی رەجەوییە کە دەڵێ: کار چییە؟

بەم بۆچوونە شۆڕشگێڕییەوە رێکخراوی موجاهیدینی خەلق مەشرووعییەت و شەرعییەتی خۆی لە بەرەی نیشتیمانیدا، لەگەڵ هێز و بزوتنەوە نیشتیمانییەکانی تری ئێراندا چەسپاند و وەبەرهێنانی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێرانی راگەیاند، کە یەکێ لە هەرە گرنگترین ئەرکەکانی، بەرپا کردنی ئاڵوگۆڕی سیاسی و گەڕانەوەی شەرعییەتی حوکمڕانێتی بوو بۆ گەلی ئێران، پشت بە لایەنگیریی جەماوەری گەلی ئێران و بە توندی ڕاوەستان لە دژ تیرۆریزمی حکومی، کە واهیمەی ویلایەتی رەهای فەقیهی راگەیاند بە هەموو لادانییەکییەوە لە رەوتی راست و بەهاکانی ئایینی ئیسلام.



٧

**بەشی حەوتەم**

# جەنگی نێوان عێراق و ئێران

## کاریگەری، ئەنگێزە و دەرئەنجام

جەنگی نێوان عێراق و ئێران هەشت ساڵی خایاند (لە ١٩٨٠/٩/٤ـەوە تا ١٩٨٨/٨/٨)، کاتێک فرۆکەکانی عێراق لە بنکە سەربازییەکانی ئێرانیان داو هێزەکانی چوونە ناو قووڵایی ئێرانەوە، کە ئەم هەوڵە عەسکەرییەی عێراق بە مەبەستی لێدانێکی دەست پێشخەرانە (خۆ پاراستن) بوو لە ئاست هەڕەشە بەردەوامەکانی بەرنامەی ناردنە دەرەوەی شۆڕش! و بەزاندنی سنووری عێراق لە لایەن دەسەڵاتی خومەینییەوە.

ئەگەرچی رژێمی خومەینی دروشمە ئایینییەکانی بەکار دەهێنا و لەلایەکەوە پەنای بۆ چەواشە کردن دەبرد، لەلایەکی ترەوە بۆ بەست کردنی ئازادی، بەرانبەر بە هێزە دیموکراتییەکان و بە تایبەتی موجاهیدین، کە زاڵ بوون بەسەر هێزە کۆنەپەرستەکانی هەموو توێژە کۆمەڵایەتییەکاندا. بەڵام هەر لە ساڵانی سەرەتای رژێمی خومەینییەوە، پێگەی جەماوەریی حوکمڕانێتی کەوتە ئاستێکی تەنگی نزمەوە. ئا لەم جۆرە بارودۆخانەدا رژێم پێویستی بە خوڵقاندنی قەیران یا ناردنی قەیرانەکان بوو بۆ دەرەوەی سنوور بەرەو پتەو کردنی دەسەڵاتەکەی، ئێستاش پاش تێپەڕ بوونی نزیکەی ٢٨ ساڵ، هیچ گومانێکی تێدا نامێنێ بەلای هەر لایەنێکی سیاسیی بێلایەنەوە، کە خومەینی ئەنگێزەی ناوخۆیی سیاسیی هەبوو بۆ هاندان بەرەو جەنگی عێراق و بەردەوام بوونی لە لایەن رژێمی ئێرانەوە.

ئەوەتا خواست و ویست و بیانووی بەرپا بوونی جەنگ لە لایەن دوو

حوکومڕانی دوو وڵاتی هاوسێ، ئەو دوو حوکومڕانە خۆسەپێن و هەڵەشە بوون، یەکەمیان نوێنەرایەتیی لایەنێکی نەتەوایەتیی عەلمانی و دووەمیان نەتەوایەتیی ئایینیی رادیکالی دەکرد. لە ئەنجامدا هەردوو بۆچوونیش نقومی هەڵە و چەوتی تیۆری و جێبەجێ کردنی سیاسی بوون، کە ئەولەویەت و ئەنگێزەیان لەسەر داپڵۆسین و ستەمکاریی پێکهاتی گەلەکانیان بوو، لە لایەکی تریشەوە رژێمی ستەمکاری خۆسەپێنەر پشت بە میکانیزمی دەست بەسەردا گرتن و فراوان کردنی خاک دەبەستن بە مەبەستی ئیمپریالی، بە بێ ئەوەی گوێ بدەنە بەرپرسێتیی ئەخلاقی لە ئاست چارەنووسی گەلەکانیان. ئەوەتا جەنگ بە هەموو لایەنی خراپییەوە بەهانەی ئەوە لە یاسا و پەیمانە نیودەوڵەتییەکان بە دەستەوە نادات. سیاسەتی زۆرانبازی و جەنگ بە تایبەتی جەنگی عێراق و ئێران، کە خوێنی تێدا پژا و گیانی بێ تاوانانی موسڵمانی تێدا زەوت کرا، تەنانەت لە پێناو زەوق و ئارەزووی دوو حوکمڕانی خۆسەپێن بوو، کە بە ناوی بیروباوەڕ و ناونیشانی نیشتیمانی و ئایینی و تایەفەگەرییەوە کاری خۆیان دەکرد، ئا بەم داواکارییە پووچەڵانەی، کە دەردەسەری و کارەساتی بەسەر هەردوو گەلی موسڵمانی هاوسێدا هێنا، هیچ لە بەرژەوەندی و خواست و ویستی گەلدا نەبوو، کە ئەو جەنگە وێرانکەر و داچۆڕێنەری وزەی مادی و گیانی بەرپا بوو.

ئاشکرایە کە قووڵایی دەردەسەری هەردوو گەلە هاوسێیەکە زۆر گەورە بوو، سەرباریش دەتوانرێ لە رێگای قەبارەی زیانە مادی و گیانییەکانی هەردوو وڵات و هەردوو گەلەوە، لە ماوەی هەشت ساڵی جەنگ و کوشتار، زیانی ماددی و دارایی هەردوو لا بە لایەنی کەمەوە گەیشتە سەدان ملیار دۆلار. رەفسەنجانی دانی بە زیانەکانی لایەنی ئێراندا نا کە گەیشتە (١٠٠٠) ملیار دۆلار و زیانی گیانی گەیشتە (٢/٥) ملیۆن کەسی کوژراو و پەککەوتەی بێتاوان. ئەوەتا پاش ئەو هەموو زیانە هەر دوو حوکمڕانی دیکتاتۆر کۆچیان کرد و لەعنەتی هەمیشەیی مێژوویان پێ گەیشت. ئەو جەنگەش دەبێتە عیبرەت بۆ هەردوو گەل، کە ئیتر نەیەڵن حوکمڕانەکانیان نزیکی سیاسەتی جەنگ و داپڵۆسینی باری ئازادی و شێوازی مەکیاڤیللی بکەونەوە و دەنگیان بە حیزب و کەسانی سەرەڕۆ و توندڕەو و لە رێگا لادەر نەدەن.

دەبێ دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەمیشە لە بەرژەوەندی کەسێتیی پتەو و لێهاتووی خاوەن مێژوویەکی سیاسیی خەباتگێڕانە بێ، باوەڕیان بە ئامانجەکانی گەل بێ و ئاسایش و ئاسوودەیی و بەرژەوەندییەکانی گەل بپارێزن، بە مەنتیق و زاناییەوە رفتار بکەن و وڵاتەکانیان لە کارەسات و دەردەسەری بەدوور خەن، ئەوەتا هەڵبژاردنی رەوتی دیموکراتی باشترین جێگرە لە ژیانی گەلاندا، کە بە هۆیەوە بتوانن هەنگاو بەسەر کێشە و تەنگ و چەڵەمەی هەمیشەییدا هەڵێنن، لەو واقیعە گەندەڵە سیاسی و کۆمەڵایەتییەش رزگاریان بێت، بەڵام ئەو حوکمڕانانەی





کە گەلەکانیان پێیانەوە دەتلێنەوە، نە دەبیستن و نە دەنگیان لێوە دێ و نە لە زمانی مەنتیقی سەردەم تێدەگەن. بەرانبەر بە پێداویست و پێویستییەکانی گەلانیان تەنیا زمانی داپڵۆسینی رەها و بە شێوەیەکی دڕندانە دەناسن، کە لە مرۆڤایەتییەوە دوورە. وەک ئەوەی کە رژێمی عێراق جۆرەها شێوازی داپڵۆسینی دژ بە پێکهاتەکانی گەلی عێراق و بە تایبەتی کورد بەکار دەهێنا، سەرباری گرتن و کوشتنی تاکە کەسی و بە کۆمەڵ و گرتنە بەری سیاسەتی خاکی سووتماک دژ بە کوردستانی عێراق و بە کۆمەڵ لەناو بردن (جینۆساید) و زەوت کردنی مافی رەوا و نکووڵی کردن و نەهێشتن و پەرێز کردنی خواستی گەل لە پێناو ئەوەی، کە دیکتاتۆر بپارێزرێ و بەرژەوەندییەکانی سەرکەوتوو بن.

ئەمەیە رەوتی حوکمڕانی ستەمکاری خۆسەپێنەر، کە بە واهیمە و خەیاڵەوە دەڕوانن و یاری بە خواست و چارەنووسی گەلەکانیانەوە دەکەن، کە خومەینیش یەکێک بوو لەوانە، کە بە کردارێکی چەتەبازی بنەماکانی شۆڕشی گەلی زەوت کرد، کە بە جەستە و خوێنی هێزە نیشتیمانییەکان، بە تایبەت خەباتگێڕانی موجاهیدینی خەلق دروست کرا بوو. ئەم رێکخراوە بەربەرەکانێی خۆسەپێنەر و دەسەڵاتی شای کرد، پسپۆرییەکی خەباتگێڕانەی کەڵەکە کرد و خەباتی گەلی ئێرانی گەیاندە ئەم رادەیە لە بەرزی پتەوی و خەباتی جەماوەری، کە پێشەنگی گۆڕانکاریی سیاسی بوو. قوربانیی زۆریان داوە و دەدەن لە پێناو هەڵوێستی مەبدەئی و تێڕوانینێکی هۆشمەندانەی ڕوانگەی سیاسی و هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆژیایەکی وا، کە دیکتاتۆریەتی شا و خومەینی لەناو بەرێ و جێگری مەوزووعی دیموکراتی دابمەزرێنێ. هەڵوێستە مەبدەئییەکانی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق، بە تایبەتی هەڵوێستە مەبدەئییەکەی سەرکردەی رێکخراوەکە، بەرێز مەسعوودی رەجەوی کە تیشکی بیروباوەڕی بە سەر دانەواندن و خۆ بەدەستەوە دان نەگۆڕییەوە و بە هەڵە رازی نەبوو، لە دژ کردار و رفتارەکانی خومەینی و ویلایەتی فەقیهدا وەستا، ئەو ویلایەتەی کە واتای زەوت کردن و بەکۆیلە کردنی جەماوەر دەگەیەنێ.

بە مەبەستی کۆکردنەوەی بۆچوونێکی یەکگرتووی بە کۆمەڵ و کاریگەری هەموو لایەنە دژەکانی رژێمی خومەینی و مەلا و تاوانبار و لە رێگا لادەر و ئەوانەی خولیای کوشتن و خوێنڕشتنن، ئەوە بوو ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران پێک هات، کە رادەیەکی بەرزی خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەموو پێکهاتەکانی گەلی ئێران و بنکە میللییەکانیانە.

شایانی باسە، پاش بەرپا بوونی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە ئەیلوولی ساڵی ١٩٨٠دا، رێکخراوی موجاهیدین زۆر بە توندی داگیر کردنی خاکی ئێرانیان لە لایەن عێراقەوە ریسوا کرد، بە شێوەیەکی کاریگەرانە بەشداریی بەرەکانی جەنگی دژ بە عێراقیان کرد و هەزاران

ئەندامی موجاهیدین بەرەو بەرەکانی جەنگ بوونەوە، بەرگرییان لە وڵات کرد و زۆریان لێ شەهید بوو، لەوانەش (د. ئەحمەد تەباتەبائی) کە ئەندامێکی دێرینی موجاهیدین بوو. هەروەک ژمارەیەکی زۆریان بەدەست هێزەکانی عێراق دیل کران و پاش دە ساڵ ئازاردان، چوونەوە ریزی موجاهیدین، هەروەک زۆریان بەشداریی جەنگیان کرد، لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەن پاسدارانی خومەینییەوە بەرەنگاری جۆرەها دەستدرێژی و لێدان و زیندانی کردن و خنکاندن و کوشتن دەبوونەوە..

ئەوەتا راپۆرتێکی سەرۆکی لیژنەی لاوەکیی کاروباری ئەوروپا و رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆنگریسی ئەمریکا دەڵێ، کەوا وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا رایگەیاند، پاش هێرشی هێزەکانی عێراق بۆ سەر خاکی ئێران لە ئەیلوولی ١٩٨٠دا دەستبەجێ یەکەکانی موجاهیدین نێردران بۆ بەرەکانی جەنگ، کەچی توندڕەوەکانی خومەینی نەیانهێشت و تەنیا چەند رۆژێک مانەوە و پاشگەزیان پێ کردنەوە، هەروەها لە سەرەتای جەنگەوە خومەینی ئەو جەنگەی بەوە وەسف کرد، کە بەهرەیەکی یەزدانییە و بە هەموو توانایەکییەوە هەوڵی ناردنە دەرەوەی شۆڕش! و فراوان کردنی دەسەڵاتی شەیتانیی خۆی دەدا. رژێم بیانووی جەنگی قۆستەوە و هەموو هێزە



دیمەنێکی کوژراوەکانی شەڕی ئێران عێراق





نیشتیمانییە دیموکراتییەکانی داپڵۆسی و تاوانی خنکاندن و گوللەباران کردنی خۆپیشاندانەکانی ناڕەزایی دەربڕین و دەمکوت کردنی ئافرەتی خستە کار.

لە نێوان ئەو هەموو پاشگەز بوونەوە و کشانەوەیە، پرسیارێکی گرنگ قوت دەبێتەوە: ئایا بۆچی خومەینی و مەلاکانی، ئەو هەموو کاری داپڵۆسین و دەمکوت کردن و لە سێدارەدانی جەماوەری ئێرانیان بەرپا کرد و سیاسەتی جەنگ و ناردنە دەرەوەی شۆڕشی توندڕەویان بەرەو گەلانی جیهان وەک عێراق، پەیڕەو کرد؟ واتە مەبەست و دەرئەنجامەکانی چی بوون و بۆچی؟ بەو جۆرە دڕندایەتی و ناشارستانییەتە بۆ؟ وەڵامی ئەو پرسیارانە ئاراستەی خودی خومەینی و مەلاکانی پاش خۆی دەکرێ، کە تەنیا ئەوانە توانای وەڵامدانەوەیان هەیە، چونکە خومەینی لەم دنیایە کۆچی کرد. ناشێ ئەو پرسیارانەش بەبێ وەڵام بمێننەوە، بێگومان راپرسیش پێویستی بە شیکردنەوەیەکی قووڵتری سایکۆلۆژیای ئەو پیاوەیە و خستنەڕووی گرێ دەروونییەکانیەتی. ئەمە لە لایەکەوە. لە لایەکی ترەوە ناوەرۆکی فەلسەفیی هەیە بۆ روانگە و میکانیزم و دینامیکیەتی پرۆژەی ویلایەتی ڕەهای فەقیهی و ئاراستەیەکی دوژمنکاری و هێرشبەرانەی (ئیمپریالی)ی هەیە بۆ ناردنە دەرەوەی شۆڕش، ئەڵبەتە باری بەرگری کردن و هێوەر بوونەوە، واتای پاشگەز بوونەوە و لێک ترازان دەگەیەنێ، چونکە بنکەکانی پرۆژەکە خۆ نەگرتووە و بە بێ سیاسەتی فراوان کردن و ئاڵۆزەی لە ئاست شارستانیەتی سەردەمدا، بە هەموو نوێکارییەکانییەوە خۆڕاگر نابێ.

لە کاتێکدا رژێمی خومەینی دار و دەستەی نقوم بوون لە سیاسەتی داپڵۆسینی ڕەهای پڕ لە دڕندایەتی و بێ بەزەیی دژ بە کورد و خەباتگێڕانی بزووتنەوەی موجاهیدینی خەلقی ئێران و بەرهەڵستکارانی دیکەی رۆڵەکانی گەلی ئێران و پاش پاشەکشێ کردنی هێزەکانی عێراق بەرەو سنووری عێراق لە ٩ی کانوونی دووەمی ساڵی ١٩٨٣دا، سەرۆکی ئەنجوومەنی بەرهەڵستکارانی ئێران، مەسعوود ڕەجەوی لە بنکەی نێشتەجێ بونی لە ئۆڤیر سورئۆواز، لە فەرانسە چاوی بە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق کەوت. لە ئەنجامدا بەیاننامەیەکی هاوبەش دەرکرا، کە گورزێکی راست بوو بۆ رژێمی دوژمنکاریی خومەینی و بووە هۆی شەپۆلێکی خۆشی بە لای زۆربەی رۆڵەکانی گەلی ئێرانەوە. ئەڵبەتە سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانی لە یەکێ لە وتەکانیدا ئەوەی راگەیاند و گوتی: ئیتر لەمەو دوا کات لە بەرژەوەندی بەرهەڵستکاران و دژی گیانی دوژمنکارانە و پڕ جەنگی خومەینی دەبێ.

لە ١٣ی ئاداری ساڵی ١٩٨٣دا، واتە پاش شەش مانگ لە لێکۆڵینەوە و لەسەر دوان و بەدواداچوون، پرۆژەی ئاشتیی بەرهەڵستکارانی ئێران پەسند کرا، کە لەو بارودۆخەدا بە هەڵوێستێکی نیشتیمانیی گرنگ دادەنرا. ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران ئەو

پرۆژەی ئاشتییەی ئاراستەی حکوومەتی عێراق کرد، بۆ ئاگاداری دانەیەکی نارد بۆ ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان و دەوڵەتانی بزووتنەوەی بێلایەن و دەوڵەتانی ئەندامی ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی. لە ئەنجامی دەرکردنی ئەم پرۆژەی ئاشتییە ئەنجوومەن چالاکییەکی بەرفراوانی لە ئاستی نیودەوڵەتیدا پەیدا کرد بۆ داوا کردنی ئاشتیی نێوان عێراق و ئێران. گەر جەنگ بە لای خومەینییەوە ستراتیژی بوو، ئەوەتا ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکاران ئێران لە بەرانبەردا دروشمی ئاشتیی کردە ستراتیژی خۆی، بەڵام خومەینی و ڕژێمەکەی گشت دەست پێشخەرییەکی ئاشتییان رەت دەکردەوە، سوور بوون لە ئاست بەردەوام بوونی جەنگ و بەرز کردنەوەی دروشمی «ئازاد کردنی قودس لە ڕێگای کەربەلاوە». لە ساڵی ١٩٨٨دا و پاش قبووڵ کردنی ئاگربەست لە لایەن خومەینییەوە، کە بەوە وەسفی دا و گوتی: (پەرداخێک ژەهرم خواردەوە)، پاش مردنی خومەینی لە ساڵی ١٩٨٩ میراتێکی گرانی بۆ گەلی ئێران بەجێ هێشت. لە پاشماوەی وێرانکاری هەموو ئاستێکی وڵات و سەرباری کارەسات و دەردەسەریی جەنگ، کە مەلا میراتگرەکانی پاش خۆی بەرەو زیاد کردنی رادەی توندوتیژی و دەستدرێژیی نامرۆڤانە و داپڵۆسینی ئازادیی گشتی، کە وەک درندەیەک خومەینی بنکەی بۆ دانا بوون.

لە رۆژی ٢١ ئاداری ١٩٨٣دا حکوومەتی عێراق بە وەڵامێکی ڕەسمی کە لە رۆژنامەکانی عێراقدا بڵاو بووەوە، گوتی پرۆژەی ئاشتیی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران، بنچینەیەکی باشە بۆ رازی بوون بە وتووێژ کردن و دابین کردنی ئاشتیی نێوان هەردوو لا. ئەو پرۆژەیە پێشوازییەکی نیودەوڵەتیی لێ کرا و ٢٢٠ حیزبی سیاسی و رێکخراو و کۆمەڵە و یەکێتیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی و سەندیکای کرێکاران لە (٥٧) وڵاتی جیهاندا بەیاننامەیەکی ناڕەزاییان دەرکرد و سیاسەتی ڕژێمی کۆنەپەرستی چەرخەکانی تاریکیی شەڕخوازی خومەینییان ڕسوا کرد، لایەنگیری و دەست خۆشیی پرۆژەی ئاشتیی بەرهەڵستکارانیان کرد، کە بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی سەرکردەی بەرهەڵستکارانی ئێران لە ١٣ی ئاداری ١٩٨٢دا ڕایگەیاند. ئەو پرۆژەی ئاشتییە پێشوازییەکی گەرمی گەلی ئێرانی لێ کرا. جگە لە لایەنگیریکردنی فراوانی نێودەوڵەتیی پەرلەمانی ئۆروپاوە و لەوانەی لایەنگیرییەکەیان ئیمزا کرد، هەندێ کەسێتیی دیار هەبوون. لە هەمان کاتدا بازنەی بەرهەڵستکارانی جەنگ لە ناو ئێراندا بەرفراوانتر دەبوو، ئەوە بوو ڕۆڵەکانی گەلی ئێران کە رۆژانە نرخ و قوربانییەکی زۆریان دەدا لەو جەنگە ویرانکەرەدا، بەدەنگ بانگەوازی دابڕان لە جەنگ بوونەوە و دەستیان کرد بە ناڕەزایی دەربڕین و راکردن لە بەرەکانی جەنگ و پێشوازی کردن لە پرۆژەی ئاشتیی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران. شایانی باسە، لە ماوەی ساڵانی جەنگدا حکوومەتی عێراق بۆ سێ جار ناوچە مەدەنییەکانی بۆردوومان نەکرد، ئەویش لەسەر داوای سەرکردەی بەرهەڵستکارانی ئێران.





دیارە بزووتنەوەی ئاشتیخوازیی موجاهیدین لەو سەردەمەدا لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژووی جەنگدا کردەوە و گوڕزێکی ستراتیژی بە خومەینی گەیاند و بزووتنەوەی ئاشتیی لە ئێران و دەرەوەی ئێراندا فراوانتر بوو. هەر بۆیە ڕژێمی خومەینی هێرشێکی بەرفراوانی دژواری کردە سەر بەرهەڵستکارانی نیشتیمانی کە هەموو جۆرە تەوەرەیەکی تیرۆر و بازرگانیی سیاسیی بەرفراوانی دژ بە بەرهەڵستکارانی نیشتیمانی خستە کار. پرۆسەی رفاندنی بێگانەکان لە لوبنان بابەتێکی شیاو بوو بۆ وەبەرهێنانی ئەو کێشەیە لە ئالییاتی ئەرکی مۆر کردنی ڕێککەوتننامەکان. بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەیە بارمتە بێگانەکان یەک لە دوای یەک بەر دەدران بەرانبەر بە ملکەچ کردن لە ئاست جەنگی دژ بە عێراق و بەکارهێنانی جۆرەها گوشار لە دژی بەرهەڵستکارانی ئێران و کێشەی ئێران کۆنترا (ئێران گەیت)، کە ئەو ڕێککەوتنانە بە شێوەیەکی نهێنی لە نێوان ئێران و حکوومەتی ئەمریکا بەستران، کە بەو پێیە بارمتە ئەمریکاییەکان پاش ماوەیەکی کەم لە ئاشکرا بوونی کێشەی ئابڕووبەری ئێران گەیت، کێشەیەکی ئابڕووبەری تر ئاشکرا بوو لە ڕێککەوتنێکی نێوان پاریس و تاراندا، سەبارەت بە ئازاد کردنی دەستبەسەرانی بە رەگەز فەرەنسیی لوبنان، بەرانبەر بە دەرکردنی موجاهیدین و مەسعوود ڕەجەوی لە فەرەنسا، وتووێژ ماوەی ساڵێکی خایاند. ڕژێم زۆر بە پێویستی دەزانی کە چالاکیی مەسعوود رەجەوی لە فەرەنسا قەدەغە بکات بە هەر شێوە و شێوازێک بێ. جا ئایا بە رفاندن بێ یا بە رێگای سەر دانەواندن یا لە ڕێگای بەرتیلەوە. لە ئەنجامدا حکوومەتی فەرەنسا کەوتە تەنگ پێ هەڵچنینی سەرکردەی بەرهەڵستکارانی ئێران و ڕێگا گرتن لە چالاکییەکانی. ئەویش پاش سەخت بوونی کێشەی بارمتە فەرەنساییەکان لە لوبنان و هەڕەشە تیرۆریستییەکانی ڕژێمی خومەینی، کە پیلانێکی بەرفراوانی دادەنا دژ بە بەرهەڵستکارانی ئێران. ئەمەش لە ژێر چاوپۆشیی حکوومەتی فەرەنسا. ئەم کارانەش لە هاندانی خەڵکی شاری (ئۆوێر سورئۆواز) ەوە، کە بنکەی موجاهیدینی لێ بوو، دەستی پێ کرد جگە لە پرۆسەی تەقینەوە. لە ئاستی نیودەوڵەتیشدا دەوڵەتانی دیموکراتی رۆژئاوا بێدەنگ بوون لە ئاست ئەم گوشارانەدا، هەر بۆیە بەرهەڵستکارانی ئێران هیچ هەڵبژاردنێکی تریان بە دەستەوە نەبوو لەوە بەو لاوە، کە لە فەڕەنسا دەرچن. تەنانەت دەوڵەتانی ئەورووپا داواکارییە دوابەدوا یەکترەکانی بەرهەڵستکارانی ئێرانیان سەبارەت بە مانەوەی کاتیی بەڕێز مەسعوود رەجەوی پشتگوێ خست، چونکە ئەو دەوڵەتانە لەو کارە تیرۆریستیانەی ئێران دەترسان کە لەوانە بوو ڕژێمی ئێران بیخاتە گەڕ.

شایانی باسە حکوومەتی سویسرا لە حوزەیران ١٩٨٦دا بواری بە مەسعوود رەجەوی نەدا، کە بە شێوەیەکی کاتی لە ماڵی پرۆفیسۆر (کازم رەجەوی) برای دا بمێنێتەوە. ئا لەو بارودۆخە سەختەدا مەسعوود رەجەوی و هەزاران موجاهید ناچار بوون لە ٧ی حوزەیرانی ١٩٨٦دا بەرەو عێراق، خاکی فەرەنسا بەجێ بێڵن. بەرانبەر بەوە رژێمی حوکمڕانی ئێران هەندێ بارمتەی

رفێندراوی فەرەنسیی لە لوبنان ئازاد کرد.

نیشەجێ بوونی موجاهیدینی خەلق لە عێراق، ئەگەرچی ئاڵۆزییەکی سیاسیی سەختی داهێنا، بەڵام قۆناغێکی تری بەرەنگار بوونەوەی نێوان هێزە سیاسییەکان و رژێمی مەلاکان بوو. رووداوە سیاسییەکانی ناوچەکە هاوکێشەی نوێی بە خۆیەوە دی. لەوەو پێش خومەینی بە هۆی قۆستنەوەی بارودۆخی جەنگ لەگەڵ عێراق و داهێنانی تەنگ و چەڵەمە و کێشەی جۆراوجۆر، کارگەریی هێزە سیاسییەکانی ناو وڵاتی نەهێشت بوو. بە جۆرێک میکانیزمی گەشە کردنی سیاسەتی جەنگ زاڵ بوو بە سەر هەموو کاروبارێکی باری شەقامی ئێران. هەر بۆیە گواستنەوەی موجاهیدینی خەلق بۆ عێراق، شوێنەوار و کاریگەریی دیاری هەبوو بەسەر ئەو هاوکێشەیەوە، ئەڵبەتە شتێکی ئاسایی بوو کە بەکرێگیراوانی رژێم هێرشێکی راگەیاندنی شێتانە لە دژی موجاهیدین بخەنە گەڕ و تاوانی ناڕەوایان بخەنە پاڵ و بە تابوور (ستوون)ی پێنجەمی دوژمنی دابنێن، وەک هەوڵدانێک بۆ پێشێل کردن و شێواندنی ڕۆڵی موجاهیدینی خەلق کە دژ بە ناوەرۆک و ناوجەرگەی ستراتیژیەتی جەنگی مەلاکان بوو. ئەم بەرەنگار بوونەوەیەی نێوان رژێمی ئێران و بەرهەڵستکارانی ئێران، گرنگترین بەربەرەکانێی سیاسیی بەرهەڵستکارانی ئێران بوو.

هەمیشە خومەینی ئەوەی ڕادەگەیاند کە جەنگ بەهرەیەکی یەزدانییە و فاکتەرێکە بۆ ژیانی گەلی ئێران، بەڵام بە گواستنەوەی موجاهیدینی خەلق، رمان و پاشگەز بوونەوەی بەرەبەرەی راگەیاندنی دژوار، ئەوەی دووپات کرد کە گواستنەوەی جێگر (بەدیل)ی حوکمڕانێتی خومەینی بۆ عێراق کاریگەرێکی سەرەکیی بوو بەرەو راگرتنی جەنگ.

ئێستا پاش تێپەڕ بوونی زیاتر لە بیست ساڵ، زۆربەی چاودێران وا دەڕوانن کە موجاهیدین سەربەخۆیی خۆیان بەسەر خاکی عێراقەوە پاراست و بەرەو داوە سیاسی و عەسکەرییەکانی رژێم نەخزان و لە ژێر سێبەری گەشە کردنی رووداوەکان و جەنگ و بەرەنگار بوونەوەدا، بەو پێیەی کە چۆکیان بۆ هێرشەکانی راگەیاندن و سیاسەتی ئێران دانەدا، بوونە هێزێکی گرنگی گۆڕانکاری لە هاوکێشە سیاسییەکەی داهاتووی ئێراندا.

بەڕێز مەسعوود رەجەوی لە فرۆکەخانەی بەغداوە راستەوخۆ بەرەو مەزارە پیروزەکان بووەوە، هانای بردە بەر ئیمام حوسێن (سڵاوی لێ بێ) و گوتی، پەنامان بۆ تۆ و باوکی بەخشندەت هێناوە. ئەوەی شایانی باسە ماوەی ساڵێک بوو زەختی فەرەنسا بەسەر موجاهیدینەوە توندتر دەبوو، بەڵام موجاهیدین خاکی فەرەنسایان بەجێ نەهێشت تا ئەو کاتەی ئەوەیان زامن کرد، کە حکوومەتی عێراق سەربەخۆیی کاریان لە عێراقدا دەپارێزێ و دەست لە کاری ناوخۆییان وەر نادات، کە بەرانبەر بەوەش ئەمان دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەر نادەن.





هەڵبژاردنی عێراق لە لایەن موجاهیدینەوە دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هۆ، کە بەرژەوەندی نێوان هەردوو وڵات یەکێ بوو لەو هۆیانە، بە تایبەتی پاش ئەوەی بەڕێز مەسعوود رەجەوی پرۆژەیەکی ئاشتیی خستەڕوو، حکوومەتی عێراق و کۆمەڵگای نیودەوڵەتی پەسندیان کرد. ئەڵبەتە پرۆسەی گواستنەوەی موجاهیدین بەرەو عێراق لە کاتێکدا بوو، کە پەیوەندییەکانی حکوومەتی عێراق بە ئەورووپا و ئەمریکاوە لە باشترین ئاستدا بوو، تەنانەت لێپرسراوانی عێراق بە رێز و بایەخەوە لە لایەن سەرکردەکانی دەوڵەتانی ئەورووپا و کۆشکی سپییەوە پێشوازییان لێ دەکرا.

(ئەلکسەندەر هیگ) وەزیری دەرەوەی ئەو کاتەی ئەمریکا سەبارەت بە هێرشەکانی رژێمی خومەینی بۆ سەر خاکی عێراق دەڵێ: "ئەڵبەتە ئەمریکا دەستەوەستان نابێ لە ئاست هەر گۆڕانکارییەک لە ناوچەی کەنداوی فارسدا، بە هۆی جەنگی نێوان ئێران و عێراقەوە". هەروەها هێنری کیسێنجەر وەزیری دەرەوەی پێشووتری ئەمریکا لە شیکردنەوەیەکیدا دەڵێ "بەربەرەکانێکانی ناوچەکە دەکرێن بە چوار بەشەوە. ئوسوولییەتی شیعە و توندڕەوە ئیسلامییەکان و شۆڕشی ئێران و ئیمپریالیزمی سۆڤیەتی"، سووریش بوو لە ئاست هاوکێشەی سەنگی هێزەکان لە ناوچەکەدا. تەنانەت لە ساڵ ١٩٨٤دا حکوومەتی ئەمریکا ناوی عێراقی لە لیستی ئەو دەوڵەتانە دەرکرد، کە پاڵپشتیی تیرۆر دەکەن و سەر لەنوێ پەیوەندیی دیپلۆماسیی نێوان حکوومەتی ئەمریکا و عێراق بەسترایەوە، تەنانەت رۆناڵد ریگان، سەرۆکی ئەمریکا، نوێنەری خۆی بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نارد و چاوی بە سەرۆکی عێراق کەوت.

لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٨٦دا لە یەکەم دیداری نێوان مەسعوود رەجەوی، سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران و سەرۆکی عێراق، بەڕێز رەجەوی ئەوەی دووپات کردەوە و گوتی: "لێتان ناشارینەوە کە پێش چەند ساڵێک موجاهیدین دژ بە هێزە چەکدارەکانی عێراق دەجەنگان، بەڵام پاش ئەوەی عێراق ئارەزووی ئاشتیخوازانەی خۆی لە تەک ئێراندا دەربڕی، ئەوا دەبێ رووی گشت چەکەکان ئاڕاستەی رژێمی خومەینی بکرێت، چونکە تاکە لایەنە کە سوورە لەسەر بەردەوام بوونی جەنگ، ئەگەرچی تەواوی ڕۆڵەکانی گەلی ئێران داوای ئاشتی دەکەن و ڕای گشتی ئەو داواکارییە دووپات دەکاتەوە". هەروەها سەرۆکی عێراق لە رێگای ئامرازە رەسمییەکانی راگەیاندنی عێراقەوە ڕایگەیاند، کە سەرکردایەتیی عێراق رێز لە بەرهەڵستکارانی ئێران و سەربەخۆیی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و سەربەستیی جموجۆڵ و کاریان دەگرێ، بەرەو وەدی هێنانی ئامانجەکانیان. پەیوەندیی نێوان عێراق و بەرهەڵستکارانی ئێران لەسەر بنەمای ئاشتی و رێز گرتن لە مافی هەڵبژاردنی بیروباوەڕ و سیاسیی هەردوو گەل دەبەسترێت (دەزگاکانی راگەیاندنی عێراق لە ١٥-١٦ حوزەیرانی ١٩٨٦دا).

بە جێگیر بوونی موجاهیدین لەسەر خاکی عێراق چەندین پرسیار دێنە کایەوە، وەڵامیش زۆرن. وەک نموونە، خومەینی و دار و دەستەکەی ویست و خواستی جەماوەری خەڵکی ئێرانیان پێشێل کرد، کەوتنە داپڵۆسینی هێزەکان و بە تایبەتی موجاهیدینی خەلق، بە جۆرێک کە ژماری شەهیدانی موجاهیدینی خەلق گەیشتە (١٢٠) هەزار کەس و خومەینی بە پێچەوانەی ئەوەی خۆی بە ئیمامی ناوازەکان (موستەزعەفین) دادەنا، لە ژێر ناوی وەلی فەقیهدا ئەوانی خستە باری شەکەت بوون و نائومێدی. جا ئاخۆ هاتنی موجاهیدین بۆ عێراق لە ئەنجامی ئەو گوشار و هاندان و سازشانەیە، کە رژێمی خومەینی لەگەڵ فەرەنسا و چەند دەوڵەتێکی رۆژئاوای دیموکراتیدا کردی؟ ئایا دەتوانین وەڵامەکان بخەینە چوارچێوە هاوبەشەکان وەک بەرژەوەندیی هاوبەش و ئامانجی سیاسی و سەربازی و تەکنیکیی هاوبەش و جموجۆل و ئاستی موجاهیدین و دەست پێ کردن بە بەربەرەکانی کردنی دیکتاتۆریەتی رژێمی ستەمکاری ئێران؟ ئایا ئەم هاوبەشایەتی و دەرهاویشتە مەوزووعییەکان بوونە هۆی دارِشتن و گەڵاڵە بوونی پەیوەندییەکان و پێکهێنانی هاوگونجانی سیاسی بۆ هەردوو لا؟

ئەم ڕادەربڕینانە کە نوێنەرایەتیی راستییەکان دەکەن، بنەمای بوونی موجاهیدینن لە عێراقدا. ئەگەرچی هەڵوێستی موجاهیدین لە ئاست رەوشت و رفتار و کردارەکانی سەدام حسێن، لە مەسەلەی گرتنی کوێت و جەنگە ناسراوەکانی لە دژی هێزەکانی هاوپەیمانێتی یا لە داپڵۆسینی گەلەکەی، کە نەدەتوانرا ئاشکرا بکرێت، بەڵکوو لە مەرج و پەیوەندییەکاندا شاردرانەوە. ئەوەتا جۆرێتیی ئەم تاقی کردنەوەیە لە گونجاندنی قۆناغی سیاسیدا، کە نموونەیەکی دەگمەنە، بەڵام واقیعی خەباتی موجاهیدینی سەپاند و کێشەکانی لەو بۆچوون و تەسەور و دەرئەنجام خستنە رووە، دوور لەو تۆمەتبار کردن و خەتابار کردن و جەنگی سیاسی و دەروونیی رژێمی ئێران دژ بە موجاهیدین هەڵناگرێ. بەڵام رووداو و بەڵگەکان خۆیان لە راستییەکاندا حەشار داوە و بێلایەنی و سەربەخۆیی موجاهیدین دەخاتە ڕوو. لەم بارەشەوە مێژووناسی ئەمریکایی دکتۆر عەلی پارسای مامۆستای زانکۆی کالیفۆرنیا لە دانیشتنێکی کۆنگرێسدا بۆ لێدوانی دەرکردنی بڕیارەکان لە رۆژی ١٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٣دا ئاماژەی بە هەڵوێستی موجاهیدین دا، لە ئاست جەنگی کوێت و دوا جەنگ لە عێراقدا و گوتی: "بە راستی موجاهیدین سەربەخۆیی خۆیان لە نێوان ئەو دوو جەنگەدا سەلماند. ئەمەش دەبێ وەک کاریگەرییەکی ئیجابی لە لای سیاسەتمەدارانی ئەمریکاوە تۆمار بکرێ". هەر بۆیە هەر پرسیارێک لەم راستیانەوە و بە هۆی سیاسی و ستراتیژییەوە دەرپەڕێ، لەوانەیە هیچ واتایەکی ئاشکرا و روونی نەبێ بەڵکوو تەنیا خەست کردنەوەی گریمانی جەدەلیی بێ سوودە و بە پێچەوانەی واتا راستەکانی مەنتیقەوە دەبێ.





پرۆفیسۆر مۆریس دیب، شارەزای کاروباری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی (جۆن هاپکینـز)ی ئەمریکا لەو باوەڕەدایە، کە بوونی موجاهیدین لە عێراقدا بە جۆرێک لە پەیوەستیی بەرژەوەندی دەژمێردرێ، چونکە عێراق دراوسێی ئێرانە، ئەوەی کە گرنگە بە لای موجاهیدینیشەوە ئاستە جوگرافیەکەی عێراقە نەک ئەوەی عێراق حوکم دەکات. ئەوان هەوڵی گوڕان و لەناو بردنی دەسەڵاتی رژێمی ئێران دەدەن، بە باوەڕی منیش پێویستە لە سەرمان هاوبەشی ڕایەکیان بین، کە پرۆفیسۆر دیب بە ئاستی جیۆپۆلیتێکی ناوچەکە و راستییە سەختەکانی بۆ هەموو لایەنەکان ئاماژە پێ دەکات، کە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ بەدەنگ ئەو چالاکی و میکانیزمەوە بچین، کە بە شێوە پێچەوانەیەکەوە یا ئاڵوگۆڕ پێ کراو دەخرێنە روو. بە نموونە ئەوەتا هەناردنە دەرەوەی شۆڕش (توندڕەوی) لە لایەن رژێمی ویلایەتی فەقیهی حوکمڕانی ئێرانەوە، کە خۆی بە سەرپشکی (ئوم ئەلقورا)ی وڵاتانی ئیسلام دادەنێ و وەلی فەقێ بە چاودێریکەری فەرمانی (وەلی ئەمر)ی موسڵمانانی جیهان دادەنێ، کە ئەمەش سیمایەکی خۆییە و دەبێتە هێزێکی پاڵ پێوەنەری رژێمی فاشیزمی حوکمڕان بە ناوی ئایینەوە لە فراوان کردنی خاکدا. ئەمەش پێوانەی رمان و نەمانیەتی لە ئاستی ماوەیەکی دووردا، کە لە هەمان کاتدا لە ئێران بۆ زامن کردنی مانەوەی بەسەر لووتکەی دەسەڵاتەوە. ئەوەتا زیندوویەتی رژێم بەندە بە پەل هاویشتن و لە نەبزوان و هێمنیشیدا بڕیاری رمان و نەمانی هەر بەجێیە. واتە لە ناوەوەی خۆیەوە دژواریی خۆی هەڵدەگرێ، جا یا خۆی، خۆی دەفەوتێنێ، یاخود ئەوانی تر لە دەرەوەی دەیفەوتێنن، عێراقیش بەو تایبەتمەندیانەی کە پێیان ناسراوە، هەمیشە لە بەرەی پێشەوە بووە لە بواری هەناردنی شۆڕش (توندڕەوی)دا، چونکە عێراق شەش مەزاری ئیمامانی شیعەی لێیە و ٦٠٪ی دانیشتووانی شیعە مەزهەبن. ئەڵبەتە هۆی سەرەکیی پێداگرتنی ڕژێمی خومەینی لە ئاست بەردەوام بوونی جەنگی خاپوورکەر لە ماوەی ٨ ساڵدا و لە ژێر دروشمی (لە رێگای کەربەلاوە، بەرەو قودس دەپەڕینەوە)، کە بە راگرتنی جەنگ رازی نەدەبوو، تا ئەو کاتەی سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران مەترسیی رووخاندنی رژێمی خستە بەردەست. هەروەها رەت کردنەوەی مۆر کردنی رێککەوتننامەی ئاشتی لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا، ئەو ستراتیژەی ئێران راڤە دەکات، کە بریتییە لە هەناردنی شۆڕش، کە ئەمەش یەکێکە لە کارە هەرە گرنگەکانی سیاسەتی دەسەڵاتی مەلاکانی ئێران. هەر بۆیە رۆڵ و سیمای دیکتاتۆریەتی بە ناو ئایین و دەسەڵاتداری ئێران راپێچی ئەو ڕاستییەمان دەکات، کە سەربەخۆیی موجاهیدین و سوپای ئازادیخواز بۆ هێنانە دیی ستراتیژی رماندنی رژێمی (ویلایەتی فەقیهی) پێویستیان بە خاکی عێراق هەیە، کە ئەمەش لە رێگای ڕەزامەندی و بواردانی حکوومەتی عێراقەوە دەبێ. ئەوەتا حکوومەتی عێراقیش خۆی لە بەردەم سیاسەتی خاک فراوان کردن و هەناردنە دەرەوەی توندڕەویی رژێمی ئێراندا دەدۆزێتەوە، ئەم ڕاستییە بەسەر خاکەوە پاڵپشت و تەوەری

دەرەکییە بۆ موجاهیدین و بەرهەڵستکارانی ئێران، کە وای لە حکوومەتی عێراق کرد بەو پەڕی سەربەخۆییەوە پێشوازی لە موجاهیدین بکات.



٨

## بەشی هەشتەم

# جەنگی یەکەمی کەنداو- ١٩٩١

### هـۆ، دەرئەنجام، ئەنجام

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سەرکردایەتیی هێزەکانی هاوپەیمانێتیی نیودەوڵەتیی کرد، کە لەوانەش دەوڵەتانی کەنداوی عەرەب و میسر و دەوڵەتانی رۆژئاوا و هێزی سەربازی و ئاسمانیی هاوپەیمانێتی لە سعوودیە و قەتەر و بەحرەیندا کەڵەکە بوون، جگە لە هێزی دەریایی کە لە نزیک کەناری رۆژهەڵاتی دەریای سپی و کەناری رۆژئاوای کەنداودا رێچکەیان بەست، بە نیازی ئەوەی کوێت لە عێراقی داگیرکەر رزگار کەن.

لە ١٩٩٠/٨/٢دا عێراق خاکی کوێتی داگیر کرد. بە هەموو پێوانە سەربازییەکان ئەو هێزە زەبر وەشێنەی کە بە سەرکردایەتیی ئەمریکا بوو، زۆر پێشکەوتووتر بوو. رووی بەراورد لە نێوان سوپای عێراق و ئەو هێزەدا ناکرێ. ئەو هێزەی هاوپەیمانان توانای داگیر کردنی کیشوەرێکی هەبوو نەک خاکێک بە رووبەری جوگرافیای کوێت. ئەنجامەکانی زیانێکی زۆری گیانی بوو، جگە لە بەند کردنی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی عێراق، کە خۆی لە شێوەکانی گەمارۆدا نواند و شکاندنەوەیەکی مەعنەوی بوو بۆ رژێمی عێراق، کە لە خێوەتەکەی (سەفوان) بە هەموو ئەنجامەکانی رازی بوو، کە تا رۆژی ئەمرۆمان ئەو نشوستییە لە بەر چاوە. ئەنجامە دوراوەکەی جەنگی عێراق راستەوخۆ بە هۆی دەستدرێژی کردن و داگیر کردنی کوێت و بەربەرەکانی کردنی سەرۆکی ئەوسای عێراق، بە پێچەوانە کار کردنی دژ بە خواست و ویستی کۆمەڵگای

نیودەوڵەتی و نەکشانەوە و کۆتایی نەهێنانی بە داگیر کردنەکەوە بوو. ئاماژەی ئەوەی بۆ کرا بوو، کە بمێنێتەوە و پاشەکشە نەکات و گوێ نەدات بە رووبەڕوو بوونەوەی سەربازی. بێگومان داب و نەریت و پەیمان و یاسا نێودەوڵەتییە هاوچەرخەکان، بواری داگیر کردنی سەربازیی وڵاتانی تر بە هەر هۆیەکەوە بێت نادەن.

هەروەک بواری کردار و ڕەوشتی ناپەسند و رەنگدانەوەی ناڕەوای، وەک ئەوەی لە کۆبوونەوەی سعوودیە، لە نێوان سەرۆک وەزیرانی کوێت و شاندی عێراق بە سەرۆکایەتی عیزەت دووری و عەلی حەسەن مەجید رووی دا و سووکایەتی کردن بە یەکتری و تۆمەتبار کردن و ریسوا کردنی یەکتری، کە بەڵگەیەکی دیار و ئاشکرای بێهۆشی و بیر تەنگی و رەوشت بەدی نیشان دەدات، لە چوارچێوەی پرۆتۆکۆلە رەسمییەکاندا، هەروەها بەرەڵڵایی و نابەرپرسی و لە خۆبایی بوونی پووچەڵ و نەفامی لە هەڵسوکەوتی دیپلۆماسیدا دەخاتە روو، کە ئەمەش یەکێ بوو لە هۆیە سەرەکییەکانی پەرەپێدانی ناکۆکی و هێرش کردنە سەر و داگیر کردنی کوێت بوو. لە ئەنجامیشدا جەنگی کەنداوی ساڵی ١٩٩١ رووی دا، کە ڕژێمی عێراق پشتی بە گرەوێکی دۆڕاو بەست بوو، سەرەڕای ئەوەش پیلان و هاندانی زۆربەی حوکمڕانانی عەرەب. دەوڵەتە عەرەبەکان و دەوڵەتانی رۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا، لە پەرەپێدان و مەزن بوونی هێزی عەسکەریی عێراق دەترسان، بۆیە شێوازی مانۆر کردنیان خستە کار و دەست پێشخەریی ئەوەیان خستە کار، کە عێراق بەرەو جەنگێکی دۆڕاو ڕاکێشن، کە ببێتە هۆی رماندنی رژێمی عێراق.

لێدوانەکانی ئەوسای سەرۆکی حکوومەتی پێشووی عێراق بۆ پشتگیری کردن لە سعوودیە لە بەرانبەر مەترسیی داگیری کردنی لە لایەن سۆڤیەتەوە سوودی نەبوو، چون لە رێکخستنەکانی حیزبی بەعسدا ئەو پاساوە برەوی پێ درا، کە پێویستە "عەگال" لە سەری دەسەڵاتدارانی نەوتی عەڕەبی لا ببرێت.

ئەمریکا لە رێگای ئامرازە سیخوڕییەکانییەوە توانیی دوو خاڵ پەخش بکات، ئەنجامەکەی کوشتنی (سەدام حوسێن)ی سەرۆکی عێراق و ڕایی کردنی گۆڕانکاریی پێویست لە دەسەڵاتی عێراقدا. راستەوخۆ ئەو دوو واتایەی بە سەرۆکی عێراق گەیاند، تا زیاتر پەرە بەو هەڵوێستە بدات و رێگا بۆ جەنگ خۆش بکات، تەنانەت دەوڵەتەکانی کەنداوی عەرەب یارییان بە بۆچوونەکانی سەدام حوسێن کرد، بەوەدا هاندەری جەنگی عێراق و ئێران بوون، هەروەها یارییان بە چارەنووس و بوون و قەوارە و رژێم و گەلی عێراق کرد.

ئەو یاری کردنە بە بنەما گشتی و تایبەتییەکانی عێراق تا بەرپا بوونی جەنگی یەکەمی کەنداو (لە ساڵی ١٩٩١) و دووەم (لە ساڵی ٢٠٠٣) و دوا جەنگ، کە بووە هۆی نەمانی





دەسەڵاتی رژێمی عێراق و چەندین وێنە و رووداو و کاری سلبی و دراماتیکیی بەردەوام بوو.

ئەم رووداوانە ڕەنگدانەوەی سلبییان هەبوو بەسەر تەواوی گەلی عێراق و تەنانەت بەسەر هێزەکانی بەرهەڵستکاری ئێرانەوە، بە تایبەتی بڕبڕەی پشتی بەرهەڵستکاران، واتا رێکخراوی موجاهیدینی خەلق و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران، کە هەموو هێزکانیان کشانەوە بەرەو شوێنی سەرەکی لە شاری «ئەشرەف» لە پارێزگای دیالە، ئەڵبەتە هەڵوێستیان روون و ئاشکرا بوو، خۆیان لە هەر پێکدادانێک لەگەڵ لایەنەکانی گەلی عێراق لا دەدا و چالاکییەکانیان تەنیا بە مەبەستی ئازاد کردنی ئێران بوو لە دەست دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئێران. دەسەڵاتدارانی ئێران بوختان و درۆی ئەوەیان کرد، کە موجاهیدین کورد و شیعەمەزەبیان داپڵۆسیوە و هاوبەشی وزەی جەنگیی عێراقن، بەڵام ئەم درۆ و دەلەسە و بوختانە سووکانە لە بەردەم راستییەکاندا بەرگە ناگرن. راستی ئەوەیە کە بەرهەڵستکارانی ئێران لە سەروویانەوە رێکخراوی موجاهیدینی خەلق و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانی، بە هیچ جۆرێک بەشداری چالاکییە جەنگییەکانی عێراق نەبوون. تەنانەت بە هیچ جۆرێک بەشداریی داپڵۆسینی کورد و شیعەیان نەکردووە، ئەو تاوانانە دەخرێنە پاڵیان بە مەبەستی شێواندنی ناوبانگی موجاهیدین و شێوەیەکە لە شێوەکانی جەنگی دەروونی دژ بە بەرهەڵستکارانی ئێران، کە بوێر و ڕاستگۆ و ڕوونن، چونکە بنەمای بیر و باوەڕیان خۆ بەخت کردن و قوربانیدان و ڕاستگۆییە. تەنانەت دەستبەرداری ڕاستی نابن، ئەوەش ئاماژە بۆ باری خودی ڕووداوەکان دەکەن، کە ئەمەش پێوانەی راستگۆیی و دادپەروەرییە، کە هەموو شێوەکانی ناڕەوایی و پووچەڵیو بەهانە و بوختان و درۆ هەڵبەستن رەت دەکاتەوە و کەرەناکانی پڕوپاگەندەی رەسمیی ئێران لە ژێر زەبری دەسەڵاتی کۆنەپەرستی فاشیزم و بە فەرمان و هاندانی راستەوخۆی ئەو دەسەڵاتە، بۆ ریسوا کردنی سەرکردایەتیی بەرهەڵستکاران لە سەروویانەوە موجاهیدینی خەلق و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانی ئێران، چونکە ئەو لایەنانە، تەنیا جێگری مەوزووعیی دیموکراسیی بوون، کە بتوانن کۆتایی بە وێنەی توندڕەوی و لە رێ لادانی رژێمە گەندەڵەکەیان بهێنن، کۆتایی بە شێوازەکانی کوشتن و بڕین و تۆقاندن و لە سێدارەدانی تیرۆریستانە بهێنن.

ئەنجامەکانی ئەو جەنگە بە هەموو لایەنە سلبییەکانییەوە بەسەر بەرهەڵستکارانی ئێران و بنکەکانی رێکخراوی موجاهیدین و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێراندا شکایەوە، لە زۆر لاوە زیانێکی زۆری لێ کەوت. بە مەبەستی وەدەرخستنی هەڵوێستی رێکخراوەکە لە داگیر کردنی کوێت و دەرئەنجامەکانی جەنگی یەکەمی کەنداو و بارە سەختەکانی بەسەر رێکخراوەکەوە، ئەوا لێرەدا لێدوانێکی سەرۆکی لیژنەی کاری ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران، بەڕێز (عەباس داوری) دەخەینە بەرچاو، کە یەکێکە لە لێپرسراوە دێرینەکانی رێکخراوی موجاهیدینی

خەلق. ئەو لێدوانەش لە پەرتووکی (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران لە عێراقدا) بڵاو بووەتەوە، لە نووسینی سافی ئەلیاسری.

عەباس داوری دەڵێ: «لە سەرەتادا پێویستە ئاماژە بە یەکێ لە بنەماکانی بەرهەڵستکارانی ئێران بکەم، لە ڕوانگەی ئێمەوە بوونی ڕژێمی حوکمڕانی نامرۆڤانەی تاران، لە دژی بەرژەوەندییە باڵا نیشتیمانییەکانە، هەر بۆیە زۆر ئاساییە کە بۆچوون و هەڵوێستمان لە ئاست هەر دەنگدانەوەیەکی سیاسیی تایبەتدا، لەسەر یەک پیوانە بنیات دەنرێ، ئەویش ڕادەی سوود وەرگرتنی ڕژێمی ئێرانە لە ڕووداوەکان و درێژە پێدانی ماوەی مانەوەی بە سەر سەری گەلی ئێرانەوە، هەر بۆیە بە حیسابێکی مەنتیقی لەم چوارچێوەیەدا، لە بەرەبەیانی ڕۆژی (٢)ی ئابی ١٩٩١، کە لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە هەواڵی گەیشتنی هێزە چەکدارەکانی عێراقمان پێگەیشت کەوا کوێتی داگیر کرد، ئەوە بوو تووشی سەرسوڕمانێکی زۆر بووین، جگە لەوەی دەستدرێژی بۆ سەر هەر وڵاتێک خۆی لە خۆیدا تاوانە، ئەوەتا تێڕوانینیشمان بۆ ئەم کێشەیە هەر لە سەرەتاوە ڕوون و ئاشکرا بوو، کە یەکەم زیان لێ کەوتووی ئەو هێرشەی عێراق بۆ سەر کوێت، بەرهەڵستکارانی ئێرانە. بەم پێیەش لایەنی ئەو سەری هاوکێشەکە ڕژێمی دەسەڵاتداری ئێرانە، کە سوود لەو داگیر کردنەی عێراق وەردەگرێ. ئەو ڕژێمە لە ئاستی نیودەوڵەتیدا بە دوو پێوانە ناسرا بوو، یەکەمیان گەورەترین لادەری مافی مرۆڤە لە جیهاندا، دووەم ئەوەیە کە ڕابەری تیرۆری نیودەوڵەتییە. لەم دوو بوارەشەوە بەرهەڵستکارانی ئێران دۆسێی تێر و تەسەلیان ئامادە کرد و ئاڕاستەی ڕێکخراو و دەوڵەتانی جیهانیان کرد و دەبوایە سزا بدرایە، بەڵام داگیر کردنی کوێت لە لایەن عێراقەوە ئەو هاوکێشەیەی لە دژی بەرژەوەندییەکانی گەلی ئێران وەرچەرخاند و لە ئاستی سیاسییەوە ڕژێمی ئێرانی لەو کێشەیە ڕزگار کرد. جگە لەوەی بە هۆی ئەو هێرشەوە، ڕژێمی ئێران دەستکەوتێکی ئابووریی زۆری وەدەست هێنا، بە نموونە ئەوەتا لە ساڵی یەکەمی داگیر کردنەکەی عێراق بۆ سەر خاکی کوێت، ئێران بە بڕی ١٣ ملیار دۆلار، جگە لە پشکی ئاسایی خۆی، نەوتی ڕەوانەی دەرەوە کرد.

بەو پەڕی جادووگەری و فێڵ و چەواشە کردنەوە، ئێران دەوری سیاسیی خۆی لە ئاست داگیر کردنی کوێتدا ڕاگەیاندا. بە سەرزاری، داگیر کردنی کوێتی ریسوا کرد، بەڵام بە نهێنی و بە هۆی هەندێ پەیوەندییەوە، عێراقی هان دەدا کە لە کوێت نەکشێتەوە، لەو بارەیەوە (سەعد ئەلبزاز) لە ڕۆژنامەی (ئەلجەمهوورییە)دا ئاماژە بە دووپات کردنەوەی سەرۆک کۆماری ئەو سەردەمە ئێران، ڕەفسەنجانی دەکات، کە دەیگوت پێویستە عێراق لە کوێت دەرنەچێ.

جگە لەوەی هەندێ باڵی ڕژێمی ئێران ئەوەیان ئاشکرا دەکرد، ئەگەر شەیتانە گەورەکە (مەبەست ئەمریکایە) بۆ دەرکردنی عێراق لە کوێت هێزی سەربازیی خستە کار، ئەوا ڕژێمی





ئێران پاڵپشتیی عێراق دەبێ، چون مانەوەی عێراق لە کوێت سوودێکی زۆری دەبێت بۆ دەسەڵاتدارانی تاران.

با بێینەوە سەر هەڵوێستی بەرهەڵستکارانی ئێران، کە بە هۆی داگیر کردنی کوێتەوە گەورەترین زیانی لێ کەوت، چەندین جاریش ئەوە بە حکوومەتی عێراق ڕاگەیاندراوە و سوور بووین لە ئاست کشانەوەی سوپای عێراق، بەڵام بێ سوود بوو. هەر بۆیە بێلایەنیشمان بە هەموو لایەک ڕاگەیاند. هەروەک دیاریش بوو لەو کاتەدا هیچ کام لە سەربازگاکانمان لەو جەنگەدا بۆردوومان نەکران. ئێمە وڵاتانی سعوودیە، بەحرەین، مەراکیش، قەتەر و ئیماراتمان لە ڕێگەی باڵیۆزخانەکانیان لە وڵاتانی ئەورووپا، ئاگادار کرد بووەوە».

مامۆستا سافی دەڵێ، ئەم لێدوانە لە ئاستەکانی میللی و سیاسی و ڕەسمیدا و لە تەواوی ناوچەی عەرەبدا پێداچوونەوەی سیاسەت و هەڵوێستی دەوڵەتان و حیزب و بزووتنەوە سیاسییەکانی ناوچەکە هەڵدەگرێت، ئەگەرچی ئەو هەڵوێستەش درەنگ وەخت هاتە بەرهەم. بە گشتی ئەوەتا بەرهەڵستکارانی ئێران بە سەرکردایەتیی موجاهیدینی خەلق، ڕووبەڕووی پەرەپێدانێکی سلبیی نوێ بووەوە، کە لە بیر و حیسابیدا نەبوو، پاش داگیر کردنەکەش ڕوخسار و وێنەکە وەرچەرخا و هاوکێشە و پێوانەکان، کە دەوڵەتانی ناوچەکەی لەگەڵ ڕێکخراوەکەدا بەسەر یەک هێڵەوە ڕادەگرت، بەرانبەر بە دیاردەی توندڕەویی ئایینیی ڕژێمی ئەوسای ئێران، لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا ئەو دەوڵەتانە هەر لە سعوودیە و کوێت و ئیماراتەوە تا ئەردەن و میسر و دەوڵەتانی عەرەبی ڕۆژئاوا، هەڵوێستیان گۆڕی. ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق هەستی بەوە کرد، کە بەرەو زیانێکی گەورە دەبێتەوە، ئەگەرچی هیچ بەرژەوەندییەکی لەو بارەدا نییە، هەر لەو کاتەشدا ڕژێمی ئێران چووە خانەی کنەکنەی چەندین دەوڵەت، لە سەروویانەوە ڕژێمی عێراق. بە پەلەش کاردانەوەی داگیر کردنەکەی کوێت بەم جۆرە تەشەنەی کرد.

ئەو تەنگ و چەڵەمەیە ڕۆشنایی خستە سەر ئەو وێرانکاری و دەردەسەرییانەی کە ڕژێمی پێشووی عێراق لە کوێتدا ئەنجامی دان، بەم جۆرەش پێشێل کردنی مافی مرۆڤ و لە سێدارەدان و توندڕەویی تایەفەگەریی ڕژێمی ئێران داپۆشرا. لە پڕێکا ڕژێمی ئێران لە ئاستی دوژمنکارییەوە بەرەو ئاستی بە لای خۆدا ڕاکێشان، کە لە هەمان کاتدا عێراق و هەندی دەوڵەتانی عەرەب و ڕۆژئاوا هەوڵیان بۆ دەدا، پێشبڕکێیان دەکرد تا زیاترین ئیمتیازیان پێ بدرێ، تەنانەت ئەو بۆ خۆشی خەونی بەوەوە نەدەدی. لە چەند مانگێکی کەمی پاش داگیر کردنی کوێت، ئەو دەوڵەتانەی کە پەیوەندییان لەگەڵ ئێراندا نەبوو، سەر لەنوێ پەیوەندیی دیپلۆماسییان لەگەڵ ئێراندا گەڕاندەوە.

پاش تەنگ و چەڵەمەکەی ساڵی ١٩٩٠ و بەرز بوونەوەی نرخی نەوت، داهاتی ڕژێمی

ئێران زیادی کرد بە رادەیەک گەیشتە ١٣ ملیار دۆلار. بەم جۆرەش زاڵ بوو بەسەر چەندین کێشەی ئابووریدا و کۆمپانیای بیانی بەسەر ئێراندا دارژان. ئەمەش تا رادەیەکی زۆر گوشارە ئابوورییە توندەکانی سووک کرد، کە گۆڕانکارییە سلبییەکەی شەڕی کەنداو وای کرد بوو، ئێران جێی سەرنجی حوکمڕانێتیی هەندێ لایەنی سیاسیی حکوومەتەکانی رۆژئاوا نەبێ، بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندیی بە هەڵوێستی دژ بە توندڕەویی ئایینییەوە هەبێ، چونکە رژێمی ئێران سەرچاوەی سەرەکیی توندڕەویی ئایینییە و ئاگادار کردنەوەکانی بەرهەڵستکارانی ئێران هیچ سوودێکیان نەبوو (کتێبی توندڕەویی ئایینی.. مەترسیی نێودەوڵەتی، نووسینی محەمەد سەید موحەدسین، چاپی ١٩٩٣).

دەتوانین بڵێین کە رژێمی ئێران ئەو هەلەی قۆستەوە و یارییەکی دوو لایەنیی دەکرد لە نێوان رژێمی عێراق و هاوپەیماناندا، کە سوور بوون لە سەر ئازاد کردنی کوێت. ئەوەتا سەعەد بەزاز لە سەروتاری رۆژنامەی (ئەلجەمهوورییە)ی ٢٠ی کانوونی دووەمی ١٩٩٢دا ئەوە ئاشکرا دەکات، کە بە درێژایی کێشەکەی کوێت، رەفسنجانی هانی هەڵوێستی توند و تۆڵی بەغدای دەدا. بەزاز ئەوەی لە زار لێپرسراوێکی ئێرانییەوە گواستەوە، کە ئێمە لە کێشەی کوێتدا لایەنگرتانین، تکایە وتە رەسمییەکانمان بە رەنگدانەوەی هەڵوێستەکانمان نەژمێرن. ئێمە لەپشتتانین و بارتان دەزانین و تەنانەت هۆی هەڵوێستەکانی عێراق دەزانین، کە بۆ لە کوێت دەرناچن و تا دەتوانین لە تەکتانین.

لەوە دەچێ ئەو وشانە رژێمی عێراقیان چەواشە کرد بێ، ئەوە بوو تا دوا چرکە هێزکانی لە کوێت نەکێشایەوە، لە کاتێکدا کە لە رژێمی سەدام نزیک دەبووەوە، لە هەمان کاتدا سوپا و هێزەکانی پاسدار و بەسیج، وەک (٧) لەشکر ئامادە دەکرد تا بەرەبەرە بەرەو قووڵایی خاکی عێراقیان بنێرێ، لە چەند تەوەرێکەوە پشتگیریی (فەیلەق بەدر) بکات و سوود لە راپەڕینە جەماوەرییەکە وەرگرێ، کە بە شێوەیەکی ساکار دژ بە رژێمی سەدام کڵپەی سەند. ئەوە بوو راپەرینەکە تەشەنەی کرد و گەیشتە شارەکانی باشوور و باکوور و ناوەڕاستی عێراق، بەڵام نەگەیشتە بەغدا چونکە هێزی تایبەتی پاراستنی بەغدای لێ بوو. بە ئاسانیش دەلاقەی تێ نەدەکەوت، تەنانەت پارێزگەکانی رۆژئاوا کە زۆرینەی سوننە مەزهەبن، دەیانویست بێنە نێو کڵپەی راپەڕینەکەوە، بەڵام دەست تێوەردانی سوپای ئێران و هێزی پاسدار و فەیلەقی بەدر، بووە مایەی نائومێدییان، هەر بۆیە سارد بوونەوە و لەو بیرۆکەیە پاشگەز بوونەوە.

بێگومان دەست تێوەردانی عەسکەریی ڕژێمی ئێران، راپەڕینە جەماوەرییەکەی شێواند و زیانی پێگەیاند، بووە مایەی مەترسیی دەوڵەتانی سوننەی عەرەب، وەک سعوودیە کە کاری لە تەک ئەمریکادا یەکخست بە مەبەستی دامرکاندنەوەی ئەو راپەڕینە. بەم جۆرەش بەو پەڕی





دڕندایەتییەوە خامۆش کرا..

ئاشکرایە کە رووی دووەمی هەرە گرنگی دەست تێوەردانەکەی رژێمی ئێران، بە مەبەستی لەناو بردنی (وەک خۆی بۆی دەچوو) سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران و وێران کردنی بارەگای سەرەکیی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بوو، کە تەواوی بارەگاکانی چۆڵ کرد و لە بارەگای سەرەکیی (کەمپی ئەشرەف)دا کۆبوونەوە، جگە لە کەرتەکانی سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران، کە بەرزاییەکانی (مرواری)ی نزیک شاری جەلەولا و لایەنەکانی خواروو و سەرووی گرت.

سەرکردایەتیی موجاهیدین دەست پێشخەریی خۆیان کرد و خۆیان ئامادە کرد بۆ هەر هێرشێکی سوپای پاسدارانی رژێمی ئێران، کە لەوانە بوو بدەن بەسەر هێزەکانی سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانی ئێراندا. لە راستیشدا ڕژێمی ئێران و هێزی پاسدار سنووریان بەرەو بەرزاییەکانی مرواری بەزاند، بەو هیوایەی بە سوپای تر پشتگیریی بکەن. ئەڵبەتە لە یەکەم پێکدادانی عەسکەریدا ئەو سوپایە پاشگەز بووەوە، پرش و بڵاو بووەوە، کە هەندێکی لێ کوژرا و هەندێک بە دیلی گیران، ئەوی تری هەڵهات ئەویش بە هۆی چڕیی ئاگری دەبابەکانی سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانی ئێرانەوە، کە مەردانە هاتە دەست و جەنگەکەی لە بەرژەوەندی خۆیدا یەکلایی کردەوە.

ئەگەرچی ئەو فەرمان و راسپاردانەی ئاراستەی هێزەکانی پاسدار کرا بوون بە مەبەستی کوشتنی تەواوی موجاهیدین بوو، بەبێ دەست پاراستن لە کەسانی مەدەنی و گەورە و بچووک، ئافرەت و پیاو، ئەمەش بەڵگەیەکی ئاشکرایە سەبارەت بە دڕندایەتی ڕژێمی ئێران و ئەو ڕک و کینەیەی بەرانبەر بە موجاهیدین. هەروەها فەرمانەکان وا بوون، کە جل و بەرگی کوردی بکڕن و لەو هێرشەیاندا خۆیانی پێ پۆشتە بکەن تا بگوترێ گوایە موجاهیدین کوردیان کوشتووە، هەر وەک لەوەو دواش رژێمی ئێران بەو جۆرە بانگەشەی دەکرد، بەڵام کاتێک ئەو شەش پاسدارە لە لایەن سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێرانەوە بەدیل گیران، راستییەکان دەرکەوتن و هەموو کردەوە و کردارەکانی رژێمی ئێرانیان ئاشکرا کرد، کە لەم بەشەدا یاداشتنامەکانیان دەخەینە ڕوو.

گەر ئاوڕێک لە دووڕوویی ڕژێمی ئێران بدەینەوە، کە لە لایەکەوە (سەدام)ی دڵنیا دەکرد، لە لایەکی ترەوە هەوڵی دەدا هێزەکانی تێوەگلێنێ، ئەم دووڕووییەش لە کتێبەکەی مامۆستا (حەمەی حاجی مەحموود) بە ناوی «رۆژژمێری پێشمەرگەیەک» بە روونی ئاشکرا دەبێت. ئەو لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت:

«... لە ١٩٩١/١/٥دا، دوای کۆبوونەوەی لق، لە کانی دینارەوە چوومە سنە و کرماشان و لە تەشریفات پێشوازییان کردین و کۆبوونەوە هەبوو لەگەڵ مەسئوولی قەرارگا ئاغای محەمەدی جەعفەری و ڕۆژی دواییش هەر کۆبوونەوەکە درێژەی هەبوو.... (بەرگی سێیەم لاپەڕە ٢٥٦).

خۆسازدان بۆ گۆڕان لە عێراقدا (بەرگی سێیەم لاپەڕە ٢٦٤)

.... لە٩١/٢/١٥دا عێراق هەندێک لە بڕیارەکانی قبووڵ کرد، بەڵام ئەمریکا مەرجی قبووڵ نەکرد و داوای سەرجەم بڕیارەکانی کرد. لە سنەوە کاک عەبدولخالق هەورامی مەسئوولی عیلاقات ئاگاداری کردین لەگەڵ کاک ڕەسووڵ بچین بۆ کرماشان، ئێمەش بەڕێ کەوتین و شەو گەیشتینە سنە، لە ٩١/٢/١٥ لەگەڵ کاک ڕەسووڵ و کاک شێخ محەمەددا چووین بۆ کرماشان کۆبوونەوەمان هەبوو لەگەڵ مەسئولین لە کرماشان، داوای تەواجدی معارەزەیان کرد، پاشان ئێمە گەڕاینەوە بۆ کامێران و شەو لە ماڵی کاک عەبدولخالق بووین. بڕیار بوو ڕۆژی ٩١/٢/١٦ کۆبوونەوەی معارەزە بکرێت، بەشداربووانی کۆبوونەوەکە هێزە بەرهەڵستکارەکان بوون (حیزبی سوسیالیست کاک ڕەسووڵ، یەکێتیی نیشتیمانسی کاک نەوشیروان، پارتی کاک مەسعوود بارزانی، حەرەکەی ئیسلامی کاک مەلا عوسمان، مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی عێراق سەید محەمەد باقر حەکیم، حیزبوڵڵا شێخ محەمەد خالید و شێخ تالیب و لە حیزبوڵڵای شۆڕشگێر شێخ ئەدهەم بارزانی، بزووتنەوەیەکی ئیسلامی هەبوو، قائیدی فەیلەقی ٩ی بەدری مەجلیس و هەر یەکەش وەفدێکی لەگەڵدا بوو. کۆبوونەوەکە ٢ جەلسە بوو. جەلسەی یەکەم ئاغای محەمەدی جەعفەری و هەموو قەرارگای ڕەمەزان بەشدار بوون لە سەر هێرشی هاوپەیمانی بۆ سەر عێراق. لەو کاتەدا ئێمەش دەستی پێ بکەین. مەجلیسی ئەعلای ئیسلامی لە خوارەوە و بەرەی کوردستانی و هێزەکانی کەش لە سەرووی عێراق واتە لە کوردستان پێکەوە هەماهەنگی و هاوکاریی نێوان هەموو دوو لا هەبێت. مەجلیسی ئەعلا زۆر بە قەبە باسی خۆی دەکرد، وتیان ئەگەر پێویست بوو ئاگاداری کورد و بەرەی کوردستانی ئەکەین، واتە وتیان ئێمە خۆمان ئازاد ئەکەین و ئەگەر پێویستمان هەبوو ئەوە بە کوردیش ئەڵێین با بەشدار بن لەگەڵماندا. ئەوان وا بە تەما بوون لە بەسراوە پەلاماری عێراق بدەن لە زاخۆوە بێنە لای ئێمە، یا ئێوەش لای خۆتانەوە دەستی پێ بکەن. زۆر هەوڵ درا باس لە دوای ڕووخاندنی بەرنامەیەک هەبێت و مەسەلەی چارەسەری کێشەی کورد و ئۆتۆنۆمی و ئەوانە، بەڵام مەجلیس بە لایدا نەڕۆیشت وا دیار بوو بەرنامەیان دانا بوو، وەکوو ئەوان بەغدادیان لەدەست بێت، ئێمەش لە شاخەکانی کوردستان هەر چیمان وت فائیدەی نەبوو. ئێرانییەکان وتیان خوا دەکات سەدام دەڕووخێ، ئەوکات خۆمان ڕێک دەکەوین، بەڵام ئەوەی من دیم قەناعەتم وا بوو، عێراقیش بڕووخایە پێیان دەوتین، ئەوە عێراق هەموو موسڵمانە و هەموومان پێکەوە دەژین. ئەوکات ئێرانیش پشتیوانیی





لەوان دەکرد بە هەر شتێک بوو نەگەیشتینە نەتیجە. وتیان باشە هەردوو لا دادەنیشین و حەلی دەکەین پێکەوە. کۆماری ئیسلامیی ئێران دۆستی هەردوو لا بوو، واتە نەچوونە ژێر هیچ شتێک لەو کاتە بۆ کورد تەنانەت حوکمی زاتیش... لە جەلسەی دووەمدا ئاغای جەعفەری نەهاتەوە و خوا حافیزیشی لێ نەکردین، وتیان بە ئیشی پەلە ڕۆیشتووە، من وتم وا دیارە ئیشی پەلەتر لەوە هەیە، هەموو معارەزەی عێراق بە کورد و عەرەبەوە چارەنووسی عێراق باس دەکەین، وتیان ئەوە ئاغای مەجیدی لێرەیە و ئەو سەرپەرشتیی کۆبونەوەکە دەکات. دوای کۆبوونەوەکە پێم وایە جگە لە قسە هیچ شتێکی لێ سەوز نەبوو، چونکە مەجلیس لە ڕاپەڕینی خوارووی عێراقدا هیچیان بە ئێمە نەوت و تەنانەت ئاگاداریان نەکردین، کە چۆن دەست پێ دەکەن و چۆن هاوکاری دەبێت. کاک مەسعوود قسەی کرد و کاک نەوشیروان قسەی کرد، بەڵام هەموو معارەزە لە هەدەفیان نەدا لە قسەکانیانا و کەسیان باسی ئەوەیان نەکرد، ئەگەر عێراق هەموو شتەکانی ئێرانی قبووڵ کرد، ئایا ئێران ڕەئی چی دەبێت لە سەر مەوزووعەکە؟ لە سەر ئەوە ئێران و مەجلیسی ئەعلا هەستیان کرد، کە قسەکانی کاک ڕەسووڵ لە قسەکانی کاک مەسعوود و کاک نەوشیروان جیاوازە. ...

### سەرەتای ڕاپەڕین لە عێراق

....لە ١٩٩١/٢/٢٤دا لە سورێن بووین، خەڵکی شارەزوورم دی سەرداری برای شەهید جەلال حەمە ڕەشید لامان بوو، مەفرەزەیەکی لەگەڵ خۆی بۆ ناو شاری سلێمانی بۆ چاودێری وەزعەکان برد، یەکێ لە مەفرەزەکە ئاغای حورمەت بوو سەر بە قەرارگای ڕەمەزان. لە ٩١/٢/٢٥دا ئێمە بە پەلە گەڕاینەوە کانی خەیاران بۆ ئامادە کردنی هێزەکان... لە ٩١/٢/٢٨ سەعات ٨ی سەر لە بەیانی سەرۆکی ئەمریکی بوش شەڕی ڕاگرت لە دژی عێراق، ئیتر ڕاپەڕین بە قیادەی مەجلسی ئەعلای ئیسلامی و پشتیوانیی ئێران لە عەمارە و ناوچە زۆنگاوەکانەوە دەستی پێ کرد و بەرەو بەسرە و زۆر جێگای کەش دەرۆیشت. شەڕ وەستان بۆ ئەوە بوو عێراق هەموو مەرجەکانی ئەمریکا قەبووڵ بکات. لە دوای (٣) سەعات لە ژێر خێمەیەک لە سەفوان، عێراق تەنیا بە «نەعەم» وڵامی ئەمریکای دایەوە و هەموو مەرجەکانی قبووڵ کرد.... ڕاپەڕین لە خوارووی عێراق بە گەرمی و بە توندی و ڕەد فعلی عێراق لە دڵی خەڵکی ناڕازی و زۆر معارەزەدا، زۆر بە توندی بەرەو پێش دەڕۆیشتن و زۆر ناوچەیان ئازاد دەکرد و ناوچەیان پاک دەکردەوە بە ناوی ئیسلام و شیعەوە و تێکەڵ بوونی پاسداران و دروشمی ئێران و ڕەسمی ئیمام خومەینی، وەکوو ئەوەی ئێران بە تەنیا لە ڕاپەڕینەکەدا بێت و تۆڵە کردنەوە و سەربڕین و کوشتن و ئەوەی پێشتر ڕژێم کرد بووی، هەر بەو شێوەیە بوو. خوارووی عێراق

٦٠٪ شیعەیە و لە سەرووی سعوودیەش هەر شیعەیە. ئەوە وای کرد سعوودیە و وڵاتانی کەنداو بترسن، بە تایبەتی سعوودیە و ئێران ئەو کاتە دژی یەک بوون. لە لایەکەوە دەرکەوتنی ئێران لە راپەڕینەکەدا پاسداران خۆیان دەیانوت تا عەمارە و زۆر جێگای کەش رۆیشتوون و زۆر شاری عێراق گەڕاون. ئەوەش وای کرد سعوودیە عێراقی ئەو کاتەی پێ باشتر بێت لەوەی شیعە لە عێراق بێتە سەر حوکم و گەورەترین کێشەیان بۆ دروست بکات. ئەو کات کوردیش دەکەوێتە جموجۆڵ، بۆیە سعوودیە داوای لە ئەمریکا کرد بۆ راگرتنی ئەو راپەڕینە لە خوارووی عێراق کە دەستی پێ کرد بوو.

لە رۆژاني١ و ٩١/٣/٢ دەستیان کرد بە سەرکوت کردنی و عەلی حەسەن مەجیدیان ناردە ئەو ناوچەیە و هەر زۆری نەبرد سەرکوت کران لە زۆر جێگا..... لە ٩١/٣/٢٤ ئێران ١٥ لۆری ئارد و رۆن و شەکریان نارد بوو بۆ سلێمانی بۆ بەرەی کوردستانی. پێشمەرگەی یەکێتی هەموو سائیقەکانی دارکاری کردن و سەروچاویان شکاند بوون و لێیان دابوون، وایان دەزانی ئیشیان بە ئێران نەماوە. ئاغای فازڵ لە ئیتیلاعاتی سنەیان سجن کرد بوو، سەیارەکەیان لێ سەند بوو، برادەرانی ئێمە چووبوون بەریان دابوو. ئەو کات ئاغای مەسجدی کە ماوەیەک پێش ئەوە لە کرماشان سەرپەرشتی کۆبوونەوەی هەموو معارەزەی عێراقی دەکرد، لە دار معلمین کە ئێستا ئەنجوومەنی وەزیرانە، لە سەر بەتانییەکی رەش دانیشت بوو، کەس لێی نەدەپرسی. چوو بووە لای کاک مەسعوود بە هەزار حاڵ چاوی پێ کەوت بوو. وتی پێم وتووە کە ئێمە ئەزانین عێراق پەلاماری کەرکووک دەدات، چونکە راپەڕین لە خواروی عێراق تێک شکاوە و نەماوە، ئەمریکاش رێگای داوە تەیارەی هەلیکۆپتەر و پیلاتۆز و دەبابە و جەیش نزیکەی (٢) فرقەی بۆ رێگا داوە، بۆ ئەوەی سەرکوتی راپەڕینی پێ بکات. بە کاک مەسعوودم وتوە ئێستاش بە ئێوە دەڵێم ئێمە پاسداران دەهێنین لە سەر ئەو تۆپ و دەبابە و دژە هەوائیانە بێت و پێشمەرگەش شەڕ بکات، نایەڵین کەرکووک بکەوێتە دەستی عێراق. هەر کات پێویستان نەبوو ئەوە ئێمە ئەوانەی خۆمان دەگەڕێنینەوە دواوە، بەڵام کاک مەسعوود پێی وتووین خۆمان ئەفسەر و لێزانمان هەیە و پێویستمان بە ئێوە نییە. من وتم وەڵا پێویستمان بەوانەی ئێوە هەیە، منیش دەزانم عێراق کەرکووک دەگرێتەوە، چونکە هێزی شەڕ و رێکخراوی لێ نییە بەرگری بکات لە کەرکووک، جگە لەوەش ئەو هەموو چەکە باشە ئێمە ناتوانین بە کاری بهێنین بەو پەلەپەلەی ئێستا و بەرگری هەتا هەندێک سەیارەی کۆماری ئیسلامیمان هەبوو، کە رەقەمی سوپای پێوە بوو، برادەرانی ئێمە لێیان کرد بوونەوە لە کەرکووک فڕێیان دا بوو، وتبوویان تازە پێویستمان بە ئێران نییە... (لاپەڕە ٢٩٠)





## رووداوەکەی کەلار

لەگەڵ هێرشی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا بۆ سەر عێراق، سەرکردایەتیی بەرهەڵستکارانی ئێران بڕیاری ئەوەیان دا، کە گشت هێزەکانی لە بارەگای ناوەندی لە شاری ئەشرەف کۆ بکەنەوە، بەڵام بە هۆی ئەو زانیارییانەی لە ناو ئێرانەوە بە دەستیان گەیشت بوو، هێزێکی سەربازیی گەورە (نزیکەی ٧ لەشکری سەربازی لە پاسداران و بەسیج) لە نزیک سنوورەکانی عێراق کۆ بوونەتەوە. هەر بۆیە سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران ئامادەیی خۆیان دەربڕی و سەنگەری بەرگری کردنیان گرت و لە هەندێ رێچکەی سنووری دامەزران، بە تایبەتی لە شاری جەلەولاوە بۆ بەرگری کردن لە خۆیان لە هەر هێرشێک بۆ سەر موجاهیدین. چەند مەفرەزەیەکیشیان نارد بۆ شوناسایی کردن و چاودێری کردنی هەر بزوانێکی هێزی ئێران لەناو سنووری عێراقدا.

چیرۆکی راستەقینەی کوشتن و شەهید کردنی (١٧) موجاهید، لە لایەن پاسدارو بەکرێگیراوانیانەوە و تەسلیم کردنی دوو موجاهید بە دەسەڵاتی ئێران، ئەو غەدرە بوو کە لە رۆژی ٢٥ی ئاداری ١٩٩١دا رووی دا. لە بارەگای سەرەکی سوپای نیشتیمانیی ئازادیخوازی ئێران لە جەلەولا لە هەمان رۆژ دەستەیەکی تانک کە بریتی بوو لە (٣) تانک و نەفەرهەڵگر، کاری چوونە ناوچەی مرواری لە سەر رێگای جەلەولا ـ کەلاریان پێ سپێردرا بۆ چاودێری کردن و ئاگادار بوون لە جموجۆڵی هێزەکانی پاسدار. لەوە دەچێت ئەو دەستەیە زیاد رۆیشتبێ و گەیشتبێتە کەلار و رێگای خۆی بزر کردبێ. هەر بۆیە دابڕان و پەیوەندیی بێتەلیان نەما. ئەوە بوو سەرکردایەتیی هێزەکان پەیوەندیی بێتەلی بە وێستگەکانی بێتەلی حیزبە کوردییەکانەوە کرد، ئەوەی پێ ڕاگەیاندن کە ئەو تانکانە ڕێگایان هەڵە کردووە تا ئاگادار بن و رێگایان نیشان بدەن تا بگەڕێنەوە بۆ جەلەولا و ئەو تانکانە بە مەبەستی چاودێری کردنی هێزکانی ئێران کەوتوونەتە رێ.

سەرنشینانی تانکەکان هەستیان بەوە کرد کە رێگایان هەڵە کردووە و هەوڵی ئەوەیان دا بگەڕێنەوە بەڵام نەیاندەزانی کە پاسدارانی ڕژێم و بەکرێگیراوەکانیان لە شاری کەلارن و تێکەڵ بە جەماوەر بوون. لە سەرەتادا جەماوەرەکە ویستیان هەڵێن و لەوە دەترسان کە تانکەکان هێرشیان بکەنە سەر، بەڵام تانکەکان هیچ تەقەیەکیان نەکرد و تەنانەت هیچ هێزێکی تریان لە دوو نەبوو، بەڵام پاسدارەکان بە توندی هێرشیان کردە سەر تانکەکان و (١٧) کەسیان لێ شەهید کردن و دوانیان بە زیندوویی دەستگیر کرد و رەوانەی رژێم کران و بە ئەشکەنجە لە زیندانەکاندا کوژران.

ئەمەیە راستیی رووداوەکانی شاری کەلار. هەر لەو رۆژەوە کەڕەناکانی پڕوپاگەندەی

دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران هەمیشە ئەم باسەیان بە شێوەیەکی پێچەوانە و درۆ دەڵێنەوە، کە گوایە موجاهیدین هێرشیان کردۆتە سەر کورد و بەمەش جیاوازییان دەخستە نێوان هەردوو لاوە و وایان نیشان دەدا، کە موجاهیدینی خەلق دژ بە کوردن، بەم شێوەیەش دەردەکەوێ کە سەرگوزشتەی کەلار درۆ بوو، بە مەبەستی ئەوە بوو کە کوشتنی ئەو (١٧) شەهیدە داپۆشن، وەک بەڕێز سافی یاسری لە کتێبی (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران و عێراق) لە لاپەڕە ٣٥ ـ ٣٦ دا دەڵێ. هەروەها سافی یاسری ئاماژە بەوە دەکات، کە خۆی سەردانی شارەکەی کردووە و قسەی لەگەڵ هەندێ کەس کردووە، هەمووان ئەو ڕاستیانەیان دووپات کردووەتەوە، کە تانکەکان لە دەوری شاری کەلار بوون و تەقەیان نەکردووە و لە ناکاو هێرشیان کرایە سەر. خاتوو (پ. م) دەڵێ: کوشتنی موجاهیدینم بەو شێوە ترسناک و نامرۆڤانە دی، تەنانەت (ش. م)ی خوشکی وتی تەرمی هەندێکیانم دی کە ڕایاندەکێشان، ئەو هەرگیز گوێی لە تەقەی تانکەکان نەبووە. یەکێکی دی لە دانیشتووانی کەلار بە ناوی (ک. ن) دەڵێ: دەرگاکەم داخست، لە ترسی ڕوودانی شتێک، لەو کاتەدا کە دەرگام داخست چاوم بە دوو کەس کەوت جل و بەرگی سەربازییان لە بەردا بوو، بەڵام بێچەک بوون، لە نزیکەوە تەقەیان لە سەریان دەکردن، دڵنیام لەوەو پێش ئەو بکوژانەم لە شاری کەلار نەدیوە. هاوکات (ا. ن)ی برای دەڵێ: پاش ئەو تاوان و کوشتارە، تەرمەکانیان بەجێ هێشت و بە زمانی فارسی و کوردی جوێنیان بە موجاهیدین دەدا.

ئەمانە هەندی وێنە و لایەنی سەرگوزشتەی کەلار بوون، کە نموونەی چیرۆکە هەڵبەستراوەکانی ترە. ئەوەش ڕاستیی ئەو تاوانە ناڕاستەیە کە ڕژێمی مەلاکانی تاران دەیانویست بەسەر موجاهیدیندا بیسەپێنن و ئەوە بسەلمێنن، کە موجاهیدین لە پرۆسەی داپڵۆسینی بەرهەڵستکارانی عێراق بەشدار بووە و لە کورد و شیعەی داوە. ئەو چیرۆکە هەڵبەستراوە دەخەینە سەنگی عەقل و ویژدانەوە و بەم خاڵانە دەیانخەینە ڕوو:

١. پابەند بوونی تەواوەتی سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانی ئێران بە فەرمان و ڕێنماییەکان، کە بەرەو ڕووی هاونیشتیمانانی عێراق نەبنەوە و لە دژیان نەجەنگێن.

٢. ئەرکی سەرەکیی دەستەی تانکەکە چاودێری کردن و دیدەوانی بووە بە سەر جموجۆڵی هێزەکانی پاسداری ڕژێمی ئێران لە ناوچەی دووڕێیانی جەلەولا ـ کفری ـ کەلار.

٣. فەرمانی جووڵاندن لە جەلەولاوە بەرەو ئەو ناوچەیەی نێوان ڕێگای جەلەولا ـ کەلار بوو.

٤. مەفەرەزەی ئەو تانکانە بە هۆی ناشارەزاییەوە ڕێگایان هەڵە کرد و گەیشتنە دەوروبەری شاری کەلار و پەیوەندیی بێتەلیان بە بنکەی سەرکردایەتییەوە بڕا.





٥. لە دەوروبەری شاری کەلار مەفرەزەی تانکەکان ئەوەیان بۆ دەرکەوت، کە بە هەڵەدا چوون و ڕێگایان هەڵە کردووە و ئامانجەکەیان لەدەست داوە.

٦. وەرچەرخاندنی تانکەکان و هەوڵدانی گەڕانەوەیان ئەوە دووپات دەکات، کە نیازی هێرش کردنیان نەبووە.

٧. گەر ئەو هەڵبەستەیە ڕاست بوایە، ئەوا تانکەکان شکڵی یەکەیەکی جەنگییان پێک دەهێنا و تەقەیان دەکرد، تەنانەت قەبارەی هێزەکە سێ تانک و (١٩) موجاهید بوون ئەمەش هێزێکی ناتەواوە بۆ هێرش کردن بۆ سەر شاری کەلار.

٨. گەر ئەوە ڕاست بوایە کە بە نیازی هێرشەوە بووە ئەوا وێنەکە جیاواز دەبوو، تەنانەت ئەو حەشامەتەی لە بەردەم تانکەکان بوون دەکوژران و مەفرەزەی تانکەکان نەدەکوژران.

٩. بەوەیان نەدەزانی کە پاسداری ئێران لە نێوان ئەو حەشامەتەدا بن، تەنانەت وایان دەزانی کە تەنیا کۆمەڵێ کوردن، هەر بۆیە زیاتر دڵنیا بوون و نەترسان.

١٠. کاتێک تانکەکان وەرچەرخان، هێزەکانی پاسدار دەستیان وەشاند و (١٧) موجاهیدیان شەهید کرد و دڕندانە تەرمەکانیان شێواند و ئەو دوو موجاهیدەشیان ڕەوانەی دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران کرد.

١١. هاووڵاتیانی کورد بەشداریی تاوانی کوشتن و شێواندنی تەرمەکانیان نەکرد، بەڵگەش ئەوەیە کە (ک. ن) وتی: "من دڵنیام لەوەی لەوەو پێش ئەو بکوژانەم لە کەلاردا نەدیوە".

١٢-دابڕانی پەیوەندی بێتەل لە نێوان وێستگەی ناوەندی و مەفرەزەی تانکەکان و هەوڵدانی پەیوەندی بە بێتەلی حیزبە کوردییەکانەوە، بۆ ئەوەی هەواڵی بزواندنی تانکەکان و بڕانی پەیوەندی بێتەلیان پێ ڕاگەیەنن و پێیان بڵێن، کە ئەرکی ئەو تانکانە شناسایی کردن بووە بۆ ئەوەی ئاگادار و وشیار بن، داوایان لێ کرا ڕێگای گەڕانەوە بە تانکەکان نیشان بدەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان لە جەلەولا.

ئەم خاڵ و دەرنجام و گریمانانە، دەقاودەقی چیرۆکی ڕاستەقینەی ڕووداوەکانە کە ١٧ کەسی تێدا شەهید بوو ، چیرۆکە هەڵبەستراوەکەی کەڕەناکانی پڕوپاگەندەی ڕژێمی ئێرانیش پووچەڵ دەکاتەوە.

**لێرەدا وەڵامی بەڕێز عەبدولڕەحمان گەورکی تۆمار دەکەین کە یەکێکە لە موجاهیدینی دانیشتووی شاری ئەشرەف کە دەربارەی ڕووداوی کوژرانی موجاهیدین لە کەلار دەڵێت:**

«کاتێ لە ساڵی ١٩٩١ بەرەنگار بوونەوەی نێوان ئەمریکا و حکوومەتی عێراق پەرەی سەند و نیشانەی هێرشێکی سەربازیی لە ئاسۆوە دەخستە روو، لەو کاتەدا و پێش چەند مانگێک ڕژێمی ئێران خۆی ئامادە کرد بوو، کە دەست لە کاروباری عێراق وەربدات، چەندین کۆبوونەوەی باڵای لە تەک سەرکردە سەربازییەکاندا ساز کرد. هەر بۆیە ئامادەیی سەربازیی خۆی وەدەست هێنا بوو بەرەو دەست تێوەردانی کاروباری عێراق و ناردنی هێزەکانی پاسدار و سوپای قودس بەرەو شارەکانی عێراق. ئەوە بوو هەندێ لەو هێزانەی لە شارەکانی خوارووی عێراق بڵاو کردەوە و بە ڕێگای شاری کەلار و جەلەولا و خانەقینەوە، هێزەکانی پاسداران و بەسیج شاڵاویان برد و کاری کوشتن و سەربڕینی هاونیشتیمانانی عێراقی لێ وەشایەوە، بەڵام ئێمە لایەنێکی ئەو جەنگە نەبووین. بۆ ئەوەی لە ناوچەکانی بەرەنگار بوونەوە دوور کەوینەوە، لە هەموو ناوچەکانی عێراق کشاینەوە و هەموو سەربازگەکانمان چۆڵ کرد و بەرەو مەڵبەندی سەرەکیمان بووینەوە، کە لە شاری ئەشرەف و جەلەولا و نەوجوول بوو. ئەم جموجۆڵانەمان ئاشکرا بوون بە لای ڕژێمی ئێرانەوە، هەر بۆیە پلانێکی هێرشی وای دانا بوو، کە هێرش بکاتە سەر ئێمە لە ناوچە کوردنشینەکان، ئەویش بەو بیانووەوە کە گوایە بە تەنگ بەرژەوەندییەکانی کوردەوەن. ئەمەش وەک تاکتیکێک، چونکە هەرگیز ڕژێمی ئێران باوەڕی بە مافی کورد نەبووە و نابێ. بە هۆی ئەو تاکتیکەوە رژێم چەند ئامانجێکی دەپێکا، لەوانە بە جل و بەرگی کوردییە هێرش بکاتە سەر موجاهیدینی خەلق و بە ئاشکرا بوونی پلانەکەیان و سەرنەکەوتنی، تێکهەڵچوونەکان وەک تێکهەڵچوونی موجاهیدین و کورد بنوێنێت و لە ئەنجامدا ئەوە رابگەیەنێت، کە موجاهیدینی خەلق کوردیان کوشتووە. واتە لە سەرکەوتنندا «تاکتیک» و لە شکستدا «چەکێکی سیاسیی دژ بە موجاهیدین» بوو.

بۆ روون کردنەوەی ئەو پیلانەی دوژمن و پووچەڵ کردنەوەی، لە لای حیزبە کوردییەکان، هەوڵ و کوششێکی تەواومان دا. چون ئێمە لە کوردستانی ئێران ئەزموونی ئەم کارەمان هەبوو. سەیری ئەم پیلانە بکەن چۆن رژێمێکی وەک ئێران کە تا سەر ئێسک دژ بە گەل و مرۆڤایەتییە، لە ژێر دروشمی دڵسۆزی بۆ کورد، هەلێکی وا دەقۆزێتەوە و لە دۆخێکی ئاڵۆزی لەم جۆرە لە ناوچەکەدا، هێزە راهاتووەکانی پاسداران و بسیج و سوپای قودس و کرێگرتە عێراقییەکانی دەنێرێتە خاکی عێراقەوە، تا گەمارۆی تاکە هێزی ئۆپۆزیسیۆنی راستەقینەی رژێم بدات و بە بێدەنگی هەوڵی لەناو بردنیان بدات و گەلی ئێران بۆ سەردەمانێکی مێژوویی لەو هێزە پێشەنگە بێبەش بکات و بەم جۆرە مانەوەی حوکمڕانیە فاشییەکەی زامن بکات».

گەورکی بەردەوام دەبێت و دەڵێ:

«ئەوپەری هەوڵمان دا نەکەوینە ناو تێکهەڵچوونەکانی ئەو سەردەمەی عێراقەوە. چون لە





راستیشدا ئەو جەنگە پەیوەندی بە ئێمەوە نەبوو. ئێمە هێزێکی ئێرانین و بە مەبەستی خەبات دژ بە ڕژێمی ئێران هاتووینەتە خاکی عێراقەوە و دوژمنمان رژێمی ئێرانە. باش دەمانزانی هەر جۆرە تێکهەڵچوونێک لەم جەنگەدا بە سوودی ڕژێمی ئێران تەواو دەبوو. هەر بۆیە کاتێ بەو پیلانەی رژێمی ئێرانمان زانی، یەکەم هەنگاو هەوڵی ئەوەمان دا، کە بنکەی تاکتیکیی خۆمان لە ناوچەی نەوجوول چۆڵ کەین و بەرەو ناوچەی ئەشرەف بیانگوازینەوە تا نەکەوینە ناو ئەو تێکهەڵچوونانەی لەوانە بوو لە نێوان هێزە کوردییەکان و حکومەتی پێشووی عێراق روو بدات. پیلانی رژێم ئەوە بوو گەمارۆی ئەم بنکەیە بدات و لەوەو دواش لەناومان بەرێت، هەروەک سەرانی رژێم دواتر دانیان بەو پیلانەدا نا. لە ناوجەرگەی ئەم رووداوانەدا ڕژێمی ئێران بەردەوام پڕوپاگەندەی وای بڵاو دەکردەوە، کە گوایە هێزەکانی موجاهیدینی خەلق و تانکەکانیان لێرە و لەوێ خەڵکی دێهاتە کوردییەکانیان شێلاوە. رژێم هەموو ئامرازەکانی راگەیاندنی خستبووە گەڕ بۆ ئەوەی ئەو درۆیانە بڵاو بکاتەوە و هەستی خەڵکی پێ بورووژێنێت، کە گەر باسی ئەوانە بکەم، ئەوا چەند کتێب هەڵدەگرێت.

سەرەڕای ئەو پڕوپاگەندە ژەهراوییانەی رژێم، موجاهیدینی خەلق لە رۆژی ١١ی ئاداری ١٩٩١دا ئەم بنکەیەیان چۆڵ کرد، پرۆسەی بەجێ هێشتنی ناوچەکە و گەڕانەوەیان بۆ ئەشرەف چەندین وانە دەگەیەنێ، چونکە موجاهیدینی خەلق بەو پەڕی دان بە خۆدا گرتنەوە، توانیمان هەموو هاندان و وروژاندنەکانی رژێم پووچەڵ بکەینەوە، توانیمان خۆمان لەو تەڵەیەی ڕژێم بپارێزین، کە بە نیاز بوو موجاهیدین و هێزە کوردییەکان بەگژ یەکدا بەرێت و شەڕ ساز بکات. ئەوە بوو خۆمان دوور راگرت و تەنانەت بەدەنگ تەقەکانیانەوە نەچین، ئەگەرچی یەکێ لە فەرماندە دێرینەکانمان بە ناوی (رەزا کەرەم عەلی) شەهید بوو، لە تەک بریندار بوونی ژمارەیەکی تردا.

پاش ئەوەی یەکەم ئەڵقەی پیلانی ڕژێم بۆ هێرش کردنە سەر بنکەی سەربازیی نەوجوول پووچەڵ کرایەوە، رژێم کۆڵی لە پیلان نەدا و لە چەندین میحوەرەوە هێزەکانی لە ناوچەی مرواری بڵاو کردەوە. مەبەستی ڕژێمیش ئەوە بوو، کە گەمارۆی ئەشرەف بدات و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانی لەناو بەرێ، بەڵام بۆ پووچەڵ کردنەوەی پیلانی رژێم یەکەکانی سوپای ئازادیخواز لە سەر میحوەری کفری- جەلەولا- خانەقین و بەرزاییەکانی حەمرین و جبەداغ، سەنگەری بەرگریکارییان گرت و ئەوەیان راگەیاند، کە دوژمنایەتییان لەگەڵ هیچ لایەنێکدا نییە.

لە ٢٥ی ئاداردا و لە جمەی جەنگێکی بەرفراوانی نێوان سوپای ئازادیخواز و تیپ و لەشکرەکانی رژێمی مەلاکانی ئێراندا، کە هاتبوونە قووڵایی خاکی عێراقەوە، کاتێک ئەو سێ تانک و ١٩ کەسە بە هۆی نەمانی پەیوەندیی بێتەلەوە ون بوون و دابڕان و بە هەڵە بەرەو

شاری کەلار بوونەوە، سەرەڕای ئەوەش کە هەر لە یەکەم ڕۆژی ڕووداوەکەوە موجاهیدین ئەو هەڵەیەیان ڕوون کردەوە، ئەنجامەکەی ١٧ شەهید و تەسلیم کردنی دووانیان بە ناوی (حەسەن زولفەقاری) و (بەشار شەبیبی) بوو بە سوپای پاسداران لە شاری (قەسری شیرین)، کە دوای گواستنەوەیان بۆ زیندانی (ئێڤین) لە تاران بە توندی ئەشکەنجە دران و لە سێدارە دران. هەروەک ئاژانسی دەنگوباسی فەرەنسا بڵاوی کردەوە.

ئەو مەفرەزەیەی ڕاسپێردرا بوو کە سێ ڕێیانی کەلار ــ کفری ــ جەلەولا بەسەر ئەو هێزانەی سوپای پاسداراندا دابخات، کە خۆیان لە سەنگەرەکانی سوپای ئازادیخواز نزیک کرد بۆوە، بەڵام بە هۆی نەزانینی ناوچەکەوە لەو شوێنە دەرچوون و زۆر بە خێرایی بەو شوێنەدا تێپەڕین. ئەو مەفرەزەیە هەرگیز ڕانەسپێردرا بوون بۆ هێرش کردن. چون بەو هێزە زۆرەی سوپای ئازادیخواز هەی بوو، پێشڕەوی کردن بەرەو شاری کەلار بە یەک مەفرەزە لۆژیکیانە نەبوو. کاتێک بارەگای سەرکردایەتیی ئەو یەکەیە بۆی دەرکەوت کە مەفرەزەکەی لەو خاڵە دیاری کراوەی خۆی تێپەڕی و بەردەوامە بەرەو کەلار، سەرکردایەتی هەوڵی ئەوەی دا پەیوەندییان پێوە بکات، بەڵام پەیوەندیی بێتەل نەما بوو. ئەو مەفرەزەیە بەردەوام بوو تا گەیشتە نزیک شاری کەلار. ئینجا هەستی بەوە کرد کە بە هەڵە ڕۆیشتووە. لەو کاتەدا هەستیان بەوە کرد لە نزیک شاری کەلارن و چوار دەوریان گیراوە. کاتێ زانییان بە هەڵەدا چوون، ویستیان وتووێژی گەڕانەوەیان لەگەڵدا بکەن بۆ ئەم مەبەستە لە تانکەکانی خۆیان دابەزین. لەو کاتەدا لە لایەن هێزەکانی ڕژێمی ئێرانەوە هێرشیان کرایە سەر و شەهید کران. کەوایە ئەم مەفرەزەیە هەرگیز ڕانەسپێردرا بوون بەرەو کەلار بچن.

بە هەر حاڵ، ئێمە ویستمان پارتە کوردییەکان ئاگادار کەینەوە گەر برادەرانمان پەنایان بۆ بردن بە چاکی مامەڵەیان لەگەڵدا بکەن و تەسلیم بە ڕژێمی مەلاکانیان نەکەنەوە. هەربۆیە برادەرانمان هەوڵی پەیوەندی بێتەلیان دا بە پارتە کوردییەکانی کوردستانی عێراقەوە. کاتێکیش یەکەم فرەکانسیان دۆزییەوە کە بە شێوەزاری کوردیی سۆرانی نزیک بە کوردیی ناوچەی گەرمیان و سلێمانی قسەیان دەکرد. یەکێ لەوانەی قسەی دەکرد ناوی (عوسمان) بوو، لەوە دەچوو لە بارەگای سەرکردایەتیی تۆڕەکەوە بوو، پاش چەند خولێک گوێگرتن، دەرکەوت باسی موجاهیدینی خەلق دەکەن. وا دەردەکەوت کە عوسمان زۆر ترسا بوو. بەوەی بەرانبەری گوت:

- تانکەکانی موجاهیدینی خەلق بە بن گوێماندا تێپەڕین، لەوە دەچوو ڕێگایان هەڵە کرد بێ، بەرەو ئێمە دەبوونەوە.

- چییان لێ هات؟





عوسمان: هەموویانیان کوشتن.

لە ماوەی ئەم قسانەدا بۆ ماوەیەک چاوەڕوانیان کرد، ئینجا برادەرانمان چوونە سەر هێڵی تۆڕەکە و خۆیان ناساند و گوتیان: ئێمە لە لایەن موجاهیدینی خەلقەوە پەیوەندیتان پێوە دەکەین.

بۆ ساتێک بێدەنگی باڵی بە سەر تۆڕەکەدا کێشا، ئینجا عوسمان فەرمانی بە هەموو ئیستگەکان دا بێدەنگ بن، گوتی: برادەران بێدەنگ بن با بزانین چییان دەوێت.

برادەرانمان گوتیان: بۆ ئاگاداریتان ژمارەیەک لە برادەرانمان ڕێگایان هەڵە کردووە و بەرەو شاری کەلار بوونەتەوە. ئێوە دەزانن کە ئێمە نەمانویستووە و نامانەوێ شەڕی کورد بکەین و دوژمنان ڕژێمی ئێرانە. بە پێی زانیارییەکان ژمارەیەک لە برادەرانمان بە هەڵە بەرەو کەلار هاتوون و گوایە شەهید کراون و ژمارەیەکیان بە دیلی گیراون. ڕژێمی مەلاکان دەیەوێ بە هەر نرخێک بێت ئەوانەی دەستکەوێت و ڕەوانەی ئێرانیان بکات. هەر بۆیە داواتان لێ دەکەین و وریایی دەدەین کە نەیاندەنەوە بە ڕژێمی مەلاکان.

بۆ ئەوەی برادەران دڵنیا بن کە پەیامەکەیان وەرگرتووە، بۆ جارێکی دی ئەم دەقە دەخوێننەوە بۆ ئامادەبووانی تۆڕەکە و ئینجا لە سەر فرکانسەکە دەردەچن.

دواتر بۆمان دەرکەوت کە (١٧) برادەرمان شەهید بوون و دووانەکەی دی بە دەستبەسەری تەسلیم بە ڕژێمی ئێران کراون.

پاش شەهید کردنی ئەو برادەرانە، ژمارەیەک لە خەڵکی ناوچەکە پەیوەندییان بە یەکەیەکی موجاهیدینی خەلقەوە کرد و گوتیان، کە ئەوان لە نزیک دەروازەی شاری کەلار لە لایەن هێزە چەکدارەکانەوە شەهید کران. پاش ئەوە هێزێکی سوپای ئازادیخواز بە هاریکاریی خەڵکی ناوچەکە چوونە شوێنی ڕووداوەکە، تەرمی شەهیدەکانیان بۆ شاری ئەشرەف گواستەوە.

ئەو شەهیدانە ژمارەیەکیان کورد بوون، لەوانە (شەهرەیار ناسری) کە خەڵکی کرماشان و (سەید موراد دەوڵەتیاری) خەڵکی کامیاران بوو.

عەبدولڕەحمان گەورکی کوتایی بە قسەکانی دێنێ و دەڵێ:

«بۆ مێژووی دەڵێم، پاش ڕووداوەکە کاتێ کاک مەسعوود (ڕەجەوی) ئەم هەواڵەی پێ گەیشت کە ئەم جەنگاوەرانە بە هەڵە بەرەو کەلار چوون و هەر هەموویان شەهید بوون، ئاخێکی لە ناخدا دروست بوو، نەک بۆ شەهید بوونی ئەو برایانەمان کە جێی خۆیەتی، بەڵکوو بۆ ئەو هەڵەیەی کرد بوویان. چون بەڕێزیان باشتر لە هەموان دەیزانی کە ڕژێمی فاشیی مەلاکان

ئەو رووداوە دەقۆزێتەوە و بۆ مەبەستە شوومەکانی خۆی لە عێراق و ناوچەکەدا و کەرەناکانی راگەیاندنی ئەم رژێمە دژ بە موجاهیدین بە کاری دێنێت. بە داخەوە هەر واش دەرچوو».

بەرانبەر بەوەش موجاهیدین زۆر مرۆڤانە مامەڵەیان لەگەڵ دیلەکانی هێزەکانی ئێران (پاسدار و بەسیج)دا دەکرد، بە جۆرێک کە دیلەکان باوەڕیان بە ڕەوت و بۆچوونی هەڵەی دەسەڵاتی ئێران دەترازا و داوای مانەوەیان دەکرد لە ریزەکانی موجاهیدیندا. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سیما و ڕەوشتە باشەکان و تیشکی بیروباوەڕ و بەهای باش و خۆ بەخت کردن و قوربانیی موجاهیدین. هەروەک لە بیرەوەرییەکانی ئەو دوو پاسدارە دیلە (عەلی ئەکبەر عەندەلیبی) و (واحید سەیف)دا هاتووە، کە لە کاتی ئازاد کردن نەڕۆیشتنەوە بۆ لای رژێمی ئێران و ریزی موجاهیدینیان بەرنەدا و بەو پەڕی باوەڕەوە بوون بە موجاهید.


خودی خۆم نووسەری ئەم کتێبە، چاوم بەو دوو موجاهیدە کەوت و لەگەڵیاندا دانیشتم، گوێم لە قسەکانیان گرت کە چۆناوچۆن نێردراون بۆ عێراق تا دەست لە کاری ناوخۆی عێراق وەربدەن. خۆیان لە نێو هێزێکی سەربازیدا بوون، کە ئامانجی سەرەکییان لێدانی کەرتەکانی سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانی ئێران بوو، کە بەسەر هێڵی سنووری عێراق و ئێرانەوە بوو. لە جەلەولا بەرەو (بەدرە) ئەو هێزە لە ١ی نیسانی ١٩٩١ لە رێگای بەرزاییەکانی مرواریی نزیک بە خانەقینەوە هاتنە عێراقەوە و بەرەنگاری هێزەکانی ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران بوونەوە، کە لە ئەنجامدا ئەو هێزە شکا و ژمارەیەکیان کوژران و شەش پاسدار بەدیلی گیران و کەوتنە دەست سوپای ئازادیخوازەوە. ئەوە سەیر بوو کە عەلی ئەکبەر چاوەڕێی چارەنووسی خۆی دەکرد. وایان تێگەیاند بوو، کە گوایە دەسوتێندری یا دەخرێتە ژێر زنجیری تانکەکانەوە. ئەوە بوو لەوەو دوا بوو بە خەباتگێرێکی موجاهیدین..

جەنگ بەم جۆرەیە و زۆر شتی سەیر و رووداوی وای تێدایە، کە بتگریەنێ و هی تر کە بتهێنێتە پێکەنین.

ئەمەش شایەتیدانی ئەو دوو کەسەیە سەبارەت بە چۆنێتی بەشداری کردنیان لە کەرتە سەربازییەکانی رژێمی ئێراندا بە مەبەستی دەست تێوەردان لە کاروباری عێراق و هێرش کردنە سەر موجاهیدینی خەلق:







## شایەتیدانی عەلی ئەکبەر عەندەلیبی

**چالاکییەکانم لە چوارچێوەی دەزگاکانی رژێمی ئێراندا**

من لە ساڵی ١٩٩١ ئەندامێکی هێزی (بەسیج)ی سەر بە سوپای پاسدارانی رژێمی ئێران بووم. تا ئەو کاتەی لە ناو خاکی عێراقدا خۆم و چەکەکەم تەسلیم بە موجاهیدینی خەلق بووین، ئەو یەکەیەی کە تیایدا بووم، لە تەک هێزی سوپای پاسداراندا هاتینە ناو خاکی عێراق و لە کاتی پێکداداندا لە بەرانبەری یەکەکانی موجاهیدینی خەلقدا شکستی خوارد و لەناو چوو. منیش ناچار بووم تەسلیمی موجاهیدین بم. هەر بۆیە ئاماژە بە رووداوی پێش بیست ساڵ لەمەو بەر دەدەم. لە کاتی جەنگی نێوان عێراق و ئێراندا وەک بەسیجییەک لە ناو هێزە تایبەتییەکانی خومەینیدا کارم دەکرد. هەر زۆر چالاکانە بەشداریم لە پرۆسەکانی جەنگدا دەکرد، بە نموونە بەشداریم لە پرۆسەکانی جەنگی ساڵی ١٩٨٦دا کرد، کە پێی وترا ئۆپەراسیۆنی (کەربەلای ٥) لە بەرەی خواروو ناوچەی شەلەمچە (نێوان شاری خورەمشەهری ئێران و بەسرای عێراقدا).

**ئامادەبوون بۆ جەنگی (مرواری)**

لە رۆژانی دوایی ساڵی ١٣٦٩ (ئاداری ١٩٩١) واتە کاتێک جەنگی نێوان ئەمریکا و عێراق لە پێناوی کوێتدا کۆتایی دەهات، هێزی بەسیج ئەرکێکی پێ سپاردم. دەبوایە لە سەرەتای ساڵی ١٣٧٠ (١٠ رۆژی کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی ١٩٩١) جێبەجێی بکرێت. داوام لێ کرا سەردانی بنکەی سوپای پاسدارانی شاری (هەمەدان) بکەم تا رێنمایی و راسپاردەی زیاتر سەبارەت بەو ئەرکە بزانم. لە رۆژی (٧)ی ئاداری ١٩٩١دا چووم بۆ ئەو بنکەیە. ژمارەیەکی زۆری تری هێزەکانی پاسدار لەوێ بوون، کە هەندێکیان برادەری خۆم بوون. سەرکردەیەکی سوپای پاسداران کە ناوی (حاجی عەلا حەبیبی) بوو- کە لەوەو دوا سەرکردایەتیی فەوجی کرد- وتارێکی خوێندەوە و گوتی: دەمانەوێ بتانێرین بۆ شاری (سەرپێڵی زەهاو) کە بەسەر سنوورەوەیە و ئەرکێکی دوو سێ هەفتەیی جێبەجێ بکەن. سەرباری گوتی، دەبێ زانیاریی

زیاترتان نەبێ ئەوەش لەبەر چەند هۆیەکی ئەمنی. ئینجا داوای کرد پرسیاری زیاتر سەبارەت بەو ئەرکە نەکەین!! لە رۆژی دواتر لەگەڵ کەتیبەی ئەندازیاریی سەر بە لیوای ٣٢ی فرقەی (ئەنسارول حوسەین)ی سەر بە سوپای پاسدارانی شاری (هەمەدان) ناردیانم و چەند رۆژێک لە سەربازگەی (قەڵای شاهین) مەشقی سەربازیمان لەسەر چەکی سووک و مام ناوەندی و رۆیشتنی درێژخایان و مەشقی تایبەتی پێ کرا. لەو ماوەیەدا چەند هێزێکی تر هاتنە ناومانەوە و پێش چەند رۆژێک لە جێبەجێ کردنی ئەرکەکەمان، پشوویان بە هەمووان دا تا بچین بۆ ناو شار و راسپاردەی ئەوەیان کردین، کە هەر کەسە و دەستێ جلوبەرگی کوردی بکڕێ، بەڵام نهێنیی ئەو راسپاردەیەیان لا نەدرکاندین. ئێمەش هۆی ئەوەمان نەپرسی. لە رۆژی ٣١ی ئاداری ١٩٩١دا سەرکردەی هەر یەکەیەک راسپاردە و رێنمایی ئەندامەکانی کرد. سەرکردەی کەتیبەی ئەندازیاریی حاجی عەلا حەبیبی گوتی: ئەرکەکە بە مەبەستی چوونە ناو خاکی عێراقەوەیە، کە ئێستا لە بارێکی نائاسادایە و لە بارودۆخی جەنگدایە، بە هۆی جەنگی دووەمی کەنداوەوە. ئارمانجمان موجاهیدینی خەلقە. دەمانەوێ لە خاکی عێراقدا هێرش بکەینە سەر سەربازگەکانیان. گوتیان مەبەستی یەکەممان قەڵاچۆ کردنیانە، فەرمانی ئەوەیان دا کە بە ژن و پیاو و منداڵەوە لەناویان بەرین. گوتیان ژمارەیان کەمە و چەند تانکێکیان هەیە و ناتوانن بەرگری بکەن و خۆراگر بن، سەبارەت بە پۆشاکە کوردییەکان، سەرکردەی کەتیبەکە گوتی لەبەر کردنی ئەو جلوبەرگە کوردییە زۆر گرنگە، چونکە نامانەوێ کەس درک بەوە بکات کە ئێرانین. ئەمەش لە لایەنی ئەمنییەوە زۆر گرنگە، کەواتە نابێ تەرمی هیچ کوژراوێکمان لە مەیدانی جەنگدا بمێنێتەوە، هەر وەک نابی هیچ کەس بەدیلی بگیرێ یا هیچ بەڵگەنامە و چەکێک لە مەیدانی جەنگدا بەجێ بێڵن و دەست دوژمن کەون.

**دەست پێ کردنی ئۆپەراسیۆن و پەنا بردنمان بۆ موجاهیدینی خەلق**

جلە کوردییەکانمان پۆشی و سواری ئۆتۆمبیلی (جیپ)و (لۆری) بووین و بەرەو ناوچەی سنوور بووینەوە، لە شاری «قەسری شیرین»ی سەر سنوور هەمان رێنمایی و راسپاردەیان بۆ دووبارە کردینەوە، ئاخوندێک (مەلایەک) بە ناوی (مووسەویی هەمەدانی)یش، کە ئیمام جومعە و نوێنەری خامنەیی لە شاری هەمەدان بوو، هاتبوو کە سواری ئۆتۆمبیلێکی «مارسیدێس بەنز» بووبوو. ئەو کابرایە وتارێکی بۆمان خوێندینەوە و ئەوەی دووپات کردەوە، کە پێویستە ناسنامە و رەگەزنامەی ئێرانیمان ئاشکرا نەکەین. مووسەویی هەمەدانی لە کۆتاییدا ئومێدی سەرکەوتنی بۆ خواستین. سەعات ٥ی پاش نیوەڕۆ چووینە ناو خاکی عێراقەوە و بەرەو شاری خانەقین بووینەوە، بە بێ ئەوەی هیچ کێشەیەکمان تووشبێ. چەکەکانمان لە جۆری (APG) و (BKC) و چەکی سووک و باڵار، جگە لە چەند پژێنەری مووشەکی ١٠٧ ملیم





(مینی کاتیۆشا) تا ئاگری پشتگیریمان بۆ دابین بکات. سەعات سێ و نیوی سەر لە بەیانی هێزەکەمان لە شوێنی موجاهیدینی خەلق نزیک بۆوە، تەقەمان لێ کردن و جەنگ دەستی پێ کرد، موجاهیدین تانکیان هەبوو ئاگرێکی چڕیان تێبەردابن، نزیکەی لای نیوەڕۆ سەنگی تەرازوو گۆڕا و زیانێکی زۆرمان لێ کەوت، ئەڵبەتە زۆربەی هیزەکەمان کوژران و بریندار کران، لەوانە، حەسەن محەمەدی و هادی زەهرەوەند و حوسێن مووسەوی و عەلی ئەسغەر و ژمارەیەکی زۆری هێزی بەسیج و ژمارەیەکی زۆر لە پاسداران تەرمەکانیان لەو ناوەدا مابۆوە. ئەو کەسانەی مابنەوە رامان کرد، بەڵام تانکەکانی موجاهیدین گەمارۆیان داین. هەر بۆیە خۆمان بە دەستەوە دا.

بە جلی کوردییەوە بەدیلی گیراین، لەوەو پێش پێیان گوتبووین گەر گیران ئەوا بە زنجیری تانکەکان دەتانشێلن، یان دەتانبەستنەوە بەدوو زریپۆشەوە و پەلکێشتان دەکەن. هەر بۆیە ترس دایگرتبووم، بەرەو بەرەی پشتەوە گوێزراینەوە و بۆ ماوەی چەند سەعاتێک لە ژوورێکدا بووین، گوێم لە دەنگی جەڕافە بوو، وام بە خەیاڵدا هات کە دەیانەوێ بە زیندوویەتی زینده بەچاڵمان بکەن!! لەو ژوورەدا پێنج کەس بووین، پاش چەند سەعاتێک کەسی شەشەمیان کردە ژوورێ، کە بە هۆی گوللەیەکی لابەلاوە بە سووکی زامدار بوو، پاش تۆزێک دوو ئافرەت لە موجاهیدین هاتنە ژوورێ و زامەکەیان چارەسەر کرد. ئەمەش سەیر بوو بە لامانەوە، کە خوشکی موجاهیدین لەوێ بن و بایەخ بە دوژمنە بریندارەکەیان بدەن، کە پێش ماوەیەک خوێنی موجاهیدینی دەرشت!! ئەم رووداوە گومانی لە مێشک هەڵگرتم کە لە سیدارەمان بدەن، بەڵام هەر تۆزیک دوودڵ بووم. پاش ماوەیەک رۆژنامەنووسان هاتن و لەگەڵمان دوان ،ئەمەش بە تەواوەتی ترسی رەواندمەوە و دڵنیای کردم کە نامانکوژن. رۆژنامەنووسان جەختیان خستە سەر جلە کوردییەکانمان. راسپاردە و رێنمایییەکانی حاجی عەلای «سەرکردەمان» هاتەوە یاد، کە گوتبووی "کێشەکە بە هۆی باری ئەمنییەوەیە". رۆژنامەنووسان هەمان پرسیاریان لێ دەکردین. لە سوور بوونی رۆژنامەنووسان نەدەگەیشتم کە بۆچی جەخت دەکەنە سەر ئەو بابەتە و لەگەڵ دووپات کردنەوەی سەرکردەکەدا لێکم دەدایەوە، تەنانەت نەمتوانێ لە پەیوەندیی ئەو قسانە بە وتاری ئیمام جومعە بگەم، کە گوتبووی کێشەکە کێشەیەکی ئەمنییە. دەمویست بە هەر شێوەیەک بێ ئەو کێشەیە بشارمەوە، بەڵام نەماندەتوانی جل و بەرگە کوردییەکانمان بشارینەوە. لێرەدا درکم بەوە کرد کە نهێنییەک هەیە لە دووی ئەو جلانەوە، کە لەوەو دواتر زیاتر لەو کێشەیە گەیشتم. لەوە گەیشتم کە رژێمی ئێران دەیویست بەو کردارە تاوانی کوشتنی کورد بخاتە ئەستۆی موجاهیدینی خەلق. ئەوەتا لە لایەکەوە دەیانویست هێزکانی ئێران بێتە خاکی عێراقەوە و لە لایەکی ترەوە دەیانویست وا بنوێنن، کە کوژراوەکانیان کوردی عێراقن و موجاهیدین کوشتوویانن! بەڵام حوکمڕانانی ئێران ئەوەیان لە یاد و لە حیسابدا نەبوو، کە

ئەم شەشە بە دیل دەگیرێن، کە ئیتر ناتوانرێ کارەکان بشاردرێنەوە. حوکمڕانانی ئێران گرەویان لەسەر کوشتنمان کرد بوو، هەر لە شەڕی مرواریدا، یاخود لە سیدارەدانمان بە دەست موجاهیدین، کەچی نەیانکوشتین!! لێرەدا زانیم کە ئێمە قوربانیی تەماعکاریی حوکمڕانانی ئێرانین. بۆیەش هەموو باوەڕەکانی پێشووم شکان. ئەڵبەتە ئەو گومانەش ماوەیەکی زۆری خایاند، بەڵام ڕاستییەکان کاریگەرییان بەسەر هەردوو لاوە هەبوو، واتە ڕاستیی ناوەرۆکی ڕژێم و ڕاستیی ڕەوشتی باشی موجاهیدین.

**شەش دیلی جەنگ**

کاتێک گواستراینەوە بۆ بەرەی دواوەی جەنگ، چاوم بری بووە ژوورەکانی دەورمان و هەواڵی باری کەسانی ترم دەپرسی، بەڵام بۆم دەرکەوت کە کەسی تر، جگە لە ئێمە لەو ژوورانەدا نییە. لە ڕاستیدا لەو شەش کەسە بەو لاوە کەسی تری لێ نەبوو، لە سەرەتادا و لە ڕۆژانی یەکەمدا تەنانەت دەترسام نوێژ و ئەرکی ئایینی بەجێ بێنم، چونکە پاسدارانی ڕژێم وایان تێگەیاند بووین کە موجاهیدین بە لێدانی کوشندە لە کەسانی پاسدار و بەسیج دەدەن یاخود لووت و گوێیان دەبڕن گەر نوێژیان کرد!!

لە بیرمە پاش چەند ڕۆژێک بە تانییەکم بە سەر خۆمدا دەدا و بە دانیشتنەوە نوێژم دەکرد تا کەس نەمبینێ. وام دەزانی موجاهیدین ئازارم دەدەن، بەڵام کاتێک سەعاتی میقات (زەنگدار)یان داینێ تا بەیانیان زوو هەڵسین بۆ نوێژ کردن، لام سەیر بوو باوەڕم نەدەکرد!! لە بەر خۆمەوە دەمگوت، دیارە دەیانەوێ لە کاتی نوێژ کردندا بە سەرماندا بدەن و لە قافا بمانگرن تا لێمان بدەن و بمانکوژن، بەڵام کاتێک زانیم کە خۆشیان نوێژ دەکەن بە لامەوە سەیر بوو. بەرەبەرە ئەوەم بۆ دەرکەوت کە موجاهیدین حەقیان بە ژیانی کەسێتیی خۆمانەوە نەبوو. هەر بۆیە کەوتینەوە سەر باری ڕەوشتی لەوەو پێشی خۆمان، ئەو کات کە لە ئێران و لە سوپای پاسداراندا بووین و نزا و پاڕانەوەمان دەخوێند. دیسانیش بینیمان ئەوان بە هیچ جۆرێک ڕێگایان لێ نەدەگرتین، ئەڵبەتە بە تەواوەتی ترسم ڕەوییەوە، جارێکیان لێم پرسین ئێوە ئازاری کەس نادەن؟ لە وەڵامدا تەنیا گوتیان ئێرە ماڵی موجاهیدینە، ماڵی خومەینی نییە!! لەگەڵ ئەو وەڵامەدا چەندین پرسیار سەبارەت بە موجاهیدین لام دروست بوو.

بەرە بەرە داوای بڵاوکراوەکانی موجاهیدینم دەکرد، تەنیا لەبەر ئەوەی ئارەزووی ئەوەم دەکرد شتێک بزانم، چونکە هێشتا لەسەر ئەو باوەڕە بووم، کە هەموو شتێک وەک خۆیەتی و ئەوەی دیتم تەنیا شتێکی جیاواز و دروست کراوە. ئەڵبەتە ماوەیەکی تر ڕووە ڕاستییەکەیان دەبینم و هەست بە نیازی خراپیان دەکەم!! بەڵام هەڵسوکەوتی موجاهیدین لە ئاستماندا زۆر مرۆڤانە بوو. ئەگەرچیش ئێمە دوژمنیان بووین و لە ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکەماندا ٤٤





موجاهیدمان لێ کوشتن. هەر لەبەر درۆ و دەلەسەی هەڵبەستراوی سەرکردەکانی پاسدارانی ڕژێم، ئێمە هەر چاوەڕێی ئازار و ئەشکەنجە و لە سێدارەدان بووین، بەڵام ئەو چاوەڕوانییە و ئەو لە سێدارەدانە نەهاتنە دی، هەر بۆیە دوا سەنگەری خۆم پاراست و لەبەر خۆمەوە دەمگوت: ئەڵبەتە دەیانەوێ مێشکمان خاوێن کەنەوە و بیروباوەڕمان بگۆڕن. هەر بۆیە دەبێ لە ناخەوە لە بەرانبەریاندا بوەستم، بەڵام نەماندەتوانی دژ بە ڕاستی بوەستین. ئەوەتا موجاهیدین دوو ژوور و حەوشەیەکیان بۆ ئەم شەش دیلە تەرخان کرد بوو. بە شەو لە ژوورەکاندا دەبووین و بە ڕۆژ دەهاتینە حەوشەکەوە. ڕۆژێکیان بەیانی زوو بەدەم دەنگی یەک لەدوای یەکی تەقینەوە و گرمەی فڕۆکەوە هەڵساین. فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران بوون و بۆردوومانی سەربازگەی موجاهیدینی دەکرد. سام دایگرتم، بە بەر خۆمەوە گوتم، ئەڵبەتە موجاهیدین تۆڵەی ئەو بۆردوومانە لە ئێمە دەکەنەوە. لەو کاتەدا دەرگای ژوورەکەیان کردەوە و گوتیان: زوو لە خانووەکە دەرچن و بچنە سەنگەری حەوشەکەوە!! پاش ئەو بۆردوومان کردنە، لە ڕێگای ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاگاداری زیانی موجاهیدینی خەلق بووم. ئەمەش چەپۆکێکی جیددی بوو لە ناخەوە باوەڕەکانمی داڕماند. لە کاتێکدا موجاهیدین لە لایەن ئێمەوە بۆردوومان دەکران،



ئەو شەش پاسدارەی لە ئازاری ١٩٩١ لە ناو خاکی عێراقدا لە لایەن سوپای ئازادیبەخشی نیشتمانییەوە بەدیل گیران

بەڵام ئەوان بیریان لە ئێمە دەکردەوە و نەیاندەویست زیانمان پێ بکەوێ.

لە بیری خۆمدا بەراوردم کردن و پرسیم، گەر من بوومایە چیم دەکرد؟ ئەوەم هاتەوە یاد، کە چۆن دیلە عێراقییەکان لە لایەن پاسدارانی ڕژێمی ئێرانەوە دەکوژران. جا گەر موجاهیدین نیازی کوشتن و لێدان و ئەشکەنجەدانی ئێمەیان بوایە، ئەوا بێگومان لە کاتی خۆ تەسلیم کردنماندا یا لە کاتی بۆردوومانەکەدا ئەو کارەیان دەکرد، بەڵام هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان مایەی گومان و بیری دژوار بوو بە لامەوە. لەو کاتەوە موجاهیدینم تاقی دەکردەوە بۆ ئەوەی بزانم ڕاستییەکان چین؟ لە کتێب و بڵاوکراوەکانیاندا دروشمی باوەڕ بە سەربەستی و ئازادی و دیموکراتیەتم بەدی دەکرد. ڕۆژێکیان هەندێ سەرکردە و بەرپرسی موجاهیدین سەردانیان کردین و هەواڵی گوزەرانمانیان بەسەر کردەوە. گوێڕایەڵمان بوون و لە کۆتاییدا گوتیان، لە داواکارییەکانتان دەکۆڵینەوە. گەر بە پێچەوانەی ڕێنماییەکانمان نەبن، ئەوا جێبەجێیان دەکەین. پاش ئەوەی ڕۆیشتن، وا چاوەڕوانیمان دەکرد کە بەرەو ڕووی لێدان و ئازاردان دەبینەوە، چونکە ڕەخنەی باری گوزەرانمان گرت! بەڵام پاش چەند ڕۆژێک بەدەنگ داواکارییەکانمانەوە هاتن.

کێشەی دووەم پەیوەندیمان بوو بە (خاچی سوور)ەوە، کە موجاهیدین وەک دیلی جەنگ ناومانیان تۆمار کرد بوو. ئەو کاتە نەمدەویست بە ڕاستی وەڵامی پرسیارەکانی خاچی سوور بدەمەوە، چونکە ئەو کاتە وام دەزانی گەر بە ڕاستی وەڵام بدەمەوە ئەوا خزمەتی موجاهیدینی خەلق دەکەم! تەنانەت ئەو خۆراک و خواردن و تواناییانەی کە بۆمان دابین کرا بوو، هەرگیز لەو جۆرە نەبوون کە بەسەر دیلی جەنگدا دابەش دەکرا. لەوەو دواش بۆمان دەرکەوت کە بەرنامە و ژەمە خواردنمان هەمان بەرنامە و ژەمە خواردنی موجاهیدین بوون، ئەڵبەتە لە کاتێکدا سەربەست بووین لە خواردنی جۆرەها خۆراک و کاتێکی کراوە و خۆشمان بە وەرزش و پەخشی رادیۆ و تەسجیل (ریکۆردەر) و ڤیدیۆ و تەلەفزیۆن بەسەر دەبرد. کەچی هەوڵی ئەوەمان دەدا کە لە لای خاچی سوور سکاڵا بکەین، ئەگەرچی ئەوەش نەدەشیا، چونکە ڕاستییەکان ئاشکرا و ڕوون بوون! لەوەو دوا پاش ئەوەی ڕاستییەکەم بۆ دەرکەوت، هەستم بەوە کرد کە شوێنی ڕاستەقینە و مرۆڤانەی خۆم لای موجاهیدینی خەلقە. ویستم ئەو هەڵەیەم ڕاست بکەمەوە کە دژ بەوان کرد بووم و ئەو کاتەم بە باش زانی، کە خاچی سوور هاتبوون بۆ چاودێریی ژیان و گوزەرانمان. پێم گوتن بواری بوونمان لە لای موجاهیدین بە هەل زانی، کە خۆمان لە نەخۆشییەکانمان چارەسەر بکەین، لەوانەش پڕ کردنەوەی دانە کلۆرەکانمان، هەروەها لای موجاهیدین چارەسەری چاوم کرد و پزیشکەکەیان چاویلکەی بۆ تەرخان کردم و بۆم دابین کرا، بەرپرسی خاچی سوور سوپاسی لێپرسراوانی موجاهیدینی خەلقی کرد بۆ ئەو بایەخ پێدان و چاودێرییەمان!!





**پێناسەی ڕژێمی ئێران و باری ڕاستەقینەی موجاهیدینی خەلق**

سەرەنجام ڕاستیی و کردار و ڕووداوە واقیعییەکان ئاشکرا بوون و ویژدان و هەست و ناوەڕۆکی مرۆڤانەی متبوومیان لە ناخەوە بە ئاگا هێنایەوە. بە پێچەوانەی ئەوەی لە ئێران دەمدی و دەمبیست، ڕوون بوونەوە و لە ئەنجامدا هەڵوێستی خۆم یەکلایی کردەوە، بڕیارم دا بچمە ڕیزی موجاهیدینی خەلقەوە. هەر بۆیە نامەیەکم بۆ نووسین، بەڵام موجاهیدین داواکارییەکەمیان ڕەت کردەوە و گوتیان، پێش ئەوەی نامەی ئازاد کردنتانمان لە سەرکردایەتییەوە پێ نەگات، ناتوانین قبووڵت بکەین. ئەڵبەتە ئەو کاتە بۆت هەیە بێیتە ڕیزمانەوە، پاش ماوەیەک بڕیاری ئازاد کردنمیان پێ ڕاگەیاند. هەر بۆیە سەر لە نوێ داوای چوونە ریزەکانی موجاهیدینم کردەوە تا وڵاتەکەم لە ژێر کەڵبەی حوکمڕانانی ئێران دەرکەم، بەڵام موجاهیدین ڕەوانەی خاچی سووریان کردین. نوێنەرانی خاچی سوور بە لایانەوە سەیر بوو، کە گوتم نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئێران. تەنانەت سەریان سووڕما کاتێک پێم گوتن دەمەوێ لێرە لە عێراق بمێنمەوە، لە تەک موجاهیدینی خەلقدا. گوتیان گەر ڕکت لە ڕژێمی ئێرانە و ناتەوێ بگەڕێیتەوە، ئەوا دەتوانین ڕەوانەی ئەورووپات بکەین و لەوێ بە خۆشی و ئاسوودەیی بژیت. دووبارەم کردەوە کە من عێراقم هەڵبژارد کە لە ژێر زەبڕ و مەترسیی نێودەوڵەتیدایە و لەبارێکی سەختدایە، بەڵام دەمەوێ بچمە ریزەکانی موجاهیدینی خەلقەوە، هەر بۆیە ڕێزیان لە خواستەکەم گرت و پیرۆزباییان لێ کردم.

**پەیوەندی بە بەرهەڵستکارانەوە و قووڵایی ڕاستیی موجاهیدین**

ئەڵبەتە ناسینی ڕاستەقینەی موجاهیدینی خەلق لەو کاتەوە بوو کە چوومە ڕێزەکانیانەوە و لە چوارچێوەی ڕێکخراوەکەدا گوزەرانم تێدا کرد. سنوورە سەرەکییەکە جیاوازی و مەودای جیاکەرەوە بوو لە نێوان باوەڕ و دان پێدانانی شێوازە داپڵۆسێنەر و تیرۆریستییەکەی ئیسلامی خومەینی لە لایەک و ئایدیۆلۆژیای موجاهیدین لە لایەکی دی. من کابرایەکی ڕاسەپێنەر بووم یاخود لە بواری بیروباوەڕی ئایینییەوە، من کەسێکی توندڕەوی نەبزۆک و وشک و ڕەق بووم، بەڵام پاش ناسینی بۆچوون و ڕێنماییەکانی ڕەوتی موجاهیدینی خەلق، یەکەم جار بوو کە ڕووە بێگەردە ڕاستییەکەی ڕۆح و ناوەڕۆکی ڕەسەنی ئیسلام و حەزرەتی محەمەد (د. خ) و قۆرئانی پیرۆزم ناسی، کە خوێندنەوەیەکی دوور لە ڕیاکاری و درۆ و چەواشە کردن، کە بیری پێشکەوتووی گونجاوی ئیسلامە لە هەموو بوارەکانی ژیاندا.

چوونم بۆ ناو ڕێزەکانی موجاهیدینی خەلق پەیامێکی تری ڕەوانەی حوکمڕانانی ئێران و بەکرێ گیراونی سوپای پاسداران و بەسیج کرد. پەیامەکە ئەوە ڕادەگەیەنێ، کە تەنیا یەک هێز هەیە کە ڕژێمی مەلا حوکمڕانەکانی ئێران دەڕووخێنێ، کە موجاهیدینی خەلقی ئێرانە، کە توانای

هوشیار کردنەوە و ئاگادار کردنەوەی دەورووبەری هێزەکانی ڕژێمی ئێران بکاتەوە و بەرەو بەهای مرۆڤایەتی پاڵیان پێوە بنێ. ئەمەش شوێنەوارێکی ناڕەحەت و بوغزاوی بەسەر حوکمڕانانی ئێران و هێزەکانی پاسدار تۆمار دەکات. چوون بە خێزانەکەمیان گوتووە گوایە قاچم بڕاوەتەوە و لە بارێکی سەختی ژیاندام و داوایان لە دایک و خوشکم کردووە، کە بەرەو عێراق بێن تا بمبەنەوە بۆ ئێران. کاتێک کە چاوم بە دایک و خوشک و خزمانم کەوت، چاوپێکەوتنێکی سەیر و سەرسوڕهێنەر بوو، چونکە باوەڕیان نەدەکرد ئاوا بە تەندروستی و ساغ و سەلامەت بم. لەوەو دوا گشت سەرگوزشتە ساختەکانی ڕژێمیان سەبارەت بە موجاهیدینی خەلق بۆ گێڕامەوە، کە گوایە تووشی ئازار و ئەشکەنجە و قاچ بڕینەوە بووم، هەر بۆیە هەڵوێستیان بەرانبەر بە ڕژێم گۆڕا و داوای لێبوردنی موجاهیدینیان کرد...


من وەک شایەتێکی لە ڕادە بەدەر، کە ڕێگایەکی دووری نێوان ڕژێمی ئێران و موجاهیدینی خەلقی بڕی، ئەوە ڕادەگەیەنم کە ئامادەم لە بەردەم هەر لایەنێکی بێلایەندا شایەتی بدەم و خۆش بەختانە ئەوەی دیم بە بەڵگەنامەوە بخەمە ڕوو، ئەو بەڵگەنامانەی کە لە ئێران هەن و ئەوانەی ئەرشیڤی خاچی سوورن، جگە لەو دیدار و چاوپێکەوتنانەمان لەگەڵ پەیامنێرانی میدیای نێودەوڵەتیدا.

عەلی ئەکبەر عەندەلیبی

ئابی ساڵی ٢٠٠٥







## شایەتیدانی واحید سەیف

من (واحید سەیف)م، لەدایک بووی ساڵی ١٩٧٣، پێش ئەوەی ببمە یەکێ لە موجاهیدینی خەلقی ئێران، لە ناو هێزەکانی ڕژێمی ئێراندا کارم دەکرد! هەر بۆیە ئەوەی دەیڵێم لە شایەتیی کەسێک بەدەر نییە کە بە چاوی خۆی ڕووداوەکانی لە دوو لاوە دیوە. یەکەمیان لای لایەنی جەللاد و دووەمیان لە لایەنی قوربانییەوە. کێشەکەش یەک کێشەیە، لە تەوەرەی ڕاستیی موجاهیدینی خەلقدا دەخولێتەوە و پێویستە بخرێتە ڕوو بۆ ئەوەی بەکرێ گیراوانی ئیتیلاعاتی ڕژێمی ئێران چی دی نەتوانن هەوڵی پڕوپاگەندەی دژ بە موجاهیدین بدەن. ئەم شایەتییەش شایەتیدانێکی ماوە درێژی نزیک بە بیست ساڵە، بە تایبەتی ساڵی ١٩٩١ کە هاوکاتی هێرشەکەی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانیەتی بۆ سەر عێراق، کە بووە هۆی پەشێوی لە ناوچەکە و عێراقدا. لە ئەنجامدا بوارێکی لەبار بۆ ڕژێمی ئێران هاتە کایەوە بۆ ئەوەی هەوڵی پەل هاویشتن و بڵاو بوونەوەی لە عێراقدا بدات.

لە زستانی ساڵی ١٩٩١ من لە لەشکری ٣٢ی (ئەنسارول حوسێن)ی سەر بە سوپای پاسدارانی ڕژێمی ئێران بووم لە سەربازگەی (ئیمام حوسێن) کە ١٥ کێلومەتر لە شاری هەمەدانەوە دوورە. لە سەرەتای مانگی ئاداری ١٩٩١دا، ئامادەکارییە سەربازییەکان کۆتاییان پێهات، هێزەکان بەرەو شاری قەسری شیرین کرانەوە، لەوێشەوە بۆ سەربازگەی (قەڵای شاهین) کە چەند کێلومەترێک لە شاری سەرپێڵی زەهاوەوە دوورە. ئامانج هێرش کردن بوو لە چەندین میحوەرەوە بەرەو قووڵایی خاکی عێراق.

من ئەوکات گواسترامەوە بۆ سرییە (گروهان)ی هاریکاریی سەر بە یەکەی «میعراج»، کە یەکەیەکی تایبەت بوو بە فریاکەوتنی برینداران و گواستنەوەی تەرمەکان. لە ڕۆژی ١٤ی ئاداری ١٩٩١دا چووینە خاکی عێراقەوە، بەڵام بە بێ شەڕ گەڕاینەوە.

ئەوەی شایانی باسە، کاری من ئامار و تۆمار کردنی ناونیشانی لاشەکان بوو، چونکە من

تەنیا کەس بووم لەو یەکەیەدا کە بڕوانامەی بەکەلۆریام هەبوو. هەر بۆیە بڕیار درا کە لە بەرەی دواوە بم و بەشداری لە پرۆسەی هێرشەکە نەکەم. یەکە عەسکەرییەکان یەک لە دوای یەک بەرەو بەرەکانی جەنگ دەڕۆیشتن، لە بیرمە لە ناوەڕاستی مانگی ئاداری ۱۹۹۱دا، بە وردی لە یەکی نەورۆزدا، چوومە لای فەرماندەی یەکەی هاریکاری (حوسەینی)، بە پاڕانەوە و گریانەوە داوام لێ کرد، کە بواری ئەوەم بدات بەشداری بکەم لەو ئۆپەراسیۆنەدا. لای خۆیەوە داینام و ناوچاوانی ماچ کردم و ئاماژەی بە رازی بوون دا و گوتی: لەو دنیا شەفیعمان بە! هەستم بەوە کرد کە وشەکانی هێمای خۆشەویستی و دڵسۆزی دەنوێنن، بەڵام دواتر بۆم دەرکەوت مەبەستی لەو قسانە هیوای کوشتنی بۆ خوازتم لەو ئۆپەراسیۆنەدا! حوسەینی بەرەو یەکەی ئۆپەراسیۆنەکە ناردمی. لەوێ سەرکردەی یەکەکە ناوی (جەمشیدی)بوو. ئامانجەکانی ئەو ئۆپەراسیۆنەی بۆ روون کردینەوە و گوتی: بۆ هەناردە کردنی شۆڕشی ئێران بۆ ناو خەڵکی عێراقە، کە بە پەرۆشەوە چاوەڕێی دەکەن، دەبێ موناففقین (واتا موجاهیدینی خەلق) کە دوژمنی سەرەکیی ئێمە و کۆماری ئیسلامیمانن، لەناو بەرین. تا رۆژی ۱۱ی خاکەلێوە کە رۆژی ناردنمان بوو بۆ ئۆپەراسیۆنەکە، هێزێکی زۆر هاتنە ناو سەربازگەی (قەڵای شاهین)ـەوە. یەکەکانی لەشکری ۹ی بەدر لەوێ بوون، رۆژانە بەیانیان مەشقی وەرزشیان دەکرد و دروشمی عەرەبییان دەگوتەوە. جگە لە هەندێ کورد کە وەک سیخوڕ و رێ نیشاندەر کاریان دەکرد.

رۆژانە هێزی تازە لە سەربازگەکانی (مالکی ئەشتەر) و (موسلیم) و (رەمەزان)و سەربازگەکانی تر، هەروەها پارێزگەکانی ترەوە دەگواسترانەوە بۆ سەربازگەی (قەڵای شاهین) و لەوێوە ڕەوانەی خاکی عێراق دەکران. زیانە گیانییەکان زۆر بوون، ڕۆژانە زۆر تەرم و بریندار بەرەو دواوەی بەرە دەگواسترانەوە. تیپی «نەبی ئەکرەم» و تیپی «موسلیم» زیانێکی زۆریان لێ کەوت.

شەوی پێش ئۆپەراسیونەکە حوسەینی رێنمایی پێویستی پێ ڕاگەیاندین و گوتی: دەبێ بەو پەڕی نهێنییەوە ئەو ئۆپەراسیۆنە جێبەجێ بکەن، چونکە گەر ئاشکرا کرا، ئەوا لە لایەنی نیودەوڵەتییەوە زیانێکی زۆر بە کۆماری ئیسلامی دەگات. هەر بۆیەش نابێ هیچ نووسینێکی فارسی لە سەر جلو بەرگەکانتاندا بێت. جا گەر تەرمی کوژراوەکانمان دەست دوژمن کەوت، ئەوا بەڵگەیان نییە کە ئەو تەرمانە سەر بە ئێمەن. لە کاتی ئەنجامدانی ئۆپەراسیونەکەش، کەس بۆی نییە بە فارسی قسە بکات. ئەمە شەڕێکە لە نێوان کورد و موناففقین (موجاهیدین) دا. ئێوەش کە جل و بەرگی کوردیتان لە بەردایە، گەر کەڕەنای ڕاگەیاندیان خستە کار، ئەوا لە دژی خۆیان دەبێ. حوسەینی گوتی: گەر لەو ئەرکەدا منداڵ و ئافرەتی موجاهیدینتان کەوتە بەر دەست، ئەوا بەزەییتان نەبێ، چونکە هەموویان دوژمنی کۆماری ئیسلامین و لە رووماندا





دەوەستن و منداڵەکانیان لەوەو دوا چەک هەڵدەگرن و دژ بە کۆماری ئیسلامی دەوەستن. پاش ئەوەی دەست بەسەر بنکە و بارەگاکانیاندا دەگرن، دەست لە خواردن و خۆراکیان نەدەن، چونکە گڵاو و پیسە و هەرگیز مەیەڵن بکەونە دەستیان، چونکە گەر دیل کران ئەوا بە ناشیرینترین شێواز ئەشکەنجەتان لەگەڵدا بەکار دێنن. لەوەو دواش پاش ئەوەی گشت زانیارییەکانتان لێ وەردەگرن، لە سێدارەتان دەدەن. من باوەڕم بە تەواوی قسەکانی حوسێنی دەکرد، چونکە خودی خۆم ئاگاداری ئەوە بووم، کە چۆن پاسدارەکان ئەشکەنجە و ئازاری موجاهیدێکیان دا و لەوەو پاشیش کوشتیان. هەر بۆیە شتێکی ئاسایی بوو بە لامەوە، گەر موجاهیدین هەمان رەفتارمان لەگەڵدا بکەن.

لەو شەوەدا بۆ یەکەم جار هەمووان ردێنمان تاشی! هەموو نووسراوێکی فارسیمان بەسەر خۆراک و میوە و پێداویستەکانمانەوە کوژاندەوە و شوێنی بریقەداری ئۆتۆمبێلەکانمان بە قوڕ داپۆشی. ئۆپەراسیۆنەکەش بە رەمزی «یا زەهرا» دەستی پێ کرد و سواری لۆریی گەورە بووین، کە هەر کۆمەڵە و (۷۰- ۸۰) سەرباز بووین. لە دوا کاتدا ڕێنماییان کردین، کە خێوەتی لۆرییەکە بەرز نەکەنەوە تا دەگەنە شوێنی دابەزینتان، چونکە کوردانی بەکرێ گیراون سیخوڕی دوو لایەنەن!! مەبەستیان ئەو کوردانە بوو کە لە سەربازگەکەدا دیمانن!

ئۆپەراسیۆنەکەی رۆژی ۳۱ی ئاداری ۱۹۹۱ بەرفراوانترین ئۆپەراسیۆن بوو، کە دەیانگوت (۲۰) تیپ و لەشکرمان لە تەکدایە. سەرکردەکانی سوپای پاسداران بەشدارییان تێدا کرد، وەک محەمەد زەرگەری سەرکردەی سەربازگەی ئیمام حوسێن و هەردوو جێگرەکەی، حاجی سەعید و مام ئەکبەر. موجاهیدینی خەلق لە بەرزاییەکانی (مرواری) دامەزران، چەکی تانک و زرێپۆشیان هەبوو. دوا ئامانجمان، شکاندنی هێڵی بەرگری کردنی موجاهیدین و گەیشتن بە سەربازگەی ئەشرەف بوو، کە لە قووڵایی خاکی عێراقدا بوو. ئەوە بوو شەوی ۳۱ی ئاداری ۱۹۹۱ سواری ئۆتۆمبێل بووین، کە گەیشتینە سەر سنووری عێراق دابەزین، کۆمەڵ کۆمەڵ کە هەر کۆمەڵەی بریتی بوو لە ۷۰- ۸۰ کەس، بە پێ بەرەو رۆژئاوا بووینەوە. یەکەم دیدەوانەکان ئاگاداریان کردینەوە، کەوا گوێیان لە دەنگی زرێپۆش بووە. وەستاین و هێزەکانی پشتیوان بە تۆپ و راجیمە (کاتیۆشا) و تۆپی هاوەن (خۆمپارە)ی گەورە و مینی کاتیۆشا ئاگر بارانیان کرد، موجاهیدینیش وەڵامی ئاگرەکانیان داینەوە. ئەوە بوو پێش رۆژهەڵات تەقە وەستا و فەرمانی هێرش بردنمان بۆ دەرچوو. تەقەیەکی چڕمان لە روو کرا. ئەوانەی پێشەوەمان کە هەڵگری (ئاڕ پی جی) بوون هەموو گوللەکانیان تەقاند. تەقەمەنیمان نەما و ریزەکانمان هەڵوەشان و قڕمان تێکەوت.

ئۆپەراسیۆنی بەرەو پێشەوە چوونمان وەستا و یەکەکانمان لە یەک دابڕان. پێش نیوەڕۆ

پێیان گوتین، هەر کەسە بۆی هەیە خۆی رزگار بکات و ژیانی خۆی بپارێزی!! تەنانەت بواری کشانەوەی رێک و پێکیشمان نەبوو، لەو هەموو هێزە زۆرە تەنیا چەند کەسێکم لە دوورەوە بەدی دەکرد کە ڕایان دەکرد. منیش لە یەکێ لە دۆڵەکاندا ڕێگام بزر کرد. لە پشت تاشە بەردێکەوە بە هیلاکی و شەکەتی دانیشتم. کابرایەکی جل کوردیم لێ پەیدا بوو، چەکی لێ خستمە سەر پێ وا مزانی کوردە، بەڵام کە هاتە پێشەوە ناسیمەوە، یەکی لە پاسدارەکان بوو. گوتم: ئەوە چی دەکەی؟ گوتی: با کۆتایی بە ژیانت بێنم چونکە گەر بە دیلی بگیرێیت، ئەوا پاش ئەوەی هەموو زانیارییەکەت لێ دەر دەکەن، لە سەرخۆ دەتکوژن!! گوتم: نەخێر دەتوانم بڕۆم تەنیا پشوویەک دەدەم.

سەر لە بەیانیی ڕۆژی دوایی، پاش ئەوەی هێزی موجاهیدین دەوریان گرتم خۆم بەدەستەوە دا. پاش ئەوەی گەیشتینە یەکەم بارەگایان، ئاو و خواردنیان بۆ هێنام. وامزانی ئەمە سەرەتای ئەشکەنجەدانە! یەکێ لە موجاهیدین گوتی: بەختەوەر بوویت کە نەکوژرایت! لە ناخی خۆمەوە گوتم: نەخێر بەخت یارم نەبوو!! گەر بەختەوەر بوومایە ئەوا دەکوژرام و دەچوومە بەهەشتەوە!! لێرەدا قسەکانی ناوبراو (حوسەینی)م هاتەوە یاد کە گوتی داوای شەفاعەتمان بۆ بکە!

لەگەڵ پێنج دیلی دی لەو شوێنەوە گواسترامەوە بەرەو بەرەکانی پشتەوە. جلی پاکیان داینێ تا خۆمان بشۆین، لە مەبەستیان نەدەگەیشتم. لەبەر خۆمەوە دەمگوت: بەم شێوازە مامەڵەمان لەگەڵدا دەکەن تا لەوەو دوا دەرکەوتنی راستییەکەیانمان بە لاوە سەرسورهێنەر بێ، بەڵام ئەو مامەڵەیە بە درێژایی ڕۆژەکان هەر بەردەوام بوو، وەک شتێکی ئاسایی بێ وا بوو. دوو ژووریان بۆ تەرخان کردین، ژوورەکان زیندان نەبوون، هەروەک ژووری ماڵ وا بوون، تەنانەت ئامێری ڤیدیۆ و تەلەفیزیۆن و رادیۆ و تۆمار و شریت و فیلمی سینەماییان داینێ، سەرباری دەستە نوێن و دۆڵابی جل و پاش ماوەیەک پەرتووکخانەیەکی بچووکیان بۆ ئامادە کردین، کە پەرتووکی چیرۆک و شیعر و مێژوو و هی تری تێدا بوو، لەوە دەچوو پەرتووکی کتێبخانەی خۆیان بێ، چونکە لێبڵی ژمارەی کتێبیان پێوە بوو! هەرووها یەکەیەکی دەست شۆریان بۆ ئامادە کردین کە بریتی بوو لە گەرماو و چێشتخانە و سەلاجە و قاپشۆر و دەستشۆر، جگە لە تەباخی غاز. لە دواییدا ئامێری هەوای سارد و گەرمیان لە هەر ژوورێکدا بۆ دانایین! پاش ماوەیەکی زۆر بۆم دەرکەوت کە ژەمی خۆراکەکانمان هەمان ژەمی خودی موجاهیدین بوو، ئەڵبەتە روانگەم بەرەو بوونی قەوارەی بەرهەڵستکارانی ئێران گۆڕا..

سەبارەت بە ئەشکەنجەدان، ئەڵبەتە دوو ڕووداو بوونە خاڵی کۆتایی چاوەڕوانی بەردەوامی ئەو کاتەم، کە ئیتر (ڕۆژێک) لە رۆژان دەست پێ دەکات، یەکەم ڕووداو کاتێک کە دەرگای ژووریان بۆ کردینەوە، بەرەو حەوشەیەکی پان و بەرینی چیمەنتۆ کراو و شوێنی یاریی تۆپێن





و باسکە و سەبەتە و لەوەو دواش دوو گۆڵی بچووکمان بۆ خۆمان دابین کرد، پێمان دەگوت (یاریی تۆپی پێ لە گۆڵی بچووکدا)، جگە لە پێڵاو و پێداویستەکانی تری وەرزش! وەرزش زۆر دوور بوو لە ئەشکەنجەدانەوە!

بابەتی دووەم دیداری لیژنەی خاچی سوور بە بێ ئامادە بوونی موجاهیدین، ئەوەش بوارێک بوو تا نامە بنووسین، تەنانەت لە هەفتەی پاشتر کاتێک موجاهیدین بەوەیان زانی، ئامێری وێنە گرتنیان داینێ تا وێنەی خۆمان بۆ خێزانەکانمان بنێرین، جگە لە پەڕاوی نامە نووسین تا نامەکانمان خودی موجاهیدین دەیاننارد بۆ خزم و کەسمان. بە هەر حاڵێک بوایە، ئەوان پێش داوا کردنی شتێک، خۆیان بۆیان ئامادە دەکردین. بە نموونە لەگەڵ ئەوانە هەمان نانمان دەخوارد، ڕۆژێکیان پێش نان خواردن یەکێ لە بەرپرسانی موجاهیدین هاتە لامان و داوای کرد، کە خواردنەکەیان بۆ بگەڕێنینەوە. گوتمان لەبەر چی؟ گوتی: بە هۆی ئەم خواردنەوە برا موجاهیدەکانمان تووشی ژەهراوی بوون هاتوون، لەو کاتەدا بۆمان دەرکەوت کە ئێمە هەمان جۆرە خۆراکی ئەوان دەخۆین. لە ماوەیەکی تردا گشت ئەو پێداویستییانەی کە دەدران بە موجاهیدین، بە ئێمەش دەردران، وەک کەرەستەی خاوی دروست کردنی شیرەمەنی و کەعەک، جگە لە جۆرەها تۆوی سەوزە و گوڵ تا بیچێنین و تەنانەت مریشک تا بەخێوی کەین!! جارێکیان دەعەوەتی کەبابی مریشکمان بۆ موجاهیدین کرد! بەڵام سەرەڕای ئەو هەموو شتە گوێمان لە ئیستگەی ڕژێم دەگرت و سەیری تەلەفزیۆنی ئێرانمان دەکرد. جارێکیان گوێمان لە هەواڵی کوشتنی کورد بە دەستی موجاهیدین بوو! دەستمان بە پێکەنین کرد، چونکە ئێمە ئەو شەش کەسە بووین کە باسیان دەکرد!!

دوایی هێمن بووینەوە، بە هاوڕێکانم گوت وا دیارە بەرژەوەندی کۆماری ئیسلامی لەو جۆرە هەواڵانەدایە. هەر لەو کاتەشدا قسەکانی (حوسەینی)م هاتەوە یاد، کە رۆژی قیامەت شەفاعەتمان بۆ بکە. لەم جارەدا لەوە دەچوو شتێکی لە مێشکمدا گۆڕی، لەبەر خۆمەوە گوتم: (دەشێ ئێمەیان نارد بێ تا بکوژرێین تا لەوەو دوا بڵێن موجاهیدین کوردی عێراقییان کوشتووە)، بەڵام ئەو شتەم لە بیر خۆم دەرکرد، کەچی پاش چەند مانگێک کاتێک هەواڵی ئێستگەکەم بۆ یەکێ لە موجاهیدین گێڕایەوە، لەوە دەچوو پێی ناخۆش بێ بەڵام زۆر بە هێمنی گوتی: (هیچ هێزێکی نیشتیمانی هاونیشتیمانانی خۆی ناکوژێ، کوشتنی هاونیشتیمانان ڕەوتی هێزەکانی دژ بە گەلن). بە بیستنی ئەو ڕستەیە هەستم کرد مەبەستی لە منە، یەکەم جار بوو هەست بە تەریق بوونەوە و شەرم بکەم، لەوەو دوا هەموو ڕووداوەکان وانەی بەسوود بوون بۆم. ڕاستییەکانیان لە ئاست دوو رەوتی دژواردا بۆ روون دەکردمەوە، ئەوەتا رژێم بە هۆی زۆرداری و توندڕەوییەوە بوونی مرۆڤایەتی مرۆڤ زەوت دەکات، کەچی هەڵسوکەوتی خەباتگێڕانەی

موجاهیدین بەرەو بنیاتنانی بوونی مرۆڤایەتیانەی خودی مرۆڤ (هەنگاو دەنێ..). رۆژێکی تر چووین بۆ بەغدا بۆ دیداری لیژنەی خاچی سووری نیودەوڵەتی، لەو چاوپێکەوتنەدا داوامان لێ کردن تواناکانیان بخەنە روو تا سوودیان لێ وەرگرین، هەرچەند باسی جۆرێ توانایان دەکرد، دەمانگوت ئەو جۆرە توانا و خزمەتگوزارییەمان بۆ دابین کراوە، لە کۆتاییدا نوێنەری خاچی سوور گوتی: (دەرماڵەی بودجەمان سنووردار و کەمە، ئەڵبەتە هەندێ کتێبی ئینگلیزی هەن دەتوانین بتان دەینێ). لیژنەکە سەیریان دەهات لەو هەموو توانا و پێداویستییانەی کە بۆمان دابین کراون، دەیانگوت ئێمەی کارمەندانی خاچی سوور تەنیا تەلەفزیۆنمان هەیە، کەچی ئێوە ڤیدیۆ و تەلەفیزیۆنیشتان هەیە، جارێکیان خاچی سوور پرسیی: ئایا موجاهیدین ڕا و بۆچوون و بیروباوەڕی خۆیان بە سەرتاندا ناسەپێنن؟

لە پرسیارەکەی نەگەیشتم تا بۆی شی کردمەوە و گوتی: ئایا ڕێوڕەسمی تایبەتی خۆتان دەکەن کە ئەوان نەیکەن؟ گوتم ئێمە هەموو شەوێک دوعا و نزای بەکۆمەڵ دەکەین و بە دەنگی بەرز و لە خۆمان دەدەین بۆ یادی وەفاتی خومەینی و بە دەنگی بەرز دەی لاوێنینەوە و دەگرین. پرسیی: موجاهیدین ڕێگەتان لێ ناگرن؟ پرسیارەکەم لا سەیر بوو، بەڵام دوایی هەستم بە خەتا کرد، چونکە وامدەزانی کە ئەوان خاچی سوور موجاهیدین ناناسن!! وا بزانم ئیستا کێشەکە لەو قووڵترە و موجاهیدین زۆر ستەم لێ کراون.

لە نیسانی ساڵی ١٩٩٢دا فڕۆکە جەنگییەکانی ڕژێم سەربازگەی ئەشرەفیان بۆردوومان کرد، وامان خەمڵاند کە موجاهیدین تۆڵەی ئەو بۆردوومانە لە ئێمە دەکەنەوە، بەڵام لەو کاتەدا کە ئێمە خەمی ئەوەمان بوو ئەوان بە خێرایی دەرگای ژوورەکانمانیان کردەوە و داوایان لێ کردین کە بە زوویی دەرچینە حەوشەکە و بچینە سەنگەرەوە تا سەلامەت بین، نەخێر ئەم جۆرە مامەڵەیە مامەڵەیەکی پلان بۆ دانراوی دروست کراو نەبوو، چونکە دەنگی تەقینەوەی بۆمبەکان بەردەوام بوون، لەوانە بوو ئەو خانووە بگرێتەوە کە ئێمەی تێدا بووین، ئەوەتا موجاهیدین وەک ڕەنگدانەوەیەکی کاری ئاسایی دەرگاکانیان بۆ واڵا کردین، ئیتر بوارێ نەما کە خۆم چەواشە بکەم، ئەوەتا من دژ بەو کەسە دەجەنگام کە ئێستا خەمی ژیانی منیەتی، لە باتی ئەوەی پەنا بەرێ بۆ سەنگەر، ئەوەتا ژیانی خۆی دەخاتە مەترسییەوە تا ژیانی من بپارێزێ و ڕێگای سەنگەرم نیشان دەدات!

لێرەدا مەحاڵ بوو کە بە تەنگ بانگەوازی وێژدانمەوە نەچم، ئەڵبەتە خەڵکانێک کە بەو جۆرە خۆیان بۆ من بەخت دەکەن، کە من یەکێکم لە دوژمنانیان، تەنانەت بەسەر خاکێکی غەریبەوە کە خاکی وڵاتی خۆیان نییە و لە وڵاتێکی دەرەوەدا بە نزمترین رادە و پێداویستی ژیان گوزەران دەکەن، ئەڵبەتە ئەوانە هیچ کات درێغی ناکەن لە پێناو خۆشی و کامەرانیی





هاونیشتیمانیانی ئێران، لێرەدا بڕیاری تەواوەتی خۆم دا، کە بچمە ڕیزیانەوە! بەڵام موجاهیدین داواکارییەکەمیان ڕەت کردەوە و تووشی نائومێدی بووم.. گوتیان: تۆ سەربەست و ئازاد نیت، کاتێک ئازادت دەکەین ئەوا دەتوانی بڕیاری خۆت بدەیت. ئەوەیان بەو پەڕی ڕێزەوە گوت. کاتێک پێم گوتن: من بە چاوی خۆم ڕاستیی ئێوەم دی، ئەم بڕیارەشم ناگۆڕێ. گوتیان: باشە بگەڕێرەوە بۆ ئێران و باسی ئەو ڕاستیانەی ئێرە بکە! بەڵام بە پەلە بڕیار مەدە، چونکە ڕێگامان سەخت و بەردەڵانە و چەندین کەس لە نیوەی ڕێگادا پاشگەز بوونەوە. بەم جۆرەش سوور بوون لەسەر ئەوەی قبووڵمان نەکەن تا ئەوکاتەی بڕیاری سەرکردایەتیی موجاهیدینی خەلقمان پێ ڕاگەێندرا کە سەربەستین، ئینجا بەرەو بەغدایان بردین و چاومان بە نوێنەری خاچی سوور کەوت. ئەویش پیرۆزبایی لێ کردین و ئومێدەوار بوو، کە پاش چەند رۆژێک بە خێزانەکەم شاد بمەوە، بەڵام کاتێک پێم گوت: نامەوێ بگەڕێمەوە بۆ ئێران، پێی سەیر بوو، ئەوەشی دووپات کردەوە، کە مافی خۆمە نەچمەوە ئێران و بۆم هەیە داوای پەنابەری بکەم و بگوازرێمەوە بۆ وڵاتێکی تر. ئەوەشی روون کردەوە کە دەتوانن پێداویستی خوێندنم لە وڵاتێکی تر بۆ دابین بکەن! گوتم: هەندێ شت هەن لە خوێندن گرنگترن و هانی ئەوەم دەدەن کە لە تەک موجاهیدینی خەلقدا بمێنمەوە. هەر بۆیە خۆی و خاچی سووری لەو بێبەری کرد و گوتی: خۆت بەرپرسی تەواوەتی ئەنجامەکانی ئەو بڕیارەتی. گوتم: دەزانم کام ڕێگای سەخت و بەردەڵانم هەڵبژاردووە، چونکە ئەوە ڕێگای شەڕەفە، لەوە دوا گەیشتە گوێم کە خاچی سوور سوپاسی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێرانی کردووە لە ئاست ئەو مامەڵە مرۆڤانەیەی ئێمە بە درێژایی ماوەی دیلێتیمان.

لە ماوەی ئەم ساڵانە، واتە ئەو چواردە ساڵەی رابردوو کە چوومە ڕێزەکانی موجاهیدینی خەلقەوە، پتر باوەڕم بەو ڕێگایەدا هێنا کە دەستم پێ کرد. ئەوەتا ڕێکخراوەکە سەرباری بۆردوومانی ئاسمانی و کاری تیرۆریستانەی ڕژیم و ئۆتۆمبێلی مینڕێژ، سەرەڕای ئەو هەموو زیانە گیانی و مادەبیانەی کە بە هۆی جەنگێکەوە بوو کە پەیوەندیی بە ڕێکخراوەکەوە نەبوو، ئەوەتا بایی تاڵە دەزوویەک لە کێشە و بیروباوەڕەکانی پاشگەز نەبۆوە. منیش لەو ماوەیەدا و لە ناو جەنگەی تەوژم و پیلان دژ بە بەرهەڵستکارانی ئێران و دەردە سەرییەکانیان، لە ڕابردووی خۆم بە هەموو ڕووداوەکانییەوە و لە هەموو قۆناغەکانیدا، هەستم بە شەرم و خەجاڵەتی نەکردووە، ئەمەش رەنگداوەی دادپەروەریی کێشەی موجاهیدینی خەلقە و نابێ چاوپۆشییان لێ بکەین و بیانخەینە پشت گوێ.

جا گەر ڕەشەبای ڕووداوەکان نەیتوانی موجاهیدینی خەلق و بەرهەڵستکارانی ئێران بهەژێنێ، ئەوا بێگومان تاوانی کوشتنی کوردەکان کە ڕژێمی ئێران دایە پاڵ موجاهیدینی خەلق، ئەمیش

ناتوانێ ناوبانگی موجاهیدین بشێوێنێ و لە شەرەف و راستگۆییان کەم بکاتەوە، مەبەست و ئامانجم تەنیا بەرگری کردن نییە لە موجاهیدینی خەلق، بەڵکوو ئەوەتا لە هەمان کاتدا هاونیشتیمانانی راپەریوی کورد دەکوژرێن و نارەزاییەکانیان دادەپڵۆسرێ و بە خوێن رەت دەکرێتەوە، بەڵکووو مەبەستم لە بەرگری کردن لە بەرهەڵستکاران ئەوەیە، کە ئەوان بەرگری لە شەرەفی گەلی ئێران و هاونیشتیمانیانی کورد دەکەن، کە بەرگری کردن تەنیا شۆڕشی سەرەکییانە.

واحید سەیف

ئابی٢٠٠٥






رەزا کەرەمعەلی — غوڵام ئەسەدوڵڵاهی — سەید کازم ئەمینی — داوود شەکیب شەرامین — مەهدی سادقیان مرزونی — عەلی ئەکبەر ساڵحی


غوڵامعەلی بەخشی — سەید حەسەن بەرەکاتی — یونس حسێنی — شەهریار غەفاری — کوشا ئیبراهیمی — مەحمود کەلاتە محەمەدی


سۆهراب حەمیدی — رەزا ئال ئیسحاق — ئەحمەدرەزا دوست محەمەدی — محەمەد کوهنشین — ناسر گوزلی — ئانامحەمەد مورادی فەرد


سەیدموراددەوڵەتیاری — حەسەن زولفەقاری — محەمەدحسین رەزایی — نەوشیروان مەلیك مزلقانی — کامل مەنسوری — سەید جەعفەر مەنوچەهری


ئەمیر شایان — بەشار شەبیبی — محەمەد شەرەفەدین — نادر ئەحمەدی — عەلیرەزا مەولایی — شەهریار ناسری

ژمارێك لە ئەندامانی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق
کە لە لایەن هێزەکانی سوپای سپاسدارانی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٩١ شەهید کران

٩

بەشی نۆیەم

# ڕەوتی دەسەڵاتی مەلاکان پاش مردنی خومەینی

پاش مردنی خومەینی لە ١٩٨٩/٦/٣دا، کە میراتێکی سلبیی لە گشت بوارەکانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیریی لە پاش بەجێما، ئەو مەلایانەی حوکمڕانێتییان گرتە دەست، لە بواری سیاسەتی گشتیدا هەمان ڕەوتی خومەینیان پەیڕەو کرد، کە ئەویش سیاسەتی دژ بە گەل و هێزەکانی نیشتیمانییە، بە تایبەتی بەرهەڵستکارانی ئێران و بڕبڕەی سەرەکیی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق. هەوڵدانی ڕژێم بۆ ناردنە دەرەوەی تیرۆر و توندڕەوی و شێوازی رووتاندنەوە و سازش کردن لە ئاست کێشە نیشتیمانییەکان و پێداویستەکانی لە گۆڕەپانی نیودەوڵەتیدا و مانۆر کردن و بە ساختە کردن و داپڵۆسینی درندانەی توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران، بڵاو کردنەوەی واهیمە و درۆ و دەلەسە و بوختان، پەرەپێدان و ژیانەوەی دژایەتی و کێشە و دەردەکانی جۆرەها لایەنی ژیان، لە سەر بواری هەر ئاستێکدا بێت.

بەرانبەر بەم لە ڕێگە لادان و سەرپێچی و کەڵەکە کردنی بەها سلبییەکان، دەتوانین بڵێین کە قۆناغی خۆسەپاندنی دەسەڵاتی خومەینی و زەوت کردنی بەها و خواستی گەلی ئێران و قۆناغی مەلاکانی پاش خۆی یەک قۆناغن. دەتوانرێ هەردوو قۆناغ بەوە وەسف بکەین، کە خراپترین داهاتووە بۆ خراپترین پێشین لەو حوکمڕانانەی کە خۆیان لە گەلەکانیان جیا دەکەنەوە، بە هۆی ڕێنماییە نەزۆک و هەڵسوکەوتی داپڵۆسین و شێواندن و دەستدرێژی بۆ سەر مرۆڤایەتییەوە خۆیان دەخەنە دۆڵێکی ترەوە، ئەم دوورە پەرێزی و جیا کردنەوە و دوورییە لە گەل، دەبێتە هۆی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی زۆردار.

خومەینی پێش ئەوەی بمرێ، مونتەزەریی لەوە دوورخستەوە کە لە پاش ئەو حوکمڕانێتی بگرێتە دەست،. هۆی ئەو دوور خستنەوەیەش ئەوە بوو، کە مونتەزەری دژ بەو جۆرە کوشتنە دڕندەیە بوو، کە دژ بە (٣٠) هەزار موجاهیدی خەباتگێڕی موجاهیدینی خەلق، کە لە زیندانەکانی ئێراندا بوون، کە لە ماوەی دوو مانگدا بە بێ ویژدانی و بێ بەزەییانە و دوور لە هەموو بەهایەکی مرۆڤایەتی و موسلمانێتی، لە سێدارە دران.

شایانی باسە، خامنەیی و ڕەفسەنجانی و عەسکەرئولادی و چەندین مەلای تر، لە سەرێنی شادا لایەنگری موجاهیدین بوون، لەوە دەکا باری هەلپەرستی و جیاوازی و بەرژەوەندی و یەکگرتنەوەی ئایدیۆلۆژیای داخراوی بیر و عەقل نزیکیان دەکاتەوە. هەر ئەمەش هۆی ئەوە بوو کە نەیانتوانی خۆیان لە پرۆژەی ویلایەتی فەقیهی داهێنراوی خومەینی قوتار بکەن، کە دژ بە خواست و ویستی نیشتیمانیی گەلی ئێرانە و نەیانتوانی لەبر و جێگری دیموکراتیی پەیڕەو بکەن، کە هەموو پڕوپووچ و دژایەتی و زۆرانبازییەکانی گۆرەپانی سیاسیی ئێران پووچەڵ دەکاتەوە و بنەماکانی پێشکەوتن دەچەسپێنی. ئەوەتا ئەو مەلایانەی جڵەوی حوکمڕانێتیان گرتە دەست، هەمان ڕەوتی پێشوویان پەیڕەو کرد، تەنات پێوەی بەندن، کە نوێنەرایەتیی نائارامیی ناوە و دەرەوەی ئێران دەکات، چونکە بۆچوونە سیاسییەکانیان بریتییە لە واهیمە یا خەیاڵی مێژوویی، کە لەگەڵ وێنەکانی خۆ بەزل ڕاگرتن و بۆڕەبۆڕ و ساختە و چەواشە کردن و زەوت کردن و ڕاووڕووت کردن، سەرباری توندڕەوی و هەڵگێڕانەوەی ڕووداو و ڕاستییەکان، کە ئەمانەش بنەمای پرۆژە و ڕەوتی گێرەشێوێنیانە و هەڵپەی بۆچوونێکی ئیمپریالییە، بەرەو ناردنە دەرەوەی ئاشووب و شێواندن و توندڕەوی و لادان و گۆڕین و وێران و خاپوور کردن و تیرۆر. ئەڵبەتە ئەم مەبەست و شێواز و کارە لە پێشانەیان بۆ ماوەیەکی دیاری کراو تووشی هەڵوەشاندن و نەمان و لەناوچوون دەبێتەوە، چونکە دەرئەنجامەکەی بەهایەکی ناوەکیی پاڵپشتی ستەم لێ کراوان دەهێنێتە کایەوە، دەشبێتە مایەی سوودمەندیی ئەوان بەرەو نەهێشتنی ئەو واقیعەی ڕۆژگاریان، کە پڕە لە گێرەشێوێنی و ڕێگای ئەوەیان لێ دەگرێ، کە پێداویستەکانیان وەدی بهێنن و خۆشی و گەشە کردنی کۆمەڵایەتی و کەرامەت و بارێکی ئارا و سەربەستی و ئازادی بەدی بهێنن، لە بری دوور خستنەوە و دەسەڵات فەرز کردن و زۆرەملێ و زۆرداری و کوشتن و بڕین و لە سێدارەدانی بە کۆمەڵ. ئەوەتا ژمارەی شەهیدانی بەرهەڵستکاران گەیشتە نزیکەی (١٢٠) هەزار هاونیشتیمانی، ئەمە جگە لە دەستدرێژی و شێوازی داپڵۆسین، کە دژ توێژەکانی گەلی ئێران بە تایبەتی موجاهیدین و لایەنگرانیان و کوردیش دەکرێت.

لە لایەن باری کۆمەڵایەتییەوە، ئەڵبەتە کەم و کوڕی و نەداری و دواکەوتن و بێکاری و بڵاو بوونەوەی بەدکاری و کاری ناپاک و داوێن پیسی و پیشخواردنەوە و دەمبەستن و





زەوت کردنی ئازادی و گرتنی بە ناهەق و لەسێدارەدان باوە. بە پێی نووسراوی سکرتاریەتی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران، لە ٩ی ئابی ٢٠٠٧، پاسداری تاوانبار (ڕەزا زراعی) فەرماندەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە پارێزگەی تاران ژمارەی ترسناکی ئەوتۆی ڕاگەیاند، کە لایەنەکانی داپڵۆسین دەخاتە ڕوو بە ناوی نەخشە و پلانی (بەرز کردنەوەی ڕادەی ئاسایشی کۆمەڵایەتی) یەوە. ڕەزا زراعی دەڵێ: پۆلیس چوار هەزار کەسی بە تاوانی داوێن پیسی و دەستدرێژییەوە گرتووە، هەروەها ٩٣ هەزار کەسیش ئاگادار کرانەوە، ڕاپێچ کردنی چوار هەزار و دوازدە کەس، کە لەوانە ٢٨٩١ ئافرەتیان تێدایە، بەرەو بنکەکانی پۆلیس (ئاژانسی دەنگوباسی فارس ٨ ئاب).

لەوەو پێشیش بە چەند ڕۆژێک پاسدار (حوسێن زولفەقاری) جێگری فەرماندەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ڕایگەیاند، کە لەتاران ٩٧٧ هەزار کەس لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە و لە سەرەتای جێبەجێ کردنی پلانی ئاسایشەوە ٤٢٠٩ کەس گیراون، کە هەندێکیان ڕەوانەی بنکەکانی هێزی ئاسایش کراون و ژمارەیەکی تریان بۆ دەسەڵاتی دادوەری. هەروەها ٤٣ هەزار و ٣٠٠ کەسیش لە قوربانیانی تلیاک و بابەتی هۆشبەر، لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە گیراون (ئاژانسی هەوالی ئینا — ئاب). بەرز بوونەوەی ڕێژەی گرتن و لە سێدارەدان بە سەر شەقامەکانەوە، بە مەبەستی باو بوونی کەش و هەوای تۆقاندن و ترساندن و چاوسوور کردنەوەیە، هەروەها ژمارەی تۆقێنەری ئەوتۆش لە شارەکانی ئەسفەهان و کرماشان و ناوچەی خۆراسان، بە گوێرەی بەیاننامەی سکرتاریەتیی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران دەخرێنە پێش چاو، کە لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧دا دەرچووە.

ڕۆژنامەی حکوومەتیی «قودس» لە ژمارەی ڕۆژی ١٥ی تشرینی یەکەمدا ئەوەی ڕاگەیاند، کە تاوانبار سەرکردەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ لە پارێزگەی ئەسفەهان، ژمارەی تری ڕاگەیاندووە سەبارەت بەو کەسانەی بە گوێرەی پلانی ئاسایشی کۆمەڵایەتییەوە لە ماوەی شەش مانگی یەکەمی ساڵدا لە پارێزگەکەدا گیراون، ئەڵبەتە ١٩٣ هەزار کەس لێکۆڵینەوەیان لەگەڵدا کراوە و ٧٨٠٠ کەسیش بە تاوانی داوێن پیسی و بەدئەخلاقییەوە گیراون.

لە لایەکیترەوە پاسدار (ئەمیر ئەحمەد گەراوەندی)ی تاوانبار فەرماندەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی پارێزگەی کرماشان ئەوەی ڕاگەیاند کە لە کۆتایی نیسانی ڕابردووەوە ٤٠ هەزار کەس بە تاوانی ئەوە گیراون، کە بە باشی سەرپۆشیان نەکردووە، سەرباری ئەوە گوتی: سی هەزار کەس ڕاپێچی بنکەکانی هێزی ئاسایش کراون و ٤٠٠ کەس ڕەوانەی دادگا کراون (ئاژانسی دەنگوباسی ئیسنا- ١٣ی تشرینی یەکەم). لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەی (قودس) لە ڕۆژی ١٤ی تشرینی یەکەمدا لە دەم تاوانبار فەرماندەی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆی پارێزگەی

خۆراسانەوە ڕایگەیاند، کە لە مانگەکانی سەرەتای ئەم ساڵەوە ٢١٨ ڕووداوی چەکدارانە لە نێوان هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و هاونیشتیماناندا ڕووی داوە، نزیکەی ١٠٠ کەس کوژراون. ئەمە لە هەمان کاتدا لاوازیی ڕژێم و دەستەوەستانی لە بەرەنگار بوونەوەی ناڕەزایی و مانگرتن و ڕاپەرینی جەماوەردا دەردەخا.

لە بەیاننامەکەدا ئەوەی ڕاگەیاند، کە بەرهەڵستکارانی ئێران جارێکی تریش سەرنجی دامەزراوە نێودەوڵەتییەکان رادەکێشی، لە ئاست ئەو شەپۆلە نوێیە بەردەوامەی داپڵۆسین و لە سێدارەدان، کە پێویستە کارڕایی بە پەلە رایی بکرێت، بەرەو راگرتنی ئەو کردارە دڕندانە تۆقێنەرانە.

لە لایەنی کۆمەڵایەتییەوە، خومەینی یاسای کاری رەت کردەوە، کە لەوەو پێش ئەم بابەتە باس کراوە، ئەوەی شایانی باسە یاسای رەت کردنەوەکە تا ئێستا بە کارە، ئەمەش بایەخ نەدانە بە ژیان و چارەنووسی چینی بەرفراوانی کرێکاران لە کۆمەڵدا. لەگەڵ ئەوەدا، گەلی ئێران داد و بێدادێتی لە دەست سەپاندنی ڕەوت و پرۆژەی خومەینی و دەست و دایەرەی و پەیڕەوکەرانی لە مەلا توندڕەوەکان، ئەڵبەتە تا ئێستا گەل ئارامیی سیاسیی بە خۆیەوە نەدیوە، کام کات هەوڵ و کۆشش نەدراوە بەرەو بنیاتنان و گەشەپێدان، یا باو بوونی ئازادی، یا پتەو کردنی رۆڵی رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و ئەهلی، تەنانەت ڕژێمی مەلاکان داهات و سامانێکی دارایی باش و خەیاڵییان دێتە دەست، کەچی بەشی زۆری لە سەر ناردنە دەرەوەی تیرۆر و توندڕەوی و کاری کوشتن و وێران کردن لە جیهاندا دەخرێتە گەڕ، چونکە ئەو رژێمە پارێزەری تیرۆرە و خاوەن بیری تاریک و پاشکەوتووی کۆنەپەرستی خەیاڵییە، کە لەگەڵ واقیعی مەدەنی و شارستانییەتی باوی ئیستادا ناگونجێ.

لە ئاست ئەو قەیران و ڕواڵەتە سلبییانەی لایەنەکانی سیاسەت و کۆمەڵایەتی، زۆر بە ڕوونی بێ دەسەڵاتیی ڕژێمی ئێران دەردەکەوێ لە ئاست گۆڕانکاری و ڕاست کردنەوەی ڕەوتی سیاسی، چونکە تێڕوانینی سیاسیی ڕژێم بێ گۆڕانە و پابەندی بنکەیەکی واهیمە و خەیاڵی ویلایەتی فەقیهە، کە چاو و بینین لە ئاست راستیدا کوێر دەکات، توانای جیا کردنەوەی هەق و ناهەقی نابێ، ئەڵبەتە ڕووناکی و تاریکی لێک جیا ناکاتەوە، هەر بۆیە بەردەوام دەبن لەو ڕەوتە چەوتەیاندا کە خومەینی خستییەوە، بە هەموو حاڵێک ئەو ڕەوتە دەبێتە هۆی ڕمان و کەوتن و لێک دابران و هەڵوەشاندنەوە، ئەگەرچیش زیاتر لە گۆمی داپڵۆسین و تیرۆر کردن و لە سێدارەدان نوقم بن، کە لە راستیدا کاتی کۆتاییان بە توانا و هێزی بەرهەڵستکارانی ئێران و بڕبڕەی بنەرەتیی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران و لایەنگیریی هەموو توێژەکانی گەلی ئیران نزیک دەکاتەوە.





ئەوەتا ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق تەعبیر لە خواستی شەرعییەتی گەلی ئێران دەکات، قوربانیی گەورەی داوە و بەردەوامە لە خەباتی بێ وچانیدا، هەر لە دامەزراندنییەوە لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٥ـەوە تا ئێستا، چونکە بە هەموو واتا و زانیاری و بەها هاوچەخەکانییەوە جێگری دیموکراتیانەی باری ئێستایە، بێگومان ئێمە لە بەرانبەر ئەم بوون و لێدوانی ئەو بوونە، خواستی گەلی ئێرانە کە ناڕەزایی دەردەبڕێ و بە هۆی سیاسەتی هەڵەی دەسەڵاتی ئێرانەوە تووشی دەردە سەرییەکی ڕاستەقینە بووە، ئەمەش بە ڕوونی لە خۆپیشاندانی قوتابیانی زانکۆی تاران و مانگرتنی ناڕەزایی دەربڕینی کرێکاران، بە هۆی کەڵەکە کردنی مووچەی چەند مانگێکیان لێ گلداونەتەوە. سەرەڕای ڕاپەرینی دەروێشەکان کە بە توندوتیژی داپڵۆسرا و بگرە و بەردەی ناهەقانە و لە سێدارە دانی بەردەوام، کە لە شەقامە گشتییەکاندا جێیەجێ دەکرێن و چەندین سەرپێچی و کار و شێواز و ڕێبازی دڕندانەی ناماقووڵ، کە ڕادەی خوێنرێژیی حوکمڕانانی ئەم رژێمە دەخاتە ڕوو. لەوانەیە ئەو خاڵانەش هەندێ قەناعەت گەڵاڵە بکەن، یاخود ببنە هۆی هەڵگەڕانەوەی هەندێ قەناعەت و باوەڕ و پێکهێنانی رایەکی گشتیی مت، کە بڕوانێتە حەتمییەتی گۆڕانی دەسەڵات و داهێنانی دەسەڵاتێکی تری دیموکرات، کە دەسەڵات بخاتەوە دەست میللەت و کێشە و قەیرانەکانی چارەسەر بکات.

ئەڵبەتە باشترین جێگری مەوزووعی بۆ ڕایی کردنی ئەو ئەرکە و بەرپا کردنی گۆڕانکاری سیاسی، بەرهەڵستکارانی ئێرانە بە نوێنەرایەتیی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران، کە پسپۆریی چل ساڵی ڕەبەقی لە ئارادایە لە دژایەتی کردنی رژێمی شا و مەلاکان و بە قوربانییە گەورەکانی ناسراوە، خاوەن ئایدیۆلۆژیا و ستراتیژێکی پتەویشە لە بواری گرتنی شوێن و دابین کردنی کەش و هەوا و ئاسۆی بوونێتی میکانیزمی جێگرێکی دیموکرات، لە پێناو گەڵاڵە کردنی روانگە و بۆچوونێکی گشتیی سیاسی لە لای هەموو بۆچوون و توێژ و چینە کۆمەڵایەتییەکان و یەکگرتنیان و ڕێککەوتنیان و ڕێچکە بەستنیان لە تەک بەرهەڵستکاراندا، کە ئەمەش مەرجێکی پێویستە بەرەو بردنەوە و سەرکەوتنی حەتمی بەسەر ستەمکارانی رژێمی کۆنە پەرستی لە ئێراندا، ئەمەش کوردی ئێران دەگرێتەوە، بە تایبەتی حیزبە تێکۆشەرەکانیان.

ئەوەتا بەرهەڵستکاریی ئێران بە هۆی تاقی کردنەوەکانی ساڵانی پێشوویەوە، درکی بەوە کردووە کە دەسەڵاتی مەلاکانی ئێران لە خومەینی و خامنەیی و بە سەرۆک کۆمارەکانییەوە، ڕەفسەنجانی و خاتەمی و ئەحمەدی نەژادەوە، دان بە هیچ هێزێکی سیاسیدا نانێن کە بە پێچەوانەی ڕەوت و بۆچوونی خۆیان بێ، تەنانەت شێوەی ئەو دەرگا واڵا کردنە درۆیەش بەسەر لایەنەکانی تردا، کە بریتییە لە خۆ خەرێک کردن و چەواشە کردن و ساختە پێ کردن و

هەوڵدانی گرتنە خۆی لایەنەکان، لەوەو دواش دوورە پەرێز کردن و داپڵۆسین و دژایەتی کردن و بە فێڵ و غەدر کوشتن، یا لە سێدارەدان یا شێوازی ئەشکەنجەدانی دەروونی و جەستەیی، کە گەیشتە (١٨٠) جۆری ئەشکەنجەدانی دڕندانە. ئەڵبەتە دوو جێگر لە بەردەم هەموو هێزە سیاسیی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە، یا سیاسەتی داپڵۆسین و توندڕەوی و دیکتاتۆرییەت و «ویلایەتی فەقیهی» بە هەموو کەم و کوڕی و خراپیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوەن یا جێگرێکی دیموکرات کە ئاسۆی داهاتوو لە گەلی ئێران دەکاتەوە و ڕژێمێکی سیاسیی دەسەڵاتدار، کە خواست و دەسەڵاتی گەل دابین بکات.

لەو ماوەیەی کە لە ماوەی سەرۆکایەتیی محەمەد خاتەمی ماوەتەوە، وەک خۆی ڕایگەیاند کە دەتوانرێ هەڵبژاردنی گشتیی دیموکراتیانە ڕایی بکرێت، هەر بۆیە بەڕێز مریەم ڕەجەوی سەرۆک کۆماری هەڵبژێردراوی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران، ئاماژەی بۆ ئەوە کرد و داوای ڕایی کردنی ڕاپرسیی گشتیی کرد لە ئێران. وەک بۆچوون و ڕەنگدانەوەیەک لە سەر ڕاگەیاندنەکانی محەمەد خاتەمی، کە دەرئەنجامێک بێت بۆ چاکسازیی سیاسەتی گشتیی ڕژێمی ئێران، گۆڕانکارییەکی بنەڕەتی لە ژێر چاودێرییەکی نێودەوڵەتیدا. ئەمەش شتێکی مەحاڵە بە لای ڕژێمێکی کۆنەپەرستی خوێنڕێژی وەک ڕژێمی مەلا حوکمڕانەکانی ئێران. ئەمەش مایەی ئەوەیە کە ئەنجوومەنی بەرهەڵستکاریی نیشتیمانیی ئێران، کە تەنیا بە ڕەفز کردنی میکانیزمەکانی هەڵبژاردنی مەلاکان نەوەستێ، بەڵکوو سوور بێ لە ئاست لایەنی ئیجابیی بابەتەکە، بەرەو وەدەست هێنانەوەی مافەکانی گەلی ئێران لە بواری بوونی شەرعیەتی دەسەڵاتەوە، لە ڕێگای پەنا بردن بۆ دەنگی گشتی (ڕاپرسیی گشتی) تەنانەت زاراوەکانی بەرنامەی ئەنجوومەن و حکوومەتە کاتییەکەی هەندەران، کە ڕۆژی ٢٧ی ئەیلوولی ١٩٨١ دامەزرا، دووپات بکاتەوە، بە مەبەستی گواستنەوەی دەسەڵات بۆ گەلی ئێران و دابین کردنی دەسەڵاتێکی نوێی نیشتیمانیی میللی لە ڕێگای خواست و ویستی سەربەستی هاونیشتیمانیانەوە. دەنگی تەواوی گەل بنەما و پێوەری شەرعییەتی ڕژێمی داهاتووی گەل دەبێ، نەک میکانیزمەکانی رووتاندنەوەی توانای هەڵبژاردن و زەوت کردنی سەربەستیی گەل یا پەیڕەو کردنەوەی ڕۆڵی یاساکانی هەڵبژاردنی پێشوو، بۆ زامن کردنی بەردەوام بوونی دەسەڵاتی هەمان حوکمڕانان و بە هەڵسوکەوتی نادیموکراتی و شێوازی بە زۆر پڕکردنەوە، کە بە پێی ئەو ڕەوتەش پێویستە لەسەر هەموو کاندیدان باوەڕی تەواوەتییان بە ((ویلایەتی فەقیهی)) هەبێ، تەنانەت دەبێ لایەن و دەزگاکانی ئاسایش پەسندیان بکەن و لایەنگیری و ڕەزامەندیی ئەنجوومەنی پاراستنی دەستوور (شورای نگهبان)یان لە پشت بێ، کە ئەندامەکانی لە لایەن ویلایەتی فەقیهەوە هەڵدەبژێردرێن، هەروەک دەبێ ئەنجوومەنی پاراستنی دەستووریش دوا بڕیاری ئەنجوومەنی شووڕای ئیسلامی ئەرێ بکات.





ئەم جۆرە میکانیزمە سووکایەتی پێ کردن و گاڵتەجاڕییە و بە هۆیەوە نوێنەرایەتیی شەرعی واتاکانی خۆی بزر دەکات و زۆر لەوەوە نزیک دەبێتەوە، کە کارەکە ببێتە دامەزراندن لەسەر حیسابی هەڵبژاردن و کاندید کردنی ئوسوولی و ڕاست و دروست.. هەر وەک ئەوەی لە دەستوورەکانی جیهاندا باوە، تەنانەت دەستووری ڕژێمە دیکتاتۆرییەکانی هاوچەشنی دیکتاتۆرییەتی دەسەڵاتی مەلاکانی تارانیش بەو جۆرە نین.

ئەوەتا بەدواداچوون و پەیڕەو کردنی دەسەڵاتی مەلاکان تەنیا تراویلکە و واهیمە و خەیاڵی لە دوایە، ئەڵبەتە کشانەوەی ڕژێمیش لە هەڵوێست و واتا و بیرە تاریکە بەساڵدا چووەکانی، کارێکی مەحاڵە، ئەمەش ئەوەمان بە سەردا فەرز دەکات، کە هێز و توانا و ڕیزەکانمان یەک خەین بە هەموو هێزە سیاسییەکانی ئێرانەوە و لە ژێر سێبەری چەتری بەرهەڵستکارانی ئێراندا، بە سەرکردایەتیی (ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران). ئەمەش هەموو هێز و شەپۆلە سیاسییەکانی ئێران دەگرێتەوە بە کوردی ئێرانیشەوە، بە سەرکردایەتیی حیزبەکانیان کە بە وردی ئاگاداری کردارە شەڕانییەکانی دەسەڵاتی مەلاکانن، کە شەهیدان عەبدولڕەحمان قاسملوو، سادق شەرەفکەندییانبە نامەردانە کوشت، تەنانەت دەسەڵاتی ڕژێمی مەلاکان بەردەوام هەوڵی داپڵۆسینی کوردانی ئێران دەدات، هەمیشە نکووڵی لە مافی ڕەوای کورد دەکات و هەوڵی دووبەرەکی خستنە نێوان خودی کوردانی ئێران و نێوان کوردانی عێراق دەدات، بە جۆرەها پیلان و دەسیسە و بیانووی جۆراوجۆر. لەگەڵ ئەوانەشدا بەردەوام خولیای ئەوەیە کە جیاوازی و دووبەرەکی بخاتە نێوان تەواوی هێزە نیشتیمانییەکانی ئێران و عێراقەوە، بەرانبەر بەوەش فەرمان بۆ کەڕەناکانی ڕاگەیاندنی دەردەکات، کە تاوان و درۆی ناڕەوا و هەڵبەستەی ناهەق دژ بە موجاهیدین لە ناو عێراق بڵاو بکەنەوە، ئەگەرچی ئەو تاوان و درۆیانە بڵق ئاسا بەرگەی ڕاستییەکان و ڕەوتی ڕووداوەکان ناگرن، ئەڵبەتە پاش پەرەسەندنی هێزی بەرهەڵستکارانی نیشتیمانی و موجاهیدینی خەلق و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران، بوێرانە لە مەهران و کرماشان گەشە دەکەن و ڕژێمی ئێران لەم ئاڵوگۆڕە جۆرییەی پاش جەنگی کەنداوی ١٩٩١ دەترسێ.. هەر بۆیە سەرکردەکانی ڕژێم پڕوپاگەندەیەکی بەرفراوانی درۆ بڵاو دەکەنەوە، کە گوایە موجاهیدین بەشدارییان لە داپڵۆسینی کوردی عێراقدا کردووە، کەواتە مەبەستی ڕژێم لەو هەڵمەتە، وەدی هێنانی چەند ئامانجێکی دیاری کراوە، وەک:

١. ئەو درۆ هەڵبەستراوانە، نشوستییە خەجاڵەتکەرەکەی ڕژێمی مەلاکان دادەپۆشی کە هێزەکانی کەڵەکە کرد و بەرەو خاکی عێراق ڕەوانەی کردن بە مەبەستی دەست تێوەردانی کاروباری عێراق و لە ئاداری ١٩٩١ هەوڵی لێدانی سەربازگەکانی بەرهەڵستکارانی ئێران لە پارێزگای دیالە.

ب. بڵاو کردنەوەی پڕوپاگەندە بۆ ئەو مەبەستە، کە گوایە ڕژێمی مەلاکان بەرگری لە کورد دەکات، کەچی لە سەرەتای وەدەست هێنانی دەسەڵاتی ئێرانەوە بەو پەڕی توندوتیژی و بێ بەزەیی و دڕندایەتییەوە کوردەکانی ئێران دادەپڵۆسێ، تەنانەت هەندێ ئەندامانی وەک جەنەراڵ (عەلی سەیاد شیرازی) و (بروجەردی) بە (جەللادی کوردستان) ناوبانگیان دەرکردووە.

پ. راپێچ کردنی کوردەکانی عێراق بەرەو رووبەڕوو بوونەوەی موجاهیدین و بەرهەڵستکارانی ئێران لە رووی تەرازوی هێزە هەرێمایەتییەکانەوە.

تاوانە ناڕەواکانی رژێمی مەلاکان لە دژی موجاهیدین، کە گوایە دژ بە کوردەکانی عێراق کار دەکات، لایەنەکانی دژ بە موجاهیدین و بەرهەڵستکارانی ئێران بڵاویان دەکردەوە، بەڵام ئەوەتا ئاژانسی دەنگوباسی ڕۆیتەرز لە واشنتنەوە راپۆتێکی لەو بارەیەوە بڵاو کردۆتەوە و دەڵێ: «بە شێوەیەکی تایبەت رۆیتەرز لە ١٤ی حوزەیرانی ١٩٩٩دا بەڵگەنامەیەکی پێگەیشت، کە لە لایەن لێپرسراوێکی پایەبەرزی یەکێ لە لایەنە سەرەکییەکانی کوردی عێراق ئیمزای کردووە، دەڵێ هیچ شایەت یا بەڵگەنامەیەک نییە ئەوە دووپات بکاتەوە، کە لە ساڵی ١٩٩١ موجاهیدین لە تەک حکوومەتی عێراقدا بەشداریی جەنگی دژ بە کوردی کرد بێ، رۆیتەرز سەبارەت بەو بەڵگەنامەیەی کە دراوە بە دادگای دادی هۆڵەندا و راپۆرتی سەرباری ڕۆیتەرز کە تێیدا دەڵێ: ئێمە دەتوانین ئەوە دووپات بکەینەوە کە موجاهیدین بەشداریی داپڵۆسینی ڕاپەڕینەکەی گەلی کوردیان نەکردووە، تەنانەت لەوەو دواش. (راپۆرتی رۆیتەرز لە ٢٢ی ئاداری ٢٠٠٢ لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا، بە پێنووسی جاناتان رایت).

لە کاتێکدا ئەو جۆرە درۆ و دەلەسە و پیلانە هەڵبەستراوانەی زۆردارانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئێران، بەرگەی راستی و رووداو و هەڵویستی چالاکییە سیاسییە ئاشکراکانی موجاهیدین ناگرێ، لە هەمان کاتدا چاو دەپۆشرێ لە ئاست دەستووری داهێنراوی ئەنجوومەنی نیشتیمانی بەرهەڵستکارانی ئێران، کە دان بە مافی کەمایەتییە نەتەوەییەکانی ئێراندا دەنێ، بە تایبەتی خود موختاری بۆ کوردی ئێران. سەرباری کەڕەناکانی پڕوپاگەندەی ئێران دژ بە موجاهیدین، ئەوەتا چەندین تاوانی تر دژ بە سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانی لە لایەن کەسێکەوە بە ناوی (جەمشید تەفریشی)یەوە، کە ماوەی ١٩ مانگ لە ریزکانی بەرهەڵستکاراندا بووە و دوایی چووە بۆ ئەوروپا و هەڵمەتێکی هێرشی دژ بە سوپای ئازادیخواز بەرپا کرد، کە خۆی یەکێکە لە بەکرێگیراوانی وەزارەتی ئیتیلاعاتی ڕژێمی مەلاکان (پاشکۆکانی بەیاننامەی رێکخراوی نیودەوڵەتی گەشەپێدانی فێرکردن، ٢٢ی ئابی ١٩٩٥ دا)، کە لە ساڵی ٢٠٠١دا لە یەکێ لە دادگاکانی ئەمریکا شایەتیی فەرمیی تۆمار کردووە. ئەو کابرایە لە شایەتییەکەیدا دەڵێ: ئەو ئەرکەم پێ سپێردراوە، کە سەرنجی رێکخراوە نێودەوڵەتی و حکوومەتەکانی دەرەوە





ڕاکێشم، کە رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران دژ بە ڕاپەرینی کوردی عێراق کار دەکات، بەڵام بەکرێگیراوی رژێمی ئێران لە وڵاتە یەکگرتووەکان، (ناسر خواجە نووری) بە دوای ئەو پیلانەدا دەچێ، کە هەر خۆشی دیدارێکی بۆ من و سازمانەکانی تر لە "رادیۆ ئێران" لە (لۆس ئەنجلێس) ساز کرد، تا باسی ئەم چیرۆکە هەڵبەستراوەی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق بکەم، کە لە تەک هێزەکانی عێراقدا بەشداری داپڵۆسینی گەلی کوردی کردووە. ئینجا ناسر خواجە ڕاپۆرتێکی بەدەم منەوە ئامادە کرد و ناردی بۆ ئیتیلاعاتی ئەمریکا و لایەنانی دیکەی حکوومەتی و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان (جەمشید تەفریشی، شایەتییەکی فەرمی لە بەردەم دادگای ئەمریکادا – ساڵی ٢٠٠١). لە راستیدا لە ماوەی جەنگی کەنداودا سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران تەواوی سەربازگاکانی لە ناوچە کوردییەکانی عێراقدا چۆڵ کرد (هەرێمی فیدراڵی کوردستانی عێراق)، ئەوەیش تا دوورە پەرێز بێ لە هەر بەرەنگار بوونەوەیەکی بێ نیازدا. تەنانەت لە سەرەتای ئاداری ساڵی ١٩٩١دا موجاهیدین لە رێگای حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە (رێبەڕایەتیی شۆڕشگێڕ) چەند نامەیەکی ئاڕاستەی حیزبە کوردییەکانی عێراق کرد و نیازی رژێمی ئیستای ئێرانی دژ بە بەرهەڵستکارانی ئێران خستە روو، ئەوەشیان روون کردەوە کە ئامانجی موجاهیدین و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانی ڕوخاندنی ڕژێمی خومەینییە، هەر بۆیە ئێستا بەسەر سنووری نێوان عێراق و ئێرانەوەن، کە تەنیا رێگای پەڕینەوەی بەرهەڵستکارانی ئێرانە بەرەو وڵاتی خۆیان و تەنانەت هەموو سەربازگەکانی خۆیان چۆڵ کردووە بە تایبەتی ئەوانەی لە ناوچە کوردییەکاندا بوون.

بە هەر حاڵ، ئاڵوگۆڕەکانی پاش دوا جەنگ و رووخاندنی حکوومەتی پێشووی عێراق بە تەواوەتی ناڕەوایی تاوان و درۆ هەڵبەستراوەکانی دژی موجاهیدینی پووچەڵ کردەوە، کە گوایە دەستیان هەیە لە دوژمنایەتی کردنی کوردی عێراقدا. ئەوەتا حیزبە کوردییەکان و گەلی کورد بە تەواوەتی دەزانن کە هیچ پێکدادنێک لەگەڵ موجاهیدیندا بەرپا نەبووە و پێکەوە ئاشتیخوازانە گوزەرانیان کردووە، بە هەمان شێوەش لەگەڵ شیعەکانی خوارووی عێراق رەفتاریان کردووە، تەنانەت موجاهیدین ناوبانگێکی باشیان هەیە لە نێوان شیعەکانی عێراقدا کە نەفرەت لە دەست تێوەردانی مەلاکانی ئێران دەکەن لە کاروباری ناوخۆیی وڵاتەکەیان.

بە هەر حاڵ، پووچەڵ کردنەوەی پڕوپاگەندەی کەڕەناکانی رژێمی ئێران کارێکی سەخت نییە. ئەو دۆسێیە سەیرەی تایبەت بە جەنگی بەرفراوانی دەروونی دژ بە موجاهیدین کە زیاتر لە (١٠) ساڵی خایاند، لەو ماوەیەشدا تاوانی داپڵۆسینی کورد و شیعەی عێراقیان خرایە پاڵ. ئەو دۆسێیەیە بە زەبری پشتگیری کردنی ڕۆڵەکانی گەلی عێراق و هێزە سیاسییەکانی، پاش رماندنی حکوومەتی پێشووری عێراق پووچەڵ بۆوە، کە ئەمەش شتێکی ئاشکرایە و پێویست

بە روون کردنەوە ناکات، تەنانەت پەیوەندی نێوان گەلی عێراق و بەرهەڵستکارانی ئێران ئەوە دەخاتە روو.

بێگومان دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکەی رژێمی ئێران دانەری تیرۆری نێودەوڵەتییە لە هەموو ئاست و بە هەموو شێوازەکانی داپڵۆسینی ڕەهای ناوخۆیی و پرۆسەکانی ناردنە دەرەوەی تێرۆر و وێران کردن و توندڕەوی و دەست تێوەردانی کاروباری ناوخۆیی زۆربەی دەوڵەتانی هەرێم. لە پێناوی ئەوەشدا رژێم بە شێوەیەکی فەرمیی و بە زەبری یاسا بڕیاری تیرۆر دەپارێزێ. ئەویش لە رێگای دروست کردنی رێکخراوێکی تەواو سەرانسەری تایبەت بە داپڵۆسین و وێران کردن و کوشتن و چالاکیی ئیتیلاعاتی. هەر بۆیە هەموو پێداویستییەکانی ئیداری و دارایی و سەربازیی و ئیتیلاعاتی و ئامێری تایبەتی کاری نهێنی و بەر سێبەر، کە پەیوەندیی هەبێت بە سەری رژێمی ئێرانەوە واتە (نووسینگەی تایبەتی خامەنەیی)، بە هاریکاری و کاریەکخستن لە تەک وەزارەتی جەنگ و ناوخۆ و ئیتیلاعات و دەزگا و دامەزراوە داپڵۆسێنەرەکانی تری، وەک سوپای قودس و بەشی پەیوەندییە نیودەوڵەتییەکانی نووسینگەی خامەنەیی و رێکخراوی رۆشنبیری و پەیوەندییە ئیسلامییەکان و لقی بانکەکانی ئێران و دەرەوەی ئێران و باڵێوز و کونسوڵخانە و فەرمانگە گرنگە هاوپەیوەندییەکان، سەرباریش هەموو توانا مادیی و دارایی و مەعنەوییەکانی ڕژێم کە لە پێناوی تیرۆری دەوڵەت و ناردنە دەرەوەی تیرۆر بەرەو دەوڵەتانی هەرێم و کوشتن و لەناو بردن و فڕاندن و تەقاندنەوە و وێران کردن و راگرتنی بەکرێ گیراوان و راهێنان و مەشق پێ کردنی تیرۆریستە ئێرانییەکانی هێزی پاسدار و تەنانەت غەیرە ئێرانیش، لە بەکرێگیراوان و ئامادە کردنیان بۆ کاری تیرۆریستانە لە سەربازگاکانی ئیمام عەلی و باهونەر و ئیمام سادق و نەهاوەند و کۆلیژی «بەیتول موقەدەس» لە شاری قوم و کۆڕی لێک نـزیک کردنەوەی مەزهەبەکان و کۆڕی نیودەوڵەتی ئەهلی بەیت و بنکەی خاتەم و قائیم. جگە لە بنکەکانی مەشق پێ کردنی سەر بە وەزارەتی ئیتیلاعاتی ئێران، وەک بنکەی مەشق پێ کردنی لویزان و پەیمانگەی (ئابیک) و بنکەی دەروێش و سەربازگەی عەلی ئاباد و سەربازگەی مستەفا خومەینی و کەربت و کەمپ غازانجی و فاتیح غەنی حوسەینی و غەیوور و ئەبوزەر و حیزبوڵڵا و ئەمیرەلموئمنین و کەوسەر و سەبازگەی تری نەناسراو و نهێنی و شوێنی شاراوە و نهێنیی تر، کە ئامراز و شێوازی ئامادە کردن و مەشق پێ کردن و راهێنانی تیرۆریستان و ناردنیان بەرەو جۆرەها دەوڵەتانی جیهان، بەو مەبەستەی ئەرک و ئامانجەکانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی رژێمی ئێران جێبەجی بکەن لە کاری دەست تێوەردان و وێران کردن و شێواندنی ئاسایش و ئاژاوە و بەگژ یەکدا بردن و زۆرانبازی و هاوکات کاری کوشتن و لەناو بردن. واتە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ڕژێمی ئێران دەسەڵاتی دەوڵەت و پێداویست و میکانیزم و شێواز و زەمینەی بە دەستەوەیە، هەموو ئەمەش بە مەبەستی دەست بەسەردا گرتن و هەوڵدان بەرەو لەخۆ گرتنی





گەلانی جیهانی ئیسلام و خستنە ژێر ڕکێڤی خۆیان و واهیمەی دەسەڵاتی (ویلایەتی فەقیهی) دا و پێکهێنانی خەیاڵی ئیمپراتۆرییەتی دەوڵەتێکی ئایینی رادیکال تیۆکرات.

ئەڵبەتە ئەو ڕەوتە وێرانکارەی سیاسەت و عەقڵی مەلا حوکمڕانەکانی ئێران، لە پاشماوەی بیروباوەڕی چەرخەکانی ناوەڕاستەوە ماوەتەوە نەک لە بیروباوەڕ و هزرێکی راستی هاوچەرخی گۆڕانکاری و پێشکەوتنی زانستی و رۆشنبیرییەوە. هەر بۆیە دەستبەرداری لەناو بردن و داپڵۆسینی ڕەهای جەماوەری گەلی ئێران نابێ و بەردەوامە لە ناردنە دەرەوەی تیرۆر و توندڕەوی و وێرانکاری، کە پتر دەبێتە هۆی خوێنڕشتن و تاوانبار کردنی خودی رژێمی ئێران. لە ئەنجامدا بە سەرخۆیدا دەشکێتەوە و بەرەنگاری دوورە پەرێزی و کشانەوە و حەتمییەتی رمان دەبێ لە بەردەم جێگرێکی دیموکرات، کە ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران و رێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە پێناویدا تێدەکۆشن. بۆیە دەسەڵاتی رژێمی ئێران زیاتر لە گۆماوی توندڕەوی و تیرۆردا نوقم دەبێ و عیبرەت وەرناگرێ، سیاسەتی خۆی بەرەو جێیەجێ کردنی بەرژەوەندییە ڕاستەقینەکانی گەلی ئێران راست ناکاتەوە. لەم مەیانەدا ئێمەش ڕووبەڕووی چەندین پرسیار دەبینەوە، ئاخۆ ئامانجی ئەو رەوتە دژ بە بەهای مرۆڤایەتیی و ئیسلام چییە کە ڕژێمی ئێران پەیڕەوی دەکات؟ ئایا بۆچی پاش مردنی خومەینی گۆڕانکارییەکی راستەقینە لە سیاسەت و کاروباری کۆمەڵگای ئێراندا بەرپا نەکرا؟ لەبەر چی بەردەوامن لە ئاست ئەو ڕەوتە توندڕەوە پێچەوانەیەی بڵاوکردنەوەی تیرۆر لە ئێران و دەروەی ئێران و تەواوی دەوڵەتانی دراوسێ؟

پیاوانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی تاران ناتوانن راستەوخۆ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، بەڵام بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە ڕامانی عەقڵی ژەهراویی داخراوی ئاسۆ تەنگیاندا بەدی دەکرێن، دەسەڵاتی ڕژێمی ئێران بە میکانیزمی داپڵۆسین و چەوساندنەوە و ناردنە دەرەوەی توندڕەوی، دژواریی خۆی دروست دەکات و لە ئەنجامدا خۆی لەناو دەبات، چونکە ئەو رێکخراوە فیکرییە تەپیوەی خومەینی و مەلاکانی پاش خۆی دایان هێناوە، حەتمەن بەندە بە تەنگ و چەڵەمەی بەردەوامەوە. ڕژێمی ئێران بە بێ تەنگ و چەڵەمە دەڕووخێ، هەر بۆیە دەبینین بەردەوام بەشداری دەکەن لە داهێنانی کێشە و تەنگ و چەڵەمەی ئەوتۆ، ئەمەش هەر لە سەرەتاوە لە تۆماری رژێمی ئێراندا ئاشکرایە. داپڵۆسینی ڕەهای هەموو هێزە نیشتیمانی و حیزبە سیاسییەکانی خوڵقاند، بە تایبەتی ئەوانەی کە نەیتوانی بە سیاسەتی تۆقاندن یا نزیک کردنەوە، کاریان تێ بکات و بە لای خۆیدا رایانکێشێ، وەک رێکخراوی موجاهیدینی خەلق و کورد، ئەوەتا فەتوای ناشەرعیانە و ناموسڵمانانەی لە دژیان دەرکرد، کە گوایە غەیرە دین و کافرن و دەشێ بکوژرێن. هەروەها هەوڵی بڵاو کردنەوە و تەشەنە کردنی تیرۆری دەدات. هەر

لەو کاتەوە کە دیپلۆماتە ئەمریکییەکانی لە باڵیۆزخانەی ئەمریکادا بەگیر هێنا، جگە لە جەنگی عێراق و ئێران و دەست بەسەردا گرتنی بیانییەکان لە لوبنان و تەقاندنەوەی فڕۆکە و ناردنی تەقەمەنی بەرەو سعوودییە بە مەبەستی کوشتنی حاجییەکان و پڕۆسەکانی چاندنی بۆمب لە شەقامەکانی پاریس، کە ژمارەیەکی زۆری هاونیشتیمانیانی فەرەنسای کوشت و بریندار کرد.

ئەوەتا بەو پەڕی بێ ئابڕوویی و سووکییەوە سەدان پڕۆسەی تیرۆریستانەی لە جۆرەها دەوڵەتانی جیهاندا جێبەجێ کرد، یاسا نێودەوڵەتی و داب و نەرێت و مەبادئی دیپلۆماسی و ڕەوشی ڕاستی پێشێل کرد، وەک دروست کردن و ناردنی تۆپی گەورەی زەبەلاح (٣٢٠) ملم بۆ ئەوروپا و بەغدا وەک هێرش کردنێک بۆ سەر بارەگای مەسعوود ڕەجەوی و خاتوو مریەم ڕەجەوی سەرۆکی کۆمار لە هەندەران..

ڕژێمی ئێران لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٠ _ ١٩٨٩دا زیاتر لە (٨٣) کردەی تیرۆریستانەی کردووە، لەوانەش هێرش کردنە سەر ئۆتۆمبێلی پۆستەی موجاهیدینی خەلق کە شەش موجاهید شەهید بوون، هەروەها بۆردوومان کردنی ئاسمانیی بنکەی موجاهیدین و بەکارهێنانی بۆمبی هێشوویی و سووتێنەر، کە بە پێی بڕیاری نێودەوڵەتی بەکارهێنانیان قەدەغەیە، هەروەها هێرش کردنە سەر ١٣ بنکەی موجاهیدین لە پاکستان و چەندین کار و کردەی تیرۆریستانە و کوشتن و لەناو بردنی تر و ڕایی کردنی (٥) کاری تێرۆریستانە لە چەند وڵاتێک، جگە لە داپڵۆسین و کوشتن و ئەشکەنجەدانی جەستەیی و دەروونی جەماوەری گەلی ئێران کە دژ بە خومەینین، بە تایبەتی موجاهیدین..

فەتوا و فەرمانە ڕاستەوخۆکانی خومەینی و کردارەکانی کوشتن و گرتن ڕایی دەکرێن، هەروەک فەرمانی دا کە (٣٠) هەزار تێکۆشەری موجاهیدین لەوانەی کە لە ناو بەندیخانەکانی ئێراندا بوون بکوژرێن لە ساڵی ١٩٨٨، بە بێ ئەوەی دادگا تاوانباریان بکات، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەندامی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق بوون و بیروباوەڕی خۆیان نەگۆڕی..

ئەڵبەتە کۆ ژمارەی ئەوانەی لە سەرێنی خومەینی و مەلاکانی لەوە دوای کوژراون، دەگاتە نزیکەی (١٢٠) هەزار خەباتگێڕ و موجاهید، هەروەها لە سەرێنی سەرۆکایەتیی ڕەفسەنجانی، کردە تیرۆریستییەکان گەیشتە (٣٤٠) پڕۆسە و لە ناویاندا ئاراستە کردن مووشەکی (زەوی _ زەوی) جۆری (سکۆد B) بۆ سەر سەربازگەی ئەشرەف و سێ هێرشی ئاسمانیی فڕۆکەکانی ئێران بۆ سەر سەربازگەکانی موجاهیدین.

هەروەها تیرۆر کردنی دڕندانەی نوێنەری ئەنجوومەنی بەرهەڵستکارانی نیشتیمانی ئێران لە (فەرەنسا و سویسرا) لە جنێڤ دکتۆر (کازم ڕەجەوی). تیرۆر کردنی نوێنەری ئەنجوومەنی






شەهید پ.کازم ڕەجەوی

بەرهەڵستکارانی نیشتیمانیی ئێران لە ڕۆمای پایتەختی ئیتالیا و (محەمەد حەسەن ئەرباب) کە لە موجاهیدینی خەلق بوو لە پاکستان. کوشتنی موجاهیدینی خەلق (عیفەت حەداد) و (فریشتە ئیسفەندیاری) لە عێراق و خاتووی سەرکردە (زەهرا ڕەجەبی) و عەلی موڕادی (کە لە لایەنگرانی موجاهیدین بوو) لە تورکیا و ڕفاندن و ئەشکەنجەدان و کوشتنی موجاهیدی شەهید (ئەکبەر قوربانی) و شێواندنی تەرمەکەی لە تورکیا.

هەروەها جێبەجی کردنی پڕۆسەی تیرۆریستانە دژ بە بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی و خێزانەکەی خاتوو مریەم ڕەجەوی و پڕۆسەی تر لە ٢٧ وڵاتی ئەوروپا، لەوانەش کوشتنی بەرهەڵستکارانی ئێران لە دەرەوەی وڵات وەک تیرۆر کردنی شەهید (عەبدولڕەحمان قاسملوو) ئەمینداری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کە بە ناوی وتووێژی ئاشتییەوە بە نامەردانە لە ڤییەنا کوشتیان. جگە لە کوشتی دکتۆر (سادق شەڕەفکەندی) کە لە پاش شەهید د. قاسملوو، بوو بە ئەمینداری گشتیی حیزبی دیموکراتیی کوردستانی ئێران.

هەروەها (بەهمەن جەوادی) لە قوبرس و (عەلی کاشف پوور) لە تورکیا و (شاپوور بەختیار) لە پاریس و (فەرەیدوون فەروخزاد) لە هامبۆرگ و (ڕەزا مەزڵوومان) لە پاریس کوژران، بەڵام لە سەرێنی سەرۆکایەتیی محەمەد خاتەمی، لە کاری پلان دانان و جێبەجێ کردنی پڕۆسەی تاوان و تیرۆریستانە لە پێش ڕەفسنجانییەوە بوو. ئەگەرچی خۆی وا نیشان دەدا گوایە سیاسەتی هێمنانە دەخاتە کار و دروشمی چەسپاندنی بنەماکانی کۆمەڵگای مەدەنیی بەرز دەکاتەوە، کەچی لە سەرێنی ئەودا ژمارەی بۆردوومانی ئاسمانیی سەربازگەکانی موجاهیدینی خەلق زیادی کرد، کە لە هەموویان گرنگتر لە ساڵی ٢٠٠١دا هاویشتنی ٧٧ موشەکی (زەوی_ زەوی) بەسەر سەربازگەکانیاندا. جگە لە هێرش کردنە سەر ئۆتۆمبێل و ئامێری گواستنەوەی کەسان و تەقاندنەوەیان بە بۆمبی میقات کراو و شەهید بوونی ژمارەیەکی زۆری موجاهیدین و ئەو عێراقیيانەی کە لە جۆرەها پیشەدا لە شاری ئەشرەفدا کاریان دەکرد..

لە لێکۆڵینەوەیەکی تایبەتی گۆڤاری (جینـز)دا هاتووە، کە ڕژێمی ئێران مەشق بە تیرۆریستان دەکات و بەو پەڕی توانا و کارامەییەوە ئامادەیان دەکات بۆ کاری کوشتن و تیرۆریستانە.

لە وتارێکی تردا ڕۆژنامەی «توێژینەوەی هەواڵگرانە»ی مانگانەدا، کە لە مانگی ئاداری

ساڵی ١٩٩٧ دەرچووە دەڵێ (زیاتر لە ١٢ سەربازگەی تایبەتیی کاری تیرۆریستانە لە ئێراندا هەن و هێزەکانی پاسدار و فەیلەقی قودس بەڕێوەی دەبەن، کە ڕاستەوخۆ لە ژێر چاودێریی وەزارەتی ئیتیلاعاتی ئێراندا کار دەکەن و بەو پەڕی نهێنییەوە لەو سەربازگایانەدا کار دەکرێ، کە لە ڕاستیشدا قەرەباڵغترین بنکەی عەسکەرین و ژمارەی مەشق پێ کردنی تیرۆریستان لەو سەربازگانەدا ساڵانە دەگاتە (٤٠٠٠ _ ٤٥٠٠) تیرۆریست، کە لەوەو دوا دەنیردرێنەوە بۆ وڵاتانی خۆیان تا ئەرکەکانیان جێبەجێ بکەن، کە لە زیاتر لە ١٥ دەوڵەتدا کاری تیرۆریستانەی ڕژێمی ئێران رایی دەکەن، وەک پاکستان و ئەفغانستان و عێراق و سوودان و سۆماڵ و جەزائیر و کوێت و بەحرەین و لوبنان و فەلەستین و دەوڵەتانی ئەورووپا.

چالاکیی ئەو کۆمەڵە تیرۆریستانە لە زۆر وڵاتدا ئاشکرا نەبووە، ڕژێمی ئێران ساڵانە دەیان ملیار دۆلار سەرف دەکات کە دەگاتە ٢٠٪ی تەواوی داهاتی ساڵانەی بودجەی ڕژێمی ئێران، جگە لەوەی لە چالاکییە ناوەکییەکاندا سەرف دەکرێ، کە هەموو لەسەر حیسابی گەلی ئێرانە.

شیاوی گوتنە کە دەسەلاتی کۆنەپەرستی، پەرە بە دەست تێوەردان و توندڕۆیی و ناردنی تیرۆر بۆ وڵاتانی جیهان دەدات و بەردەوام دەبێت لە کوشتار و تیرۆر و تەقینەوە لە ناو خەڵک و تێکدانی پیرۆزەکانیان و ئەنجامدان و برەودانی تیرۆری حکومی لە ناوەوە و دەرەوەی سنوورەکانی ئێران.

ڕژێمی ئێران لەو ڕەوتەی پاشگەز نابێتەوە. خۆشی باش ئەو چارەنووسەی دەزانێ و هەست بە هێزی دژوارەکەی دەکات، کە بەرهەڵستکارانی ئێران و موجاهیدینی خەلقن، کە بێگومان تاکە هێزە کە بتوانێ کۆتایی بەو ڕژێمە بهێنێ. هەر بۆیە جۆرەها شێوازی داپڵۆسین و گورزی دڕندانە لە دژ خەباتگێڕانی موجاهید دەخاتە کار، تا پاڵ بە دەوڵەتانی ڕۆژئاواوە بنێ بڕیاری ستەمکارانە لە دژی موجاهیدین دەرکەن و تاوانی تیرۆریست بخەنە پاڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و هەوڵدانی بەستنەوە و کۆت کردنی ڕێکخراوی موجاهیدین، ئەگەرچی خەباتی چەکدارانە مافێکی ڕەوایە بە پێی بەڵگەنامە و یاساکانی نێودەوڵەتی. ئاستی باڵای بەرپرسێتیی یاسایی و ئەخلاقی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق سوور بوو لە ئاست لانەدان لەو بوارەدا. تەنانەت خومەینی ڕەوتی خەباتی چەکدارانەی سەپاند بەسەر ڕێکخراوەکەدا، بەڵام ئەنجامەکانی بە پێچەوانەوە بوون، ئەوەتا ئەو بڕیارانە پووچەڵ کرانەوە و بڕیاری نێودەوڵەتی لە دژی ڕژێمی ئێران و دامەزراوە داپڵۆسێنەرەکانی دەرچوو، کە ڕژێمێکە کاری تیرۆریستانە دەپارێزێ و هەوڵی ئاشکرا و نهێنی دەدا کە ببێتە خاوەن چەکی ناوەکی (ئەتۆمی).



١٠

بەشی دەیەم

# دووەمین جـــەنگی کەنداو- ساڵی ٢٠٠٣

سیاسەت و بۆچوون و گرەوە هەڵەکانی ڕژێمی عێراق، هۆی سەرەکیی بەرپا بوونی دووەمین جەنگی کەنداو بوون لە نێوان هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی و عێراقدا، کە لە ٢٠٠٣/٣/٩دا بە ڕماندنی ڕژێم کۆتایی پێهات، ئەوە بوو عێراق بە ڕاسپاردەی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی، سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، کەوتە ژێر ڕکێفی ئەمریکای داگیرکەرەوە. تەنانەت ژێرخانی عێراق زیانێکی زۆر گەورەی لێ کەوت، ئاژاوە و ئاشووب و نائارامی بە هۆی نەبوونی ئاسایش و کاری پێویست بۆ پاراستنی یاسا و ئاسایش و پاراستنی سامانی گشتی، ڕاووڕووت کردنی دراو و سامان و مۆزەخانەکان و بڵاو بوونەوەی دز و جەردە و ڕێگر و کوشتن لە هەموو لایەک پەرەی سەند. ئەو زیانەی بە هۆی ئەو جەنگەوە لە گەلی عێراق کەوت، بە هەمان شێوە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێرانیش، هەمان زیانیان پێگەیشت، سەرباری ئەوەی کار و چالاکییان لێ قەدەغە کرا.

لەتەک ئەو جۆرەها زیانەی بەرەنگاری پێکهاتەکانی گەلی عێراق بۆوە، بە شێوەیەکی خراپ بەسەر ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێراندا شکایەوە و لە تەک ئەو هەموو گوشار و جەخت و پڕوپاگەندەیەی کە ڕژێمی ئێران لە پێناویاندا کوششی کرد و خستییە پاڵ موجاهیدین، بە تایبەتی پڕوپاگەندەکانی پێش جەنگ، کە بە مەبەستی هاندانی ئەمریکا بوو لە دژی موجاهیدین و ڕاپێچ کردنیان بەرەو جەنگێکی دۆڕاو، کە بەسەر موجاهیدینەوە نرخێکی زۆر بکەوێ، بەڵام موجاهیدین زۆر بە باشی ئاگاداری تەواوتی پیلانەکانی ئێران بوو،

ئەوانیش توانییان ئەو هەلە لەدەست نەدەن و خۆیان لەو تەنگ و چەڵەمەیە رزگار بکەن و لە جاران بەهێزتر بوون.

ئەو کاری خۆ پارستنەی موجاهیدین رابیان کرد، لەوانەش کشانەوەی گشت ئەندامەکانی لە تەواوی سەربازگەکانەوە بەرەو سەربازگەی سەرەکی لە دیالە. بەم جۆرەش خۆیان لە هەر پێکدادانێک پاراست، کە راپێچی جەنگیان نەکەن، بە تایبەتی هێزەکانی ئەمریکا، چونکە باش دەیانزانی کە ئەو جەنگە جەنگی ئەوان نییە، ئەوانیش لە ئامانجیاندا نییە کە راپێچی دەست تێوەردانی کاروباری ناوخۆیی عێراق بکرێن. تەنانەت هەر لە هاتنیان بۆ ناو خاکی عێراقەوە مەرجی بێلایەنیی هەردوو لایان کرد. بەو کارڕاییانە هاوسەنگییەکی زیرەکانەی وردیان کرد و هەڵوێستی ئاشتیخوازانە و بێلایەنیان پەسند کرد و ئەو شوێنە جوگرافییەیان هەڵبژارد، کە بەسەر کەناری سنوورەوە بێ، بە درێژایی شاری جەلەولا. بەم جۆرەش هێزەکانی سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران کەوتە دەرەوەی بواری بە یەکدادانی بە نیاز و بێ نیاز، لە تەک بەرهەڵستکارانی عێراقدا. بەو جۆرەش ئەو هیوایەی ڕژێمی ئێرانی پووچەڵ کردەوە، کە دەیویست بە هەموو شێوازێک بێتە دی.

موجاهیدین لە ڕێگای کەناڵی دیپلۆماسی و ئامرازەکانی پەیوەندییەوە، گشت پایتەختەکانیان سەبارەت بە هەڵوێستی بێلایەنیان ئاگادار کردەوە، بە تایبەتی بەرانبەر بە ئەمریکا و شوێنی سەربازیی خۆیانیان بۆ خستنە روو، تا دوور بن لە چالاکی و بۆردوومانی سوپای ئەمریکا، بەڵام سەرەڕای ئەوە، ئەوە فڕۆکەکانی ئەمریکا بوون بۆردوومانی شوێنانی سەربازی و شاری ئەشرەفیان کرد. دەیان موجاهید شەهید و بریندار کران، سەرەڕای ئەو زیانەش هەر بێ دەنگ و دوورە پەرێز بوو. وەڵامی بۆردوومانە ئاسمانییەکەی نەدایەوە، بەڵام هەواڵی ئەوەیان پێگەپشت کە هەندێ چەکداری ناوخۆیی لە بەکرێ گیراوانی ئیتیلاعات ئێران هێرشیان کردۆتە سەر سەربازگەکانی جەلەولا و کۆمەڵێ پزیشک و کارمەندانی نەخۆشخانەی سەربازییان شەهید کردووە، کە ژمارەیان ٤٣ موجاهید بوون.

سافی ئەلیاسری، لە پەرتووکەکەیدا بە ناوی (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و عێراق)دا دەڵێ: سەرەڕای ئەو جۆرە هەواڵە نائومێدکارانە کە گوشارێکی دەروونیی توندیان هەیە بەڵام دان بە خۆدا گرتن و خواست و ویست و سوور بوونی موجاهیدین پاڵی پێوەنان کە هەنگاو بەسەر ئەو ناخۆشی و دەردە سەریانەدا هەڵنێن. باش دەزانن کە دەتوانن بەرەو ڕووی ئەو جۆرە کۆسپانە ببنەوە، ئەوەتا ١٧ساڵی رابردوو بەسەر خاکی عێراقەوە کە ڕۆژانە بەرەنگاری هەلومەرجی سەخت و هەڵویستی لە ڕوودامان دەبوونەوە، خۆڕاگر بوون، هەر بۆیە لە توانای کەسدا نییە لەوە زیاتر نەبێ کە بە دڵ لەگەڵیاندا بێت و بە ڕێزەوە لێیان بڕوانی..





هەڵوێستی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە جەنگی ساڵی ٢٠٠٣دا پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمی و مێژوویی تێر و چڕ و بەرفراوان هەیە، چونکە هێزی موجاهیدینی خەلق لایەنی بێ دەنگییان گرت و خۆڕاگر بوون لە ئاست ئەو هێرشانەی هێزەکانی ئەمریکادا. سەرەڕای ئەوەش کە سوپایەکی پێشکەوتووی ئامادە بوو، خاوەن ئەزموون و چەکی باش بوو، بەڵام وەڵامی گورز و هێرشەکانی سوپای ئەمریکای نەدایەوە، چونکە سەرکردایەتیی موجاهیدینی خەلقی ئێران نەیدەویست لە سنووری بێلایەنیی ئەو جەنگە دەرچن، لەبەر ئەوەی هەر کارێکی بەرانبەر و هەر وەڵامێکی سەربازیی لەو جۆرە بارودۆخەدا، باشترین دیاری دەبێت بۆ مەلا حوکمڕانەکانی ئێران و بواری باشیان دەخاتە بەردەم تا دوژمنە مێژووییەکەیان (واتە موجاهیدینی خەلق) تا لە شەرعییەتی بوونیان کەم بکەنەوە و بەرەو جەنگێکی بێ بەرژەوەندی راپێچیان بکەن، کە ئەمەش لەوانەیە ببێتە هۆی لەناو بردنی عەسکەریی ڕێکخراوەکە.

وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ڕاپۆرتێکی ساڵانەی ساڵی ٢٠٠٦ سەبارەت بە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران دەڵێ: بڕیاری سەرکردایەتیی ڕێکخراوەکە بەوەی کە خۆیان لەو جەنگەوە نەقورتێنن، بڕیارێکی زیرەکانە بوو، ئەوە بوو لە هەمان ڕۆژاندا ڕژێمی ئێران میلیشیاکانی لە ناوچەکانی بڵاو بوونەوەی هێزەکانی موجاهیدینی خەلقدا بڵاو کردەوە، تەنیا لەبەر ئیستیفزاز کردنی موجاهیدین و راپێچ کردنیان بەرەو وەڵام دانەوەی چەکدارانەی سەربازی. هەرچەندە ئەو میلیشیایانە لە رادەی بەرەنگار بوونەوەی سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێراندا نەبوون، بەڵام موجاهیدینی خەلق دەیان قوربانی لە شەهید و برینداری قبووڵ کرد، دانی بە خۆیدا گرت و تەقەی نەکرد. بەم جۆرەش بەڵگەیەکی نەدا بە دەستەوە تا رژێم نامەحرووم بێ لەوەی کە گوایە ڕێکخراوەکە بەربەرەکانی و رەفزی بوونی شەپوولە عێراقییەکان دەکات.

ئەم نموونە مێژووییە شایانی لێکۆڵینەوە و لێدوانی ئەکادیمییە، چونکە گەر ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق تاقی کردنەوەی سیاسیی نەبوایە و ئەو سەرکردە زانایەی نەبوایە، تەنانەت دان بەخۆدا گرتن و ئامادەبوون بۆ خۆبەخت کردن و قوربانیدان نەبوایە، گەر باوەڕی ئەندامەکانی شلۆق بوایە بە سەرکردایەتییە زاناکەیەوە و باوەڕێکی تەواویان بە داهاتووی سیاسیی خۆیان نەبێ، تەنانەت ئەو چارەسەرەی کە پێشکەش بە ئێرانی دەکەن، ئەوا چارەنووسی ئەو بزووتنەوەیە، هەروەها چارەنووسی تەواوی ناوچەکە لە بەرژەوەندی دیکتاتۆرییەتی حوکمڕانی مەزهەب پەرستی ئێران و دەستە و دایەرە بەکرێ گیراویان دەبێ. هەروەها کرێگرتەکانی مەلاکانی ئێران دەستیان بەسەر عێراق و تەواوی دەوڵەتانی ناوچەکەوەدا دەگرت. هەروەها شوێنەواری ستراتیژە هاوسەنگەکەی هەڵوێستی موجاهیدین لەو جەنگەدا بەرفراوان و سەرانسەری بوو، تەنیا لەم کتێبەدا تەواو باس ناکرێ، بەڵام لە پێناوی مێژوودا نووسەر بەو جۆرە کورتە ئاماژەی

بۆ دەکات. لە کاتێکدا کۆڵەکەکانی ڕژێمی عێراق و بنکەکانی دەڕووخان و بەرگەی لێدانی ئاسمانی و پێشکەوتنی هێزی سەربازیی هێزەکانی هاوپەیمانێتی نیودەوڵەتی بە سەرکردایەتیی ئەمریکا نەگرت، موجاهیدین لە دەرگایەکی جەنگی مان و نەمانیان دەدا، لاپەڕەیەکی ئەوتۆیان دەکردەوە کە بەندوباوی تایبەتی هەبێ. تەنانەت هەلومەرجیش دارشتنی دۆسییەکی نوێی بەسەردا فەرز کردن، کە بە شێوەیەکی جیاوازتر مامەڵە لەگەڵ واقیعی هەمیشە گۆڕاوی گۆڕەپانی عێراقدا بکەن، پێداویستیی خەباتی بێ وچانیان دژ بە ڕژێمی حوکمڕانی کۆنەپەرستی وڵاتەکەیان، پاش ڕماندنی تەواوەتی ڕژێمی عێراق و ناردنی بەکرێگیراو و ئیتیلاعات و پاسداران و ئەندامانی دەزگا و دامەزراوەکانی تری داپڵۆسین بۆ ناو جەرگەی عێراق و دابین کردنی پێگەیەکی بوونیان لە بەغدای پایتەخت و زۆربەی پارێزگەکانی تری عێراقدا. کاتێکیش ئەو دەست تێوەردانە ئاشکرا بوو کە ژمارەیەکی زۆر لە سنووری بێ خاوەنی کراوەوە بەرەو عێراق دەپەڕێنەوە، ئەوە بوو لە ١٥ی نیسانی ٢٠٠٣دا هێزەکانی ئەمریکا ڕێککەوتننامەی (ڕاگرتنی جەنگی ناوخۆیی بە مەبەستی لێک گەیشتن و کار یەکخستن)یان لەگەڵ موجاهیدیندا مۆر کرد. تەنانەت عەمید (وێنسنت برۆکس) گوتەبێژی دەستەی سەرکردایەتیی ئەمریکا لە شاری (دۆم) ـەوە ئەو ڕێککەوتننامەیەی ڕاگەیاند و ئاشکرای کرد و ئەوە دووپات کرایەوە، کە مەبەست لەو ڕێککەوتننامەیە دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ڕژێمی دیکتاتۆریی ئێرانە و تەنانەت موجاهیدین دژ بە هێزەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕاناوەستن، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بە بوون و سەربەخۆیی موجاهیدیندا دەنرێ..

ئەمەش پاڵپێوەنەرێکی مەعنەوی بوو بۆ موجاهیدین بە پێچەوانەی ئامانجەکانی دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ئێران. ئەمەش خاڵە سەرەکییەکانی ئەو ڕێککەوتنەیە:

١. موجاهیدین بە چەک و تەقەمەنیی خۆیانەوە دەمێننەوە و تەنانەت تەقە ناکەن.

٢. ئەوە ناگەیەنێ کە هێزەکانی سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانی خۆیان بە دەستەوە داوە.

٣. موجاهیدین مافی داکۆکی کردن و بەرگری کردن لە خۆیان هەیە لە ئاست هەر هێرشێکی ڕژێمی ئێراندا.

٤-هەردوو لا هاریکاری جێبەجێ کردنی بەندەکانی ئەم ڕێککەوتننامەیەن.

ئەگەرچی هێزەکانی ئەمریکا لە ٢٠٠٣/٥/١٠دا هێزەکانی موجاهیدینیان چەک کرد، بەڵام دەنگدانەوەی ئەو ڕێککەوتننامەیە پێوانەی تایبەتی خۆی هەبوو بەسەر ڕژێمی ئێرانەوە، کە موجاهیدینی بە تاکە هێز دادەنا بۆ ئەوەی لە داهاتوویەکی نزیکدا ڕژێمەکەیان سەرەونگوم بکات.





لەم بارەیەوە ئاژانسی دەنگوباسی (ئاسوشێتدپرێس) لە دەم ڕابەری باڵای ئێرانەوە گوتی: ڕێککەوتننامەی ئاشتیی نێوان ئەمریکا و کۆمەڵە چەکدارێکی ئێران (واتە موجاهیدین) کە دژ بە ڕژێمن ئەوە دەگەیەنێ کە تەنیا تیرۆرە خراپەکان خزمەتیان دەکەن، ئەوەتا تەواوی جیهان و خودی ئەمریکا موجاهیدینی خەلق بە تیرۆریست لە قەڵەم دەدەن، کەچی ئێستا ئەمریکا لایەنگیرییان دەکات، ئەو ئاشتییە ڕیبازێکی ئەمریکایە بۆ جەخت و گوشار کردنە سەر ئێران، واشنتۆن ئێران بەوە تاوانبار دەکات، گوایە پاش ڕماندنی ڕژێمی سەدام حوسێن دەست لە کاروباری ناوخۆیی عێراقەوە وەردەدات (٣٠ی نیسانی ٢٠٠٣). خاتەمی لە سەردانەکەیدا بۆ بەیرووت سەبارەت بە کۆمەڵە تیرۆرە ئێرانییەکە لە عێراقدا گوتی: دەبێ ئەوە بڵێین ئێمە ناڕەزایی خۆمان دژ بە ئەمریکا پاراست، بەڵام بە داخەوە پاش داگیر کردنی عێراق ڕێککەوتننامەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵەیەدا مۆر کرد. ئەگەرچی هیوامان وایە کە ئەمریکا لەو کێشەیەدا لە سەرەخۆتر بێت (ئاژانسی دەنگوباسی ئیرانا ١٥ی ئایاری ٢٠٠٣). لە لایەکی ترەوە وەزیری ئیتیلاعات ئێران گوتی: گەر ئەمریکا ئەندامانی موجاهیدینی دایەوە بە کۆماری ئیسلامی ئەوا لە بۆچوونێکی بەرپرسەوە ئەو هەنگاوە دەنێ، ئەگینا بە پێچەوانەی ئەوەوە، ئەوا دەبێ ڕەوانەی وڵاتێکی تریان کەن، ئەمریکا دەیەوێت ئەو (مونافقانە) وەک ئامێرێک دژ بە ڕژێم بخاتە کار، بەڵام کۆماری ئیسلامی هەرگیز بواری ئەوە نادات.

لەگەڵ گەشە کردنی دەسەڵاتی ئەمریکا لە عێراقدا، هاوچەشنی داگیر کردن دەسەڵاتێکی ئێران لە عێراقدا پەیدا بوو، خۆی لەو هێزە بەرهەڵستکارانەی عێراقدا نواند، کە سەر بە ڕژێمی ئێران بوون، جگە لە هێزەکانی پاسدار، جۆرەها میلیشیا و چەتە و ڕێگر و باندی کوشتن ، جۆرەها دەزگا و کۆمەڵەی داپڵۆسینی‌تر، کە بارێکی توندڕەوی و زۆرانبازی و کوشتنی کوێرانە لە سەر ناسنامەیان هێنایە ئاراوە. لە ڕێگای هەڵبژاردنێکی ناپاکەوە ئەو هێزانە دەسەڵاتی حوکمیان گرتە دەست و کەوتنە کار کردن بەرەو جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی تاران، لەوانەش هەوڵدانی تەنگ هەڵچنین بە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق و دوورخستنەوەیان لە عێراق، هەر لەو بڕیارەی عەبدولعەزیز ئەلحەکیمەوە، کاتێک بوو بە سەرۆکی خولی ئەنجوومەنی حوکم و داوای دادگایی کردنی کردن. داواکاری گشتیی دادگای جینائی، جەعفەر ئەلمووسەوی چەندین تاوانی ئاراستە کردن.

وا دیارە موجاهیدین ئەگەرچی تووشی جۆرەها سەختی و بەربەرەکانێی توندوتیژ دەبنەوە، بەڵام خۆیان لەگەڵ باری تازەدا دەگونجێنن و تاکتیکی قۆناغەیی خۆیان دادەنێن بەرەو گەیشتن بە ئامانجی ستراتیژی و ڕماندنی دەسەڵاتی کۆنە پەرستی ئێران. شایانی باسە ئەوەی ئەو ڕێکخراوە هەر لە دامەزراندنییەوە تا ئێستا تووشی بووە، هیچ ڕێکخراوێکی سیاسیی تر تووشی

نەبووە، خۆڕاگرە و بەربەرکانێی دەسەلاتی ڕژێمی ئێران دەکات بەو مەبەستەی کە بە تەواوەتی کۆتایی پێ بێنێ و جێگرێکی دیموکرات، کە لە خواست و ویستی گەلی ئێرانەوە هەلقولا بێ دابین بکات. بەم کارە مەبدەئییەش، پاراستنی ئاسایش و ئاشتیی ئێران و ناوچەی هەرێمایەتی و جیهان بپارێزێ. بە ئاشکرا کردنی بەرنامەی ئەتۆمیی ڕژێمی ئێران بۆ چەکی بەکۆمەڵ کوشتن و خاپوور کردنی تەواوەتی و ئامانجە گلاوەکانی لە بواری ناردنە دەرەوەی توندڕەوی و تیرۆر، کە هەلقولاوی پرۆژەی (ویلایەتی فەقیهی)ـە، کە مەبەستی پێکهێنانی بە زۆرملێی دەولەتێکی ئیسلامییە لەسەر بنەمای خەیاڵ و درۆی مەلاکانی تارانەوە. هەروەها موجاهیدین بە تایبەتی سەرۆک کۆماری هەلبژێردراوی بەرهەلستکارانی ئێران خاتوو مریەم رەجەوی، پێش چوار ساڵ بەر لە دەستدرێژییەکەی هێزەکانی پاسدار و لایەنەکانی تری سەر بە ئێران لە کاروباری عێراقدا، ئەو پلانەی ئاشکرا کرد و گوتی، کە لە بۆمبە ئۆتۆمییەکەی، کە بە نیازە دروستی بکات، مەترسیدارترە.

بەو کارەیان، موجاهیدینی خەلقی ئێران جیهانیان خستە بەردەم هەڕەشەی جیددی و مەترسیی ئەوەی کە ڕژێمی ئێران ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی، هەر بۆیە دەولەتانی ئەوروپا ئاگادار بوونەوە و کۆتایی بە قۆناغێکی سیاسەتی رازی کردن و مەرایی کردن هات. جا بۆیە دەبوایە ئێران سزا بدرایە، ئەگەرچی بژاردەی دیکەش هەن بۆ دەست تێوەردانی سەربازی یاخود بواردانی بزووتنەوەی بەرهەلستکارانی نیشتیمانیی ئێران و کۆلەکەکەی، واتە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانی.

ئەوەی سەرنج ڕاکێشە، هەندێ لایەنی سیاسی لە عێراقدا کە هاوپەیوەندیی ڕژێمی ئێرانن، تۆمەتی ناڕەوا دەخەنە پالیان و بە تیرۆریست ناویان دەهێنن، بەبێ ئەوەی هیچ بەلگەیەکیشیان بە دەستەوە بێت. لەوەش سەیرتر داوای ڕاگوێزانی موجاهیدین و چەندین کاری ناڕەوای ناپەسندی تر دەکەن. ئەوە لە یاد دەکەن کە موجاهیدین بە گوێرەی یاسای نێودەولەتی و مافی وەرگیراوی مانەوەی زیاتر لە بیست ساڵ، لە عێراقدا جێگرن، کە دامەزراوە و دەزگای ناسراوی نێودەولەتی، دان بەو ڕاستییەدا دەنێن، هەرگیز بە پشت بەستن بە پێگەیی یاسایی پاراستن و بوونی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران، ناتوانرێ دەستکاری بکرێن.



١١

بەشی یازدەم

## پۆلێـن کردنی قەوارە تیرۆریسـتیەکانی سـەر بە ڕژێمی ئێران

بڕیارەکانی ئەمریکا سەبارەت بە پۆلێن کردنی قەوارە و کەسانێکی سەر بە ڕژێمی ئێران، کە لە چالاکییەکانی گەشەپێدانی چەکی خاپوور کردنی سەرانسەری و لایەنگیری کردنی تیرۆر.

ڕۆژی ٢٠ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧دا حکوومەتی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، هێزەکانی پاسدارانی ئێرانی بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی ڕاگەیاند، سزای ئابووریی خستە سەر ئەو ڕێکخراوە سەرەکییەی سەر بە دیکتاتۆرییەتی ئایینی حوکمڕانی ئێران. بەم جۆرەش بەرەنگار بوونەوەی سیاسی و ئابووری ئەو قەوارە داپلۆسێنەرەی کە بڕبڕەی پشتی ڕژێمی ئێرانە، بووە یاسایەکی حکوومەتی کە پێویستە لەسەر هەزاران کۆمپانیای بازرگانی و دامەزراوە و دەزگا و فەرمانگە حکوومەتی و ئەهلییەکان جێبەجێی بکەن.

ئەم کارڕاییانەی پاش گەردەلوولە سیاسی و گۆڕانکارییە مەترسییەکانی ناوچەکە، کە دوژمنی سەرەکیی گەلانی ناوچەکە ئاشکرا دەکەن، تیشک دەخاتە سەر سەرچاوەی نائارامی و پرش و بلاوی و لێک ترازان لە ناوچەکە، بە تایبەتی لە عێراقدا. لە ڕاستیشدا دان بە پووچەڵ بوونەوەو سەرنەگرتنی سیاسەتی سازش لەگەڵ ڕژێمی فاشیزمی بە ناو ئایینییەوە دەنێت، کە دەردەسەری و کۆسپی گەورەی بەرانبەر بە گەلی عێراق دروست کردووە..

لە هەمان کاتدا ئەو ئالوگۆڕە بووە هۆی دروست بوونی چەند سەنگەر و

پەیدا بوونی چەند ریزێک لە هاوکێشەی سیاسەتی ناوچەکەدا، بە تایبەتی لە عێراقدا و کۆتایی بەو بارە دێنێ، کە بەکرێگیراوانی رژێمی ئێران، گەورەی هەڵویستەکە بوون و بێ دەنگیی نێودەوڵەتییان لە ئاست تاوانەکانیان لە عێراقدا دەقۆستەوە. هەر بۆیە پێویستە ئەو ئاڵوگۆڕە بە وەرچەرخاندنێکی سیاسی و ستراتیژی دابندرێ، کە کار دەکاتە سەر هەموو هاوکێشە سیاسییەکان.

زۆر گرنگە ئەو بڕیارە بە دەرئەنجامی خەباتی گەلی ئێران و بەرهەڵستکارانی و گەلی عێراق و هێزە خەباتگێڕەکانی دابنرێ، کە چۆکیان لە بەردەم ستراتیژی فراوان کردنی خاک و دەست بەسەردا گرتنی ناوچەکەدا، دانەدا و بەو جۆرەش بواری کۆمەڵگای نیودەوڵەتییان نەدا، کە چۆک بۆ ئەهریمەنی فاشیزمی ئایین دابدا، کە ئازار و هەست و نەست و سۆزی نەتەوایەتی بە هەل دەزانێ تا لایەنەکان بدۆشێ.

لێرەدا دەبێ ئامارە بکرێت بە لیستی ئەو کار و بەها مەزنەی پاڵی بە رژێمی ئێرانەوە نا، کە بەو ئاستە بگات و لەوانە:

ئاشکرایە ماوەی بیست ساڵە بەرهەڵستکاران نزیک سنووری ئێرانن و زنجیرەیەک کاریان نواند، کە پتر لە (٨٠) پرۆسەی ئاشکرا کردنی چەکی وێران کردنی بە کۆمەڵی رژێمی ئێران بۆ تەواوی گەلانی جیهان، سوور بوونی بەرهەڵستکارانی ئێران و سەرکردایەتییەکەی، بە تایبەتی خاتوو مریەم ڕەجەوی لە ئاست مەترسیی دەست تێوەردان و تاوانەکانی ڕژێمی ئێران لە عێراقدا، کە لە چەکی ئەتۆمی مەترسیدارترە، ئەگەرچی لە پێناوی ئەوەدا بەرهەڵستکاران باجی خۆیان دا و بەرەنگاری چەندین پیلان بوونەوە.

ئەمە جگە لەوەی کە لە ماوەی چوار ساڵی رابردوودا نزیکەی (٣٧٠٠) حاڵەتی دەست تێوەردان و تاوانی رژێمی ئێرانیان لە عێراقدا ئاشکرا کردووە. سەرباری ئەوە، ئەوەتا (٥٣) دامەزراوەی رژێمی ئێران کە لە ژێر سێبەری دامەزراوەی خێرخوازیدا کار دەکەن و تۆمار کردنی ناوی (٨٣٣) هاونیشتیمانیی عێراق لە ناو لیستی ئەوانەی کە رژێمی ئێران نیازی لەناو بردنیانی هەیە و (٦٩٢) ئەندامی تۆڕەکانی تیرۆری سەر بە فەیلەقی قودس و وەزارەتی ئیتیلاعاتی رژێمی ئێران و ناوی (٤٩٧) کەس لە نوێنەرانی «وەلی فەقیهی» لە ناو حکوومەتی عێراقدان و لیستەی (٥٢) کاربەدەستی باڵا، کە رژێمی ئێران لە ناو حکوومەتی عێراقدا دایمەزراندوون. ئەڵبەتە خۆڕاگریی گەلی عێراق و هیزە نیشتیمانییەکانی لەو پەڕی پلەیەکی بەرزدا بوو. ئەگەرچی چوار ملیۆن هاونیشتیمانی دەربەدەر کران، پتر لە ملیۆنێ کەس کوژران و جۆرەها جۆرە کار و کرداری خراپی نامرۆڤانەیان تووش بوو، بەڵام چۆکیان بۆ سیاسەتەکانی بەکرێ گیراوانی ئێران دانەدا.



بەشی یازدەهەم
پۆلێن کردنی قەوارە تیرۆریستیەکانی سەر بە رژێمی ئێران

گەر وا نەبوایە، ئەوا ئێستا چی دەبوو؟ هەر بۆیە شتێکی سەیر نییە گەر بڵێین فاشیزمی ئایینی، کە دەست بەسەر زۆربەی شوێنەکانی ناوچەکەدا دەگرێ، ماوەیەکی زۆرە دەسەڵاتی خۆی بەسەر گەلەکەماندا سەپاندووە.

## گۆڕانکاریی سیاسی و ستراتیژی و ئەنجامەکانی لە عێراقدا:

دان پێدانانی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا بە دەور و چالاکیی دامەزراوەکانی رژێمی مەلاکانی ئێران بەوەی، کە پسپوڕی داپڵۆسین و کوشتنن، ئەگەرچی تا ڕادەیەک دواکەوت، بەڵام بە وەرچەرخانێکی سیاسی و ستراتیژی دەژمێردرێ، لە دوور کەوتنەوەی وڵاتە یەککگرتووەکانی ئەمریکا لە رژێمی فاشیزمی ئێران، کە بە ناوی ئایینەوە حوکمڕانی دەکات، بە بەراورد کردنیشی لەگەڵ بڕیارەکانی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی، کە بەندەری «بێرڵ هاربەر»ی هێزەکانی ئەمریکا دەێنێتەوە یاد، کە بەرەنگاری هێرشی ئاسمانیی ژاپۆن بۆوە، ئەوەش بووە هۆی بەرپا بوونی دووەمین جەنگی جیهانی لە دەریای پاسیڤیکدا، لەئەنجامدا بووە هۆی گۆڕانی رەوتی ئەمریکا دژ بە فاشیزمی هیتلەری.

ئەو گۆڕانەی ئاسەواری بە سەر عێراقەوە بەرچاو دەکەوێت، بە هۆی ڕۆڵی هێزەکانی پاسدارانی ئێران و فەیلەقی قودس، کە بەرپرسن لە ئاست جێبەجێ کردنی ئەجیندای حوکمڕانانی ئێران لە عێراقدا، لە ماوەی ئەم ساڵانەی دواییدا دەستیان نەپاراست لە جۆرها تاوانی ناشترینی دژ بە گەلی عێراق. شیاوی باسە، ڕێکخراو و کۆمەڵە تیرۆریستەکان کە لە عێراقدا کار دەکەن، دوور لە ناو و جۆرەی بۆچوون و باوەڕیان، هەموویان ئەنجامی دۆسێیەی پیلانەکانی فەیلەقی قودسی سەر بە هێزەکانی پاسدارانی ئێرانە لە عێراقدا. چوونە ناو بەرزترین شوێن و ئاستی دامەزراوە حکوومەتییەکانی عێراقەوە و دەست گرتن بەسەر دەزگاکانی ئاسایش و سیاسی و دەسەڵاتی پەرلەمانی عێراقدا، هەروا بە ڕێکەوت نەبووە. بە ڕێکەوت نییە کە باڵیۆزی رژێمی ئێران لە عێراق بە ئیعترافی سەرکردەی هێزی فرەڕەگەز، ئەفسەرێکی ناسراوی فەیلەقی قودس بێ و کونسوڵخانەکانی ئێران لە شارەکانی عێراقدا، وەک لق و بارەگاکانی فەیلەقی قودس بن، هەر بۆیە هەر گۆڕانکارییەک لە عێراقدا و کۆتایی هێنان بە دەردەسەریی گەلەکەی، بەندە بە ڕیشەکێش کردنی هێزی فەیلەقی قودس و تۆڕەکانی لە عێراقدا.

ئاشکرایە بڕیارەکانی ئەم دواییەی ئەمریکا، کۆتاییەکی یەکلاییکەرەوەیە بۆ سەردەمی سازش و دڵڕاگرتن، کە لەوەو پێش دەوڵەتانی رۆژئاوا لە ئاست دەسەڵاتی ئێراندا پەیڕەویان دەکرد. ئەوەش گورزێکە بۆ سەر هەموو کار و دەستدرێژی کردنەکانی ئەو ڕژێمە، بێگومان واتای قۆناغێکی گۆڕانکاریی سیاسی دەگەیەنێ. هەروەها ئەو بەربەستە سیاسییانەی کە ڕێگایان لە وەدەست هێنانی سەرکەوتنی هێزە سیاسییەکانی عێراق دەگرت، نامێنن. ئەم

کارەش پێویستی بە پەلوپۆ کردنی رژێمی ئێران و بەکرێگیراوەکانی لە عێراقدا هەیە. لێرەدایە کە هێزە نیشتیمانییەکانی عێراق هەست بە ئاست و شوێنی خۆیان بکەن وەک بەدیلێکی نیشتیمانی لە بەرانبەر پاشبەندەکانی ئێران.

**ئاسۆی داهاتووی ئەو وەرچارخانە سیاسییە لە زاری رابەری بەرهەڵستکارانی ئێرانەوە:**

لە نامەیەکیدا بۆ گەلی ئێران، بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی رابەری بەرهەڵستکارانی ئێران سەبارەت بەو بابەتە دەڵێ: «ئەم گورزە کۆتایی حەتمیی قۆناغی سازش و دڵڕاگرتنە، کە تەمەنی رژێمی کۆنەپەرستی ئێرانی زۆر درێژ کردەوە. قۆناغی گۆڕینی سیاسەت (سیاسەتی گرتنەوە) بە هیوای گۆڕینی رەفتاری رژێم، کە ئەویش شکستی هێنا، ئێستا بوارێکی پێویست رەخساوە بۆ پەیڕەو کردنی سیاسەتی گۆڕینی رژێمە نامرۆڤانەکەی سەرێنی چەرخەکانی تاریکی و دواکەوتن، کە بێگومان بەرەو لابردنی کۆسپ و بەربەستەکانی بەر پێی موقاوەمەتی خەڵکی ئێران و رێگەچارەی سێیەم دەچێت. ئەو بەربەستانەی بە ئەنقەست داندرا بوون بۆ «دەستەبەر کردنی پاراستن»ی ئەم رژێمە و «دەربڕینی نیازپاکی» بۆی و رێگرتن لە رووخانی ئەم دیکتاتۆرییە ئایینییە. بەردەوام و هەمیشە گوتوومانە، گۆڕین و رووخاندنی فاشیزمی ئایینی، لە داهاتووشدا هەروەک رابردوو، لە گەلی ئێران و موقاوەمەتی ئێران بەدەر کاری کەس نییە، تەنانەت بەرپا بوونی جەنگ و هێرشی ئاسمانی بۆ سەر ناوەندەکانی پاسداران و شوێنە ئەتۆمییەکانی رژێم، هیچ لەو شتە ناگۆڕێت، واتە ڕماندنی رژێمی ئێران و گۆڕانکاریی دیموکراتیانە، بە هەر شێوەیەک بێ، گەلی ئێران و موقاوەمەتی ئێران دەیگرنە خۆ. لەم بارەیەوە ئەوە بەسە گەر کۆت و بەند و سنووردار کردنەکانی سەر موقاوەمەتی ئێران هەڵبگیرێن، کە لەسەر داوای مەلاکان فەرز کراون. لە هەمان کاتدا ئەوە دووپات دەکەینەوە، کە ئەمڕۆ کێشەکە هێشتا سیاسەتی گۆڕینی رژێمە و پێشخستنی نەک شتێکی دی. هەندێک ساویلکانە وا دادەنێن، کە مەترسی بۆ سەر کۆمەڵگای نیودەوڵەتی بەرپا کردنی (جەنگە) بەرانبەر بە رژێمی ئێران، بەڵام وەک دەرئەنجامی تاقی کردنەوەی سی ساڵی ڕەبەق، ئێمە وا دەڕوانیین کە مەترسیی سەرەکی و راستەقینە پێشوازی نەکردنە لەو (جەنگ)ـە.»

واتە نیگەرانیی سەرەکی کە لە ئاشت بوونەوە و سازش کردنی ئەو رژێمەوە دێت (جەنگ)ە، ئەڵبەتە رۆژێک لە رۆژان بەسەر کۆمەڵگای نێودەوڵەتیدا فەرزی دەکات، ئەو رژێمە جەنگخوازە، کە کەرەستە و ئامێر و هۆکانی جەنگێکی بێ سەروشوێن ئامادە دەکات، چونکە وا دەڕوانێ کە مانەوەی قەوارەی رژێمەکە بە بوونی جەنگ و فراوان کردنی خاک و تەنگ و چەڵەمە داهێنانەوە بەندە، لەوانەش بە چەکی ئەتۆمییەوە، ئەڵبەتە رژێمی فاشیزم کە بە ناوی ئایینەوە حوکم دەکات، گرەو لەسەر فاشیزمی هیتلەر دەکات، ئاشکراشە کە شێوازی ئاشت بوونەوە و





سازشی فاشیزمی هیتلەری بووە هۆی بەرپا بوونی دووەمین جەنگی جیهانی. ئۆمێد دەکرێت رێگا لە سێیەمین جەنگی جیهانی، کە سەرۆکی ئەمریکا ئاماژەی پێ دا، بگیرێت و دان بە مافی چەسپاوی گەلی ئێران و بەرهەڵستکارانی ئێراندا بنرێ.

رژێمی داڕزاوی مەلاکانی ئێران لە بەردەم دوو تای هەڵبژاردندایە:

یاخود پاشگەز بێتەوە و بادەی یەک بە دوای یەکی ژەهراوی بنۆشێ، لە ئەنجامدا پەرژینی پیش خواردنەوە و مت بوون بشکێنێ، کە کردارەکانی دیکتاتۆرییەتی تێکەڵاو بە دەست تێوەردانی تیرۆرانەی لە عێراقدا و کێشەی هاربوونی بەرەو بوونە خاوەنی چەکی ئەتۆمی لەسەر حیسابی دەردەسەری و کۆسپەکانی گەلی ئێران، کە لە ئەنجامدا دەبێ بەرەنگاری راپەڕینی جەماوەر بێتەوە...

یاخود بەردەوام بوونی لە رەوت و بۆچوونەکانی خۆی و گرژ بوونەوە بەسەر خودی خۆیدا و کاری سەربازیی پتر و گورج کردنەوەی گورز و پەل هاویشتنی بەرەو ئەنجامی نادیاری رژێم.

خاڵی بنەرەتی ئەم کێشەیە ئەوەیە، کە رژێمی ئێران بەپێی هەردوو بژاردەکەی پێشوو دەگاتە دووڕیانێکی داخراو، هاکا برمێ و تێک شکێ، ئەمەش شتێکی حەتمییە، ئەوەیە چارەنووسی خۆی و بەکرێگیراوانی لە عێراق.

دەتوانرێ هەوڵدانەکانی ئەم ساڵانەی دوایی لە رەوشت و کرداری هەڵەشەیەوەی تێبگەین، کە دەیەوێ خۆی لە بەرەنگار بوونەوەی رێگای داخراوی نێوان بوون و نەبوونیدا بپارێزێ، هەوڵی نمایش کردنی قۆڵ و مەچەکی ساختە و پووچەڵەی خۆی بکات، تا خۆی بە جۆرێک نیشان بدات کە گوایە هێزێکی بە توانای ناوچەکەیە و ئەوە داپۆشێ کە رژێمێکی داتەپیوی لە ناخەوە کلۆرە. هەر بۆیە پەنای بردووەتە بەر پاکتاو کردن و پرۆسەی ریشەکێش کردنی گەورە کاربەدەستانی خۆی.

سەبارەت بە عێراقیش، ئەوەتا گرەوی لە ئاست جێبەجێ کردنی تاوانی دڕندانەی کوشتن و رووداوی تەقینەوە دژ بە دانیشتووانی مەدەنی دەکات. وای دەزانی کە گوایە ئەمریکا ناتوانێ بەرەیەکی نوێ پاش عێراق بکاتەوە، بە تایبەتی پاش چەک کردنی موجاهیدینی خەلق. هەر بۆیە هەوڵی ئەوەی دا لە لایەن ئەمریکاوە هەندێک باجی دەست کەوێت، ئەوەش لە یاد دەکات کە بە زەبری بەرهەڵستکارانی ئێرانەوە بەرەنگاری ئەو رێگا داخراوە بوونەوە،. بە هەر حاڵ بەرهەڵستکارانی ئێران حیساباتی خۆیان لە تاران کۆتایی پێ دێنن.

لێرەدا هەندێ دەرئەنجامی سیاسی دەخەینە روو، کە شیکەرەوە و چاودێرانی ئامرازەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی جەختی دەکەنە سەر و شایانی ئاگادارییە:

–رژێمی ئێران هەوڵی ئەوە دەدات، لە بایەخ و ئاسەواری ئەو گورزە ستراتیژییە کوشندەیە کەم بکاتەوە و پەنا بۆ خۆ بە هەڵە بردن و چەواشە کردن و فێڵ و فێڵکاری ببات، کە بەسەر کەسدا تێپەڕ نابێ، چونکە ئەوەی لە واقیعدا رووی داوە گرنگە و دەچێتە خانەی بەرژەوەندیی گەلانی ناوچەکەوە، تەنانەت ئەنجامی خەبات و کۆشش و خۆڕاگریی ماوەی چارەکە سەدەیەکی رابردووە.

– دەست تێوەردانی هەڵبژاردنەکانی عێراق و کار کردنە سەر ئەنجامەکانی، گرنگترین ئەرکی فەیلەقی قودس بوو، کە سەر بە هێزەکانی سوپای پاسدارانی ئێرانە و بەسەر خاکی عێراقەوە کار دەکات، بە هۆی کاریگەریی ئەوەوە و بە هۆی قۆستنەوەی سیاسەتی سازشی رۆژئاواوە، توانی بەکرێگیراوانی بگەیەنێتە شوێنی باڵای حوکمڕانێتی لە عێراقدا. هەر بۆیە دەبێ سەر لەنوێ هەڵبژاردنی یاسایی ڕایی بکرێتەوە.

– هەوڵدان بەرەو پاک کردنەوەی دامەزراوەکانی عێراق لە هەموو ئەوانەی سەر بە فەیلەقی قودسن، ئەمەش مەرجی سەرەکیی مەشروعییەتی ئەو دامەزراوانەیە.

– فەیلەقی قودس و بەکرێگیراوانی لە عێراقدا هەوڵی ئەوە دەدەن، حکوومەتێکی نیشتیمانی بەرانبەر بە حکوومەتەکەی سەر بە خۆیان دانەمەزرێ، لە ژێر تیشکی رووناکی ئەوەشدا ئەوا دەبێ ڕا و بۆچوونی هێزەکانی عێراق یەک خرێن و بەرەنگاری کرێگرتەکانی فەیلەقی قودس ببنەوە. ئەمەش ئەرکێکی نیشتیمانییە.

– ڕژێمی ئێران و بەکرێگیراوانی لە عێراقدا پیلانی شەڕخوازانەیان کێشاوە و هەوڵی کوشتن و رماندنی هەر کەسێ دەدەن کە بەربەرەکانێیان دەکات و درۆ و دەلەسە و هەڵبەستراو و تاوانی دەخەنە پاڵ وەک تیرۆر. هەر بۆیە دەبێ ئەوانە موحاسەبە و ئاشکرا بکرێن کە سەر بە فەیلەقی قودسن.

– لەبەر ئەوەی ئەندامانی فەیلەقی قودسی سەر بە ئێران لە ژێر گومەزی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقدا کار دەکەن، ئەوا ئەو ئەنجوومەنە لەکەدار دەکات و ئامرازێکی پرسیاری گەورە دەخاتە بەر چاوی رۆڵەکانی عێراق و ناوەندە نیودەوڵەتییەکان، کەواتە پێویستە لەسەر پەرلەمانتارانی نیشتیمان پەروەر و شەرەفمەند کە ئەم جۆرە ئەندامانەی سەر بە فەیلەقی قودس ئاشکرا بکەن و لە ئەنجوومەن دەریان کەن.

هەروەها بەرژەوەندی نیشتیمانی وای پێویستە، کە دامەزراوە سەربازی و ئەمنییەکان لە تەواوی وڵاتدا پاک بکرێنەوە، ئەوەتا وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا رۆژی پێنج شەممەی رێکەوتی ٢٠٠٧/١٠/٢٥ بەڵگەنامەیەکی لە رێگای تۆڕی سایتی ئەلیکترۆنییەوە پەخش کرد، کە





تێیدا قەوارە و کەسانی سەر بە رژێمی ئێران ناونووس دەکات، دەستیشیان لە چالاکییەکانی پەرەپێدانی چەکی خاپوور کردنی تەواوەتیدا هەیە و یارمەتیی تیرۆریستان دەدەن، بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامەیە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا هێزەکانی پاسدارانی شۆڕشی ئێران و وەزارەتی بەرگری و دوو دامەزراوەی سەرەکیی تری ئێران، کە تایبەتن بە چالاکیی پیشەسازیی تەکنۆلۆجیای چەکی وێران کردنی تەواوەتی، جگە لەوەش ئەوەتا وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا و لەبەر هەمان هۆ، (٩) دامەزراوەی تری هێزەکانی پاسداری شۆڕشی ئێران و (٥) لە سەرکردەکانی پاسدار و سێ بەڕێوەبەری رێکخراوی پیشەسازیی ئاسمانیی سەر بە هێزەکانی پاسدار، سەرەڕای دوو بانک، کە سەر بە دەوڵەتن، ئەوانیش بانکی میللی و بانکی میللەتن، بە گوێرەی مەرسوومێکی راپەڕاندنی سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە بەرواری ٢٨ی حوزەیرانی ٢٠٠٥ ناونووس کراون..

هەروەها وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا بە گوێرەی مەرسوومی جێبەجێ کردن ژمارە (١٣٢٢٤) لە ٢٣ی ئەیلوولدا، کە لە لایەن سەرۆکی ئەمریکاوە دەرچووە، دەڵێ فەیلەقی قودس دراو بە تالیبان و رێکخراوە تیرۆریستەکانی تر دەدات، هەروەها بانکی هەناردە (سادرات)ی دەوڵەت بە بانکێکی یاریدەدەری تیرۆر لە قەڵەم درا..

<u>لێرەدا ناوی دامەزراوە و کەسانێکی پۆلێن کراو دەخەینە روو:</u>

– هێزەکانی پاسداری شۆڕشی ئێران بە هەر پینج بەشەکەیەوە (سەربازی و ئاسمانی و دەریایی و بەرگریی میللی «بەسیج» و فەیلەقی قودس)، جگە لە بەڕێوەبەڕایەتیی ئاسایش و خۆپاراستن و نوێنەرانی رابەری حکومەتی ئێران. لەوەو پێش فەرماندەکانی هێزی پاسدار بە گوێرەی بڕیاری ژمارە ١٧٤٧ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نیودەوڵەتی، خرانە لیستی سزادانەوە.

– وەزارەتی بەرگریی ئێران و دەستەی پشتگیریی هێزە چەکدارەکان، کە بە گوێرەی پاشکۆی ژمارە ١٧٣٧ی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەها بە گوێرەی مەرسوومی جێبەجێ کردنی سەرۆکایەتیی کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان ژمارە ١٣٣٨٢ لە ٣٠ ئاداری ٢٠٠٧ ناونووسی کراون.

– رێکخراوی پیشەسازیی ئاسمانیی ئێران و دامەزراوە جۆراوجۆرەکانی، کە بریتین لە کۆڕی «هیمەت»ی پیشەسازی و کۆڕی (باکری) پیشەسازی، کە بە گوێرەی بڕیاری ١٧٣٧ی ئەنجوومەنی ئاسایش نێودەوڵەتی خرانە لیستەوە. هەروەها بە گوێرەی مەرسوومی جێبەجێ کردنی سەرۆکایەتیی کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان ژمارە ١٣٣٨٢ لە ٣٠ ئاداری ٢٠٠٧، بانمی (میللی) و کۆمپانیاکان و لقەکانی خرانە لیستەوە. بانکی میللی گەورەترین بانکی ئێرانە

بۆ خزمەتگوزاری. هەروەها ئەو دامەزراوانەی بەشداری لە بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی بالستیدا دەکەن، هاوکات پۆششێک بوو بۆ بانکی (سپە) دوای ئەوەی ئەو بانکە خرا بووە لیستەکەوە. بانکی میللی ئاسانکاری دەکات لە خزمەتگوزاریی هێزەکانی پاسدار و فەیلەقی قودس، هەروەک کاری کرینی بابەتی هەستیاری ئەتۆمی و پێداویستەکانی بەرنامەی مووشەکیی ئێران (سانا) دەکات. فەیلەقی قودس لە ساڵانی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٧ بانکی میللیی بەکار هێناوە بۆ ناردنی لانی کەم ١٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ هێزی قودس و لە رەوتی گۆڕینەوەی پارە لە لایەن سوپای پاسدارانەوە. بانکی میللی کاری فریوکاریی کردووە بۆ داپۆشینی تێهەڵچوونەکانی لە سیستەمی بانکی نێودەوڵەتی. بۆ نموونە، فەیلەقی قودس داوای کردووە ناوی لە گۆڕینەوەی پارەی بانکیدا بسردرێتەوە.

– بانکی میللەت کار و خزمەتگوزاریی دارایی پێشکەش دەکات، دەشێ پاڵپشتی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بێت، واتە رێکخراوی وزەی ئەتۆمیی ئێران (AAOA) و کۆمپانیای وزەی نوێ، کە هەردوو رێکخراو بە گوێرەی بڕیارەکانی ژمارە (١٣٧٣) و (١٧٤٧)ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ناونووس کراون..

ئەو بانکە ئاسانکاریی کردووە بۆ کردنەوەی حیساب و ئیعتماد و ئاسان کردنی جموجۆڵی ملیۆنان دۆلار بۆ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران. بە لایەنی کەمەوە لە ساڵی ٢٠٠٣وە ئەو جموجۆڵەی دراو لە بانکی میللەتەوە بەرەو کۆمپانیاکانی ئەتۆمیی ئێران، لە کۆتایی ئەم ساڵەوە بەم جۆرە بوو:

سەربازگەی خاتەمول ئەنبیا.

سەربازگەی کەربەلا

سەربازگەی نووح

سەربازگەی قائیم

سەربازگەی ئارین

بانقی کارگوشایی

کۆمپانیای «ئۆریەنتاڵ کیش»ی نەوتی

ئەندازیاریی دامەزراوەی سباساد

عومران ساحیل





کۆمپانیای حەرا

وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا رایگەیاند، کە کۆمپانییەکانی سەر بە هێزەکانی پاسدار دەست بەسەر بلیۆنان دۆلاری بازرگانیی بیناکاری و گەشە کردنی بازرگانی لە بواری کاروباری دارایی کەرتی بازرگانیدا دەگرن، هێزەکانی پاسدار بەشداری دەکەن لە چالاکییە جۆراوجۆرەکانیدا، وەک دۆزینەوەی نەوت و پرۆژەی بیناسازی لە سەرانسەری ئێراندا. سەربازگەی (خاتەمول ئەنبیا) بەشداریی کردووە لە نزیکەی (٧) ملیار دۆلاری پیشەسازیی نەوت و غاز و کەرتی گواستنەوە و چالاکیی تردا..

هەروەها وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا کەسانێکی دەستەی سەرکردایەتیی پاسدارانی ناونووس کرد، لەوانیش:

–جەنەراڵ حوسێن سەلیمی، فەرماندەی هێزی ئاسمانیی سەر بە پاسدار.

–عەمید مورتەزا رەزایی جێگری فەرماندەی هێزەکانی پاسدار.

–لیوای دەریاوان عەلی ئەکبەر ئەحمەدیان سەرۆکی دەستەی ئەرکانی هێزەکاتی پاسدار.

–عەمید محەمەد حیجازی فەرماندەی هێزی بەرگریی میللی (بەسیج).

–عەمید قاسم سلێمانی فەرماندەی فەیلەقی قودس.

–عەمید ئەحمەد وەحید دەستجردی سەرۆکی رێکخراوی پیشەسازیی ئاسمانی.

–رەزا قولی ئیسماعیلی سەرۆکی بەشی کاروباری نێودەوڵەتی و بازرگانی لە رێکخراوی پیشەسازیی ئاسمانیدا.

–مورتەزا بەهمەنیار سەرۆکی بودجە و دارایی رێکخراوی پیشەسازیی ئاسمانی.

هەروەها وەزارەتی گەنجینەی ئەمریکا لە بەڵگەنامە رەسمییەکەیدا ئەوەی دووپات کردووەتەوە:

–فەیلەقی قودس کە سەر بە هێزەکانی پاسدارە یارمەتیی دارایی دەدات بە تالیبان و (حیزبوڵڵا)ی لوبنان و حەماس و جیهادی ئیسلامیی فەلەستین.

–فەیلەقی قودس ئامێری سەرەکیی رژێمە بۆ یاریدەدانی دارایی تالیبان بە چەکی سووک و مام ناوەندی و تفاق و تەقەمەنی و قازیفە و بۆمب و گوللە تۆپ و مووشەکی ١٠٧ ملم و ماددەی تەقەمەنی پلاستیکی و سیستەمی بەرگری گرتنی هەڵگیراو. هەروەها چالاکیی سەربازی و گەیاندنی زانیاریی سازمانی و لایەنگیری لۆژیستیی بەردەوامی هەیە و سەربازگەکانی مەشق

پێ کردن لە دۆڵی بیقاعی لوبناندا بەڕێوە دەبات، تەنانەت پتر لە ٣٠٠٠ جەنگاوەری حیزبوڵڵا لەو سەربازگەیەدا ئامادە کران، هەروەها ساڵانە فەیلەقی قودس بە بڕی نزیکەی ١٠٠ تا ٢٠٠ ملیۆن دۆلار یارمەتی دەدات بە حیزبوڵڵا، سەرباری سەر لەنۆی چەکی نوێی پێ دەبەخشێ. ئەمەش سەرپێچی کردنی بڕیاری ژمارە ١٧٠١ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتییە، جگە لەوەی فەیلەقی قودس یارمەتیی گرووپەکانی تیرۆر لە عێراقدا دەدات، کە دژ بە هێزەکانی عێراق و هێزەکانی هاوپەیمانی و هاونیشتیمانیانی بێتاوانی عێراق کار دەکەن.

-بانکی هەناردە (سادیرات) و لق و کۆمپانیاکانی:

ئەم بانکە (٣٢٠٠) لقی هەیە و لە پێناو لایەنگیری کردنی ڕێکخراوە تیرۆریسییەکاندا کار دەکات، لەوانەش (حیزبوڵڵا)و کۆمەڵەی دیکەی تیرۆریست، کە لە لایەن یەکێتیی ئەورووپاوە وەک حەماس و جیهادی فەلەستین ناونووس کراوە.

بە نموونە ئەوەتا لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە تا ساڵی ٢٠٠٦، بانکی سادیرات بڕی ٥٠ ملیۆن دۆلاری لە بانکی مەرکەزیی ئێرانەوە لە ڕێگای کۆمپانیاکانییەوە لە بەیرووت، بۆ ئەو کۆمەڵانە ناردووە، کە لە ژێر سێبەرەوە لە بەرژەوەندیی حیزبوڵڵا کار دەکەن. هەروەها حیزبوڵڵا بانکی سادیرات دەخاتە کار بۆ ناردنی دراو بۆ ڕێکخراوەکانی دیکەی تیرۆریست، لەوانەش ملیۆنان دۆلار بۆ لایەنگیری کردنی چالاکییەکانی حەماس.



# ١٢

## بەشی دوازدەم

# حوکمڕانانی ئێران و ڕۆژئاوا لە دووڕیانێکی چارەنووسسازدا

بێگومان سیمای بنەڕەتی توندڕەوی، کە واتای بوونی پەراوێزێکی چۆڵی ئایدیۆلۆژی دەگەیەنێ، ئەمەش بەندە بە دەسەڵاتی کۆنەپەرستیی ستەمکارانەی ئێرانەوە، لە ژێر سێبەری مەست بوونی ئەتۆمی و لەخۆبایی بوون و کۆت کردنی بواری بیر و عەقڵ لە ئاست هەر هاوکێشەیەکی ئامراز و ئامانجدا، کە لە ناویاندا ڕاستییەکان بزر دەبن، بارێکی سەخت بەسەر مەلا حوکمڕانەکانی ئێراندا دێت، کە بواری ئەوەیان نەبێ چاو بە ڕۆژمێری مەوزووعی و عەقڵیدا بخشێننەوە و سیاسەتیان ڕاست بکەنەوە. ئەمەش لە ژێر دەسەڵاتی کۆنەپەرستی ستەمکاری ئێرانەوە دوورە، لە سەروویانەوە خامەنەیی و ئەحمەدی نەژاد و مەلاکانی تری تەوەرەی ڕژێمی حوکمڕان، کە بنەمای بیروباوەڕیان بە سەر واهیمەی توندڕەوی و فراوان کردنی خاک و تیرۆر و وێرانکاری و کوشتنەوە دامەزراوە. مایەی سەرنج ڕاکێشانە کە ڕەوتی گشتیی ئاڵوگۆڕ کردنی دەسەڵات لە ئێراندا، بە مەبەستی وەدی هێنانی ئامانجەکانی بەو ئامرازانەی هەن، ئەگەرچی ئەنجامەکەشی هەرچی بێت، واتە جۆرە ڕێککەوتنێک لە ئاست بنەما و واتا میکافیللییەکاندا (ئامانج بواری ئامراز دەدا).

ئاخۆ مەبەست لە ڕەوتی دژوار و بە پێچەوانەی خواستی گەل و پێداویستەکانی هاوچەرخ چییە، کە دەسەڵاتی خامنەیی و ئەحمەدی نەژاد گرتوویانەتە بەر و دەیانەوێ بە چی بگەن؟ دەشێ ئەو بۆچوونە خەیاڵییە بێ، کە پشت بە پەراوێزی

نەبوونی ئایدیۆلۆژی و واهیمەوە دەبەستێ، بەرەو شێواندنی بیر و سەپاندنی رەوتی توندڕەوی، کە لایەنەکانی لاوازی و پاشکەوتن و بەرەو دواوە چوونن. ئەڵبەتە توندڕەوی ئەوە دەگەیەنی، کە توندڕەوەکان ئامراز و ئامانج و توانای مانەوەیان وەک ڕژێمێکی سیاسی بزر دەکەن، ئەمەش لە تەواوی سیاسەتەکانی ڕژێمەوە دیارە، بە تایبەتی لەو کاتەوەی کە ئەحمەدی نەژاد دەسەڵاتی حوکمڕانێتیی گرتووەتە دەست، ئەو توانیی بە لایەنگیریی رووسیا و چین، بواری کەمتەرخەمیی رۆژئاوا بقوزێتەوە و لە پێنج گۆرەپاندا سیاسەتی خۆی جێبەجێ بکات:

١. یەکخستنی پێکهاتی حوکمڕانێتی لە رێگای پاکتاو کردنێکی فراوانی ناوخۆییەوە، بە جۆرێک هەوڵ و کۆششی باڵی خامنەیی لە بواری لابردنی رەفسەنجانی لە ئەنجوومەنی پسپۆران (مجلس خبرگان)دا ئاشکرا بوو، تەنانەت بواری ئەوەی نەدا کە ببێتە سەرۆکی ئەنجوومەنەکەش..

– لە ناوخۆی ئێراندا، فراوان کردنی ئەڵقەی داپڵۆسین و پەرەسەندنی لە سێدارەدانی ئاشکرا و هەڵمەتی گرتن و داخستنی رۆژنامەکان و پەرەسەندنی گوشاری دژ بە ئافرەت و لاوان.

– لە ئاستی ئەتۆمیدا ئەوەتا ڕژێم ملکەچی هیچ ئاشت بوونەوەیەک نەبوو سەبارەت بە ڕاگرتنی پیتاندنی یۆرانیۆم، بە پێچەوانەشەوە ئەوەتا بە شێوەیەکی ڕەسمی بڕیاری خۆی راگەیاند بەرەو پەرەسەندی پرۆژە ئەتۆمییەکانی، لەوانەش دەست پێ کردنی دووەم زنجیرەی پیتاندنی یۆرانیۆم..

– بەکار هێنانی ئەو هێزانەی کە سەر بە ئەون، لە لوبنان و فەلەستین و تەواوی ناوچەکانی رۆژهەڵاتی ناوەراست، بەرەو بەردەوام بوونی هەوڵەکانی بۆ دەست بەسەردا گرتنی ناوچەکە و دەوڵەتانی ئیسلامی و راگرتنی هەر چارەسەرێکی ئاشتیخوازانەی لوبنان و فەلەستین.

٢. لە ئاست ئەو گۆڕانکارییانەی لە هەموو لایەکەوە بەسەر ڕژێمدا هاتوون، ئەوەتا دەوڵەتانی رۆژئاوا دڵنەوایی رژێمی ئێران دەدەنەوە و سیاسەتی رازی کردن و سازشی لەگەڵدا دەخەنە کار..

٣. لە ماوەی ئەو مانگانەی پێشوودا، واتە لەو کاتەوە کە ئەحمەدی نەژاد حوکمڕانێتیی ئێرانی گرتۆتە دەست، لە کاتێکدا دەوڵەتانی رۆژئاوا و تەنانەت ئەمریکاش، نەیاندەویست کێشەکە لەگەڵ ئێراندا خەست کەنەوە، کەچی رژێمی ئێران رێگای ئاشت بوونەوەی لەگەڵ رۆژئاوادا داخست و نەفرەتی لە هەر سەر دانەواندنێک کرد و ئەوەی راگەیاند کە ئارەزووی سازش و ئاشت بوونەوەی نییە، بە رادەیەک (سۆلانا) ئەوەی ڕاگەیاند، کە ناتوانێ بەردەوام بێ لە وتووێژ کردن لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا.

٤. باری کەللە رەقی ڕژێمی ئێران وای لە رۆژئاوا کرد، کە لە بەردەم دووڕیانێکی چارەنووس سازا بوەستێ. یان دەبێ بە پەیدا بوونی حکوومەتێکی توندڕەوی خاوەن چەکی ئەتۆمی رازی بن لە ئێراندا، کە دەست بەسەر ناوچە گرنگەکەدا بگرێ، یاخود دەبێ سیاسەتێکی توندوتیژ و پتەو





پەیڕەو بکرێ لە بەرەنگار بوونەوەی ئەو ڕژێمەدا.

٥. گەر چاوێک بەو چاوپۆشیانەی سالانی پێشووی دەوڵەتانی رۆژئاوادا بگێڕین، دەزانین تا چ رادەیەک سازشیان بۆ رژێمی ئێران کردووە و مایەی پرسیار دەبێت، کە بۆچی رژێمی ئێران تەنانەت بێزی نەدەهات پێش چەندساڵێک ئەو سازشەش قبووڵ بکات، کەچی پێش کۆتایی ساڵی ٢٠٠٣ ئەو سازشەی بە رادەیەکی کەمتر لەوەی ئێستا، بەڵام قبووڵی کرد؟ ئاخۆ ئەو بێز نەهاتنە واتای توانا و پتەویی لایەنەکانی رژێم و باوەڕ بە خودی حوکمڕانانییە، یاخود واتای ئەوە بوو کە بە تەواوەتی لە مەسەلەکە نەدەگەیشتن، سەرباری نەبوونی نائارامیی سیاسیی پێویست بۆ سازش و سەودا کردن لەگەڵ رۆژئاوادا؟

– بۆ وەڵام دانەوەی ئەو پرسیارانە دوو بۆچوون و هەڵسەنگاندنی دژ بە واقیعی رژێم هەیە.. یەکەمیان ئەوەیە کە خامنەیی باوەڕی وایە، گوایە لە ئاستێکی پڕ هێزەوە ئەحمەدی نەژادی گەیاند بە دەسەڵات و ئەندامانی حکوومەتەکەی لە نێو خۆیاندا کۆک بوون، هەر بۆیە لەئاستێکی پڕ هێزەوە سەودا کردنی رۆژئاوا قبووڵ ناکات، لە کاتێکدا شی کردنەوەکەی تر دەڵێ، ڕژێمی ئێران خۆی لە بەردەم تەنگ و چەڵەمەی سەختی بێچارەیی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا دەبینێ، هەر بۆیە هەست دەکات کە وەدەست هێنانی زیاترین رادەی چاوپۆشی و مل شۆڕ کردنی رۆژئاوا سەبارەت بە دۆسێی ئەتۆمی و کێشەی عێراق و رەوتی گێرەشێوێنی و جورەها گرەوی ستراتیژی و سیاسی، تاکە بوارە بۆ مانەوە و هەڵهاتن لەدەست رمانی تەواوەتی. بێگومان یەکخستنەوەی پێکهاتەکانی حوکم و سەبارەت بە دۆسێی ئەتۆمی و رووبەڕوو بوونەوەی رۆژئاوا، یاری کردنە بە بنەما ستراتیژییەکانی خودی قەوارەکەی، کە هێمای دەست پێ کردنی زۆرانبازیی ناوخۆییە.

## نیشانەکانی لاوازی و لێک ترازانی حوکم:

وەڵام دانەوەیەکی ئەو دەنگانەی لە ناو رژێمەوە بەرز بوونەوە، کە چاوپۆشییە لە رادەبەدەرەکانی رۆژئاوا و ئاشت بوونەوە سەبارەت بە دۆسێی ئەتۆمی. خامنەیی گوتی: «هەر پاشگەز بوونەوەیەک لەم قۆناغەی ئیستادا ئەڵبەتە زنجیرەیەک پاشگەز بوونەوەی بێ سەروبنی لێ دەوەشێتەوە، کە گوشار و پاشگەز بوونەوەی تری بەدوادا دی. هەر بۆیە ئەو ڕێگایە بێ سەروشوێنە گەڕانەوەی لە دوا نییە» (١٤ی ئاداری ٢٠٠٦، وتاری خامنەیی لە بەردەم وەزیری دەرەوە و باڵیۆزەکانی رژێم)، تەنانەت ئەحمەدی نەژادیش هەمان ڕای خامنەیی هەیە و دەڵێ: «یەک هەنگاو بەرەو دواوە، واتە تەواوی قەوارە و بوونمان بەر با دەکەوێ».

ئەو دووپات کردنەوانە راستییەکی ئاشکرا دەخەنە روو، کە رژێم لەوە لاوازترە کە بتوانێ سازش و رەت کردنەوەی رۆژئاو بکات. خۆ ئەگەر رژێم بتوانێ لەگەڵ رۆژئاوادا ئاشت بێتەوە،

ئەوا ساڵانی پێشوو باشترین قۆناغ بوو بۆ ئەو کارە. گەر ڕژێم توانای ئەوەی هەبوایە قەوارەیەکی ئارام بوایە، ئەوا پێویستی بە پاک کردنەوەی بەردەوامی ناوخۆیی نەدەبوو. ئەمەش تەنگ و چەڵەمەکەی خەست کردەوە، ئەڵبەتە نەرمییەکی تاکتیکیی لە بواری ئەتۆمیدا دەردەخست، تا سەرکەوتنی ستراتیژی بۆ خۆی دابین بکات. بە ئاسانیش لایەنگیری ئەوروپاییەکانی زامن دەکرد و بواری پاش ڕماندنی سەدام و تالیبانی وەبەر دەهێنا، تەنانەت لە کاتێکدا موجاهیدینی خەلق ئابڵووقە دەدرێن باشترین بواری سازش کردن دەبێ.

گومان لەوەدا نییە کە وانەکانی شۆڕشی گەلان لە مێژوودا ئەوەمان بۆ دووپات دەکاتەوە، کە کاتێ لە ناوەوەی وڵاتێک، ئارامی سەقامگیر بێت، ئەوا دەکرێت پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پێ بپارێزرێت و دەکرێ کێشەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی پێ چارەسەر بکات. ئەگینا کێشەکانی ناوخۆ وەک قەیران بەرەو دەرەوەی وڵات تەشەنە دەکات. وڵاتی (چین) نموونەی ئەم ڕاستییەیە، کە لە ساڵی ١٩٧٢ سەرۆکی ئەمریکا، (نیکسۆن)ی بانگهێشت کرد، بەم جۆرە ئاڵۆزییەکانی لەگەڵ ڕۆژئاوا هێور کردەوە و سوودی وەرگرت.

جا گەر ڕژێمی ئێران لە بارێکی دابین و ئارامی و پتەوی ناوخۆییدا بێت، ئەوا بارودۆخی دەرەوە شیاو دەبێ بۆ هەنگاونان بەرەو سەرێنی نەهێشتنی نائارامی و قۆستنەوەی چاوپۆشییەکانی. بەڵام لە واقیعدا تاریکی و بیروباوەڕی تەمومژاویی ڕژێم ئەو پێویستیانە ناتوانێ بگرێتە خۆی.

ڕاپۆرتێک سەبارەت بە لێکۆڵینەوەی ناوخۆیی ڕژێم دەڵی: «ئەوانەی بەدەست دەردەسەری باری ئێستای پاش ڕاگرتنی جەنگی ساڵی ١٩٨٨ـەوە دەتلێنەوە و ساویلکانە باوەڕیان وایە کە خامنەیی لەوانەیە ناچار بێت بۆ جاری دووەم ژەهراو نۆش کا، ئاگاداری ئەوە نین کە بارودۆخی سیاسیی ئێستا جیاوازە لە چاو ئەوەی لە سەرێنی خومەینیدا باو بوو، چونکە هەر پاشگەز بوونەوەیەک واتای لاوازیی ڕژێم و شکاندنی شان و شەوکەوت و ڕاستگۆیی ڕژێم دەگەیەنێ، لە ئەنجامیشدا ڕێگا بەرەو پێشەوە چوون لە بەردەم باڵی بەرانبەردا واڵا دەکات».

بە گوێرەی ڕاپۆرتێکی تر، یەکێ لە فەرماندەکانی هێزی پاسدار لە کۆبوونەوەیەکدا دەڵێ: «هیچ گریمانێک نییە تەنانەت بە ڕادەی یەک لە سەدیش، کە ڕژێم لە پرۆژەی ئەتۆمیی پاشگەز بێتەوە، چونکە ئەو کارە تەنیا زیانمان پێ ناگەیەنێ، بەڵکوو پاشگەز بوونەوە ڕمانی ڕاستگۆیی و شان و شەوکەتی ڕژێمە، کە بێگومان دەبێتە هۆی ڕماندنی بەشێک لە پەیکەری ڕژێم. ئەڵبەتە کێشەکەی ئەم جارە وەک ژەهر نۆش کردنەکەی ئیمام خومەینی نابێ.

ئەوەی شایانی باسە، ئاماژە کردنی لێپرسراوانی ڕژێم بۆ «نۆش کردنی ژەهر» و قبووڵ کردنی ڕاگرتنی جەنگ لە ساڵی ١٩٨٨دا، بە لای داواکارانی ئاشت بوونەوە لەگەڵ ڕۆژئاوادا چەند





دەرئەنجامێک دەگەیەنێ، کە باری ئێستای ڕژێم نائارامە و پێویست بەوە دەکات کە واز لە هەندێ دروشم بهێنرێ و ئاشت بوونەوەکە قبووڵ بکرێ، هەروەک خومەینی لە ساڵی ١٩٨٨ پەیڕەوی کرد.

لە خوێندنەوەی شیکردنەوەی وتەی سەرکردەکانی ڕژێمەوە دەگەینە ئەوەی ڕژێم، دەتوانێ هاوسەنگێتی خۆی بپارێزی لە ڕێگای باری سنوورداری هەڵبژادنەکانەوە و بەرەنگار بوونەوەی ڕۆژئاوا، بەتایبەتی ئەمریکاو ئیسرائیل گەر نا ئەوا دەڕمێ. بەڵام زمان لووسیی ڕژێم ڕەوشتی ساڵانی ڕابووردووی بە تایبەتی لەگەڵ هاتنی ئەحمەدی نەژاد بۆ لووتکەی دەسەڵات وا پیشان دەدا کە لە توانا و هێزەوە بەرانبەرەکانی دەتۆقێنێ و ناچاریان دەکات، کە بەرە بەرە سەریان بۆ دانەوێنن.

بەپێی ئەو زانیارییانە ئەوەتا حوکمڕانانی ئێران کێشەکانی ئەمریکایان لە عێراقدا قۆستەوە و بەردەوام بوونی کێشەی نێوان فەلەستین و ئیسرائیل و ناردنی دیاردەی توندڕەوی بەرەو جیهانی ئیسلام (ئەو سێ دیاردەیەی کە ڕژێمی ئێران ڕۆڵێکی سەرەکییان تیا دەبینێ)، بەو سێ دیاردەیەوە پەیامی توانا و هێز بۆ هەمووان دەنێرن. بەرانبەر بەوەش دەوڵەتانی ڕۆژئاوا سەنگەری بەرگری کردن لەخۆ لە بەردەم ئێراندا دەگرێ، بەڵام ئەو شان و شەوکەتە هێرشبەرەی ڕژێمی ئێران گەر هێزێکی هێرش بەری لە تەکدا بوەستێ ئەوا ڕژێمی ئێران دەڕووخێ...

چەند ساڵێکە بەرهەڵستکارانی ئێران ئەو کێشە سەرەکییەیان دووپات دەکردەوە، کە بەربەستی سەرەکی بەرانبەر بە هەر گۆڕانکارییەکی جیددی لە ناوچەکەدا بەرەو ڕاگرتنی پرۆسەی ئاشتی و دیموکراتی و بنکەکانیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست، بێگومان مەلا حوکمڕانەکانی ئێرانە، بەڵام بە دەگمەن باوەڕیان بەو ڕاستییە دەکرد، کەچی ئەوەتا ئێستا کردارەکانی ڕژێم و ڕەوتە سیاسییەکەی کارێکی وایان کرد، زیاتر کۆک بن لەسەر ئەو شیکردنەوەیە، بەڵام خاڵێکی بنەڕەتی و گرنگ هەیە، کە دەوڵەتانی ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا، خۆیانی لێ گێل دەکەن یاخود بە ئاستەم هەستی پێ دەکەن، ئەویش ئەوەیە کە چارەنووسی ڕژێمی ئێران بە عێراقەوە بەندە، بە تایبەتی لەگەڵ کێشەی عێراقدا و کێشەکەش لەگەڵ یەکلایی کردنەوەی ئەو ڕژێمە کۆتایی پێ دێت. بە واتایەکی تر، سەرەڕای گرنگێتی دۆسیێی ئەتۆمیی ئێران، کە پێویستە بە توندی لە ئاستیدا بوەسترێ، بەڵام گۆڕەپانی سەرەکیی کە ڕژێمی ئێران دژایەتییەکانی تێدا بەتاڵ دەکاتەوە عێراقە. کەچی لە واقیعدا ڕۆژئاوا و بە تایبەتی ئەمریکا کە خەریکی پەرەسەندنی ڕادەی کوشتن و پەرەسەندنی ڕادەی کوژراوەکانیەتی لە عێراق، بەم جۆرە دەردەکەوێ کە ئامانجی ڕژێم لەو پەشێوی و شێواندنە گێرەشێوێنییە زۆرە، وەشاندنی ئەو هەموو تاوان و لادان و سەرپێچییە مرۆڤایەتییانە. بە واتایەکی تر، ئاشکرایە کە چارەنووسی ئەمریکا لە ناوچەکەدا لە عێراقدا دەست نیشان دەکرێ. تەنانەت چارەنووسی ڕژێمی ئێرانیش لە عێراقدا خۆی دەنوێنێ. ڕژێمی ئێران گرنگێتی ستراتیژی عێراق

لە چارەنووسی ناوچەکە باش دەزانێ، ئەوەتا بە شێوەیەکی تەواو هەستیارە لە ئاست بوونی موجاهیدینی خەلق لە عێراقدا. ئەڵبەتە بە درێژایی ساڵانی پێشوو دەستی هیچ پیلان یا پرۆسە و سەودایەکی سیاسی یا پلانێکی عەسکەری و تیرۆریستیی نەکێشاوەتەوە، بەو مەبەستەی موجاهیدینیان تەسلیم بکرێتەوە یا لە عێراق دوور بخرێنەوە، بەڵام وا دیارە کە زۆربەی ڕۆڵەکای گەلی عێراق پشتگیریی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق دەکەن. ئەوەتا پتر لە پێنج ملیۆن و دوو سەد هەزار عێراقی ئیمزای فۆرمی هاوکاری کردن و (٣) ملیۆن لە ڕۆڵەکانی پارێزگەکانی خوارووی بەیاننامەی پشتگیریی موجاهیدینی خەلقیان ئیمزا کردووە، ئەمەش بەڵگەیە لە ئاست لایەنگیریی کردنی خەباتی ئەو بزووتنەوەیە دژ بە ڕژێمی ئێران و بەڵگەیە لە ئاست ڕۆڵی موجاهیدینی خەلق لە عێراقدا وەک لایەنێکی مەترسیی لێ کراو لە بەرەی دژ بە توندڕەوی و ڕاوەستان دژ بە چاوچنۆکی و سیاسەتی ئێران لە عێراقدا.

پێش ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا هێرشی ڕماندنی حکوومەتی پێشووی عێراق دەست پێ بکەن، حکوومەتی ئێران باش دەیزانی کە پێویستە توندڕەوی بەرەو عێراق بگوازێتەوە. لە بری ئەوەی لە خاکی ئێرانەوە سەنگەر لە ئەمریکا بگرێت. ئەڵبەتە دەبوایە لە عێراقدا پلانێکی بەرگری بۆ خۆی دانێ، ئەوەتا پاش ئەوەی پێگەی خۆی لە عێراقدا چەسپاند، ئینجا مشووری ئەوەی خوارد کە سەنگەری لوبنان لە ئەمریکا و ئیسرائیل بگرێ، بەو جۆرەش خێوی جەنگی لەسنووری خۆی دوور خستەوە، تەنانەت جەنگی لوبنان ئەنجامی دەسەڵاتی ئەحمەدی نەژاد نەبوو، بەڵکوو بوونی ڕژێمی ئێران لە عێراق کۆڵەکەیەکی بنەڕەتیی بەرپا بوونی جەنگی لوبنان بوو. لە بەرانبەر بەوەش، بە مەبەستی بەرەنگار بوونەوەی ڕژێمی ئێران، کە ئەمەش بە زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی عێراق مەیدانی سەرەکیی ئەو کارەیە. ئا لێرەوە دەردەکەوێ کە بەرەنگار بوونەوەی ڕژێمی ئێران لە لوبنان، کە ئەوەش لە دوا جەنگدا دووپات بووەوە، نابێتە هۆی یەکلایی کردنەوەیەکی ستراتیژی، تەنانەت گەر لەوێ سەرکەوتنێکی تاکتیکی وەدەست هات، ئەوا بێگومان هیچ کاریگەر و ئاسەواری بەهاداری ستراتیژی نابێت، چونکە پەل و پۆی ڕژێمی ئێران لە عێراقدا ماوە.

دەبێ بەرەی دژ بە ئێران لە ناوچەکەدا، لە عێراقدا یەک بگرن و هەوڵی یەکلایی کردنەوەی دەسەڵات و دەست تێوەردانی ڕژێمی ئێران بدەن گەر ئەو کێشەیە لە عێراقدا بنەبڕ کرا ئەوا پەلەکانی لە لوبنان و شوێنانی تر کۆتایی پێ دێت.

ئەمڕۆ هەمووان دەزانن کە سەرچاوەی سەرەکی تیرۆر و توندڕەوی لە عێراقدا ڕژێمی ئێرانە کە دەیەوێ حکوومەتێکی دەست نیشان کراو بۆ خۆی لە عێراقدا پێک بهێنێ، لەم ئاستەوە هەموو ململانەکانی تر کە ڕووەو کۆمەڵگای عێراق دەبنەوە لاوەکین.

لێرەدا خاڵێکی فرە گرنگ هەیە، ئەویش بەرەنگار بوونەوەی ڕژێمی ئێرانە لە عێراق کە لایەنگیریی





عەرەب و موسڵمان و نێودەوڵەتی بەرفراوان وەدەست دێنێ، چونکە دەست تێوەردانەکانی ڕژێمی ئێران لە عێراق هێڵی پێشەوەی زۆرانبازیی نێوان ڕژێمی ئێران و عەرەب و موسڵمان و تەواوی ڕۆڵەکانی گەلی عێراقە، چونکە کەس نایەوێ عێراقێکی ژێر دەستەی ئێران ببینێ.. ئەمەش ڕاستییەکە ڕژێمی ئێران هەوڵی ئەوە دەدا کە خۆی بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییەوە بخاتە ڕوو. ڕژێمی ئێران تا ڕادەیەک توانی ڕای گشتی و بە تایبەتی ساویلکەکانی جیهانی عەرەب و موسڵمانان چەواشە بکات، کە گوایە پشتگیری لە کێشەی فەلەستین دەکات و دژ بە ئیسرائیلیە، بەڵام لە ڕاستیدا ئێران کاریگەریی سەرەکییە لە بەرپا بوونی ئاژاوە و دژواری و لێک ترازان و ناکۆکی لە ناو ڕیزەکانی گەلی فەلەستیندا، تەنانەت لێک ترازانی یەکێتیی عەرەب، هەر بۆیە ئەوە گەورەترین هەڕەشەیە لە داهاتووی وڵاتانی ناوچەکە دەکرێ.

لە ڕیگای یەکگرتن و وەستان لە دژ ڕژێمی ئێران لە ناو عێراقداو ئابڕوو بردن و ریسوا کردن و ئاشکرا کردنی تاوانەکانی لە عێراق و لوبنان و فەلەستیندا، کۆتایی پێ دێت.

ڕاستییەکە ڕوونتر دەبێتەوە گەر ئەوە بخەینە بەرچاو، کە زۆربەی شەپۆلە سیاسییەکانی عێراق دژ بە بوونی ئەمریکان لە عێراقدا و خەمی سەرەکیی ساڵانی پێشوویان کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا بوو، بەڵام لەم دواییەدا ئەوە ڕاگەیاندرا کە عێراق دووچاری دوو داگیرکاری بووە، تەنانەت داگیر کردنی دووەمیان مەترسیدارترە، بەڵام تا کێشەی لوبنان یەکلایی نەکرێتەوە ئێمە نامانەوێ ئەمریکا لە عێراق دەرچێ.

بە کورتی سەنگەر گرتن لە عێراقدا دژ بە ئێران دەست پێشخەرییەکی هێرش بردنە و پشت بە بەهایەکی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەبەستێ، بەڵام بەرەنگار بوونەوەی ڕژێم لە لوبنان یاخود لە بواری ئەتۆمیدا، ئەگەرچی پێویستە، بەڵام نابێ بە بەرەی سەرەکیی بەرەنگار بوونەوەی ڕژێمی ئێران دابندرێ. بەرەی جەنگ دژ بە ڕژێمی ئێران، کە هەموو ناوچەکە دەگرێتەوە سەرکەوتنێکی ئەوتۆ وەدەست ناهێنێ، گەر سیاسەتێکی ڕاستی یەکگرتووی ڕۆژئاوا و دەوڵەتانی عەرەب پەیڕەو نەکرێت. ئەوانە لە بری ئەوەی عێراق بکەنە سەنگەرێک بۆ بەرەنگار بوونەوەی توندڕەوی، کە هاوکات خاڵی لاوازەی حکومەتی ئێرانە، تەنیا بەرانبەر بە پەرەسەندنی هەیمەنەی توندڕەوی و فاشیزمی مەزهەبی و چاندنی تۆوی ناکۆکیی تایفی لە ناوچەکە لە لایەن ڕژێمی ئێرانەوە و زاڵ بوونیان بە سەر چارەنووسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەماشاکەرن.

بە دەگمەن کەسێک گومان لە ڕاست کردنەوەی ڕەوت و سیاسەتی ئەمریکا بکات لە عێراقدا، بەڵگەی ئاشکرا هەن کە گۆڕانکارییەکی ئیجابی لە سیاسەتی ئەمریکا لە عێراقدا ڕووی داوە، گرنگترینیان سوور بوون لە ئاست دەست تێوەردانی ئێران لە عێراقدا و دانان بە بوونی موجاهیدینی خەلق، چونکە ژمارەیەکی سەختن لە هاوکێشەی هێزەکانی دژ بە ڕژێمی ئێران،

تەنانەت موجاهیدینی خەلق هێزێکی بەرهەڵستکارن و ساڵانێکە لە عێراقدا گوزەران دەکەن. پەیوەندبی دۆستایەتیشیان لە تەک گەلی عێراقدا پتەوە و ڕژێمی ئێران تا رادەیەکی زۆر لێیان دەترسێ. موجاهیدینی خەلق بە پێی یاسای نیودەوڵەتی کەسانێکی پارێزراون لە عێراقدا، تەنانەت گۆڕانکارییەکانی ئەم دواییە بە تۆمەتبار کردنی رژێمی ئێران و لابردنی تاوانی تیرۆر بە سەر رێکخراوی موجاهیدینی خەلقەوە، کە لایەنگیریی هەموو رێکخراوە نێودەوڵەتی و کەسایەتییەکانی ناسراوی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیی وەدەست هێنا. رۆژنامە نێودەوڵەتییەکان شیکردنەوەی سیاسیی رەوتی ڕاستی موجاهیدینی خەلق بڵاو دەکەنەوە بە تایبەتی (نیویۆرک تایمز) و (واشنتن تایمز) و (واڵ ستریت جۆرناڵ)، کە ئەمەش پەیامێکی بایەخدارە.

بە کورتی رەوت و بۆچوونە وێرانکارەکانی رژێمی ئێران، کە هەرگیز تەمبێ نابێ، وای لێ کرد کە جیا بکرێتەوە و دوورە پەرێز بێ لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و خودی گەلی ئێران و هێزە نیشتیمانییەکانی، کە بەرهەڵستکارانی ئێران و رێکخراوی موجاهیدینی خەلق نوێنەرایەتییان دەکات. هەڵسوکەوتەکانی رژێمی ئێران هەڕەشەیەکی ئاشکرایە لە دژ ئاسایش و ئارامیی نێودەوڵەتی. ئەو سیاسەتە تاوانبار کراوەی ئێران دەبێتە هۆی ئەوەی دەوڵەتانی رۆژئاوا بە توندی لە رووی بوەستن و سزای پاسدار و فەیلەقی قودس بدەن، لەوانەشە کارڕایی تریش بە دوایدا بێت. ئەو سزایانەش دووربینێکی چارەنووسسازە، ئەڵبەتە ئاست و ڕاستگۆیی بەرهەڵستکارانی ئێران پتەو دەکات. بە گشتی دەتوانین بڵێین کۆتایی ساڵی ٢٠٠٧ قۆناغێکی گرنگی سیاسی و مێژوویی بوو لە ژیانی بەرهەڵستکارانی ئێراندا. بەرهەڵستکارانی ئێران بە سەرکردایەتیی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق چەندین سەرکەوتنی سیاسی و مەعنەوییان وەدەست هێنا، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا سەرنجی جیهانیان بەرەو بیر و باوەڕ و ئایدیۆلۆژیا و ڕاستگۆیی و خەباتی بەردەوامی درێژ خایانی زیاتر لە پەنجا ساڵ ڕاکێشا. لە ئەنجامیشدا خاوەن کارامە و ئەزموونی تەواوە بەرەو وەدی هێنانی داهاتوویەکی پرشنگدار بۆ ئێران، کە کەش و هەوای سەربەستی و دیموکراتیەتی پێوە دیار بێ..

ئێران وڵاتێکی موسڵمانە و هەموو رەوشت و کردارەکانی پڕە لە لەخۆبوردن و برایەتیی نێودەوڵەتی، دەبێ دوور بێ لە توندڕەوی و تیرۆر و لە سێدارەدان و ریسوا کردنی مرۆڤایەتی..



# پاشکۆکان

**١-ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران**

**٢-پێگەی یاسایی پاراستن و بوونی رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران**

**٣-بەڵگەنامە و وێنەی جۆراوجۆری داپڵۆسین و کوشتن و لە سێدارەدان**

## ١-ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران

لە٢١ی تەمووزی ١٩٨١ بە دەست پێشخەریی بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی، ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران (شورای ملی مقاومت ایران) لە تاران دامەزرا و بنکە سەرەکییەکەی گواسترایەوە بۆ پاریس..

بەڕێز مەسعوود ڕەجەوی سەرۆک و دەمڕاستی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێرانە، ئەنجوومەن بریتییە لە سکرتاریەت و شەش سکرتێری تایبەت بە کاروباری ئیداریی ئەنجوومەن، لە کاتێکدا ٢٥ لیژنەی پسپۆڕ جومگەکانی حکوومەتی کاتیی ئێران لە هەندەران پێک دێنن، کە لە داهاتوودا پاش ڕماندنی دەسەڵاتی مەلاکان دەگوێزرێتەوە بۆ تاران.

لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێراندا لە ٢٨ی ئابی ١٩٩٣ خاتوو مریەم ڕەجەوی بە سەرۆک کۆماری ماوەی گواستنەوە و دەستووری کاتیی ئێران هەڵبژێردرا.

ئامانجی ئەنجوومەنی نیشتیمانی بەرهەڵستکارانی ئێران و پرۆژە و بڕیارەکانی ڕووخاندنی ڕژێمی تیرۆریستی حوکمڕانی ئێرانە، کە بە ناوی ئایین و دیموکراتی و فرەلایەنییەوە حوکم دەکات، ئەڵبەتە مەبەستی بەرهەڵستکاران سەروەریی نیشتیمانی و میللییە، کە جێگری دەسەڵاتی «ویلایەتی فەقیهی» بێت.

پاش ساڵی ١٩٨٢ ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران، پرۆژەی بەرنامە و ئەرکە پێویستەکانی بەرەو دابین کردنی حکوومەتێکی کاتی دیاری کرد، ئەو ئەرکانە بریتین لە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ گەلی ئێران، ئەو گواستنەوەیەش لە ماوەی شەش مانگی پاش ڕووخاندنی ڕژێمی ئێران لە ڕێی هەڵبژاردنی سەربەست و عادیلانەوە و لە ژێر چاودێریی نێودەوڵەتیدا ڕایی دەکرێت کە ئەندامانی ئەنجوومەنی دامەزراندن (مجلس موسسان) بۆ دانانی دەستوور و ئەنجوومەنی یاسادانانی نیشتیمانی هەڵدەبژێردرێ.

ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران باوەڕی بە جیا کردنەوەی نێوان ئایین و دەوڵەت هەیە، هەر بۆیە پرۆژەکانی دان بە (قەدەغە کردنی هەموو جۆرەکانی جیاوازیی دژ بە جۆرەها ئایین و مەزهەب و کەسان و لایەنەکان ئازادن. هیچ هاونیشتیمانییەک مافی ئەوەی نییە بە شێوەیەکی تایبەت جیاواز بێت لە کاندید کردن و دەنگدان و دەست لە کار گیرکردن و فێر بوون و گرتنە دەستی ئاستی دادوەری یا مافی کەسایەتی و کۆمەڵایەتیی کەسانێکی تر بە هۆی باوەڕ یا باوەڕ نەبوونی بە ئایین یا مەزهەبێکی دیار زەوت بکات».

ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران پرۆژەی جۆرەها پلانی بۆ ئێران کێشاوە،





لەوانەش:

-پرۆژەی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکاران سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان حکوومەتی کاتیی کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی ئێران بە ئایین و مەزهەبەکانەوە، ئەوە دووپات دەکات کە خاوەن هەر ئایین یا هەر مەزهەبێ بۆی هەیە خۆی کاندید بکات و مافی ئەوەی هەیە لە بەرزترین باڵای دەسەڵاتدا کار بگرێتە دەست.

-پرۆژەی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکاران سەبارەت بە مافی ئافرەت. ئەوەتا پرۆژەکە هەر جۆرە جیاوازییەک لەم بوارەدا ڕەفز دەکات. تەنانەت مافی گرتنە دەستی پلە باڵاکانی حکوومەت، دادوەری و سەرۆک کۆمار، یا هەڵبژاردنی کار و هاوسەر و هەموو جۆرە مافێکی تری مەدەنی زامن دەکات.

-پرۆژەی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکاران تایبەت بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی ئێران. ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران لە تشرینی دووەمی ساڵی ١٩٨٣دا بە کۆی دەنگ ئەو پرۆژەیەی پەسند کرد. پرۆژەکە بریتییە لە (١٢) مادە، ئەم پرۆژەیە بە مەبەستی پتەو کردن و چەسپاندنی دەسەڵاتی میللی و سەروەریی نیشتیمانیی و یەکێتیی خاک و ریزەکانی نیشتیمانە. خەباتی ڕەوای گەلی کوردستانی ئێران لە پێناو دابین کردنی دیموکراتیەت بۆ ئێران و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان و نەهێشتنی ستەم و چەوساندنەوەی دووجایی بەسەر شانی نەتەوەی چەوساوەی کورد دەگرێتە بەرچاو.

-پرۆژەی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکاران، بەرەو دابین کردنی ئاشتی هەمیشەیی گشتگیری نێوان ئێران و عێراق.

ئاشکرایە کە ئەم پرۆژانە بە درێژی لە بەندەکانی ڕەشنووسی پەیڕەوی ناوخۆیی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێراندا باس کراون. ئەو پەیڕەوەش وەک دەستووری کاتیی قۆناغی پێش روخاندنی ڕژێم وایە، ئەگەرچیش کاتییە بەڵام لە تێڕوانین و بۆچوون و جێبەجێ کردندا بەها و دەوڵەمەندیی بیر و باوەڕ و بۆچوون دەنوێنێ بۆ بەدەنگەوە چوونی پێویستییەکانی کۆمەڵگای ئێران و بە گوێرەی بۆچوون و تێڕوانینێکی هاوتەبای ئیجابی، کە شێوەیەکی پێشکەوتنخوازی بیر و باوەڕ و پەیڕەو و کارڕایی ئەوتۆ بێ و ببێتە پێکهاتەیەکی دەگمەن بۆ بەرژەوەندی گەلی ئێران.

ئەم بڕگانەی پرۆژە و بڕیار و ئامانج و بەرنامەی سیاسی لە ڕەشنووسی دەستووری ئەنجومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێراندا، نوێنەرایەتیی ڕەوانگەی سیاسیی گشتی پەسند کردنی هەڵبژاردنی ئەیدیۆلۆژیای دیموکراسییە بەرەو هێنانە دی ئامانجەکانی گەل و ڕزگار کردنی لەو

باره ناڕەحەتەی گوزەران، کە بە هۆی ئاوێتە بوونی توندڕەوی و چەوتیی ڕەوتی خومەینی و دەست و پەیوەند و مەلا خۆسەپێنەرەکان بەسەر بارودۆخی ئێران و ڕەنگدانەوەی پێوانەکانی کەڵەکە بوونی سلبیی مێژووی جۆرەها سەردەم، کە بەسەر گەلی ئێراندا هاتووە.

هەروەک ئەو پرۆژانە گرنگییەکی بێ پایانیان هەیە، بەرنامەی سیاسیش وەک نەخشەڕێی ماوەی گواستنەوە وایە. لەگەڵ دەرچوونی دەستووری بەردەوام و هەڵبژاردنی یاساییدا کۆتایی بە ڕۆڵی ئەو بەرنامەیە دێنێ، ئەو هەڵبژاردنە بە شێوەیەکی دیموکراتی دەبێ و بەدەنگ ئامانج و پێویستییەکانی جەماوەر و دەوڵەتی ئێرانەوە دێ، بە هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان و راپەڕاندن و دادەوریییەوە، بە مەبەستی خستنە رووی رووە پرشنگدارەکەی میکانیزمی بەرنامە سیاسییەکە.



کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران

لێرەدا تەواوی بەستی یەکەمی ئەو بەرنامەیە، کە بریتییە لە (٧) بەند، دەخەینە بەرچاو:

١. حکوومەتی کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی ئێران، حکوومەتێکی کاتییە و ئەرکە سەرەکییەکەی ئەوەیە کە دەسەڵات بخاتە ژێر دەستی گەل و دەسەڵاتی میللی نیشتیمانیی نوێ دابین بکات. بە پێکهێنانی (ئەنجوومەنی دامەزرێنەران یا ئەنجوومەنی یاسادانەری نیشتیمانی) ئەرکی گواستنەوەی دەسەڵات کۆتایی پێ دێت، ئەم ئەنجوومەنەش ئەو پەڕەکەی دەبێ لە ماوەی (٦) مانگی پاش روخاندنی رژێمی خومەینی و مەلاکانی، دوای ئەو لە رێگای هەڵبژاردنی ئازاد و راپرسیی گشتیی و راستەوخۆ و یەکسان و نهێنییەوە بێتە کایەوە، پاش ئەوەی ئەنجوومەن ئامادەی دەست لە کار گیرکردنی رادەگەیەنێ، ئەوا سەرۆک وەزیرانی حکوومەتە





کاتییەکەی کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی ئێران داواکاریی دەست لە کار کێشانەوە ئاراستەی ئەنجوومەنە نوێکە دەکات.

٢. پاش رووخاندنی رژێمی دژە گەلی، کە مافە رەواکانی گەلی ئێرانی زەوت کرد و دەسەڵاتی لە دەست گەل دەرکرد، حکوومەتی کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی ئێران داوا لە (ئەنجوومەنی دامەزرێنەران) دەکات کە لە رێگای هەڵبژاردنی ئازادەوە دامەزراوە داوای دیاری کردنی رژێمی شەرعیی نوێ دەکات و کار کردن لە پێناو دارشتنی دەستوور. ناوی تەواوەتی ئەنجوومەنیش (ئەنجوومەنی دامەزرێنەران و یاسادانانی نیشتیمانی) دەبێ، یەکەم ئەرکی دارشتن و دیاری کردنی رژێمی کۆماریی نوێیە. ئەرکی دووەمیش یاسادانان بۆ بەڕێوە بردنی کاروباری ئیستای وڵات تا ئەو کاتەی یەکەم ئەنجوومەنی یاسادانانی نیشتیمانی بە گوێرەی دەستووری نوێی وڵات دابنێ. بەم پێیە ئەڵبەتە ئەرکی سێیەمی، دانانی حکوومەتێکە کە پاش دەست کێشانەوەی حکوومەتە کاتییەکەی کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی ئێران کاروباری وڵات بەڕێوەبەرێ، چوارەم ئەرکیش چاودێری کردنی بەڕێوە بردنی کاروباری وڵاتە.

٣. ماوەی بەردەوام بوونی نوێنەرایەتی هەردوو ئەنجوومەنی دامەزرێنەران و یاسادانانی نیشتیمانی لە دوو ساڵ زیاتر نابێ و دەبێ دارشتنی دەستووری نوێ، بە شێوەیەک کە دامەزراوە نوێیە سەرەکییەکانی (مەبەست دامەزراوەکانی هەردوو دەسەڵاتی راپەڕاندن و دادوەرییە) لە ماوەی دوو ساڵدا دابین بن.

٤. لەبەر ئەوەی سەرکەوتنی ئەم (ئەنجوومەنی دامەزرێنەران)ـە لە بواری رەوتی سەربەستی و سەرفرازی راستەقینەوە بەندە بە پاک بوونەوەی لە پاشماوەکانی شای ئێران و خومەینی و هێز و ئەو حیزبانەی سەر بەوان، بۆ دڵنیا بوون لە گونجاویی کاندیدانی هەڵبژاردن بەوە دەبێ، کە پێش وەختە لەو دوو لایەنە بکۆڵدرێتەوە، مەرجی ئەو لێکۆڵینەوەیە لە رێگای لایەنێکی بێلایەنەوە بکرێ. بە هەر حاڵ، گەر پێویست بوو لە رێگای دادگاوە.

٥. لە ماوەی گواستنەوەی دەسەڵاتدا تەواوی شوێن و پلە و پایە و بەرپرسێتی و دامەزراوەکان بە سیفەتێکی کاتین و دەسەڵاتیان تا دابین کردنی شوێن و پلە و بەرپرسێتی دەزگا و دامەزراوە تازەکانە.

٦. بەرپرسێتیی بەڕێز مەسعوود رەجەوی وەک سەرۆکی ئەنجوومەن و وەک دەمڕاست و بەرپرسی پێکهێنانی حکوومەتی کاتیی کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی ئێران بەرپرسییەکی کاتییە.

بەشی دووەم تێروانینی بنەرەتیی حکوومەت روون دەکاتەوە، کە رەوتی پیادە کردنی ئەو

حکوومەتە لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا روون دەکاتەوە، ئەو تێڕوانینەش بەم جۆرەیە:

—بەرهەڵستکاریی شەرعیی نیشتیمانی لە پێناوی گەیشتنە بە هێنانە دیی دەسەڵاتی میللی، ئازادی و سەربەخۆیی و دادوەریی کۆمەڵایەتی ئامانجی دەسەڵاتی میللین.

– ڕەوتی بەرهەڵستکاریی ئێران بە هێمای نیشتیمانی و دیموکراتی ناسراوە.

—نەفرەت کردن لە ڕژێمی شا لە بەردەم گەلدا، واتە خۆپاراستن لەو تراویلکەی پەرەپێدانەی کە ڕژێمی شای ئێران لە بەردەم گەلی ئێراندا نەخشەی دەکێشا، هەروەها دوورکەرتنەوە لە دەستەواژە ساختە و پووچەڵەکانی خومەینی، ئەڵبەتە پەرەپێدانی باسی ئێمە هاوپەیوەندی و تەبایی نێوان لایەنە ئابوورییەکان و ئازادی و ڕۆشنبیری و کرداری مرۆڤایەتی دەنوێنێ.

—یەکخستن و هاوپەیوەندی بیری ئازادی و سەبەخۆیی.

بەشی سێیەم بریتییە لە (بەندەکانی بەرنامەکە):

ئەم بیر و باوەڕانە وەک بەرنامەی حکوومەتی کاتی خرانە روو:

– سەربەخۆیی ئابووری و سیاسیی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری: سەپاندنی مافی سەرفرازی نیشتیمانی بەسەر هەموو داهات و سامانە سروشتییەکاندا و بایەخدان بە کشتوکاڵ، بەکارهێنانی تەکنولۆژیای پێشکەوتوو، هاوکات حکوومەتە کاتییەکە ڕەوتی سەرمایەداری و پاراستنی بازاڕی نیشتیمانی پەیڕەو دەکات و ڕێز دەگرێت لە موڵکایەتی تایبەت (خسوسی) و وەبەرهێنانی تاکە کەسی.

– ئازادیی تەواوەتی بیر و باوەڕ و ڕادەربڕین و قەدەغە کردنی هەموو جۆرەکانی چاودێری کردن و پشکنینی بیر و باوەڕ و ئازادیی تەواوەتی ڕۆژنامەگەری و حیزب و کۆبوونەوەو کۆمەڵە سیاسییەکان.

– یەکسانی و تەبایی مافی سیاسی و کۆمەڵایەتی گشت ڕۆڵەکانی گەلی ئێران، دەنگدانی گشتی تاکە ئامرازە بۆ شەرعیەتی سیاسی، بە واتایەکی تر ئەگەرچی راستییە زانستی و فەلسەفی و ئایدیۆلۆژییەکان بە هیچ جۆرێک ناچنە ژێر باری دەنگدانی دیموکراتییەوە، بەڵام هەمووان بەوە رازین کە لە سەرەتادا شەرعیەتی سیاسیی دیموکراتیانە لە ریی «ڕاپرسی و هەڵبژاردنی گشتییەوە» تێپەڕ دەبێ.

—یەکێتیی خاک و دەوڵەت و یەکێتیی نیشتیمانی لەسەر بنەمای هێنانە دیی مافی ڕەوای گشت پێکهات و بەش و نەتەوەکانی وڵاتەوە دێتە دی.





—ئەو سیاسەتەی لە بواری خاک و زەوی و زار و کێشەی دێهات و کرێکاران و دابین کردنی ڕادەیەکی شیاوی تەکنولۆژیای کشتوکاڵ و پێشکەش کردنی وامی بێ سوودی کشتوکاڵ و دابین کردنی ئاو و چاک کردنەوەی باری سیستەمی دێراو و فراوان کردنی زەوی و زاری کشتوکاڵ و ژیاندنەوە و چاک کردن و ژیاندنەوەی خاکی کشتوکاڵیی وڵات و پەروەردە کردنی کادیری فێرکار و ڕابەری کشتوکاڵ و دیاری کردنی داهاتوی تەواوەتی سیستەمی کشتوکاڵ کە بنەمایەکی زانستیانە پەیڕەو بکات و دابین کردنی خانووی شیاو بۆ نیشتەجێ کردنی دانیشتوانی دێهاتەکان و سوور بوون لە ئاست دابین کردنی تەئمینات و لایەنی پزیشکی بۆ خەڵکی دێهات و فراوان کردنی تۆڕی غاز و کارەبا و هێڵی ئاسنین و ڕێگاوبان بۆ دێهاتەکان و دابین کردنی خانوو، گواستنەوە و هاتوچۆ و لایەنی تەندروستی بۆ تەواوی چینی کرێکار و کردنەوەی دایەنگە و باخچەی منداڵان و دابین کردنی ڕاهێنانی پیشەیی و هونەری بۆ کرێکارە ناکارامەکان.

—خوێندنی باڵا و ڕۆشنبیری و سەربەخۆیی تەواوەتی زانکۆ و پەیمانگە باڵاکان و کار کردن بەرەو نەهێشتنی نەخوێندەواری و ئاساواری نەفامی کە میراتی ڕژێمی شای ئێران و خومەینییە، لەگەڵ ئەوەشدا بایەخدان بە وەرزش و پەروەردەی جەستەیی بە مەبەستی پاراستنی ساغ و سەلامەتی وزەی گشتی و هاوسەنگی نێوان پەروەردەی جەستەیی و ژینگەدا و بانگ کردنی خوێندکار و ماموستایانی زانکۆ بە مەبەستی خزمەت کردنی گەل و نیشتیمانەکەیان و دابین کردنی پێداویستییەکانی خوێندن و زانستیی پێویست.

—زەمان و خۆشگوزەرانیی کۆمەڵایەتی: باوەڕمان وایە کە پاشکەوت کردنی پێداویستییە ماددییە پێویستیەکان خۆی لە خۆیدا پێداویستی پرۆسەی گەشە کردنی پێویست و پاڵ پێوەنەرە باڵاکانە.

—بەرفراوان کردنی لایەنەکانی زەمانیی گشتگیر بۆ گشت بەشەکان و داشکاندنی باجی ناڕاستەوخۆی بەسەر بابەتە بنەڕەتییەکانی پێداویستی جەماوەری گەلدا سەپێندراو و دابین کردنی پێویستییەکانی ژیان و نیشتەجێ بوون و خوێندن بۆ مووچەخۆرە بچووکەکانی حکوومەت و فێرکار و ماموستا و گەشە کردنی جۆریی خۆراکی گشتی.. تاد.

سیاسەتی دەرەوە: سیاسەتی دەرەوەی حکوومەتی کاتیی کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای سەروەری و بێلایەنی و پاراستی ئاو و خاک و نیشتیمان و پێکەوە گوزەران کردن و هاریکاریی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی و دەست تێوەرنەدانی کاروباری ناوخۆیی دەوڵەتانی تر و بوار نەدان بە دەوڵەتانی تر کە دەست لە کاروباری ناوخۆی وڵاتەوە نەدەن و ڕێزنان لە پەیمانی نێودەوڵەتی و جاڕنامەی گەردوونیی مافی مرۆڤ.

ئەڵبەتە بۆ سوودی زیاتر لەم بابەتە دەقی پرۆژەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی بەرهەڵستكارانی ئێران- دەقە تایبەتییەكەی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی بۆ كوردستان بڵاو دەكەینەوە، كە بە تەواوی دەنگەكان لە تشرینی یەكەمی ساڵی ١٩٨٣دا پەسند كرا، پرۆژەكە بریتییە لە پێشەكییەك و دوازدە ماددە.

**گەڵاڵەی خود موختاری بۆ كـــوردستـــانی ئێران**

<u>بیرە گشتییەكان:</u>

- لەبەر ئەوەی شۆڕشی گەلی ئێران (ئازادی و سەرفرازی) وەك دوو مەبدەئی پێكەوە لكاو دوویات دەكات،

- لەبەر ئەوەی ئەنجوومەنی نیشتیمانی بەرهەڵستكاران سوورە لە ئاست روخاندنی رژێمی خومەینی و دامەزراندنی سیستەمێكی سیاسی پشت بەستوو بە خواست و دەسەڵاتی گەل،

-لەبەر ئەوەی پێكهێنانی حكومەتێكی پشت بەستوو بە ویست و دەسەڵاتی گەل لە ئێران پێویستیی بە دابین كردنی و دەستەبەر كردنی شێوە و پێداویستەكانی بەشداری كردنی جەماوەر لە بڕیاردان و جێبەجێ كردنی بڕیارەكان هەیە،

-لەبەر ئەوەی بەشداری كردنی جەماوەری گەل لە بڕیاردان و جێبەجێ كردنی بڕیارە سیاسی و ئابووری و رۆشنبیری و كۆمەڵایەتییەكان مەرجی پێویستە بۆ دابین كردنی دیموكراتیەت لە هەر وڵاتێك،

ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستكاران بە مەبەستی دابین كردن و بەهێزتر كردنی دەسەڵاتی گەل و تەواوەتی یەكپارچەیی خاك و یەكێتیی نیشتیمانیی وڵات و لەبەر خەباتی رەوای گەلی كوردستان لە پێناو هێنانە دیی دیموكراتیەت بۆ ئێران و خود موختاری (ئۆتۆنۆمی) بۆ كوردستان و بە مەبەستی نەهێشتنی ستەمی دووچەندانە بەسەر نەتەوەی كوردی چەوساوەوە، ئەم پرۆژەیە رادەگەیەنێت. ئەم پرۆژەیە لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستكاران و حكومەتی دیموكراتیی ئیسلامیی ئێران و ئەركەكانی حكومەتی كاتی جێبەجێ دەكرێت و بە تایبەت «بە گوێرەی بنەمای ماددەی ٣ی ئەركەكانی حكومەتی كاتی لەسەر بنەمای كۆتایی هێنان بە جەنگی ناڕەوای دژ بە خەڵكی كوردستانی ئێران، بە راگەیاندنی خودموختاری لە چوارچێوەی یەكپارچەیی و تەواوەتی و كۆشش كردن بۆ نەهێشتنی شوێنەواری ئەم جەنگە» ئامادە و پەسند كراوە و بەرنامەی كاری داهاتووی حكومەتی كاتییە دەربارەی خود موختاریی كوردستان.





حكومەتە كاتییەكەی كۆماری دیموكراتیی ئیسلامیی ئێران چۆنییەتیی جێبەجێ كردنی ئەم پرۆژەیە روون دەكاتەوە. حكومەتی كاتی بەرپرسە لە جێبەجێ كردنی پرۆژەكە و هەوڵی پێویست بۆ جێبەجێ كردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە دەدات:

١. ناوچەی خودموختار تەواوی كوردستانی ئێران دەگرێتەوە، دیاری كردنی سنووری جوگرافیی ناوچەكە لە رێگای راپرسیی ناوچە كوردنشینەكانی وڵاتەوە دەبێ.

٢. ئۆرگانی یاسادانەر بۆ كاروباری ناوخۆیی ناوچەی خودموختار، ئەنجومەنی باڵای كوردستانە كە ئەندامانی لە ڕێگای هەڵبژاردنی ئازاد و یەكسان و نهێنی دەردەكەون، یاسا گشتییەكانی كۆماری پێویستە لە ناوچەی خودموختار جێبەجێ بكرێن. ناشێ بڕیارەكانی ئەنجوومەنی باڵای كوردستان بە پێچەوانەی یاسا گشتییەكانی كۆماری بێ.

٣. دامەزراوەكانی خودموختاری تەواوی كاروباری ناوچەی خودموختاری كوردستان بەڕێوە دەبا، جگە لە ماددەی ٥ كە لە سنووری دەسەڵاتەكانی حكومەتی ناوەندیدایە.. دیاری كردنی دامەزراوەی هەرە باڵا بۆ بەڕێوە بردنی كاروبارەكان و چاودێری كردنی چالاكییەكانیاندا لە ئەستۆی ئەنجوومەنی باڵای كوردستانە.

٤. دامەزراوەكانی خود موختاری ئاسایشی ناوخۆیی ناوچەی خودموختار لە رێگای هێزێكی شیاو و بە گوێرەی ماددەی ٢ی ئەم پرۆژەیە بەڕێوە دەبات.

٥. كاروباری سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییەكانی دەرەوە و ئاسایشی سەراسەریی كۆماری و بەرگری كردنی نیشتیمانی (كە پاراستنی سنوور و یەكپارچەیی خاك و یەكگرتویی كۆمار دەگرێتەوە) لە سەلاحییەتی حكومەتی ناوەندیدایە. سوپا بۆی نییە دەست لە كاروباری ناوچەی خود موختاری كوردستان وەربدات. لەوەدا وەك ناوچەكانی تری وڵات كە سوپا بۆی نییە دەست لە كاروباری ئاسایشی ناوخۆییەوە وەربدات.

٦. كاروباری بازرگانیی دەرەوە و گومرگ و دانانی سیستەمی دارایی و باری دراوی وڵات و ئەركەكانی بانكی ناوەندی و رێكخستنی بودجەی گشتی و بەرنامە ئابوورییە گرنگ و سەراسەرییەكان كە پێویستیان بە سەرمایەیەكی زۆرە، لە ژێر دەسەڵات و بەرپرسێتی حكوومەتی ناوەندیدا دەبێت.

دامەزراوەكانی ناوچەی خودموختار بەرپرسێتی لایەنە ئابوورییەكانی تری ناوچەی خودموختاری بەڕێوە دەبەن، بەڵام لەبەر گرنگێتی داهات و سامانە گشتییەكانی وڵات كە گرینگیی سەراسەرییان هەیە ئەوا لە ژێر دەسەڵات و بەرپرسێتی حكومەتی ناوەندیدا دەبن تا بۆ بەرژەوەندی سەرجەم خەڵكی ئێران بەكار بهێندرێن. دامەزراوەكانی ناوچەی خود موختار

هاوکاریی حکومەتی ناوەندی دەکەن لە سوود وەرگرتن لە سەرچاوە و سامانە گشتییەکان..

٧. زمانی کوردی زمانی فەرمیی خوێندن و نامەی ناوخۆیی ناوچەی خودموختاری دەبێ و بە شێوەیەکی فەرمی مافی خوێندن لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا بە زمانی کوردی دەبێ لە ناوچەی خودموختاردا.

وەک ناوچەکانی تری ئێران، لە ناوچەی خود موختاری کوردستانیش زمانی فارسی زمانی فەرمییە و لە تەک زمانی کوردیدا دەخوێندرێ..

نامە گۆڕینەوەی نێوان ناوچەی خودموختار و ناوەند یا شوێنەکانی تری ئێران، هەروەها دامەزراوەکانی سەر بە حکومەتی ناوەندی لە ناوچەی خود موختار بە زمانی فارسی دەبێت.

سەرجەم دانیشتووانی ناوچەی خود موختاری کوردستان، ئەوانەی کورد نین مافی ئەوەیان هەیە بە زمانی خۆیان بخوێنین و کەلتووری خۆیان پەیڕەو بکەن.

٨. گشت ماف و ئازادییەکان، ئەوانەی لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤ و پەیمانە نێودەوڵەتیەکاندا هاتووە، لەوانە: ئازادیی را و رادەبڕین، ئازادیی رۆژنامەنووسی، ئازادیی پێکهێنانی حیزب و رێکخراوی سیاسی، یەکێتی و ئەنجوومەنی کرێکاری و جووتیاری و پیشەیی، کۆمەڵە دیموکراتییەکان، مافی هەڵبژاردنی کار و شوێنی نیشتەجێ بوون و ئازادیی ئایینی و مەزهەب، وەک ناوچەکانی تری ئێران لە ناوچەی خود موختاریش زامن دەکرێن. سەرجەم دانیشتووانی کوردستان بە پیاو و ئافرەتەوە هەروەک دانیشتووانی ناوچەکانی تری ئێران بە بێ جیاوازی لە بواری رەگەزی و قەومی و ئایینی، یەکسانن لە مافی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی و رۆشنبیریدا.

٩. لە تەواوی ناوچەکانی کۆماریدا یەک سیستەمی دادوەری پەیڕەو دەکرێت، دادگاکانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی بە پێی هەمان یاسا بە دەنگ سکاڵاکانەوە دەچن، جگە لەو یاسایانەی کە ئەنجوومەنی باڵای کوردستان دایان دەنێ.

هێزەکانی ئاسایشی ناوچەی خود موختار وەک ئەوانەی ناوچەکانی تری وڵات دادوەری دەپارێزن و پەیوەستی جێبەجێ کردنی بەندەکانی یاسا و فەرمان و بڕیارەکانی دادگاکان و بەرپرسانی دادوەری دەبن.

١٠. دامەزراوەکانی ناوچەی خودموختار بۆیان نییە دەست لەو کاروبارانە وەردەن کە لە ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ناوەندیدان و دەبێ هاریکاریی حکومەتی مەرکەزی بکەن تا ئەرکەکانی خۆیان لە ناوچانەکەدا ئەنجام بدەن، هەروەها حکومەتی مەرکەزی و داو و دەزگاکانی بۆیان





نییە دەست لەو کارانە وەربدەن کە لە ژێر دەسەڵاتی دامەزراوەکانی ناوچەی خود موختاردان. دەبێ هارکاریی داو و دەزگاکانی ناوچەی خودموختار بکات بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانیان.

١١. ئەرکی حکومەتی ناوەندییە کە بە مەبەستی گەشەپێدانی خێرای ناوچە دواکەوتووەکانی وڵات ئەوا بەشێکی زیاتری داهاتی گشتیی وڵات بۆ نەهێشتنی دواکەوتوویی ناوچەی خودموختاری کوردستان تەرخان بکات.

١٢. بە پێی یاسا و بەبی هیچ جیاوازییەک هاونیشتیمانانی ناوچەی خود موختاری کوردستان وەک تەواوی هاونیشتیمانیانی خۆیان لە سەراسەری ئێران بەشداری دەکەن لە بەڕێوە بردنی کاروباری وڵاتدا.

**گەڵاڵەی پەیوەندیی نێوان حکوومەتی کاتی و ئایین و مەزهەب**

لەو باوەڕەدا کە دەسەڵاتی نیشتیمانی لە سەر بنەمای خواست و ویستی هاونیشتیمانیانەوە دێتە دی و سوور بوونی لە ئاست رووخاندنی رژێمی خومەینی کە بنەمای لەسەر دیکتاتۆریەتی ئایینی و کۆنەپەرستیی مەزهەبییە،

لەو باوەڕەشییەوە بە مافی دەنگدانی تەواوی گەل وەک بنەمایەکی یاسایی بۆ سیستەمی داهاتووی وڵات،

بە جەخت کردن لەسەر یەکسانیی مافە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی گشت رۆڵەکانی گەل و رەت کردنەوەی جیاوازیی رەگەزی (ئافرەت و پیاو) و قەومی و بیر و باوەڕ و تەنانەت هەموو هاونیشتیمانیان دوور لە بیر و باوەڕیان یەکسانن لە بەردەم یاسادا،

بە جەخت کردن لەسەر مسۆگەر کردنی مافی کەسان و کۆمەڵ وەک ئەوەی لە جاڕنامەی گەردوونیی مافەکانی مرۆڤدا هاتووە و لە ناویاندا، ئازادیی ئایین و مەزهەب و قەدەغە کردنی هەموو جۆرەکانی چاودێری کردن لەسەر بیر و باوەڕ، کە ئەمەش سەربەستییەکی پێویستە بۆ پاراستنی بەها و کەرامەتی مرۆڤ،

بە جەخت کردن لەسەر ئەوە کە وێڕای رێزگرتن لە هەموو ئایینەکان، هیچ جیاوازییەک لە نێوان ئایین و مەزهەبەکاندا ناکات و مافی تایبەتی بۆ هیچ کامیان دانانێت و هەموو جۆرەکانی جیاوازی دژ بە ئایین و مەزهەبە جیاجیاکان رەت دەکاتەوە،

ئەوا لە خوارەوە جۆری پەیوەندیی (حکوومەتی کاتی) کۆماری دیموکراتیی ئیسلامیی ئێران بە ئایین و مەزهەبەکانەوە لە چوارچێوەی «بەرنامەی حکوومەتی کاتی» و پەسند کراوەکانی پێشووی ئەم ئەنجوومەنە دەخاتە روو:

١. هەموو جۆرەکانی جیاوازی دژ بە باوەڕدارانی جۆرەها ئایین و مەزهەب قەدەغەیە، ئەمەش لە بواری مافەکانی کەسان و کۆمەڵدا.

هیچ هاونیشتیمانییەک بە هۆی پێڕەو کردنی دین و ئایینی جیاجیا بێبەش ناکرێت لە هەڵبژاردنەکان و مافی دەنگدان و دامەزراندن و خوێندەواری و گرتنی ئاستی دادوەری و مافە کەسایەتی و کۆمەڵایەتییەکان یاخود باج و ئیمتیاز وەرناگرێت.

٢. هەموو جۆرە فێرکارییەکی بە زۆرەملێی ئایین و بیروباوەڕ قەدەغەیە، هەروەها فەرز کردن یاخود ناپەسند کردنی هەر جۆرە رێ و رەسمێکی ئایینی. ئایینەکان مافی خوێندن و فێرکردن و راگەیاندنی مەزهەب و بیر و باوەڕی خۆیان و پەیڕەو کردنی رێ و رەسمی ئاینییان بە سەربەستی پارێزراوە و شوێنەکانیان بە تەواوی پارێزراو دەبێت.

٣. سەڵاحییەت و توانای کاربەدەستانی دەسەڵاتی دادوەری لەسەر بنەمای مەزهەبی و بیر و باوەڕیان نییە و ئەو یاسایانەی لە لایەن ناوەندی یاسادانەری وڵاتەوە دانەندرێن ئەوا هیچ توانا و شەرعیەتێکیان نابێ.

بە هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی کوشتنەوە (قساس) و حەد دیاری کردن و سزا و لۆمە کە رژێمی خومەینی نامرۆڤانە دایناون و سەپاندنی و هەڵوەشاندنەوەی ئەوەی پێی دەگوترا دادگای شۆڕش و دادگا شەرعییەکان، (کە ئەمانە دەچنە ژێر باری ئەرکەکانی حکوومەتی کاتییەوە) هەموو کارڕاییە دادوەرییەکان و بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی تاوان و یەکلایی کردنەوەی سکاڵاکان، لە چوارچێوەی دەزگایەکی دادوەریی کۆماریدا و لەسەر بنەمای پێوەرە ناسراوەکانی یاسا ئەنجام دەدرێت.

٤. قەدەغە کردن پشکنین و چاودێری کردنی کاروباری ئایین و و مەزهەب و بیر و باوەڕی کەسان، لە لایەن داو و دەزگاکانی حکوومەت و دامەزراوە گشتییەکانی سەر بە حکومەت بە هەر بیانوویەکەوە بێ.

٥. بە تەواوی کۆی دەنگەکان ئەم پرۆژەیە کە بریتییە لە پێشەکییەک و چوار بەند لە دانیشتنی رۆژی ١٢ی تشرینی دووهەمی ١٩٨٥دا لە لایەن ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانەوە پەسند کرا.

**گەڵاڵەی ئازادییەکانی ئافرەتان و مافەکانیان**

لە کۆبوونەوەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران لە رۆژانی ١٥و ١٦و ١٧ی مانگی نیسانی ساڵی ١٩٨٧دا گەڵاڵەیەک سەبارەت بە ئازادییەکانی ئافرەتان و مافەکانیان





پەسند کرا.. لەم زنجیرە کۆبوونەوەیەدا کە بە سەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکاران بەڕێز مەسعوود رەجەوی، بەسترا رێز نرا لە هەوڵ و تێکۆشانی ئافرەتانی موجاهید و خەباتگێڕی ئێرانی بۆ ئەو قوربانییە سەرسورهێنەر و خۆڕاگرانەیان بەرانبەر بە رژێمی دژ بەمرۆڤایەتی خومەینیدا نواندیان، کۆبوونەوەکە گەڵاڵەیەکی سەبارەت بە ئافرەتان پەسند کرد کە بەرنامەی کاری حکوومەتە کاتییەکەی پاش رووخاندنی رژێمی خومەینی دەبێت و.. دان بە مافەکانی ئافرەتدا دەنێ:

–مافی دەنگدان و خۆ کاندید کردن لە هەموو هەڵبژاردن و راپرسییەکاندا.

–مافی کار کردن و هەڵبژاردنی ئازادانەی کارو مافی وەرگرتنی هەموو پۆستەکانی کارکردن لە هەموو ئاستێکی گشتی و حکومیدا و لەوانەش سەرۆکایەتیی کۆمار و هەموو ئاستێکی دەسەڵاتی دادوەری.

–مافی چالاکیی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەو پەڕی سەربەستییەوە جگە لە مافی هات و چۆ کردن و سەفەر کردن بێ ئیزنی کەسانێکی تر.

–مافی هەڵبژاردنی ئازادانەی جل و بەرگ و پۆشش.

–مافی سوود وەرگرتن لە هەموو تواناکانی فێربوون و فێرکردن و وەرزش و هونەر و مافی بەشداری کردن لە هەموو پێشبرکێ وەرزشییەکان و چالاکییە هونەرییەکاندا.

–مافی یەکسانیی نێوان ئافرەت و پیاو لە وەرگرتنی مووچە و کرێ دەست، دامەزران و کار کردن بە بێ جیاوازی، سوودمەند بوونی یەکسان لە پشوودان و مووچەی خانەنشینی و پەککەوتن و وەرگرتنی دەرماڵەی منداڵ و هاوسەرێتی و بیمەی بێکاری، سوودمەند بوون لە مافەکان و ئاسانکاریی تایبەت بە تایبەت لە کاتی دووگیانی و بەخێو کردنی کۆرپە.

–سەربەستی تەواو بۆ هەڵبژاردنی هاوسەرو مافی هاوسەنگیی تەڵاق.

–پشتیوانی کردن لە بێوەژنان و ژنانی تەڵاقدراو و منداڵەکانیان کە سەرپەرستییان دەکەن، لە رێگای دەزگای دابین کردنی کۆمەڵایەتی وڵات.

**پێوانە وەرگیراوەکان**

پێوانە وەرگیراوەکان لە رەشنووسی دەستوور بە هەموو ئامانج و پرۆژەو بریارە داهێنراوەکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێرانەوە کە پشت بە فەلسەفەیەکی داهێنەر و کراوەوە دەبەستێ بە ئالییات و رەهەندەکانییەوە، بە واتایەکی تر، کاردانەوەی جێبەجێ کردنی خەباتی سلبی و ئیجابیە لە نێوان خۆسەپاندن و توندڕەویی و کەش و هەوای ئازاد و دیموکراسی.

روانگەی سیاسیی گشتیی و پەیڕەو کردنی ئایدیۆلۆژی و بنەمای تیۆریی جەدەلییەتی حوکم لەسەر ئەم کۆڵەکانە پشتگیر دەبێ:

–بنەماکانی بنکە یاساییەکانی دەستوور.

–نوێنەرایەتیی شەرعیی خواستی گەل.

–مەنتیقی ئایدیۆلۆژی و توانای دەربڕینی بۆچوونە گشتییەکانی کۆمەڵ، ئەم بنەما و بۆچوون و پێوانانە ئاشکران و لە ناوەرۆکی رەشنووسی دەستووری داهێنراودان، کە بنەمای باوەڕی رەها بە ئازادی و سەربەخۆیی و پاڵپێوەنەرە جوڵێنەرەکان پێک دەهێنن بۆ گۆڕانکاریی سیاسی.

بەهاکان هاوتەریبن لە فەلسەفەی دەستووردا، کە خواست و ویست و راستگۆیی خستنە بەر چاوی مەبدەئی تێدا بەدی دەکرێت و تەنانەت گەلە کۆمەکێی دژ بە خۆسەپێنی و ستەمکاری دادەهێنێ و پتەوی دەکات و سەنگی کاری شۆڕشگێرانەی خەباتی جەماوەری گەلی ئێران دەچەسپێنێ.

جێگری مەوزووعیی دیموکراتی دادەهێنێ کە پشت بە واتا هاوچەرخی و ناوەرۆکە پێشکەوتنخوازەکانی بنەما و بنکە دەستوورییەکانەوە دەبەستێ.. پێوانەی سەرەکیی دەرئەنجامەکانی دەستوور نوێنەرایەتیی تەواوەتی واقیع و باری دژایەتییەکانی گۆڕەپانی ئێرانە کە ناکۆکی سیاسیی پێوە دیارەو دیاردەی نائارامیی سیاسیی و کۆمەڵایەتییە.

باری کێشە سیاسییەکە زەوت کردنی خواستی گەلە و خەریک کردنێتی بە واهیمەی پرۆژەی (ویلایەتی فەقیە)ـەوە. هەر بۆیە گواستنەوەی دەسەڵات بۆ گەلی ئێران و دابین کردنی سەروەریی نیشتیمانیی و میللی لە بری دەسەڵاتی (ویلایەتی فەقیە) گرنگترین ئەرکەکانی دەستوور دەبێ.

هەروەها ئەو چوار پرۆژەیەی کە لە دەستووردا دانراون:

–پرۆژەی پەیوەندی حکوومەتە کاتییەکە بە ئایین و مەزهەبەوە.

–پرۆژەی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستان.

–پرۆژەی ماف و سەربەستیی ئافرەت.

–پرۆژەی هێنانەدیی ئاشتیی بەردەوام لەنێوان ئێران و عێراقدا.

کە ئەمانە چارەسەری عاقڵانەی تەنگ و چەڵەمە و دژایەتییە دژوارەکانی تێدا بەدی دەکرێت، لایەنە ئیجابییە باشەکانی لە بواری جێبەجێ کردنی عەمەلیدا دەردەکەون، بەم واتا بەرزانەشەوە، دەستوور جیاوازییەکی هاوچەرخیی بەخۆیەوە دەبینێ و هەنگاو بەسەر تەنگ





و چەڵەمە و قەیران و کێشەکاندا هەڵدێنێ و هەر خۆشی هێمای پەیوەندیی کۆمەڵایەتی پێداویستەکان لە نموونەی حوکمی کۆماری دیمۆکراتیی ئیسلامیی ئێراندا وەدی دەهێنێ. ئەم پێوانانە هێمایەکی تایبەتییان هەیە بەتایبەتی لە پرۆژەی خودموختاری بۆ کوردستانی ئێران، کە جێبەجێ کردنی سەرەتای چەرخێکی پەیوەندی هاوتەبای نوێ دێنێتە کایەوە و پێکهاتە کۆمەڵایەتی و نەتەوەییەکانی تەواوی ئێران لێک نزیک دەکاتەوە و بەهاکانی خۆشەویستی و برایەتی و ناسنامەی هاونیشتیمانێتی دەچەسپێنێ، دوور لە چەوساندنەوە و جیاوازی و ناکۆکی و زۆرانبازی و دژایەتی. ئەمەش ئیمتیاز و وەبەرهێنانێکە بۆ ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران و بە تایبەتی بۆ بەڕێز مەسعوود رەجەوی سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکاران. بە هەوڵ و کۆششی بەردەوام و شەونخوونی و سوور بوونی لە ئاست پێشکەش کردنی هەرە باشتر و بە درێژایی ساڵانی خەبات و تێکۆشانی درێژخایانی و سەرکردایەتی کردنی بۆ رێکخراوی موجاهیدینی خەلق و سەرۆکایەتی کردنی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران، کە دەرئەنجام رەشنووسی دەستوورە داهێنراوە کە هاتە کایەوە، کە مایەی دەستخۆشی و پێشوازی کردن و سوپاسی هەموو شەرەفمەندان و ئازادیخوازانی کورد و رۆڵەی نەتەوەکانی ترە. ئەوانەی کە باوەڕی تەواویان بە مافی مرۆڤ هەیە و دان بە تایبەتیمەندی بەرانبەردا دێنن و کۆکن لە ئاست ئەوەی جیاوازی دەوڵەمەندی مرۆڤایەتی و رۆشنبیریی دەگەیەنی بەرەو کۆمەڵگایەکی دیموکراتی و ژیانی مەدەنیی داوا کراو.

لە ئاست داهاتە شارستانییەکان و ئەو ئاڵوگۆڕانەی لەبواری بەهاو واتاکاندا روویان دا، دەبێ هەڵتەکاندنێکی بیر و زهنییەت بکرێت و بەرەو بیر و باوەڕی رووناکبیری ئاراستە بکرێت کە دەسەڵاتە کۆنەپەرستەکان بە جۆرەها بیانوو زەوتیان دەکرد.

سڵاوێک ئاراستەی مەسعوود رەجەوی و هەموو ئەو خێرخوازانەی سەرکردایەتییان دەکات بەرەو رزگاربوونی تەواوەتی لە دەست شەڕخوازیی ئەختەبووتی مەلا حوکمڕانە ستەمکارەکانی ئێران. موژدەی سەرکەوتنی لایەنی رەوا بەسەر ناڕەوادا نزیکە و هاکا بێتە دی، تاقی کردنەوە و ئەزموونی دان بەخۆدا گرتنی موجاهیدین گەیشتە بوار و دوا هەنگاوی و، رووخاندنی دەسەڵاتی مەلاکان شتێکی بڕاوە و حەتمییە، ئەوەتا خەبات و تێکۆشانی موجاهیدە قارەمانەکان لەتەک هەموو هێزە خێرخوازەکانی ئێراندا، چارەنووس و خواست و هێزەکانی لە تای ترازووی تاقی کردنەوەدا داناوە کە هەرگیز لە بواری حەق و داددا هەڵە ناکات، شایانی باسە (د. بەنی سەدر) رەشنووسی دەستووری ئیمزا کرد، بەڵام کاتێک سەرۆک کۆمار بوو لەو کاتەدا کە شۆڕشی کوردی ئێران لە ماوەی جەنگی نێوان عێراق ئێراندا لە ئارادا بوو گوتی تا بە تەواوەتی شۆڕشگێڕە کوردەکان بنبڕ نەکات پێڵاوەکەی داناکەنێ.

دەسا سەیری ئەو دوو هەڵویستە دژوارە بکەن چەند جیاوازە (ئەم زانیارییەم لە بەرپرسی لیژنەی کاری ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران بەڕێز «عەباس داوەری»یەوە وەرگرتووە).

## ٢- پێگەی یاسایی بوونی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران و پاراستنی

پاش ئەوەی لە لایەن خومەینییەوە خەباتی چەکدارانە بەسەر بەرهەڵستکارانی ئێران و ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق سەپێندرا و ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران بەرەو فەرەنسا گواسترایەوە و وەک ئەنجامێک بۆ گوشاری دەوڵەتانی ئەوروپا بە سەر بەرهەڵستکارانی ئێرانەوە و نزیک بوونەوەی نێوان سەرکردایەتیی بەرهەڵستکاران و حکوومەتی عێراق، پاش بانگەوازی پرۆژەی ئاشتی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران و بانگەشەی حکوومەتی عێراق، کە ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە عێراقدا ئۆقرە بگرن، کە کەلەبەرێکی جیۆپۆلیتیکییە بۆ بەربەرەکانی کردنی ڕژێمی مەلاکان و ڕووخاندنی و دابین کردنی جێگری دیموکراتی..

بەم پێیە بوو نیشتەجێ بوون مەسەلەیەکی یاساییە و لەسەر داواکارییەکی فەرمیی حکوومەتی ئەوسای عێراق بووە و لە ژێر ڕۆشنایی سنوور و مەرجی هاوتای نیوان هەردوو لا، کە دەست لە کاری ناوخۆیی یەکتر وەرنەدەن..

لەوەو دواش ئەو بوونە بەپێی یاسا نیودەوڵەتییەکان و ڕێککەوتننامەی چوارەمی ژنێڤ، ئەوەی شایانی باسە بە درێژایی ماوەی بوونی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران لە عێراق بە هیچ شێوەیەک دەستی لە کاروباری ناوخۆیی عێراقەوە نەداوە، هەمیشە کردارە سیاسیی و عەسکەرییەکانی بێلایەن بوون و مەبەستی سەرەکیی ڕووخاندنی مەلا حوکمڕانەکانی ئێران بووە.

لێرەشدا چۆنێتی یاسایی بوونی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە عێراقدا و وەدەست هێنانی پاراستن و بوونی بە سەرخاکی عێراقەوە دەخەینە ڕوو.

### چـۆنێتی حزووری ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لەعێراقدا

ئەلف. لە ساڵی ١٩٨٤دا وەزیری کاروباری دەرەوەی عێراق نامەیەکی فەرمیی ئاڕاستەی سەرۆکی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران کرد کە هاوکات سەرۆکی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران بوو، ئەو نامەیە بانگەشەیەکی کراوە بوو بۆ گواستنەوە بەرەو عێراق و لە هەر کاتێکدا بە پێویست زانرا بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی.





ب. لە ساڵی ١٩٨٣دا ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێران پرۆژەی ئاشتیی نێوان عێراق و ئێرانی خستە ڕوو. حکوومەتی عێراق لە ڕێگای یاداشتنامەیەکەوە ڕەزامەندی خۆی دەربڕی کە وتووێژی ئاشتیی نێوان هەر دوو وڵات دەست پێ بکات.

لەوەو دواش ئەو پرۆژەیە لە لایەن زیاتر لە (٥٠٠٠) کەسایەتی سیاسیی و پەرلەمانی، کە هەندێکیان ئەندامی کۆنگریسی ئەمریکا بوون پشتگیری کرا تەنانەت سەرەک وەزیرانی بەریتانیا تۆنی بلێر و وەزیری دەرەوەی بەریتانیا جاک ستراو لایەنگیریی ئەو پرۆژەیەیان کرد.

ج. پشت بەو داوکارییەی (بڕگەی ئەلف)و ڕێککەوتننامەکە (بڕگەی ٢) لەساڵی ١٩٨٦دا ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران بە مەبەستی هێنانە دیی دروشمی ئاشتی و سەربەستیی لەپاریسەوە هاتن بۆ عێراق.

لە حوزەیرانی ١٩٨٦دا دەسەڵاتە فەرمییەکانی عێراق سەربەخۆیی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقیان ڕاگەیاند لە بواری سیاسیی و ئابووری و بیروباوەڕ (سەرکردایەتیی عێراق ڕێز لە سەربەخۆیی سیاسی و ئابووری و بیر و باوەڕی موجاهیدینی خەلق دەگرێت، هاوکات ڕێز لە ئازادیی کارو کردار و جموجۆڵەکانی ڕێکخراوەکە دەگرێت بەرەو گەیشتن بە ئامانجەکانی).

### دان پێدانانی نێودەوڵەتی بە پێگەی یاسایی موجاهیدینی خەلق

بە شێوەیەکی فەرمیی هێزەکانی هاوپەیمانان دانیان بە پێگەی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێراندا ناو و بە قەوارەیەکی سەربەخۆیان لەقەڵەم دا کە مافی سەروەری و بڕیاردانی هەیە وەک دەوڵەتێک لە هەندەران.

ئەو دان پیدانانە بەپێی بەڵگەنامەیەکی ڕاگرتنی تەقە بوو لە نێوان سەرکردایەتیی سوپای ئەوسای ئەمریکا و نوێنەری ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران کە لە نیسانی ساڵی ٢٠٠٣ مۆر کرا. ئەو بەڵگەنامەیە ڕاستگۆیی و پابەند بوونی هەردوو لا، واتە هێزەکانی هاوپەیمانان و بەرهەڵستکارانی ئێرانی سەلماند و.. تا ئیستا بەکارە. هەروەک بەیاننامەی (سەنت کام) و سەرکردایەتیی هێزەکانی هاوپەیمانان دەیخەنە ڕوو، ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران ٢٠ هەزار تەن تفاق و تەقەمەنی و ٢٠ هەزار جۆر چەکی سووک و قورس و مام ناوەندی و لەگەڵ ئەوانەشدا تانکەکانیشی تەسلیم بە هێزەکانی هاوپەیمانان دەکات بە مەبەستی دابین کردنی پێداویستییە ئاسایشییەکان، ئەوەش وەک کارێکی ئارەزوومەندانە و بە نیازێکی پاکەوە کە مایەی ڕەزامەندی و ستایش فەرماندەی ئەوسای هێزەکانی ئەمریکا بوو کە هەر خۆشی بەرپرسی وتووێژەکانی چەک کردن بوو.

لەکاتی خۆیدا ئەو بەڵگەنامەیە لە ڕۆژنامەکاندا بڵاو کرایەوە.

**لێکۆڵینەوەیەکی نیودەوڵەتی پاکانەی هەر ئاماژەیەکی تیرۆر دەکات لە دژی موجاهیدین**

لە ٢٧ تەمووزی ٢٠٠٤ رۆژنامەی نیویۆرک تایمز نووسی: لێپراسراوە باڵاکانی ئەمریکا دەڵێن لە ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانەی لە ماوەی ١٦ مانگی رابردوودا کراون وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (هیچ) ئاماژەیەکی وەدەست نەهێناوە بۆ تاوانبار کردن موجاهیدین بە تاوانی تیرۆر، تەنانەت ئەو تاوانە نەخراوەتە پاڵ هیچ ئەندامێکی ئەو کۆمەڵەیەش.

<u>بەیاننامەیەکی فەرماندەی هێزەکانی فرەرەگەزەکان لە عێراق</u>

ئیعتراف بە پێگەی یاسایی موجاهیدینی ٢ی تەمووزی ٢٠٠٦:

بـۆ دانیشتووانی ئەشرف.....

وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئێوەی وەک (کەسانێکی پارێزراو) پەسند کرد و رێککەوتننامەی چوارەمی ژنێڤ دەتانگرێتەوە، تەنانەت لیژنەی نێودەوڵەتیی خاچی سوور لە ژنێڤ سەبارەت بە دیاری کردنی پێگەی ئێوە ئاگادار کرایەوە.

دووپات کردنەوەی ئەو پێگەیە، دەبێتە هۆی گورج کردنەوەی هەوڵ و کوششی لیژنەی نێودەوڵەتی خاچی سوور و کۆمیسیۆنی باڵای پەنابەرانی سەر بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بەرەو یەکلایی کردنەوەی پێگەی کەسان و بە پێی یاسا پەیوەندیدارە نێودەوڵەتییەکان.

**دادگاکان ناوی موجاهیدینی خەلق لە لیستی تیرۆر دەکوژێننەوە**

<u>بەریتانیا:</u>

لە ساڵی ٢٠٠١ حکومەتی بەریتانیا و ساڵێک دواتریش یەکێتی ئەورووپا ناوی موجاهیدینی خەلقیان خستە ناو لیستی رێکخراوە تیرۆریستییەکانی خۆیان. بەم جۆرە چالاکی و داراییەکانی ئەو رێکخراوە نەیارە سەرەکییەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی قفڵ درا. هەر لە سەرەتاشەوە ئەم ناودێر کردنە شوێن پەنجەی ئێرانی پێوە دیار بوو بە هۆی سیاسەتی موساوەمەی ئەو دەوڵەتانە بەرانبەر بە ئێران. سەرباری ئەوەی رێکخراوی موجاهیدین لە عێراق و وڵاتانی رۆژئاوا کەوتبووە بەر پەلاماری سەربازی و پیلانی سیاسی حکومەتی کۆنەپەرستی مەلاکان و حکومەتانی موساومەکاری رۆژئاوا بە مەبەستی لەناو بردنی، ئەم رێکخراوە خۆی بە دەستەوە نەدا و بەرانبەریان وەستا و بژاردەی بەرخۆدانی دایە بەرخۆی بەرێگەی دادگا و یاساوە و هاوکات شەقام و پەرلەمانەکانی وڵاتانی ئەورووپی هێنایە دەنگ بە سوودی کێشەکەیان و سڕینەوەی ناویان لە لیستی رەشی تیرۆر. هەر ئەوەش بووە هۆکاری سەرکەوتنی لە دادگاکاندا:

سەر لە بەیانیی رۆژی ٧ی ئایاری ٢٠٠٨ دادگای پێداچوونەوەی بەریتانیا بە سەرۆکایەتیی





دادوەر فیلیپس بڕیاری رەت کردنەوەی داواکاریی وەزیری ناوخۆی بەریتانیای سەبارەت بە ئیستیئناف کردنی بڕیاری ٣٠ی تشرینی دووەمی ٢٠٠٧ ی لیژنەی ئیستیئنافی رێکخراوە قەدەغە کراوەکان لە بەریتانیای (بونک) دەرکرد، ئەو بڕیارە بەکار دەبێ بۆ لابردنی ناوی رێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران لە لیستی تیرۆردا، تەنانەت ناشێ داوای تەمییز کردنی ئەو بڕیارە بکرێ. دادگای «بونک» ئەوەی راگەیاند کە رێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە کاری تیرۆریستانەوە نەگلاوە و ئەو تاوانەی خرایە پاڵ ئەو رێکخراوە راست نییە و بە هۆی موساوەمە و ریایی کردنی دەسەڵاتی مەلا حوکمڕانەکانی ئێرانەوە بووە، کە ئەمەش زیانێکی زۆری بە گەلی ئێران و بەرهەڵستکارانی ئێرانی گەیاند و بە هۆیەوە حکوومەتانی رۆژئاوا بەشداریی داپڵۆسینی هاونیشتیمانیانی ئێرانیان کرد و وزە و توانای بەرهەڵستکارای ئێرانیان کۆت کرد و بووە بیانوویەک بۆ ئەشکەنجەدان و لە سێدارەدانی موجاهیدە زیندانییەکان. بەم جۆرەش حکوومەتانی رۆژئاوا بەربەستێکی راستەقینەیان خستە سەر رێگای گۆرنکاری لە ئێراندا. هەربۆیە پێویستە لەسەر حکوومەتی بەریتانیا و حکوومەتانی ئەورووپا داوای لێبوردن لە گەلی ئێران بکەن. ئەو بڕیارە گورزێکی بەهێز بوو دژ بە دەسەڵاتی مەلا حوکمڕانەکانی ئێران و پرۆژە دۆزەخییەکانیان لە بواری هەڕەشە کردنیان لە ئاشتی و ئاسایشی هەرێمایەتی و نێسودەوڵەتی.

<u>یەکێتیی ئەورووپا:</u>

سەرباری ئەوەی دەسەڵاتی دادی ئەورووپی بە هۆی بێ بنەما بوونی ناتۆرەی تیرۆر بۆ رێکخراوی موجاهیدینی خەلق یەکەم جار لە ساڵی ٢٠٠٦ ناوی ئەو رێکخراوەی لە لیستی تیرۆر کوژاندەوە دواتریش دووجاری تر بێ بنەما بوونی مۆرکەکەی دووپات کرد، بەڵام حکومەتەکانی یەکێتیی ئەورووپی حازر نەبوون ملکەچی یاسا بن و بڕیارەکە جێبەجێ بکەن. وەک نموونە کاتێ دادگاکانی بەریتانیا و دادگای عەدلی ئەورووپی لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ ناوزەد کردنی موجاهیدین بە تیرۆریان هەڵوەشاوە راگەیاند، حکومەتی فەڕانسە (کە لە ١٧ی حوزەیرانی ٢٠٠٣ لە ئۆپەراسیۆنێکی کتوپڕی هەڵپەرستانەی دژە مرۆڤانەدا هەڵیان کوتا بووە سەر بارەگاکانی ئەنجوومەنی نیشتیمانیی بەرهەڵستکارانی ئێرانی لە پاریس) وەک سپانسەری نوێی ناودێر کردنەکە هاتە مەیدان. ئەوە بوو ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکێتیی ئەورووپا لە ١٥ی تەمووز/جولای ٢٠٠٨ بڕیاریان دا ناوی رێکخراوەکە لە لیستی تیرۆردا نەسڕنەوە. ئەوەش بووە هۆی توورەیی دادگای عەدلی ئەورووپی و لە رۆژی ٤ی کانوونی یەکەم (دیسامبەر)ی ٢٠٠٨ بڕیارەکەی ١٥ی جولای ٢٠٠٨ی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکێتیی ئەورووپای پووچەڵ کردەوە و لە ماوەیەکی زۆر کورتی بێ هاوتادا ئاشکرای کرد کە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران پاساو هەڵنەگرە و «زێدەڕۆیی یا قۆستنەوەی دەسەڵات»ی پێوە دیارە. هاوکاتی ئەم رووبەڕوو بوونەوە یاساییەی نێوان

دەسەڵاتی دادوەری و ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکێتیی ئەورووپادا، ڕەوەندی ئێرانی لە وڵاتانی جیهان کێشەکەیان لە ناو پەرلەمانەکاندا ورووژاند و ڕژانە سەر شەقامەکان و زەمینەیەکی لە باریان ڕەخساند بۆ پشتگیری کردن لە یاسا و دادگاکان و ڕەوایەتی کێشەکەیان.

ئەوە بوو لە ڕۆژی ٢٦ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٩ یەکێتیی ئەورووپا لە کۆبوونەوە فەرمییەکەی خۆیدا لە برۆکسێل ناوی ڕێکخراوی موجاهیدینی لە لیستی تیرۆر کوژاندەوە و بەم جۆرە دەستکەوتێکی مێژوویی بۆ بەرهەڵستکارانی ئێرانی تۆمار کرا و سیاسەت بەرانبەر بە یاسا و داد شکستی هێنا..

ئەمریکا

کاتێ محەمەد خاتەمی سەرۆکی حکومەتی ئێران بوو، حکومەتی ئەمریکا لە ساڵی ١٩٩٧ وەک لێدانی پۆزێکی نیازپاکی بۆ ئەو ڕژێمە ڕێکخراوی موجاهیدینی خستە ناو لیستی ڕێکخراوە قەدەغە کراوەکانی وەزارەتی دەرەوە و ئەم کارەش بووە هۆی بەرز بوونەوەی ڕێژەی ئیعدام لە ناوەوەی ئێران و دواتریش لە ساڵی ٢٠٠٣ هەموو بارەگاکانی ئەو ڕێکخراوە و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران لە عێراق لە لایەن فڕۆکەکانی هاوپەیمانانەوە بە خەستی بۆمباباران کران و لە هەنگاوێکی دواتریشدا چەک و تەقەمەنییەکانی هێزەکانی موجاهیدین و سوپای ئازادیخواز لە عێراق کۆکرانەوە لە لایەن هێزەکانی هاوپەیمانان و لە ساڵی ٢٠٠٩ش بە پێچەوانەی ڕێککەوتننامەی ئەمریکا لەگەڵ دانیشتووان، کە بڕیار بوو تا یەکلایی کردنەوەی چارەنووسیان لە عێراق حکومەتی ئەمریکا بیانپارێزێت، کامپی ئەشرەف و گیان و ماڵی دانیشتووانی ڕادەستی حکومەتی نوری مالیکی کرد و لە ساڵی ٢٠١٢ش دانیشتووان ناچار کران بە نابەدڵی شوێنی ژیانی ٢٦ ساڵەی خۆیان بەرەو (لیبرتی) لە بەغدا جێ بهێڵن کە بە گوێرەی ڕاپۆرتی فەرمیی پسپۆڕانی نەتەوە یەکگرتووەکان هاوشێوەی زیندانە و لەوێش بە هاوکاریی هێزەکانی حکوومەتی عێراق چەند جار کەوتنە بەر مووشەک بارانی هێزەکانی سەر بە ڕژێمی ئێران.

هاوکات لەگەڵ ئەم سیاسەتە و ئەو زنجیرە تاوانانەی لێی کەوتەوە و لە هەڵمەتێکی نێودەوڵەتیدا، موجاهیدینی خەلق توانییان بە ڕێگەی یاسا و پارێزەرانییانەوە، بەرەنگاری ئەم سیاسەتە قێزەوەنانەی حکومەتی ئەمریکا ببنەوە. دادگای ئەمریکا لە هەنگاوێکی بێ هاوتای مێژووی ٢٠٠ ساڵەی ئەو وڵاتەدا، بە دەرکردنی بڕیارێک، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکای ناچار کرد ناوی موجاهیدینی خەلق لە لیستی ڕێکخراوە قەدەغە کراوەکان لابەرێت. هەر لەو پێوەندییەدا لە ڕۆژی ٢٩ی فێبرایەری ٢٠١٢ دەیان کەسایەتیی ناسراوی ئەمریکی کە هەر هەموویان لە کاربەدەستانی پێشووی ئاسایشیی نیشتیمانیی ئەمریکا بوون لە ژێر ناوی





«دۆستانی دادگا» سکاڵایەکیان لە دادگا تۆمار کرد کە تا ئێستا بێ نموونە بووە کەسایەتیی لەم جۆرە بۆ پشتگیری کردن لە ڕێکخراوێک کە ناوی لە لیستی ڕەشدا تۆمار کراوە بێنە مەیدان و سەردانی دادگا بکەن. ئەم کارەش بۆ وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا گران تەواو بوو. دادگا لە ماوەیەکی زۆر کورتدا هەم سکاڵاکەی تۆمار کرد و هەمیشی قبووڵی بە پەلە بوونی ئەم کارەی کرد و ڕۆژی ٨ی ئایاری دیاری کرد بۆ گوێگرتن و لە ڕۆژی ١ی حوزەیران بڕیارێکی دەرکرد و چوار مانگی بۆ وەزیری کاروباری دەرەوەی ئەمریکا دیاری کرد. ئەگینا دادگا لە لایەن خۆیەوە ناوی موجاهیدینی خەلق لە لیستەکە لا دەبات.

ئا بەم جۆرە بوو کە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە ڕۆژی ٢٨ی ئەیلوولی ٢٠١٢ لە نامەیەکدا بۆ دادگا، سڕینەوەی ناوی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران لە لیستی تیرۆری حکومەتی ئەمریکای ڕاگەیاند. ئەم بڕیارەی وەزیر، ئیمزای وەزیری دارایی و وەزیری دادی ئەمریکیشی لەگەڵدایە.

بەمجۆرە کۆتایی بە قۆناغێکی ١٥ ساڵیدا هێنرا و قۆناغێکی نوێ بە ڕووی بەرهەڵستکارانی ئێراندا کرایەوە و ئەو دەستکەوتەش بەرهەمی ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی یاسایی بە تایبەت دوای ساڵی ٢٠٠٩ بوو بۆ بەرهەڵستکارانی ئێرانی. ئەڵبەتە حکومەتی مەلاکان لە ڕێگەی لۆبی و موساوەمەکارانی ئەمریکییەوە و بە تەرخان کردنی پارەیەکی یەکجار زۆر، تا دوا ساتەکانی دەرکردنی بڕیاری وەزیر هیلاری کلینتۆن بە هەموو ڕێگاکانەوە هەوڵی ئەوەیدا ڕێگری بکات لەم سەرکەوتنەوەی موقاوەمەتی ئێران. بەڵام جارێکی تر داد بەسەر سیاسەتدا سەرکەوت و ڕووڕەشی مایەوە بۆ ناحەزانی داد و یاسا.

## ٣- بەڵگەنامەو وێنــەی جۆراوجۆری داپڵۆسین و کوشتن و لە سێدارەدان لەلایەن ڕژێمی دەسەڵاتی مەلاکانەوە

بێگومان نووسراوەکەی وەزیری دەرەوەی عێراق بەڕێز هوشیار زێباری، بە هەردوو سیفەتی فەرمی و حیزبییەوە گرنگییەکی ئەوتۆی لێوە بەدی دەکرێت و یەکلاییکەرەوەی نێوان ڕاستییە پاک و بێگەردەکە و هەموو ئەو قسە هەڵبەستراوانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا لە لایەن کەرەناکانی پروپاگەندەی ئیتیلاعات دەسەڵاتی مەلاکانی ئێرانەوە بڵاو دەکرایەوە، لەقسەی سووک و ریسوا و هەرزان. نامەکەی هۆشیار زێباری ئەم جۆرە قسانە بە درۆ دەخاتەوە و بە تەواوەتی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (نە لە ماوەی ڕاپەڕینەکەدا و نە لەوەو پاشیش موجاهیدینی خەلق دەستیان لە داپڵۆسینی گەلی کورددا نەبووە).

لە بەشەکانی ئەم پەرتووکەدا چەندین راپرسی و دەرئەنجامی گرنگ بڵاو کرانەوە کە راستیی رووداوەکانی رۆژانی جەنگی عێراق و ئەمریکاو شکاندنەوەی بەسەر هەڵوێستە دژوار و هەلپەرستییەکانی دەسەڵاتی مەلاکانی ئێراندا نیشان دەدات، ئەوەتا لە کاتێکدا ئاماژەیان بەوەدا کە پشتگیری و لایەنگیریی پاشەکشی نەکردنی سەدام دەکەن لە کوێت، لە هەمان کاتدا (٧) تیپی سەربازیی هێزەکانی پاسدار و بەسیجیان کەڵەکە دەکرد بە مەبەستی دەست تێوەردانی سەربازی پاش شکاندنی سوپای عێراق، ئەوە بوو پاش راگرتنی جەنگ، ئەو هێزانە بەرەو شارەکانی عێراق سنوووریان بەزاند، هەندێ لەو هێزانەش تەرخان کرا بوون بۆ هێرش کردنە سەر سەربازگە و شوێنی حزووری موجاهیدینی خەلق و سوپای ئازادیخوازی نیشتیمانیی ئێران، کە زیانێکی زۆریان بەو هێزە هێرشبەرە گەیاند کە بۆ چەواشە کردن جل و بەرگی کوردییان پۆشی بوو. لەوەو دواش ئەوە هەڵبەستن کە گوایە موجاهیدین دژ بە کورد جەنگاون. سەرگوزشتەی ئەو دوو دیلەی هێزەکانی پاسداری ئێران کە لەوەو پاش چوونە ریزەکانی موجاهیدینەوە، ئاشکرا و روونە و راستگۆیی موجاهیدینی خەلق دەخاتە بەرچاو و واتای چەسپان و پتەویی بۆچوونی سیاسی و هەڵوێستی مەبدەئی دیاری دەکات.

موجاهیدین مەبدەئییەتی بەرزو سوور بوونی بەهێزی خۆیان پاراست و نزیک کاروباری ناوخۆیی عێراق نەکەوتنەوە.

ئاشکرایە کە ئەندامەکانی ئەم رێکخراوە لە تەواوی پێکهاتەکانی گەلی ئێرانن، بە تایبەتی گەلی کورد کە ژمارەیەکی زۆر پێک دێنن و پەیوەندی و نەست و سۆزێکی قووڵیان هەیە بەرانبەر بە کوردی عێراق و جگە لەوەی بیر و باوەڕ لە یەک سەنگەردا کۆیان دەکاتەوە بەرەو وەدی هێنانی خواست و مەشروعییەت و سەربەستی و ئازاد بوون و دابین کردنی بنەماکانی دیموکراتیەت دژ بە خۆسەپاندن و ستەمکاری و دیکتاتۆریەت، سەرباری رێز و خۆشەویستی و هاریکاری خەبات و تێکۆشانی هاوتەریبی موجاهیدین و کورد.

بێگومان خەبات و تێکۆشان و قوربانییە بەخشندەکانی موجاهیدین لە پێناو وەدی هێنانی خواست و ئازادی و دیموکراتیەتی گەلی ئێراندایە، ئەم خەباتە پیرۆزەشیان رەنگدانەوەی بەسەر گەلانی دراوسێدا دەبێت بە تایبەتی گەلی کورد لە ناوە و لە دەرەوەی ئێران.


رووداوەکان راستیی و پتەویی رەوتی خەبات و باوەڕی تەواوەتی بە ئیسلامی دیموکراتی و واتاکانی راستگۆیی و خۆ بەخت کردن دووپات کردەوە، ئەمەش هەموو ساختەچێتی و درۆ و چەواشە کردنەکانی مەلا حوکمڕانەکانی ئێران پووچەڵ دەکاتەوە.





نامەی بەرێز هوشیار زێباری بۆ دادگای لاهای:

## موجاهیدینی خەلق دەستیان لە کوشتاری کورددا نییە



الحزب الديمقراطي الكردستاني
KURDISTAN DEMOCRATIC PARTY

14 July 1999

Mr M.F Wijingaarden
Van Den Bieston Prakken Bohler
Nieuwe Herengracht 51, 1011 RN Amsterdam
Netherlands

PRIVATE & CONFIDENTIAL TO BE USED IN COURT AS EVIDENCE

Dear Mr Wijingaarden,

Thank you for your letter of 4 July 1999 regarding your request of information on Mujahedin-E - Khalq organization's activity in Iraqi Kurdistan. I am pleased to answer your questions on this matter.

The KDP as a major Kurdish political party has led and participated in the Kurdish spring uprising of 1991 in Iraqi Kurdistan. The uprising caused the collapse of Iraqi government military, security and administrative structure in the region.

The oil-city of Kirkuk was liberated by the people and Kurdish forces ( peshmerga). When the Iraqi troops counter attacked and regained control of Kirkuk and other major cities There were rumors of Mujahedin units assisting the Iraqi troops. But due to disorder of events and development it was difficult to establish the truth. However when the leadership of Kurdistan Front engaged in negotiation with the Government of Iraq (GOI) from April – September 1991 and the situation was stabilized these rumors happen to be untrue.


The KDP can confirm that the Mujahedin were not involved in suppressing the Kurdish people neither during the uprising nor in its aftermath.

We have not come across any evidence to suggest that the Mujahedin have exercised any hostility towards the people of Iraqi Kurdistan. The Mujahedin –E Khalq has its own political agenda in Iran and its members do not interfere in Iraqi internal affairs.

Warm regards

Sincerely,


Hoshyar Zebari
Head of KDP International Relations




نەخشەی وڵاتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست







گواستنەوەی ئێزگەی رادیۆی موجاهیدینی خەلق بەسەر شانی خەڵکی دێهاتی کوردستانی ئێرانەوە لە ناوچەی سەردەشت – ١٩٨٣

پشتگیری کردنی جەماوەر لە موجاهیدینی خەلق

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی مەلاکاندا.. **لاوان بە عەشق ئەچن بە بەرەوپیری مەرگەوە..**











شەهید مەجید کاووسی..
بەزەردەخەنەوە گاڵتە بەسێدارە دەکات













سێ قەشەی مەسیحی

کە وەزارەتی ئیتڵاعاتی ڕژێم لە ئێراندا کوشتنی و تاوانەکەی خستە پاڵ موجاهیدینی خەلق!

بەڵام پاش ماوەیەکی کەم ڕاستییەکە دەرکەوت



تەقاندنەوەی پاسێکی گواستنەوەی موجاهیدینی خەلق لەلایەن ئەندامانی فەیلەقی قودسەوە..

- ساڵی ٢٠٠٠ نزیك بەغدا -

ئەنجامەکەی ٦شەهیدو ٤٠بریندار بوو



<u>کوردستانی عێراق..</u>

تیرۆری دوو ئەندامی ڕێکخراوی خەبات


















هیرشی گرتن و دەستدرێژی لەلایەن دەزگا تیرۆرەکانی دەسەڵاتی مەلاکانی ئێرانەوە دەگاتە لاوانی ئێران



بەردەبارانکردنی ئافرەت لە ئێران بە یاسا کراوە و بەردەوام کاری پێ دەکرێت..












لە شارەکانی ئێران..

**ئیعدام و سێدارە..تاوانێکی رۆژانەیە**



مەهاباد..
(شوانە قادری ) لەسەر
دەستی هێزەکانی
حکومەت بەشێوەیەکی
دڕندانە تا شەهیدبوون
بەپشت ئۆتۆمبێلێکەوە
ڕادەکێشرێ..٢٠٠٥






شەللاخکێش کردنی لاوان
لەبەردەم مەلاکاندا..
کرداری تۆڵەکردنەوەی
دڕندانە لاوەکانی وڵات
دەگرێتەوە







(سارا تلووع)، لە فەرماندەرانی سوپای ئازادیبەخشی نیشتمانیی ئێران
تەرمەکەی بەسەرەولێژی بە درەختێکەوە شۆڕکراوەتەوەو خەنجەرێك بەسەر سنگییەوە کە دەلالەتی
رك وکینەو دڕندایەتی ستەمکارانی دەسەڵاتی مەلاکان دەگەێنێ
_کرماشان ١٩٨٨ _







دیاله.. کامپی ئەشرەف
چەند دیمەنێك لە هێرشکردنی هێزەکانی حکومەتی عێراق بۆ سەر ئەندامانی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق
_تەمووزی ٢٠٠٩ _





## پارێزگای دیاله.. کامپی ئەشرەف



قوربانییەکانی کۆمەڵکوژییەکەی ١ /٩/ ٢٠١٣



قوربانییەکانی
هێرشی سەربازی
٨/٤/ ٢٠١١



قوربانییەکانی هێرشی
سەربازی
٢٠٠٩/٧/٢٨






پاریس..

کۆبوونەوەیەکی ساڵانەی ئەنجوومەنی نیشتمانیی بەرهەڵستکارانی ئێرانی













**چەند دیمەنێکی کامپی ئەشرەف**

ساڵی ٢٠١١

# سەرچاوەکان


١. عبد الله اوجلان ، من دولة الكهنة السومرية الى الحضارة الديمقراطية

٢. مسعود البرزاني ، ثورة ايلول التحررية الكوردستانية

٣. محمد أمين زكي ، تاريخ الكورد والكوردستان

٤. عبد الله احمد البشدري ،كتاب الذكريات في مشاركة جمهوريةم هاباد.

٥. درية عوني ، الاكراد

٦. اللواء المتقاعد محمد علي سباهي ، رؤية في الكورد

٧. الدكتور صفاء الحافظ ، ذكريات عن مؤتمر السلم عام ١٩٥٤ م

٨. الدكتور رياض عزيز هادي ، المشكلات السياسية في الدولة النامية

٩. الدكتور علي قيصري ، الانتلجنسيا الايرانية في القرن العشرين

١٠. محمد الامين ، المثقفون الايرانيون في القرن العشرين

١١. مجلة (مجاهد) ، مجلة حركة المقاومة الايرانية ، نيسان ، ٢٠٠٤.

١٢. مجلة (التضامن) ، لمؤتمر تضامن الشعب العراقي مع منظمة مجاهدي خلق الايرانية (حزيران ، ٢٠٠٦)

١٣. اصدارات ومطبوعات والدراسات ودوريات مجلس المقاومة الوطنية ومنظمة مجاهدي خلق للاعوام ٢٠٠٤-٢٠٠٧

١٤. ليوا ينهايم ، ترجمة : سعدي فيض بلاد ما بين النهرين

١٥. صافي الياسري ، الاسلام الديمقراطي بديلا عن الاستبداد

١٦. صافي الياسري ، منظمة مجاهدي خلق الايرانية والعراق

١٧. سماحة الشيخ جلال كنجني ، حدود الاسلام مع التطرف الارهابي

١٨. محمد الالوسي ، الطائفية وفقه الخلافة عند الشيعة وأهل السنة

١٩. تاريخ أيران المعاصر والحديث, دكتر كمال مظهر أحمد


# ناوەڕۆک


**پێشەکییەکی پێویست** ........ ٣

**پێشەکی** ........ ٩

**بەشی یەکەم** ........ ١٣

جیۆپۆلۆتیکی کراوەو جۆرەها رەگەز

**بەشی دووهەم** ........ ٤٣

مێژووی گەشەکردنی روانگەی گشتیی فەلسەفەی حوکمڕانێتی وسیاسەت لە ئێراندا:

**بەشی سێیەم** ........ ٥٧

ڕوانگەی گشتیی سیاسیی و پەیڕەوکردنی ئایدیولۆژیی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق

**بەشی چوارەم** ........ ٦٥

دیاردەی خومەینی

**بەشی پێنجەم** ........ ٧٩

هەڵگەڕانەوەو پاشگەزبوونەوەی رێبازی خومەینی لە بنەماکانی شۆڕشی ئێران

**بەش شەشەم** ........ ١٠١

خومەینی خەباتی چەکدارانە بەسەر گەلی ئێراندا دەسەپێنێ

**بەشی حەوتەم** ........ ١٠٧

جەنگی نێوان عێراق و ئێران..کاریگەرییەکان، ئەنگێزەکان و دەرئەنجامەکان

**بـــەشی هەشتەم** ........................................................ ١١٩

جەنگی یەکەمی کەنداو ساڵی ١٩٩١ .. هـــۆو دەرئەنجام و ئەنجامەکان

**بەشی نۆیەم** ........................................................ ١٥٥

ڕەوتی دەسەڵاتی مەلاکان پاش مردنی خومەینی

**بەشی دەیەم** ........................................................ ١٦٩

جــــەنگی دووەمی کەنداو — ساڵی ٢٠٠٣

**بەشی یازدەهەم** ........................................................ ١٧٥

پۆڵێن کردنی قەوارە تیرۆرەکانی سەر بە رژێمی ئێران

**بــەشی دوانزەهەم** ........................................................ ١٨٥

حوکمڕانانی ئێران و رۆژئاوا لەدووریێیانێکی چارەنووسدا

**سەرچاوەکان** ........................................................ ١٩٣